MUKIRYANI
ESTABLISHMENT FOR RESEARCH & PUBLICATION

ده‌زگای توێژینه‌وه‌و بڵاوکردنه‌وه‌ی موکریانی

بۆ خوێندنه‌وه‌ و داگرتنی سه‌رجه‌م کتێبه‌کانی ده‌زگای

موکریانی سه‌ردانی ماڵپه‌ڕی ده‌زگای موکریانی بکه‌...

www.mukiryani.com

بۆ په‌یوه‌ندی..

info@mukiryani.com

مەعروف چیاووک

# کارەساتی بارزان ی زوڵملێکراو 1954

وەرگێڕانی بۆ کوردی:
ئەبوبەکر ساڵح ئیسماعیل

هەولێر – 2008

دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی

- **کارەساتی بارزان ی زوڵملێکراو** 1954
- نووسینی: مەعروف چیاووك
- وەرگێڕانی: ئەبوبەکر ساڵح ئیسماعیل
- پیتچنین: گۆران جەمال
- راستکردنەوەی کۆمپیوتەر: محەمەد مامەند
- نەخشەسازی ناوەوە: هەردی
- بەرگ: هۆگر سدیق
- ژمارەی سپاردن: (2692) ساڵی 2008
- نرخ: (3000) دینار
- چاپی یەکەم : 2008
- تیراژ: 1000 دانە
- چاپخانە: چاپخانەی خانی (دهۆك)

**زنجیرەی کتێب** (344)

ماڵپەڕ: www.mukiryani.com
ئیمەیل: info@mukiryani.com

## پێشەکی بۆ چاپی کوردی

مەعروف چیاووك لە ساڵی 1885 ز لە بەغدا هاتۆتە دونیاوە، کوڕی عەلی ئەسغەر ئەفەندی کوڕی حاجی مەولوود ئەفەندی(باڵەکی )یە.

دایکی ئامینەخانە لەبنەماڵەیەکی بابانەکانە. ئەو خوێندنی سەرەتایی و روشدیەی لە بەغدا تەواو کردووە، پاشان لەگەڵ چەند هەڤاڵێکی خۆیدا دەچێتە ئاستانەو لەوێ بروانامەی بەکالوریوس لە قانوون لە کۆلیژی (حقوق) وەردەگرێ، و بەر لە سالاّنی جەنگی یەکەمی جیهانی دەگەڕێتەوە بۆ بەغدا. لە کاتی هێرش کردنی ئینگلیز بۆ سەر بەسرا، لەگەڵ تۆفیق سوێدی و چەند سەربازێکی تردا بەدیل دەگیرێن و رەوانەی دوورگەی بۆرما دەکرێن. ماوەی پێنج ساڵ بە دیلی دەمێنێتەوە تا لە بەهاری 1919 ئازاد دەکرێن و دەگەرێنەوە بۆ بەغدا.

چیاووك لە سەردەمی پاشایەتیدا گەلێك وەزیفەی پێدەدرێ لەوانە: پلەی حاکمی لە شارەکانی هەولێر، کەرکوك، موسڵ، موسەیب. لە سالاّنی 1928 ـ 1930 لە پەرلەمانی عێراقدا ئەندام بووە. دواین وەزیفەی کە وەریگرتووە (موتەسەریفی سلێمانی) بووە لە 1944 ـ 1946. دوای خانەنشین کردنی لە بەغدا دەمێنێتەوە و خەریکی کاری پارێزەری دەبێ تا لە 21ی کانوونی دووەمی 1958 کۆچی دوایی دەکات و لەسەر وەسیەتی خۆی دەیهێننەوە شاری هەولێر و لە گۆڕستانی شێخی چۆلی دەینێژن.

چیاووك یەکێك بووە لەو کوردە رۆشنبیرانەی کە هەر لەکاتی چوونیەوە بۆ ئەستانە لە تافی لاویدا بۆ مەبەستی خوێندن، بیرۆکەی نەتەوە پەرستی کەوتە مێشك و بووبە خۆراکی ڕۆژانەی بەتایبەتی دوای ئەوەی ئاشنایی لەگەڵ کوردە رۆشنبیر و سیاسەتمەدارەکانی کوردستانی باکوور بەگشتی و بنەماڵەی بەدرخانییەکان بەتایبەتی پەیدا کرد.

پەیوەندی لەگەڵ زۆر پارت و رێکخراوی سیاسی هەبووە و هاوکاری کردوون و کاری کردووە.



هەروەها لەوکاتەی کە ئەندامی پەرلەمانی عێراقیش بووە وەکو نوێنەری شاری هەولێر هەرکاتێك دەرفەتی بۆ رەخسابێت باسی کێشەی نەتەوەی کوردی کردووە و هیچ دانیشتنێك نەبووە لە دووجار کەمتر چیاووك بەشداری لە ووتۆێژەکانی نەکردبێ و ئامانجیشی چاکردنی باری نالەباری نەتەوەکەی لە هەموو روویەکی ئابوری و رۆشنبیری و سیاسی بووە. هەروەها چیاووك خاوەن بیرۆکەی دامەزراندنی یانەی سەرکەوتنی کوردی بوە. ماوەی چوارساڵیش بنکەی یانەی سەرکەوتن لە ماڵەکەی ئەودابووە وەکو ئەرکێکی نیشتیمانی نەتەوەیی ماڵەکەی خۆی کە تەنیا سێ ژوور بووە, دوو ژووری بۆ یانەی سەرکەتن تەرخانکردووە.

چیاووك هەروەکو لە باری سیاسیەوە کەسێکی دڵسۆز و کارامە بووە، لە بواری چالاکی  هزرو رووناکبیریشەوە کەسێکی خاوەن بەرهەم  و هەڵسوڕاو بووە.

یەکەم کاری  ئەو دەرکردنی رۆژنامەی (حقوق) بووە کە یەکەم ژمارەی لە 18 ی کانوونی دووەمی 1912دا دەرچووە کە رۆژنامەیەکی سیاسی و کولتووری بووە وە 30 ژمارەی لێ بلاّوبۆتەوە و بەزمانی عەرەبی دەری کردووە. نوسەر لەم رۆژنامەیەدا داکۆکی لە مافەکانی نەتەوەکەی  کردووە.

یەکەمین کتێبیش کە بلاّوی کردۆتەوە (**القضية الكردية**) لە ساڵی 1925 و چاپی دووەمیشی لە ساڵی 1939دا بلاّوبۆتەوە. دووەمین کتێبی چیاووك (باربوو) لە ساڵی 1943, و سێیەم کتێبی بە ناوی (نیابتی 1928 – 1930) لە ساڵی 1937، و چوارەمین کتێبی بە ناوی (**مأساة بارزان المظومة**) لە ساڵی 1954 بلاّوکردۆتەوە.

جگە لەم بوارانە چیاووك بەرهەمی زمانەوانی و ئەدەبیاتیشی نوسیوە کە یەکێکیان ((هەزارو یەك پەندو بێژە)) لە ساڵی 1933 لە بەغدا چاپکراوە, وە ئەویتریان(( ئەلف و بێی زمانی کورد))ە کە لە ناوەڕاستی سالاّنی سییەکاندا لە بەغدا بلاّو کراوەتەوە.((لە کتێبی مەعروف چیاووك، نووسینی بەرێز د. اسماعیل شوكر رسول)). وەرگیراوە

★ ★ ★

## خوێنەری بەڕێز:

ئەم کتێبەی بەردەستت کارەساتی (بارزان) ی زوڵملێکراو، نوسینی مەعروف چیاووك لە ساڵی 1954 دا بڵاوکراوەتەوە. ئێستا پتر لە نیو سەدە بەسەر بڵاوبوونەوەی یەکەمین چاپی کتێبەکەدا تێدەپەڕێ. بەهای مێژوویی کتێبەکە لەوەدا بەرجەستە دەبێ، کە بەر لە گۆڕانی رژێمی فەرمانڕەوا، لە ساڵی 1958، واتا لە سەردەمی هەمان رژێمی فەرمانڕەوا، کە رووداوەکانی ناو کتێبەکە رووبەڕوویان بۆتەوە و دەیانگێڕێتەوە، بڵاوکراوەتەوە. زۆربەی هەرەزۆری ئەو شیکردنەوەو ڕاڤەکارییانەی چیاووك باسیان دەکا، خۆی لە نێو جەنگەی رووداوەکانیدا بووە.

شێوازی نووسەر لە گێڕانەوەی رووداوەکاندا، لە شیکردنەوەی هۆکار و پاشخانی رووداوەکان، واقیعبینی، پێگەیشتوویی لە بیروباوەڕو بیرکردنەوە، مەنتیق و رەچاوکردنی بەرژەوەندی باڵای وولات و دووربینییە لە نرخاندنی بڕیار و هەڵوێستەکان لە بارەی سیاسەتی گشتی رژێمی فەرمانڕەواوە دەکەوێتە بەرچاو.

چیاووك لەسەر بنەمایەکی واقیعییانە و مەنتقییانە رووبەڕووی پڕۆژەیەکی ئیستعماری ساڵانی بیستەکان و سییەکان دەوەستێتەوە کە ئینگلیز و دەوڵەتی عێراقی گوێ لە مستی ئەو، بۆ زەوت کردنی زەوی و زاری کورد و پێشکەشکردنی بە خەڵکێکی تر رادەوەستێتەوە و ریسوای دەکا و بە جۆرێکی تەحەداکارانە رایدەگەیەنێ کە زەوی و زاری کورد بێ خودان نییە. هەروەها نووسەر هەوڵێکی دڵسۆزانە و لێبڕاوانە دەخاتە گەڕ بۆ ئەوەی بڕیاری کۆمەڵی گەلان کە لە یەکێك لە پاشکۆکانیدا ئیقرار بەوەدەکا کە هەرگا ئاڵ و گۆڕێك لە عێراقدا روویدا، کوردەکان بۆیان هەیە داوای "ئۆتۆنۆمی" خۆیان بکەن. لە رووداوەکانی ئەو ماوە مێژووییەی ساڵانی بیستەکان و سییەکان و چلەکان کە نووسەر دەیگێڕێتەوە، بەڵگە بۆ هۆکاری سەرهەڵدانی رووداوەکان و کێشەکان پێشکەش دەکا و یاریکردنی ئینگلیزەکان لەسەر چەند پەت و بەرژەوەند خوازیی ئەوان و بێ دەسەڵاتی و ملکەچی دەسەڵاتی فەرمانڕەواش لە هەمبەر سیاسەتەکانی ئینگلیز بەڕوون و رەوانی ئەنجامگیریی دەکرێ. هەروەها سڵ لەوە



ناکاتەوە کەڕاشکاوانە ماکی گیروگرفتەکانی عێراق بۆ بوونی ستەم و هەڵاواردنی نەتەوەیی ونەبوونی دادپەرروەریی و رەوایی لە هەڵسوڕاندنی کاری بەرێوەبردن و سیاسەتدا بخاتە روو، و رێگاچارەی گونجاو و کردەنیی بۆ چارەسەری کێشەکان بخاتەڕوو و دوور لە پێچودەوران و ئارایشکاری، ریشەی گرفتەکان بخاتە سەر ملی کاربەدەستانی دەوڵەت و لەگەڵێدا تەئکید لەوە بکاتەوە کە ناوەندەکانی بڕیار لە نێو دەوڵەت دا، خۆیان کلیلی چارەسەری کێشەکانن ئەگەر مەرامی پاك و گیانی لێبووردویی و هەستکردن بە لێپرسراوێتی بوونێکیان هەبێ.

وای دەبینم کە نووسەر مەبەستی بووە پەیامێك بگەیەنێتە ڕای گشتی و هەروەها رای رەسمیی دەوڵەتیش کە ئەویش فەراهەم کردنی زەوینەیەکی دادپەروەرانە و برایەتیی و یەکسانی نێومیللەتانی مسوڵمانە.

هاوبەشی گەلان لە بنیاتنانی شارستانێتی و نیشتیمانێکی گەشاوە و پێشکەوتوو لە نیشتیمانێکی فرەنەژاد دا، بێ دەستەبەرکردنی ئەو یەکسانییە کارێکی نەتەنیا هەر خەیاڵێکی بەتاڵە بەڵکو وڵات بەرەو نائارامیی و پشێوییەکی بەردەوام دەبا... دواجاریش دەرکەوت ئەو هەست و رووحی بەرزەفڕیی و خۆبە هەمووشت زانینی نەتەوەی باڵادەست بە چ ئاراستەیەکی ترسناك و دڕندانە پەرەی ستاند بەتایبەتی پاش کودەتای خوێناوی دەسەڵاتی شۆڤێنیستی و رەگەزپەرستی لە ساڵی 1968 بەدواوە کە چ تراژیدیا و وێرانکاریی و تاوان و زوڵمی نەهەر تەنیا بەسەر گەلانی مەینەت چێشتووی عێراق، بەڵکوبۆ سەر وڵاتان و میللەتانی دراوسێی عێراقیش هێناکە ئاکام و شوێنەوارەکانی ئێستاش و تا داهاتووش هەرئاوا درێژەی دەبێ..

کتێبی **کارەساتی (بارزان)ی زوڵملێکراو**، سەرباری باس لە پاشخانی فاکتەر و بنەڕەتی گیروگرفتەکانی کارەساتەکە، چەند لاپەڕەیەکی زیندوو و هەستیار لە مێژووی گەلەکەمان لە لکاندنی بە دەوڵەتی نوێی عێراق و لە خەباتی رۆڵەکانی دوێنێی گەلەکەمان لە پێناوی سەلماندنی ناسنامەی کورد بوونماندا دەگێڕێتەوە.

**ئەبوبەکر ساڵح ئیسماعیل**

## پێشەکی

سووپاس و ستایشی بێ سنوور بۆ پەروەردگارێك کە لە سووپاس و ستایش بێ نیازە، بۆ نیعمەتێك لە نیعمەتە زۆرەکانی کە پێی بەخشیوم و رێگای بۆ سانا کردم بەپێی دەرەتانی حاڵ شتێك لە ئەدەب و کەماڵ بچنمەوە، سڵاو لە رەوانەکراوی خواوەند، محەمەد دروودی خوا لەسەر ئەو و یاران و هاوڕێیانی، بەرزکەرەوانی ئاڵای رووناکی و دادپەروەری و لابەرانی تاریکستانی خەیاڵات لەسەر بەرەی مرۆڤایەتی.

تکام لە خواوەندی " عزّ وجل" ئەوەیە کە لەتەواوکردنی ئەم نامە بچووکە، کە لە هەر جۆرە گزی و بەراوەژوو کردنەوەیەك بەدوورە، سەرم بخا و بەرەو رێگای هەقخوازی و راست بێژی رێنوێنیم بکا. خودایە سەری نامە و بنی نامەم بە ناوی تۆ، خودایە هەر کەسێك کە ئەم نامەیە دەخوێنێتەوە، بە پشوو درێژی و بە بەرچاو روونیی خۆی وای لێبکە کە بە چاکترین شێوە لێی حاڵی ببێ، و لە لەرێگالادان و هەڵەشەیی دووری بخەیەوە. دوای ئەوە من چاوم لە بەزەیی و لێبوردنی یەزدانی گەورەیە و بە دووی ئەوەشدا دەڵێم: لە پێشاندا لە ناو بیرەوەرییەکانمدا شتگەلێکی زۆرم لە بارەی کورد، کە خۆشم شەرەفی ئەوەم هەیە شانازی بە کوردبوونی خۆمەوە بکەم، بەتایبەتی کوردانی چیاکانی زاگرۆس کە من یەکێکم لەوان، کۆکردبۆوە، و هەوڵیشم دا کە بیرەوەرییەکانم لە دووتوێی کتێبێکدا بە ناوی " مێژووی کورد" ەوە کۆبکەمەوە، منیش لەم کارەم دا رێ و شوێنی ئەو ریسایەم گرتۆتە بەر کە دەڵێ " هەرشتێك کە دەماودەم رەوان بکرێ ئەوا لەبیر دەچێتەوە، و ئەوەی بنوسرێتەوە ئەوا دەمێنێتەوە". بەڵام لەم کارەدا " محەمەد ئەمین زەکی بەگ" کە یەکێك بوو لە وەزیرەکانی عێراق، دەستپێشکەری کرد و کتێبەکەی خۆی بەناوی " مێژووی کورد و کوردستان" بڵاوکردەوە، هەروەها لەمبارەیەوە خوالێخوشبوو "محەمەد عەلی عەونی" کە لە دەرباری



پاشایەتی میسر وەرگێڕ بوو، دەربارەی هەمان بابەت کۆمەڵێك شتی نووسی، بۆیە ناچار بووم، رەشنووسەکانی خۆم بخەمە ناو ریزی شتە فەرامۆش کراوەکانەوە، و رووی قەڵەمەکەم وەربگێرمە سەر بەشی دووەم لە رووداوەکانی تایبەت بە کوردی عێراق، بێ ئەوەی لەو چوارچێوەیە دەربچم، تەنیا جاروبارێك بە شێوەیەکی لابەلا بچمە ناو باسی کوردی تورکیا و ئێران. وە بابەتە پەرت و بڵاوەکانیشم لە شێوەی کتێبێکدا کۆکردۆتەوە و چاپ کردنیشیم بۆ کاتێکی گونجاو هەڵگرتووە.

## هۆیەکانی چاپ کردنی ئەم کتێبە

زۆرێك لە بارزانییەکان بە تایبەتی سەرۆکی ئەوان شێخ ئەحمەد بارزانی، لە بەندیخانە و شوێنەکانی دوورخرانەوەیانەوە پەیوەندییان پێوەدەکردم، جا بەهۆی ئەوە کەمن لە بارەی ئەو زوڵم و ناڕەواییەی کە دەرهەقیان کرابوو ئاگادار بووم، هەر جارێك کە نامە و نووسراوم لە یەکێکیانەوە بۆ دەهات، وەك - کەسێك کە بەسەر ئاو و ئاگرانەوە بێ و بچێ- ئاوام بەسەر دەهات. من ناوناوە سەردانی سەرۆکی وەزارەتەکانم دەکرد بۆ ئەوەی بتوانم بەزەییان رابکێشم، یا هەندێك جار نووسراوی بارزانییەکانم بۆ دەناردن بۆ ئەوەی چارەسەری کێشەکانیان بکەن و هەروەها سەرنجم بۆ پێویستی بە دەنگەوە چوونی داخوازییەکانیان، رادەکێشان، و ناوبژیوانیم لە نێوانیاندا دەکرد بۆ ئەوەی لێبوردنیان بۆ دەربچێ و بگەڕێنەوە بۆ نیشتیمانی خۆیان، هەروەکو باقی عەشیرەتەکانی تر کە لێرە و لەوێ شۆڕشیان کردووە، وەکو شورشی رومیسە، سوق ئەل شیوخ، بەنی رەکاب، ئەکرەع، سەماوە، مەدینە و هیتر کە پیاوەکانیان بەر لێبوردن کەوتن و گەڕانەوە زێدی خۆیان، هەرچەندە پاڵنەر و هۆکاری راستەقینەی شۆڕشەکانی فورات بە تەواوی جیاوازییان هەیە لەگەڵ جوڵانەوەی بارزانییەکان، ئەوەی یەکەمیان ڕاستەخۆ دژی حکوومەت بوو، کە چی ئەوەی دووەمیان بەرگری کردن بوو لە نیشتیمانێکی بە میرات بە جێماو کە گۆڕی باب و باپیران و پیاوچاکان و شێخانی ئەوانی لێیە، هەروەکو لە پاشاندا بە تێروتەسەلی باسی لێ دەکرێ.

سەرەڕای هەموو ئەو هەوڵانەشم جگە لە رێزدار نوری سەعید کە لەمەرامەکانی خۆی ئاگاداری کردم، وەکو لە دواییدا دەگەڕێمەوە سەری، هیچ هاوکارییەکم لەگەڵدا نەکرا و لەلایەن کاربەدەستانەوە وەڵامێکم نەدرایەوە:

**لعمرك ان البّر شئ هين　　　وجه طليق و كلام لين**

"بەگیانی تۆ چاکەکاری شتێکی سانایە. روویەکی خۆش و پەیڤێکی شیرینە".



کاتێکیش لەم دوا دواییانەدا رێزدار جەمال بابان کە وەزیری دادی عێراقە، لە رۆژنامە ناوخۆییەکاندا کێشەی "بارزان"ی هێنایە بەر باس، سێ رێگا چارەی پێشنیار کرد:

1- گەڕاندنەوەیان بۆ جێگاکانی خۆیان.

2- نیشتەجێ کردنیان لەسەر زەوییەکانی بیتوێن لە دەور و پشتی رانیە.

3- نیشتەجێ کردنیان لە قەزای مەخمور لەگەڵ دابەش کردنی ئەو بڕە پارانەی کە بەناوی ئەوانەوە دانراوە کە بڕی (20000) بیست هەزار دینارە، یان وەکو دەیانگوت (100000) سەد هەزار دینارە. من گومان و دڕدۆنگییەکم لەلا دروست بوو لەهەمبەر ئەو رێگا چارانە و دابەشکردنی ئەوپارانە، و موداخەلە کردنی وەزیرێکی گرنگ لە حکوومەت کە دەزانێ چوونە ژوورەوەی ناوماڵ لە دەرگاوە، پەسندترە وەك لە چوونە ژوورەوە بەسەر دیواردا. لەبەر هەموو ئەمانە بە پێویستم زانی کە تێبینییەکانی خۆم لە راست رێگا چارەیەکی راستەقینە لەسەر لاپەڕەی رۆژنامەکانەوە بخەمەڕوو. ئەوە بوو رۆژنامەی "صوت الجمهور" لە چەند ژمارەیەکی بە دوای یەکدا، نووسینەکانمی بڵاوکردەوە کە تێیدا سەرەتا بە شێوەیەکی کورت کێشەی "بارزان"م خستبووەڕوو، ئینجا بەتەنیا یەك رێگاچارەم دەستنیشان کردبوو کە ئەویش گەڕاندنەوەی بارزانییەکانە هەروەکو ئەو عەشیرەتانەی تر کە لە دژی حکوومەت راپەڕی بوون و پاشانیش بێ چەند و چوون گەڕانەوە بۆ شوێنەکانی خۆیان، بارزانییەکانیش بگەڕێنەوە بۆ چیاکان و شیوەکانی خۆیان. چونکە بارزانییەکان ناتوانن لە ناوچەی بیتوێن کە نەخۆشی تێدا بڵاوبۆتەوە و جگە لەمەش لەنێوان عەشیرەتەکانی دانیشتووی ئەوێ کێشەیان لەسەری هەیە، نیشتەجێ بن. هەروەها ناتوانن بەرگەی تینی گەرمای سوتێنەری هاوینی مەخمور و بێئاوییەکەی بگرن کە لە چەند بیرێکی کەم ئاوی لیج و سوێر بەولاوە، ئاوی تری نییە. لەبەر ئەوە گێڕانەوەیان بۆ نیشتمانی خۆیان، لەڕووی جێبەجێ کردنی دادپەروەری و یەکسانی بەسەر هاوولاتییاندا بۆ حکوومەت پەسندتر و شەریفانەترە. پاش ئەوەش دابەشکردنی ئەو بڕە پارانەی

کەدانراون وەکو لەسەرەوە ئاماژەی بۆکرا، لەڕێگەی چەند لیژنەیەك کە لە سەرۆك عەشیرەتەکانی دەوروپشت لەوانەی کە دەستیان خاوێنە و ویژدانیان پاکە پێك بهێنرێ، جائەگەر هات و حکوومەت ئەم پێشنیارەی جێبەجێ نەکرد، ئەوا پێویستە لەسەر ئەو وەزیرەی کە خاوەنی پێشنیارەکەیە دەست لەکار بکێشێتەوە، ئەمەش بۆ داکۆکی لە شەرەفی پێشنیارەکەی و ناڕەزایی دەربڕین بەرامبەر بەو حکوومەتەی کە چاوی خۆی لە ئاستی بابەتەکە داپۆشی و لەبیر خۆی بردەوە، و تەنانەت بە گرێ کوێرەیەکی ئالۆزی دانا و پەردەی بەسەر پێشنیارەکەدا دادا، و وەزیریش "جەمال بابان" سەری خۆی داخستووە و قڕوقەپی لێکردووە. ئەمەش بەڵگە بوو لەسەر ئەوەی کە ئەو پێشنیارەی بەمەرامی تەفرەدان و چاوڕاو خستۆتەڕوو. بۆیە بڕیارمدا ئەو بەڵگە و سەلماندنانەی تایبەتە بە زۆرلێکراویی بارزان، و ئەو هۆیانەش کە پاڵی پێوەنان بەرەو رووی حکوومەت بوەستن، لەگەڵ ئەو هۆکارانەی کە لێپرسراوانی والیکرد سووپابنێرنە سەریان و بیانکوژن و لە وڵاتی خۆیان دەریان بکەن، هەروەها ئەو دلڕەقییەی لێپرسراوان لە رێگا نەدانیان بۆ گەڕانەوەیان لە کتێبێکی تایبەتیدا بڵاوبکەمەوە. گەرچی سەفەرکردنم بەمەبەستی هاوینەگەشت بۆ هاوینەهەواری شەقڵاوە، کارەکەمی دواخست و کاتێکیش گەیشتمە شەقڵاوە، لەرێگای یەکێك لە خزمەکانم "بشیر چیچو" دەستم کرد بە نووسینەوەی رەشنووسەکانی کتێبەکە.

پاش گەڕانەوەم بۆ بەغدا دووبارە چاوم پێدا خشاندەوە بۆ ئەوەی ئامادەی بکەم بۆ چاپکردن بەڵام سەرنجمدا بۆ ئەوەی ئاسانکاری لە تێچوونی نرخی چاپکردنەکەدا بکەم، ناچاردەبم کە بەشێوەیەك، بێ ئەوەی ناوەرۆکەکەی خۆی لەدەست بدا و خاڵە بنەڕەتییەکانی بگۆڕێن، کورتی بکەمەوە. ئێستا بۆ ئەوەی خوێنەر بە ئاسانی زانیاریی لەسەر بابەتەکان دەست بکەوێ، کتێبەکە بەم شێوەیە دەرچووە کە لەبەر دەستدایە، و لەڕووداوە ئازار دەرەکان و بارودۆخە دڵتەزێنەکان و هەروەها لە حاڵ و باری خەڵکانی پاك لە خێرخوازان، و خەڵکانی بەدکار لە خاینان و شەڕخوازان ئاگادارت دەکاتەوە.



## ناسنامەی نووسەر

سەرەتا لە ناساندنی خۆم بەخوێنەری بەڕێز دەست پێدەکەم تا خوێنەر بە ناسنامەی نووسەر و پەیوەندی ئەو، بە بابەتی کتێبەکە ئاشنابێ.

من کوردم، و لە عەشیرەتی "باڵەکی"م و دایك و باوکیشم کوردن. دایکم زۆری شانازی بەکوردبوونی خۆیەوە دەکرد، زمانی باو و باپیرانم فێربووم و سەروەری باپیرانم لەداستان و چیرۆکە سەرسامهێنەکانی پێشینان لەوێڕا زانیوە. لەژێر چاودێری باوکم کە پیاوێکی لە ئایین گەیشتووی چاك و پاك و کارکەربوو، پەروەردە بووم، بە ئیمانێکەوە قۆناغی لاویم تێپەڕاند کە بەگووتەی فەیلەسووفان و دنیاخوازان لەق نەبوو، و هەر لە وردترین شتەوە تا دەگاتە گەورەترین شت بە ئایینی پیرۆزی ئیسلام و مەزهەبی ئیمام محەمەدی کوڕی ئیدریس کە بە ئیمامی شافیعی ناسراوە، پابەندبووم. لەبەر ئەوە خواوەند —زانای کارە نهێنی و ئاشکراکان- دەزانێ من جیاوازیم لەنێوان خەڵکدا نەکردووە جا لەهەر توخم و نەژادێك بووبن. سەرەڕای ئەوە کە خۆشەویستی و دڵبەندیی زیاترم بۆ ئەو کەسە بووە کە پابەندێکی بەهێزی ئایین بووە، و ستایش یان سەرکۆنەی کەسێکم بەهۆی مەرامێکەوە یان رق و کینەوە نەکردووە، و بەپێی تواناشم یارمەتی ستەملێکراو و زوڵملێکراوم داوە و لەمبارەیەوە ویژدانم ئاسوودەیە کە بەدرێژایی هەموو ئەو ساڵانە لە تەنگەبەرییەکانی ژیان و مەینەتیەکانی دنیا تەنیا ئامانجی من خزمەتی نەتەوە بووە. من کاتێك زوڵمێکم دەبینی و نەمدەتوانی دەستی زۆردار بادەم و جڵەوی رابکێشم، بە هەڵەداوان خۆم دەکوتایە کونجی ماڵەکەم، هەروەکو جارێك لەمبارەیەوە دەروێشێك پێی گوتم:"من بۆیە رێگای گۆشەگیری و دەروێشیم گرتۆتەبەر تا لە زوڵم دووربکەومەوە و لە زاڵمان دوورە پەرێزبم و فرمێسکی زوڵملیکراوان نەبینم وناڵەی زامداران و گریانی ئافرەتان و پیاوانێك کە منداڵیان لەدەست داوە نەبیستم، و نیگەرانی و غەمباریشیم پتر قوڵ دەبۆوە

ئەگەر ئەوزوڵمە لەخزمان یان یەکێك لە کەسانی عەشیرەتەکەم بکرێ " لەمبارەیەوە کەوتمە ژێرکاریگەریی بیروڕا و ئامۆژگارییەکانیەوە گەرچی نالێکییان لەگەڵ ئەحکامەکانی شەرعدا هەیە "اذ لیس للأنسان إلا ما سعى وإن سعیه سوف یری" یا بەپێی ئەو قسە بەناوبانگە کە دەڵێ" أعمل لدنیاك کأنك تعیش أبدا وأعمل للآخرتك کأنك تموت غداً".

خامۆشکردن و مراندنی نەفس بنەما و ریبازگەیەکی (تەسەوف گەرییە)، بەڵام سك هەڵگوشین و خۆ وشك کردنەوە کارێکی پەسندکراو نییە و بەڵکو قەدەغەکراویشە:

لیس التصوف لبس الصوف      ولابکاؤك أن تمن المفتونا
ان التصوف أن تصفو بلا کدر      وتتبع الشرع والقرآن والدینا

"تەسەوف ئەوەنییە کە تۆ (صوف: خوری. بەڵام لێرەدامەبەست پارچەیەك لبادە) لەبەر خۆت بکەی. وە نەگریانەکەشت بۆ لێقەوماوێك شیاوی منەت بەسەرداکردنە. "تەسەوف" ئەوەیە بەبێ خڵتە پاك و بێگەرد باگژ ببیتەوە. و پەیڕەوی لە شەرع و قورئان و دین بکەیت".

سەرباری ئەوەش کە خەڵکانی وەکو من کە بەخێوکردنی عەشیرەتێکی گەورەی لە ئافرەتان و منداڵان لە خزمانی هەرە نێزیکی خۆی بە ئەستۆوە بێت. هەرچەندە شاعیر گوتوویەتی:

الأقارب کالعقارب فأجتنبهم      کذا العم والخال
کم عم أتاك الهم منه      وکم خال عن الخیرات خال

"خزمان وەکو دووپشك وان لێیان دووربکەوەوە. هەروەها مام و خاڵ ئەوانیش. چەند مامی واهەیە کە خەم و دەردی بۆ هێناوی. و چەندین خاڵیش هەن کە خێرێکیان تێدا نییە". ئەمە وێرای هێز و توانایەك بۆ کارکردن، کە ناتوانێ بە پەناگیری و گۆشەگیریی بمێنێیتەوە، و سەرەڕای ئەوەش خۆزگە بەوە بخوازم کە هەروەکو دەروێشی ناوبراو ئازاد و سەربەست بوومایە و دیلی ماڵ و



منداڵ نەبوومایە و لەژێر باری بەخێوکردنی ئەوان نەبوومایە، جگە لەمانەش من ناتوانم لێزمەی سەرکۆنەی دۆستان و خۆشەویستان تەحەمول بکەم، هەموو ئەمانە وایان لێکردم کەواز لە گۆشەگیری بهێنم و بکەومە ژێر باری خزمەت کردنەوە، ئەمە وێرای ئەوەکە دەشزانم خزمەتکردن سوودێکی لێ ناکەوێتەوە ئەگەر وڵات لەلایەن پیاوانی خاوەن تاقیکردنەوە و شارەزا و دادپەروەر و جوامێرەوە فەرمانڕەوایی نەکرێ. بەڵکو لەلایەن پیاوانێکەوە فەرمانڕەوایی بکرێ کە ڕاڕا و توندڕەو بن و بە گەوجێیتی و رق و کینەوە کاربکەن. جا ئەلێرەوە کارەساتی زەلیلی و دارمان وەدەردەکەوێ، چونکە خزمەتکردن بەڕاستگۆیی و پاکی لەگەڵ ئارەزووەکانی ئەواندا هەڵناکا و لەگەڵ چاوچنۆکی و چاوبرسێتی ئەواندا بەیەکەوە نایەنەوە.

وما قادها للخیر إلا مجرب      علیُم بأقبال الأمور کریمها
وماکل ذی لب یعاش بفضله      ولکن لتدبیر الأمور حکیمها
وماسقطت یوما من الدهر أمة      الی الذل الا أن یسود ذمیمها

"تەنیا پیاوانی خاوەن ئەزموون ڕێبەرایەتی خەڵك بەرەو خێر دەکەن و پیاوانی دڵاوا لە کاروباردا شارەزان. هەموو خاوەن ژیرییەك لە سۆنگایی ئەوەوە ناژی، بەڵام راوێژ و تەگبیرکردن بۆ کاروبار حەکیمی خۆی هەیە. هەرگیز میللەتێك ناکەوێتە نێو هەڵدێرگەی پەستی و زەبوونی تەنیا ئەگەر بەدکاران و بەدگۆیان سەرکردایەتی بکەن". جا بۆیە ناوەناوە دەبینین کە رەشەبای ئازار و زۆڵم لەلایەن پیاوانێکەوە هەڵ دەکا و خۆی بەکەشتی دەوڵەتدا دەدا و دەیخاتە لاژەلاژ و خەریکە نقومی دەکا و لەنگەرگایەك بۆ خۆی نابینێتەوە تا لەنگەری تێدا بگرێ هەربۆیە ناوبەناو هەڵکردنی رەشەبای ئازار و زوڵم لەئاکامی کار و کردەوەی پیاوان، لە کەشتی دەوڵەت دەدا و زریان تاڕادەیەك بەلاژەی دەخا کە خەریك دەبێ نقوم ببێ و لێوارێك بۆ لەنگەرگرتن و ئارام گرتن نابینێتەوە. جا ئەوە وەکو ئەمەیە:

کریشة في مهب الریح طائرة      لاتستقر علی حال من القلق

"وەکو پەرەموچ کە رەشەبا بەهەوایدا دەبا، لەبەرنیگەرانی حاڵ و ئارامی نییە".

نموونە و شایەتەکانی ئەم حاڵەتەش گوت و بێژەکانی ناو ئەنجوومەنی نوێنەرایەتی و هەڵچوونی نوێنەرە نارازییەکان و بیروڕای هەقبێژانەی ئەوان و خۆ دزینەوەی وەزیرەکان لەوتەنگژەیە بە دەردەسەری و زەحمەتێکی ئاشکراوە، دەخەمە بەرچاو. بەڵام درۆ و دەلەسە سازکردن و بێ وەفایی بەلای ئەو گەلحۆیانەوە –نعوذ باللە- بەلێهاتویی لەکاری سیاسی دادەنرێت. هەربۆیە دەیانبینی بۆ گەیشتن بەمەرامەکانی خۆیان سڵ لە هیچ ڕێگا و شێوازێك ناکەنەوە و ئەوەیان لەبیر دەچێتەوە کە ئەوەی کردوویانە تەنیا هەر ریس و گوریس هەڵبەستنە. کاتێك پێیان دەڵێی ڕێگای رزگاری لەبەردەم گوشاری تەوژمی رۆژئاواییەکاندا ئەوەیە کە دەوڵەتانی ئیسلامی یەك بگرن، ئەوا پێت دەڵێن ئێمە نەتەوە پەرستین و تۆش بە کۆنەپەرست تاوانبار دەکەن و جا ئەگەر تۆش وەکو ئەوان نەتەوە پەروەری بکەی ئەوا بەبوختانێکی گەورە بەرپەرچت دەدەنەوە و بە دووبەرەکایەتی نانەوە و جیابوونەوە خوازی تاوانبارت دەکەن. و ئەگەر ڕێگای راستت بۆ روون کردنەوە و لە پێویستی پابەندبوون بە یەکسانی و دادپەروەری ئاگادارت کردن، ئەوا تاوانبارت دەکەن بە کۆمۆنیست. من نامەوێ لەخوێنەر شاراوەبێ کە من خۆشم لەلایەن هەندێك کەسانی بێ وەفاوە ئەو ئازارەم پێگەیشت. من کاتێك لەڕووی ئامۆژگارییەوە هەندێك شتم خستەڕوو بەمەبەستی دوورکەوتنەوە لە دەمارگیری و رق و کینە بوو کە تەنیا غەزەب و دوژمنایەتی لێ دەکەوێتەوە کە ئەوە لە باری شەرعەوە حەرام کراوە و ئینجا بەپێی داب و نەریتیش زیانبەخشە. یان کاتێك کە پێیان دەڵێی ئازادی لەسەر سێپایە دامەزراوە کە رەوشت و یەکێتی و رۆشنبیرییە، و ئەگەر ئەو سێ پایەیە بەیەکەوە کۆنەبنەوە، ژیان سەرفرازییەکی تێدا نابێ و شایانی ژیانێکی سەرفرازانە نییە. ئاگربازی و بانگەشەی بەتاڵ و بێ ناوەرۆك، بێگومان ئاکامەکەی ژێرکەوتن و زیان لێکەوتنەوەیە. هەروەکو ئەم دەوڵەتانەی کە لە هێز و دەسەڵات بەرخوردارن، ئەوا پێت دەڵێن تۆ پشتت بەسیاسەتێکی کۆن بەستووە کە لەگەڵ تەمەنی خۆیدا پیربووە و کاتی بەسەر چووە.



ئەمانە سەرەڕای ئەوەی ئازاری منیان دەدا، کە دەمبینی یەکێکیان زوڵم و ناهەقی بەرامبەر دەکرێ، رادەچڵەکیم و بە ناچارییەوە بۆ داکۆکی لێ کردن دەکەوتمە کار، ئەم کارەی من پێویستی بەسەرکۆنەکردن نییە چونکە داکۆکی کردن لەزوڵملێکراو، و کۆشش کردن بۆ لابردنی زوڵم لەسەر هەر مرۆڤێکی مسوڵمان "فەرز" کراوە. گومانیش لەوەدانییە ئەوانەی ئاگری زوڵم هەڵ دەگیرسێنن، درەنگ یان زوو لە دنیا و ئاخیرەتیشدا خۆیان دەبنە سوتەمەنی ئاگرەکە. چونکە ئەگەر زاڵم رۆژێکی هەبێ، زوڵملێکراو رۆژانێکی هەیە. ئێوە پێتان وانەبێ کە خواوەند بێ ئاگایە لەوەی کەزاڵمان دەیکەن و پاشان ئەوانەی کە زوڵمیان کردووە تێ دەگەن بەرەو چ هەڵدێرگەیەك هەڵ دەدێرێن.

## ئاشنایەتی و خۆشەویستی

خواوەندی گەورە فەرمانی پێ کردووین کە بەویژدانەوە مامەڵە لەگەڵ خراپەکاراندا بکەین، بە یەکسانی و بە ئازادی وەکو یەك چۆن هەموومانی بەیەکسانی و بە ئازادی لە خۆڵ دروست کردووە. خواوەندی گەورە دەفەرمووێ:" واللە أَنبتَکم مِن الآرض أنباتاً ثم يُعيدکم فيها ويَخرجکم أخراجاَ" هەمووان بەلای ئەو وەکو یەك وان و یەکسانن.

هەروەها فەرمانی پێداوین کە بۆ هێنانەدی "نموونەی هەرەباڵا" ئاشنایەتی و خۆشەویستی لە نێوانماندا هەبێ بۆ ئەوەی بەکامەرانی بگەین، خوای گەورە فەرموویەتی:"يا أيها الناس أنا خلقناکم من ذکر وانثی و جعلناکم شعوباً وقبائل لتعارفوا أن اکرمکم عنداللە أتقاکم أن اللە عليم خبير" هەروەها پێغەمبەر (د.خ) فەرموویەتی " لايؤمن أحدکم حتی يحب لآخيه ما يحب لنفسه" لەم فەرموودەیەدا ئاماژە بۆ برایەتی دەکا، و هەر چەشنە خۆپەسن دان و شانازی بە خۆوەکردنێك لە نێوان میللەتێك و میللەتێکی تردا، تەنیا بە خواپەرستی و دادپەروەری نەبێ، رەت دەکاتەوە.

هەروەها خوای گەورە بەژیری و پەی بردن، پەسنی مرۆڤی بەسەر گشت گیانلەبەرانی تردا داوە تالەم ڕێگایەوە خۆشەویستی و لەیەکتری نزیك بوونەوە لەنێوان کەسەکان و خێزانەکان و کۆمەڵەکاندا بێتەکایەوە، و هەر بەم ئاوایە خۆری دادپەروەری هەڵدێ و تاریکایی شەڕ ئاوا دەبێ. چونکە خواوەند لەگەڵ ئەو کەسانەدایە کە خواپەرستییان کردووە و مەسلەت و ئاشتییان لەناو خەڵك پێکهێناوە. چاکەخواز ئەوکەسەیە کە هەوڵ بۆ خێرخوازی دەدا و فەرمان بە چاکە و نەفرەت لە خراپە دەکا. بەڵام بەوپەڕی داخەوە لە ڕۆژگاری ئێستاماندا دەبینین چاوچنۆکیی، کەسانێکی زۆر بەرەو هەڵدێری خراپەکاری و کارە حەرام کراوەکان دەبا، و دەیانخاتە باریکەوە کە لەگەڵ ئەرکەکانی ئەوان لەڕەوشت پاکی و هەستکردن بە مرۆڤ دۆستی ناکۆکی هەیە، هەروەکو بلێی روونـاکی زانست و زانیاری کاری لێنەکردوون و بگرە بەو زانستەی کە هەیانە بوونەتە ئەهریمەن و ئاژەڵێکی دڕندە کە گۆشتی برای خۆی دادەماڵێ و دەیخوا، و هەرچی بخوازێ دەیبیا و چش ئارەزوو بکا هەر لە دەسەڵات و سامان و شەرەف و کەرامەت و ئازادی زەوتی دەکا بێ ئەوەی ئاوڕێك بەسەر مافەکان و شەریعەتەکاندا بدەنەوە کە فەرمان دەدەن بە ڕاستگۆیی و سەرڕاستی، وەفاداری بەرامبەر بە پەیمان و بەڵێن، فڕێدانی بەدگۆیی و دوو ڕوویی چ لە گوفتار و چ لەکرداردا، هەروەکو کە قورئانی پیرۆز لەم ئایەتانەدا بۆ چاکەکارییەکان هانمان دەدا و لە خراپەکارییەکان، قەدەغەمان بۆ دادەنێ:" أعملوا أنما الحياة الدنيا لعب ولهو وزينة وتفاخر بينكم وتكاثر في الاموال كمثل غيث أعجب الكفار بنباته ثم يهيج فتراة مصفراً ثم يكون حطاماً". "وأنما المؤمنون أخوة فاصلحوا بين أخويكم وأتقوا الله لعلكم ترحمون". "فمن عفا وأصلح فأجره على الله". "والكاظمين الغيظ و العافين عن الناس والله يحب المحسنين)، (فلا يغرنكم الحياة الدنيا ولايغرنكم بالله الغرور)، وإذا حكمتم بين الناس فاحكموا بالعدل ولاتلبسوا الحق بالباطل وتكتموا الحق وأنتم تعلمون فماذا بعد الحق الا الضلال" ئەمانەش مشتێکی کەمن لە خەروارێکی



زۆر. لە کتێبەکانی ئەخلاقدا هاتووە دەڵێ: ڕەوشت و ئاکار لەگیانی خاوەنەکەیدا دروست کراوە و تەنیا پاش مردن لێی جیا دەبێتەوە.

**اذا كان الطباع طباع سوء　　فلا أدب يفيد ولاأديب**

"ئەگەر سروشت و خولق خراپ بێ، ئەوا نە ئەدەب کەڵکی دەبێ و نە ئەدیب".

سروشت و خووی نەتەوەیەك لەنەتەوەیەکی دیکە جیاوازە ئەم جیاوازییە لەکاریگەری هەرێمایەتی، سروشتی و پەروەردەییەوە سەرچاوەی گرتووە، هەربۆیە دەبینین ئاکار، ڕەوشت و ئازایەتی کوڕی چیا جیاوازە وەك لە کوڕی دەشت، و هەرکامیان ڕێگا و شێوازی جیاوازی لە پیادەکردنی دادپەروەری و بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ زوڵم و زۆرداریدا هەیە. بەتایبەتی ئەو زۆردارییەی کە تامەزرۆی فەرمانڕەوایی و خۆسەپاندنە بەسەر وڵاتەکانی و گەلانی تردا، لەم جۆرە فەرمانڕەواییەدا کە زوڵم ئەوپەڕی تێیدا ئاشکرایە، زاڵم بەسەر کەللەسەری زوڵملێکراواندا باز دەدا و بیروباوەڕی خۆی دەسەپێنێ و جۆرەها درۆ و دەلەسە دادەهێنێ بۆ ورد و خاش کردنی گیانی نیشتیمانپەروەریی، و راکێشانی ژێری و دەروونی کەسانی لاواز، یان ئەوانەی کە نیشتیمان و نەتەوەی خۆیان بۆ چەند درهەمێك دەفرۆشن و دەبنە ئامرازێك بۆ شەڕەنگێزی و دووبەرەکایەتی نانەوە لە ناو خەڵکی ئازادیخوازدا و سیاسەتی "دووبەرەکایەتی بنێرەوە و زاڵ بە" پیادە دەکەن، ئینجا ئەم چارەڕەش و بێویژدانانە دەکەن بە "دوژمنی خوا و خۆشیان". پاشان خزمەتێکی گەورەیان پێدەکەن، ئەمانە لە گومڕابوونێکی ئاشکرا دان و ئەم گومڕابوونەشیان لەسەرحسێبی مافەکانی گەلەکەیان و زەبوونی نەتەوەکەیان بەدەسهێناوە، بەڵام ئەم بازرگانێتییە هەروا لەڕمێندا نابێ، چونکە بەشیان لە جیهاندا سوکایەتی و بێزەونییە، و جێگای ئەوان لە ئاخیرەتدا دۆزەخە و ڕەشترین چارەنووسیان دەبێ.

## سەرکێشی و بێ بەندوباری دەوڵەتان

شتێکی شاراوەنییە هەر کاتێك بەرژەوەندییەکان و قازانجەکانی دەوڵەتە بەهێزەکان لەگەڵ مافەکانی دەوڵەتە لاوازەکان یان بچووکەکان دەکەوێتە ملەوە، دەست دەکەن بەداهێنانی ڕێوشوێنی ستەمکارانەی وەکو مافی "ئیستعمار"، مافی بەشارستانێتی کردن، و مافی فراوان کردن و شتی لەمبابەتە، و لەم ڕێگایانەوە دێن و دەچن تا خۆیان بەسەر ئەم دەوڵەتانەدا دەسەپێنن و خێر و بێریان بەتاڵان دەبەن، ئەم کارەش ئەو وڵاتە داگیرکراوانە ناچار دەکا ئەم بارەگرانە لەسەر شانیان ڕەتبکەنەوە.

ئەوان بۆ سەندنەوەی ئازادییەکانی خۆیان دەست بەخەبات و تێکۆشان دەکەن. ئەم کارە داگیرکەر شێت و هار دەکا و هەوڵ دەدا جێپێی خۆی لەو نیشتیمانەدا قایم بکا، جا دەست دەکا بە تاوانبارکردنی پێشڕەوانی جوڵانەوەی نیشتیمانی بەوەی کە "هەڵگری بیروباوەڕی رووخێنەرن" "هەوڵ بۆ رووخاندنی رژێمی فەرمانڕەوا دەدەن" "دەیانەوێ لەرێگای زۆر و زەوت کردنەوە دەست بەسەردەسەڵاتدا بگرن"... لەم مەیدانەدا چەندین قارەمان بوونەتە قوربانی ئەو تۆمەت و درۆ و هەڵبەستانە. زۆرەها بەڵگە کە لە ژمارە و ئامار نایەت شایەتی لەسەر ئەم حاڵەتە دەدا. بەتایبەتی فەرمانڕەوایانی ئینگلیز کە لە "نیروبی" لەبەرامبەر عەشیرەتێکی بچووکی وەکو "ماوماو"ی تێکوشەر پێی هەڵدەستێ کە لە پێناو ئازادییەکانی خۆیان و بەروبومی نیشتیمانی خۆیان خەبات دەکەن کە کۆمەڵە دەستێکی پاوانکەر بەتاڵانی دەبا. کەچی بەریتانیای شارستانێتی خواز، بەسەرباز و ڕۆکێت و فڕۆکەکانییەوە، بەزێری خۆیەوە کە بۆ خاینانی تەرخان کردووە، بۆ لەناوبردنی ئەم عەشیرەتە کاردەکا کە ڕۆڵەکانی بەرم و تیر بەرگری لە نیشتیمانی خوێناوی خۆیان دەکەن.

ئەوەش فەرەنسا کە کانگەی ئازادییە، دەبینی لەرێگای پیادەکردنی تۆقاندن و کوشتن و ئەشکەنجەدانێکی ئەوتۆوە کە هیچ دەوڵەتێکی تر لە پێش ئەودا



نەیکردووە، چی بە تونس و جەزائیر و فاس و وڵاتانی هیندی چینی دەکا. ئەوەش تورکیای نوێ کە لەسەر کەللەسەر و تەرمی کورد دامەزراوە، هەرچی یاسا و ڕێسای مرۆڤایەتی هەیە هەمووی پێشێل کردووە و بە بیانووی درۆ و تۆمەتی هەڵبەستراوەوە، ئەوەندەی لە کورد کوشتووە و لەسێدارە داوە کە لە ژماردن نایە، پاشانیش بەو پەڕی ناجوامێری و بێویژدانییەوە یاسای راگواستنی پیادە کرد، سەرەڕای ئەوەی کە لە جەنگەکانی تورکیا لەگەڵ یۆنان و نەستورییەکاندا ئەگەر هێزی سوارەی کورد نەبوایە، ئێستا تورکیا تۆزێ بانان دەبوو، چونکە لەجەنگی ڕوس و ئینگلیزدا، سووپای تورکیا هێزی لەبەردا نەمابوو و بێرە و بەوێدا تارومار ببوو. هەروەها خەڵکی تورکیاش لە بێزاری و نائومێدییەکی گەورەدا دەژیان و بەهەر شێوەیەك بایە و لەژێر سێبەری هەر دەوڵەتێك بایە دەیانویست ژیانی خۆیان رزگار بکەن. بۆ بەڵگەی قسەکانیشم ئەمەی خوارەوە لەراپۆرتی "هەیئەی ئەرکانی جەنگیی" سووپای چواردا هاتووە تەئکید لە هاتنی 400000 چوارسەد هەزار ئەسپ سواری کوردی بۆ مەیدانەکانی جەنگ دەکا کە لە پشتەوەڕا سووپای یۆنانییان غافلگیرکردووە و "هەیئەی ئەرکانی جەنگیی" یۆنانییەکان بەدیل گرتووە و هەموو بەڵگە و نەخشەکانیشیان کەوتۆتە بەردەست. کەهەر ئەمەش بووە هۆکاری تێکشکانی ترسناکی سووپای یۆنانی.

ئاخۆ پاداشتی کورد چۆن درایەوە؟! پاداشی کوردیان بەلەسێدارەدان و راگواستن و نیشتەجێکردنی زۆرەملێ لەناوچە دوورە دەستەکانی سەر سنووری رۆژئاوا دایەوە.

ئەی هەڵوێستی بەریتانیا لەبارەی پاراستنی نەتەوە لاوازەکان لەو کاتەدا چۆن بوو؟ ئایا داوای لەتورکیا کرد لەو رادەیەدا بوەستێ و دەست لە قەسابخانەی کورد هەڵبگرێ، کە تەنانەت درندە خوێن خۆرەکانیش بێزیان لێ دەهاتەوە؟؟ نەخێر، چونکە بنچینەی سیاسەتی ئەوان وا داڕێژراوە گاڵتە بە چارەنووسی گەلانی بن دەستە دەکا، و هەوڵ بۆ لەبەر یەك بردنی پەیوەندییەکانی ئەوان بدا و کار بۆ

سڕینەوەی ئەوان بکا، هەروەکو لەسەروبەندی دروست کردنی دەوڵەتی جوولەکە لە فەلەستین روویدا. جگە لەمەش ئامانجەکانی ئەوان لەو سەر و وەختەدا لە تورکیا وای پێویست دەکرد کە چاوی خۆیان دابخەن و گوێی خۆیان بئاخنن. لەئێرانیش زوڵم و چەوساندنەوە لە تورکیا کەمتر نەبوو. بەتایبەتی لەسەردەمی رێوی "قەوام ئەلسەڵتەنە" دا کە فەرمانی بە لە سێدارەدانی قازی محەمەد و براکانی و خزمەکانی، و دوور خستنەوەی خێزانەکانیان بۆ ناوچەی دوورە دەست و ئینجا زەوتکردنی ماڵ و موڵکیانیدا. ئەمە لە کاتێکدا بوو کە "قەوام" بروسکەی دڵنیا کردنەوەی لە وەڵامی بروسکەکەی قازی محەمەددا ناردبوو کە دڵسۆزی خۆی بۆ حکوومەتی تاران راگەیاندبوو.

بەڵام لای ئێمە لە عێراق زۆر رووداو روویاندا کە بە دەستی بێگانە بوو، بەتایبەتی لەبارەی کێشەی بارزان کە لەبەشەکانی داهاتوودا بەو پەڕی راستگۆیی و پاکییەوە باسیان دەکەم. دیارە کەسانی وەکو من کە تەمەنێکی درێژیان لەتەنگەبەرییەکانی ژیان و بگرە و بەردەی خزمەتدا بردۆتە سەر، ئەرکی نیشتیمانی پێویستی دەکا کە هەقیقەت بڵێ ئەگەر هاتوو لەدژی خۆشی بوو. من لافی ئەوە لێنادەم کە لە پەڵە بە دوورم لەوانەیە لە گواستنەوەی هەندێك هەواڵ کە لەرێگای هەندێك کەسەوە بووە، توشی هەڵە بووبم بەڵام ئەوە بەدەستی ئەنقەست نەبووە. یاخود هەندێك شت هەیە بەگومانێکی زاڵەوە نووسی بم چونکەگومانێکی زاڵ ئاماژە بۆ دڵنیایی دەکا، لە هەردوو حاڵەتەکەشدا هەرگیز تاوانێکم ناکەوێتە سەر، هەروەکو لە قورئانی پیرۆزدا هاتووە "ليس عليكم جناح فيما أخطأتم بە ولكن ما تعمدت قلوبكم"، خواوەندی گەورەش لەوە کە لەبیرم چووە یان تووشی هەڵە دەبم، لەسەرم حسێب ناکا و بەبەزەیی فراوانی خۆی لێم دەبورێ.



## کوردەکان کێن

لەم نامیلکەیەدا لە حاڵێکی وادانیم کە دەرەتانی ئەوەم هەبێ مێژووی کورد بنووسمەوە، چونکە ئێستا "مێژووی کورد و کوردستان"ی خوالێخۆشبوو ئەمین زەکی بەگ لەبەردەستی خوێنەران دایە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا وام بە پەسندزانی بەمەبەستی هاوئاهەنگی و لێکگرێدانەوە پوختەیەکی کورت لە مێژووی کورد لەگەڵ بابەتی ئەم کتێبەدا کە "کێشەی بارزان"ە بخەمەڕوو.

فێڵ و کەڵەکی سیاسەت و بەرژەوەندە تایبەتییەکان زۆر لە مێژوونووسانی عەرەب و عەجەم و تورکی، بۆ دوورکەوتنەوە لە ئاشکراکردنی هەقیقەتی رەچەڵەکی کورد لە خشتە برد، هەرکامێکیان بە جۆرێك بڕوبیانگەی بێ بناغەوە ئەم میللەتە ئازا و جەسورە چیاییەیان دەناساند. کە تەنیا تێکەڵ کردن و بەهەڵە چوون بوو. هەرکەسێك لە دەمارگیری دووربکەوێتەوە و بگەڕێتەوە بۆ گوتەکانی پێشینان و کتێبە ئاسمانییەکان و ئەو پاشماوانەی کە لە ئەشکەوتەکانی چیاکانی کوردستاندا، چی ئەوانەی کە نووسراونەتەوە یان ئەوانەش کە نەنووسراونەتەوە، دۆزراونەتەوە، بەڕوونی دەری دەخا کە کورد نەتەوەیەکی یەك توخم و تۆون و یەك زمان کۆیان دەکاتەوە و لەڕادەیەکی بەرزی ئازایەتی و دلێری دان و ئەم ئایەتە پیرۆزەی خوارەوەش بەڵگەی ئەمەیە: "ستدعون الى قوم أولي بأس شديد تقاتلونهم أو يسلمون" ئەو نەتەوەیەی کە لەو ئایەتەدا ئاماژەی پێکراوە، راڤەکاران دەڵێن، ئەوە ئاماژەیە بۆ کورد. کورد"ئاری"ن. مانای کورد، ئازا و بەهێز و جەربەزە دەگەیەنێ. لەوانەیە ناوی باپیرە گەورەی ئەوان "کورد" بووبێ. بێگومان کورد هەر لە سەرەتای دروست بوون و دەرکەوتنیانەوە، خۆیان لە بەرزاییەکانی چیاکانی "زاگرۆس"، "ئەلوەند"، "ئارارات"، "تۆرۆس" و دۆڵ و شیوەکان و ئەشکەوتەکانیاندا بینیوەتەوە. وشەی زاگرۆس لەدوو بڕگەی کوردی پیکهاتووە: "زاگ" بەمانای مەڕ و ماڵات و "رۆس" بەمانای پاسەوان و پارێزەر دێت. لە واقیعدا هەرکاتێك مەترسییەك لە دەرەوە بەرەو روویان بووبێتەوە، ئەوا چیاکانی ئەوان پارێزگارییان لەگیان و ماڵی ئەوان دەکرد. نیشتیمانی کورد

لەگەڵ نیشتیمانی ئەرمەندا هاوسنوور بووە. ئەرمەنەکان لە کتێبەکانی خۆیاندا زۆرجار ناوی کوردییان بە ناوێکی نزیك لەناوەکەی خۆیەوە هێناوە، هەر بۆ نموونە کاردۆ، کاردۆخی، گوردی، کارداك، کارداوی، کاردوئین، کاردوش، کاردوخوی، کاردوك، کاردۆمیغ، وشەی (خوی) لە زمانی ئەرمەندا ئامرازی کۆ و "نسبە"یە، وە لە زمانی گورجیدا "میغ" ئامرازی کۆ و"نسبە"یە. مەڵبەندی کورد لەگوندی هەشتا یاخود هەشتا گوند دا کە پاش گیرسانەوەی کەشتی نوح لە چیای "جودی" یان "کودی- کونی، کوردی" بنیات نراوە. لەزمانی ئاشورییەکاندا وشەی کاردۆ بە مانای ئازاو بەهێز و وشەی کارادۆ بەمانای هێز و ئازایەتی و شتی لەم بابەتە هاتووە. ئەمەش لەڕاوەستانی ئەوان بەرامبەر هێرشکەران و بەرگری ئەوان لە نیشتیمانی خۆیان بە ئازایەتییەکی کەم وێنەوە سەرچاوەی گرتووە. سەرکردە و مێژونوسی یۆنانی "زینوفون" لە کتێبەکەی خۆیدا "ئانابازیس" دا، باسی کوردی کردووە و دەڵێ لەکاتی گەڕانەوەمان بەرەو نیشتیمان لەگەڵ دە هەزار سەربازی یۆنانی لەدەروازەی بابل ساڵی401پ.ز لەرێگای دیجلەوە بەرەنگاری میللەتێك بووینەوە پێیان دەگوترا "کوردوش" یان "کوردوغ" لەهەموو لایەکەوە تەنگەتاویان کردین و بەردی قورسیان پێدا دەداین و تیری کوشندەیان تێدەگرتین. ئێمە کە رێگامان نەدەزانی لەناو ئەو گەرووە سەختانەدا وێڵ بوو بووین. لەدوایدا توانیمان چەند کەسێکیان لێ بەدیل بگرین، بەڵام ئەوان مردنیان بەلاوە پەسندتر بوو لەوەی کە رێگامان پێنیشان بدەن، هەندێکمان بە شمشێر کوشت و هەندێکی دیکەمان لەسەر چیاکانەوە فڕێدانە خوارێ بەڵام ئەوان باکیان لەمردن و ترسیان لە تیغی شمشێر نەبوو. ئەوان سەربەخۆ بوون و سەر بە پاشا "ئارتاکسیرس" واتە "ئەردەشیرەکان"ی پاشای ئێران نەبوون. لەوەڕا بۆمان دەردەکەوێ کە کوردەکان هەزاران ساڵە لە ناوچیاکانی خۆیاندا سەربەخۆبوون، ئەو بەڵگە نامانەی کە لەلایەن زانایانی شوێنەوار ناسییەوە دۆزراونەتەوە پاڵپشتی لەوە دەکا کە کورد لە چەرخە هەرە کۆنەکاندا، واتە بەر لە کۆچی حەزرەتی موسا لە میسر بە هەزاران ساڵ لە



نیشتیمانی ئێستایاندا بینراون. لە نێو ئەم بەڵگە و قەباڵانەدا تابلۆیەك لە "لاگاس" کە یەکێکە لەشارە سۆمەرییەکان دۆزراوەتەوە، لەسەری نووسراوە کە لە سەردەمی پاشا "ئیراد"دا لە ساڵی 2400پ.ز عەشیرەتی "کاردۆش" لە چیاکان دادەنیشتن. هەروەها دوو تابلۆی تر دۆزراوەتەوە کە لەسەریان نووسراوە هەرێمێك بە ناوی "کارداکا" لە تەنیشت دانیشتووانی "سو" کە لەباشووری گولی "وان" دادەنیشتن، هەیە.

هەروەها لە مێژووی ئاشورییەکاندا هاتووە کە پاشا "تفلات بلاسر"ی یەکەم، پاشای ئاشورییەکان لە ساڵی 1068 تا1098پ.ز لە چیای "ئازو" لەگەڵ میللەتی "گۆتی"دا جەنگاوە. هەروەها لە کتێبەکانی ئەرمەنییەکاندا هاتووە کە "دیکرانی دووەم" پاشای ئەرمەنستان، دەستی بەسەر وڵاتی "کاردۆئی"یەکاندا گرتووە و پاشاکەیان کە ناوی "زاد بیونوس" بووە کوشتووە. بەڵام داگیرکردنی وڵاتی کاردۆئییەکان لەلایەن ئەرمەنەوە هەر تەنیا بەناو بووە، چونکە هەر دوای ماوەیەکی کەم، ئازادی و سەربەخۆیی خۆیان ستاندەوە. هەروەها کتێبەکانی "دارا"ی پاشای فارس کە بە سێ زمانی "فارسی، ئاشوری،ئیلامی" بووە، باس لەسەرکەوتنەکانی دارا بە سەر عەشیرەتی "ئسکاریتا"ی کورد دەکا کە لە هەولێر دانیشتوون. و باسی بەدیل گیرانی سەرۆك عەشیرەتەکەیان "جتران تاغما" و هەشت کەس لە پیاوەکانی و کوشتنی هەر هەشتیان و نەخشکردنی وێنەی خۆی و هەشت پیاوەکەشی لەسەر بەردی "بێستون" لەنزیك شاری "زەهاو" دەکا. لە مێژوودا هاتووە کە سنوورەکانی کۆنی کورد لە باکوورەوە گۆلی "وان" لە رۆژئاواوە "شیوی خابور" و لە رۆژهەڵاتەوە "کەرکووك- ئاراپخا" و لەباشوورەوە "بابل" بووە.

کوردستان کەوتۆتە نێوان هێڵی 32 تا 40 لە هێڵی پانی باکوور وە 37و46 لەسەر هێڵی درێژی رۆژهەڵات بۆ گرینچی ئینگلتەرە. سنوورەکانی کۆن و نوێی نیشتیمانی کورد لە باکوورەوە لە رووباری "ئاراس"ەوە دەست پێدەکا و هەردوو گۆلی وان و ورمێ لەئامێز دەگرێ، لە رۆژئاواوە دەچێتە سەر سنوورەکانی

ئەرمەنستانی کۆن. لە رۆژهەڵاتەوە دەچێتە ئەو دیوی "ئەکباتان" واتە هەمەدان، پایتەختی میدیای کورد و لەوێوە بەرەو خوار شۆڕ دەبێتەوە تا کەنداوی بەسرە. لەلای "ئابادان" واتە "عەبادان" لەباشوور لەوێ سنووری باشوور دەبڕێتەوە. لەو ناوچەیەدا زۆرەها رووبار هەن وەکو "زێی گەورە و زێی بچووك" رووباری "تێکەڵە" واتە دیجلە و فورات، و رووبارەکانی باتمان، بۆتان، زەڵم، سیروان، ئەڵوەند، کاروان و هیتریش. وشەی تێکەڵە لە زمانی زەندی کوردیدا مانای خێرا دەگەیێ کە بەرامبەر بە "تیژ" رادەوەستێ لەزاری کرمانجیدا.

هەندێك لە عەشیرەتەکانی کورد لەبەر چەندین هۆکار لەزێد و نیشتیمانی خۆیان دوورکەوتوونەتەوە لەوانە:

1- گەڕان بەدوای لەوەڕگای نوێ و زەوی و زاری دوور لە کێشە و ناکۆکی.

2- دوورکەوتنەوە لە زوڵمی داگیرکەران لە بابەتی هۆلاکو و تەیموری لەنگ.

3- راگواستنیان لەلایەن هەندێك لە پاشاکانەوە، وەکو لەسەردەمی شا ئیسماعیلی سەفەوی و جێنشینەکانی و هەروەها چەندین جاریش لەلایەن قاجارییەکانەوە.

**- گرنگترین شارە کۆنەکانی کورد:**

سایس، ئستالکا، بەکنیاکا "فێنك" کە ئێستاش لەسەر **دیجلە** هەیە. شارە کوردییەکان بریتین لە هەشتا گوند (کوردی- فەیروز- شاپور) کە دەکەوێتە لای چەپی **دیجلەوە** لەبەرامبەر شاری "بازاباد". ئەوانەی کە دەکەوێتە لای راست: زەهاو، زاموا واتە شاری شارەزور، سەیحور واتە پرد، هەڵمان، ساسرد، ئەربیلا، تۆس پاس، وان، نایری، قەرمیس(کرماشان)، ئەگباتان (هەمەدان) وە شاری لاجان پایتەختی موکریان کە زێدی لەدایکبوونی زەردەشتە خاوەنی کتێبی "زەند و ئاوێستا" کە یاسا و شەریعەتێکی نووسراوەیە بە زمانی"ئاوێستا"ی کوردی کە تێیدا داوا لە خەڵك دەکا کە تەنیا یەك خوا بپەرستن و کاری چاکە بکەن و رێزی ئاگر بگرن. و "ئاهورامەزادا" خواوەندی خێر بپەرستن و تکا لە "ئەهریمەن" واتە شەیتان خوای شەڕ بکەن کە شەڕی خۆیان لێ لابدا.



- **گرنگترین چیاکانی کە لە زاگرۆس** کە لەچیای ئاراراتەوە درێژبوونەتەوە، زنجیرەی: "روست، پێرس، شێروان، سەفین، قەندیل، پیرەمەگرون، هەورامان، ئەڵوەند، پشتکۆن".
- **گرنگترین رووبارەکانیش:** رووباری تێکەڵە"**دیجلە**" و لقەکانی باتمان- بۆتان و هەردوو زێ، زەڵم، سیروان، رووباری ئاراپخا واتە خاسەی کەرکووك، ئەڵوەند، کەرخە، کاروان، ئاراس، (مروهات- موراد) کە لە فرەهات هاتووە واتە فورات تێکڕای ژمارەی خەڵکی کورد لە جیهاندا دەگاتە 8,150,000 و هەندێك کەس پێیان وایە کە لە  دە ملیون کەس تێدەپەڕێ.
- **دەربارەی زمانی کوردی:** زمانی کوردی زمانێکی سەربەخۆیە و خاوەن تایبەتمەندی و گەشەکردنی خۆیەتی و پەیوەندی بەهیچ زمانێکی ترەوە نییە. زمانی کوردی بەسەر دوو بەشی گەورەدا دابەش دەبێ:

1- زاری کرمانجی.

2- زاری کوردی.

سەرەڕای هەبوونی فرەزاری لە زمانی کوردیدا، بەڵام لەیەك خاڵی بنەڕەتیدا هەموویان یەك دەگرنەوە، هەروەکو چۆن زارەکانی زمانی عەرەبی یەك دەگرنەوە کە دەگەڕێتەوە بۆ زمانی قورئانی پیرۆز کە زمانی عەدنانییەکانە.

- **ژیانی کۆمەڵایەتی کورد:** ژیانی کۆمەڵایەتی لەناو عەشیرەتەکانی کورددا بەوە ناسراوە کە کوردەکان بەشێوەیەکی راستگۆیانە و دڵسۆزانە گوێڕایەڵی و ژێرفەرمانیی سەرۆك و شێخەکانی خۆیان دەکەن، بەتایبەتی بۆ پاشایەکی دادپەروەر یان سەرۆکێکی چاکەکار. کۆمەڵگای ئەوان بۆ چەند چین دابەش دەبێ، چینی زانایان کە خەڵکی خاوەن هونەر و حیکمەت و پیاوانی ئایینی دەگرێتەوە. چینی خاوەن موڵکەکان و وەرزێرەکان و هەروەها چینی بازرگانان و خاوەن پیشە و سەنعەتکاران  بەهەموو جۆرەکانیەوە. کورد، خۆیان چەك، رایەخ و جل و بەرگی خۆیان بەدەستی خۆیان دروست دەکەن و هەرکاتیش دادپەروەری و یاسا سێبەری بەسەر هەرێمەکەیاندا کردبێ، نەریت و خوویان بەنیشتەجێ بوون و بنەجێبوونەوە گرتووە.

مرۆڤی کورد سروشتێکی دڵاوا و رووخۆش و دڵپاکی هەیە و لەسەر شەرەفی خۆی یەکجار هەستیار و رژدە، و مافەکانی خۆی و خەڵکی دەپارێزێ و لەپێناوی ئازادی و کەرامەتی خۆیدا گاڵتە بەمردن دەکا. ئافرەتی کورد لە ئازادییەکی پاك بەهرەوەرە و ئەوان سەرپۆش و رووپۆش ناگرنەوە و خۆیان کاروباری ماڵەوە بەڕێوەدەبەن و لەکاتی پێویستدا شان بەشانی پیاو دەجەنگن. مرۆڤی کورد حەز لە مۆسیقا و سەما دەکا، جا چ سەمای بەتاکەوە بێ، یاخود پێکەوە لەگەڵ ئافرەتاندا کە ئەم جۆرە پێی دەگوترێ "رەشبەڵەك" واتە "بالی" هەروەکو خەڵکی رۆژئاوا دەڵێن.

- **باوەڕی کورد:** کورد لە ژیانی بەرایی خۆیدا رووداوە سروشتییەکانی وەکو "زریان، تۆفان، هەورە تریشقە، بروسکە، باران، لافاو" و هەروەها ئاژەڵە دڕندەکان و ژەهردارەکانی لە ترسی زەبروزەنگی ئەوان، دەپەرست. پاشان پەیکەری ئاژەڵە سروشتییەکان "نەك ئەوانەی لەبەرد هەڵکەنراون" دەپەرست، جگە لەوە: درەخت، خۆر، مانگ، ئەستێرەکانیشی پەرستووە و کاتێك باوەڕی هێنا کە ئەم زیندەوەرانەش دروستکەرێکیان هەیە، شێوەی سەیر و نا ئاوێزی لە خەیاڵی خۆیدا لە شێوەی ئەواندا دەهێنایە ناو مێشکی خۆی و پاشان لەشێوەی ئەوان بتی داتاشی و ئەوانی بە خوای خۆی دەزانی. هەروەها کەوتە سەرباری پەرستنی گیانەکان چونکە باوەڕی وابوو کە گیانەکان دووبارە دەچنەوە بەر بەدەنە نوێیەکانەوە بۆ نموونە کاتێك کوڕێکی خۆی یان یەکێك لەخزمەکانی خۆی دەبینی کە لەشێوەی باوکی خۆی دەچێ دەیگوت ئەوە گیانی باوکی منە گوازراوەتەوە ناو بەدەنی ئەو. لەدواییدا لەهەموو ئەو بت و باوەڕانە وازی هێنا و ئیمانی بە نوح پێغەمبەر و ئیبراهیم و موسا و زەردەشت هێنا. زەردەشت شەش سەد ساڵ پێش هاتنی حەزرەتی عیسا"س.خ" هاتبوو. و کاتێك حەزرەتی مەسیح "س.خ" هات و "حەواری"یەکان بڵاوبوونەوە، بەشێك لەکوردان



بوونە نەسرانی، پاش ئەوانیش، کە خۆری ئیسلام لەوڵاتی حیجاز دەرکەوت، هەندێك لە زانایانی کورد چوونە شاری "یەسرب" و گرنگترینی ئەوان "کابان" و کوڕەکەی ئەو کە ناوی مەیمون بوو، لەوێ بەیعەتی خۆیان بەو پێغەمبەرەدا کە رایگەیاندبوو لەپاش ئەو هیچ پێغەمبەرێکی تر نایە و من رەوانەکراوی خوای گەورەم بۆ هەموو مرۆڤایەتی. لەپاشاندا ئەمانە گەڕانەوە بۆ وڵاتی خۆیان و دەستیانکرد بە بانگەوازی خەڵك، ژمارەیەکی زۆر لە پەیڕەوانی ئەوان هاتنە ناو ئایینی ئیسلامەوە لە سەردەمی خەلیفە عومەری فاروقدا، واتە لەکاتی فتوحاتی ئیسلامدا لەرێگای پەیماننامەیەکی شەریفانەوە، هەموو کورد مسوڵمان بوون. جگە لەو عەشیرەتە کوردانەی کە ببوونە جوولەکە یان نەسرانی. کورد زۆر راستگۆیانە خزمەتی ئایینی ئیسلامیان کرد و لە رۆژهەڵات و رۆژئاوا دەستیان کرد بە جیهاد. جەنگەکانی "سەلاحەدینی ئەیوبی" لەگەڵ خاچ پەرستاندا و رزگارکردنی شوێنە پیرۆزەکان باشترین بەڵگەیە لەسەر خەباتی کورد لەرێگای ئیسلامدا. جگە لەمەش خزمەت کردنی زانایان و توێژەرانی کورد لەبواری زانستەکانی ئیسلامیدا لەرێگای ئەو کتێبانەوە کە بۆمان بەجێماون لەبواری یەکتاپەرستی و فەلسەفی و ئەدەبی و مێژووییدا کە لەژمار نایەن وەك رۆژی رووناك دیارە.

هەندێك کەس وایان داناوە کە کورد لەکۆمەڵەی زاگرۆسییە قەوقازییەکانن، هەندێکی تر لایان وایە کە کورد لە کۆمەڵەی "ئاری- هیند و ئەورووپی" یەکانن. لێرەدا فلان وتەیە و فیسار گوتەیە گرنگ نییە. چونکە کورد وەکو نەتەوەیەکی سەربەخۆ لە چیاکانی زاگرۆس و دایکی خۆی چیاکانی ئارارات، کە خاوەنی زمان و نەریتی تایبەت بەنەتەوایەتی خۆیەتی، لەدێرینترین چاخەکانەوە تا دەگاتە رۆژگاری ئێستامان، خۆیان دۆزیوەتەوە و چەندین دەوڵەتی گەورە و میرنیشینی سەربەخۆیان دامەزراندووە، لەوانە:

**1- ئیلام:**

لە شاری شوش دامەزراوە.

**2- لولو:**

لەشاری "زەهاو" دامەزراوە و یەکەمین پاشای ئەوان ناوی "ئیماش کوش" بووە. لەسەردەمی پاشا "لاس راو" ساڵی 2530 پ.ز، سەرجون پاشای ئەکەد هێرشی بردۆتە سەر. پاشان کە پاشا "نارام سین" لە ساڵی 2500 پ.ز بوو بەجێنشینی "سەرجون" شەڕوشۆڕی گەورە لەنێوان ئەکەد و لولودا روویانداوە.

**3- گۆتی:**

یەکەمین پاشای گۆتییەکان "ئتساتۆم" ساڵی 3100 پ.ز بووە کە بەرەنگاری سۆمەرییەکان بۆتەوە و لە پاشاندا بەسەریاندا زاڵ بووە و ئینجا لەگەڵ حکوومەتی "لولو"دا یەکی گرتووە.

**4- کاس"کوش":**

لەساڵی 1760- 1746 پ.ز بە سەرکردایەتی پاشا "کاندش" دامەزراوە کە هێرشی بردۆتە سەر بابل و دەستی بەسەردا گرتووە. پاشان لەسەردەمی پاشا "ئالوم"دا هێرشیان کردۆتە سەر سۆمەر و داگیریان کردووە و ناوی بە "کاردۆنیاش" دەرکرد و ماوەیەکی درێژ فەرمانڕەوایی ولاتی فوڕاتی کردووە. وشەی "لوڕ" یان فەیلی دەگەڕێتەوە سەر ئەم میرنشینە.

**5- میتانی "سوباری= سوبارتو":**

ئەم دەوڵەتە لە فوڕاتی سەرەوە تا دەگاتە چوار دەوری کەرکووك فەرمانڕەوایی گێڕاوە لە تەوراتیشدا بە "ئارام- ناهارەم" ناوی هاتوە و پاشاکەیان ناوی "توشرانا" بووە. زۆر کتێب و نووسراوی ئەو لەکەرکووك دۆزراونەتەوە.



**6- خالیدی:**

لە "وان" فەرمانڕەوایی کردووە، یەکەم پاشای ئەوان " ساردۆیس ئان ئاری" بووە. چەندین جار لەگەڵ ئاشورییەکاندا جەنگاوە. ئەو پاشماوانەی کە لە "کیلەشین" دۆزرانەتەوە گەورەیی "فتوحاتەکان"ی پاشاکانی ئەوان وەکو "ئیسیونیس" و "مینەواس" دەسەلمێنێ.

**7- نایری:**

ئەم دەوڵەتە هەموو ئەو کوردانەی گرتۆتە خۆ کە چەندین جار لەگەڵ ئاشورییەکاندا جەنگاون و ئەم جەنگە لەنێوانیاندا تا ساڵی 692 پ.ز درێژەی هەبووە، کاتیکیش دەوڵەتی "ماد- میدیا"ی کورد دامەزرا هێرشی بردە سەر ولاتی ئاشور و لەڕەگوڕیشەوە لەناوی بردن.

**8- ماد- میدی- میدیا:**

لەساڵی 835 یان 701 پ.ز دامەزراوە. یەکەمین پاشای ئەوان ناوی "دیوسیس- کەیقوباد" بووە پاشان کوڕەکەی کە ناوی "فرایورتیش" بووە لەسەر تەختی پاشایەتی دانیشتووە، و لە شەڕێکدا کە لە ساڵی 634 پ.ز لەگەڵ ئاشورییەکاندا روویداوە کوژراوە. پاش ئەو، براکەی کە ناوی "کەیئاخسار" بووە بووەتە جێنشین. "کەیئاخسار" ژیر و حەکیم بووە و پاڵەوانێکی ئازای ئەو زەمانە بووە. لەساڵی 615 پ.ز لەگەڵ فەرمانڕەوای بابل "ناپوپولاسار"دا رێککەوت و هێرشیان بردە سەر ولاتی ئاشور و دەستیان بەسەر پایتەختە کۆنەکەی ئەوان کە لە "ئاشور- شەرقات" بوو، داگرت. پاشان بۆ بەهێزکردنی هاوبەندی خۆشەویستی و هاوپەیمانێتی، خوشکی خۆی "ئەمیتیس"ی دا بە "نەبوخوزنەسر" یان "بەخت ئەلنەسر" یان "بەختاك"ی کوڕی پاشای بابل. کاتێك بەخت ئەلنەسر بووە پاشای بابل بۆ رێزلێنان لەشەڕەف و پایەبەرزی ئەو ژنە کۆشك و باخچە هەڵواسراوەکانی بابلی بنیات نا.

لە ساڵی 612 پ.ز هێزەکانی میدیا و بابل پێکەوە گەمارۆی شاری نەینەوای پایتەختی ئاشوریاندا و توانییان داگیری بکەن. پاشای ئاشور "سین شاشکوم" و کەس و کاری و پەیڕەوانی بە ئاگر خۆیان سوتاند "کەیئاخسار" شارۆکەیەك یان گوندێکی ئاشورییانی نەهێشتەوە کە لەگەڵ خاکدا یەکسانی نەکا. ئینجا بۆ پشوودان و حەسانەوە گەڕایەوە بۆ پایتەختەکەی خۆی "ئەگباتان- هەمەدان" و هەموو ئەو ئەسیرانەش کە پاشماوەی ئاشورییەکان بوون لەگەڵ خۆیدا بردنی و بەدرێژایی و پانی وڵاتەکەیدا دابەشیکردن. ئەمانە لەگەڵ خەڵکی ئەو شوێنانەدا تێکەڵ بوون و هەرگیز جارێك لەجاران ناویان نەهات. پاش ساڵێك لەلایەن بابلەوە هەواڵی پیگەیشت کە ئەو ئاشورییانەی هەڵاتوون بە سەرۆکایەتی پیاوێك بە ناوی " ئاشورئوبالیت" حکوومەتێکی نوێیان دامەزراندووە. کەیئاخسار سووپایەکی بەهێزی کۆکردەوە و بێ ئەوەی کە هیچ کەسێك ئاراستەی سەفەرەکەی بزانێ لە پایتەختی وڵاتەکەی چووە دەرەوە و لەڕێ ڕۆیشتن بەردەوام بوو تاگەیشتە دەروازەکانی " حەران" و بە شێوەی غافڵگیر گەمارۆی دان و هەرچی لەوێدا بوون هەموویان کوژران. بەمەش تۆوی ئاشورییەکان بە تەواوی بڕایەوە و بوونە رووداوی نێو چیرۆکان. پاش لەناوچوونی ئاشورییەکان کێشە و ناکۆکی لەسەر چۆنایەتی دابەشکردنی میراتی ئاشورییەکان لەنێوان میدیا و لیدیا سەری هەڵدا و شەڕی نێوانیان لە نێوان ساڵانی 591- 585 پ.ز درێژەی هەبوو دوا بەدوای ئەوە دەوڵەتی هەخامەنشی- ئەخمینی لە ئێران دامەزرا و دەستی بەسەر وڵاتی میدیا و سەروسامانی داگرت. بەناوبانگترین پاشای ئەوان "داریوش- دارا" بوو. ئەم دەوڵەتە لەسەر دەستی ئەسکەندەری مەکدۆنی لەساڵی 323 پ.ز پاش ئەوەی پاشاکەیان شکستی خوارد، لەناچوو.

پاش مردنی ئەسکەندەر دەوڵەتەکەشی پارچە پارچە بوو. "سلوك= سلوق" کە یەکێك لە سەرکردەکانی ئەوبوو، دەوڵەتی سلوکییەکانی لەعیراق دامەزراند، ئەم دەوڵەتە نزیکەی 200 ساڵ ژیا. پاش ئەو، دەوڵەتی "پارس"- ئەشکانی دامەزرا، و فەرمانڕەوایی کوردستانیشی کرد. پاش ماوەیەك کەسووپاکانی لەبەردەم سووپاکانی



نیرون قەیسەری ڕۆما، خۆی نەگرت و هەڵات، کوردستان کەوتە ژێر نیری حکوومەتی ڕۆما بەتایبەتی لە ساڵی 115ی پاش زایین لە سەردەمی قەیسەر "تزاران"دا. دەوڵەتی "پارس" لە ساڵی 424ی پاش زایین لەسەردەستی "ئەردەشیری بابەکاك" هەرەسی هێنا و دەوڵەتی "ساسانیان" دامەزرا. شەڕ لەنێوان ئەوان و ڕۆمەکان تا ساڵی 639ی پاش زایین گەرم بوو. پاش شەڕی یەکلاکەرەوەی "قادسیە"و کوژرانی "یەزدگورد"ی پاشای ساسانیان، کوردستان و ئێران کەوتنە ناوتخوبی مسوڵمانانەوە و دوای ئەوەش لێرە و لەوێ میرنشینی کوردی سەربەخۆ و نیمچە سەربەخۆ دامەزران تا ساڵی 1264ی کۆچی تورکیا و ئێران بەزۆری زۆرداری و داگیرکاری وڵاتی کوردیان لەنێوان خۆیاندا دابەش کرد.

## شۆڕشەکان، ڕێکخراوەکان، ڕۆژنامەکان و گۆڤارەکان

ئەرکی ئەم نامیلکەیە قوڵ بوونەوە لە توێژینەوە و لێکۆڵینەوەکانی ئەم بابەتەی سەرەوە نییە، لەبەر ئەوە تەنیا بەشێوەیەکی سەر پێیی ئاماژەیان پێ دەکەم.

وەکو لە بەشەکانی پێشوودا گوتم، کوردەکان گوێڕایەڵ و ژێر فەرمانی پاشا و سەرۆکەکانی خۆیان بوون ئەگەر بیاندیبایە کە ئەوان لە زوڵم و چەوساندنەوەیان دوور دەکەونەوە، و بەپێچەوانەوە لێیان یاخی دەبوون و شۆڕشیان لە دژیان بەرپادەکرد، هەروەکو چەندەها جار، لەسەردەمە دوورەکاندا رووی داوە. لە هەردوو سەردەمی عوسمانی و کۆماری تورکیاشدا چەندین جار دووبارە بۆتەوە. بەڵام هەرکاتێك دەرەتانێکی بەزەیی و ویژدانیان بەدی بکردایە دەگەڕانەوە سەر ژیانی ئارامی و نیشتەجێ بوون و ئارخەیانی هەر وەکو چەند جارێك یەك بەدوای یەکدا لە ئێران و عێراقدا روویداوە. کەوابوو دادپەروەری سەرچاوەی بەڕێوەبردن و بنچینەی هەموو سیاسەتێکە، و زوڵم و ستەمیش ئامرازی تێکدان و رووخاندنە، بۆیە گوتراوە بناغەی ئاوەدانی دادپەروەرییە و زوڵم و ستەمیش ماکی کاولکارییە.

دەربارەی ڕێکخراوە کوردییەکان بەماوەیەکی کەم پێش جەنگی یەکەمی جیهانی، زۆر ڕێکخراو دامەزران و پاش جەنگیش بەهەموو شێوە و جۆرەکانیەوە، زیاتر هاتنە مەیدانەوە. دامەزرێنەران و هەڵسوڕاوانی ئەو ڕێکخراوانە سەرچاوەی سیاسی یان رۆشنبیرییان هەبوو. هەندێکیان نهێنی بوون و هەندێکی تریان رەسمی بوون. ئەندامەکان لەنێو خۆیاندا زۆریان پوکانەوە و هەندێکی تریان چوونە دەوری سڕبوونەوە یاخود بەهۆی پێدزکەی هەندێك لە خاینان و جاسوسانەوە بۆ ناو ریزەکانیان، قەدەغەکران یا مۆڵەتی کارکردنیان لەلایەن حکوومەتەوە لێ سەنرایەوە. ئەمەش شتێکی ئاشکرایە کە ئەندامانی ڕێکخراوێك کەلەسەر باوەڕێکی دیاریکراو، و بەرنامەیەکی راگەیەنراو یەکیان



نەگرتبێ، ئەو ڕێکخراوە بەرەو هەرەسهێنان و تێکشکان دەچێ بەتایبەتی ئەگەر ئەو ڕێکخراوە ڕێکخراوێکی سیاسی بێ چونکە نموونەی هەرەباڵا لەناو ئەو جۆرە ڕێکخراوانەدا ئەوەیە کە ئەندامەکانی بەگیانی نیشتیمانپەروەری و شەهامەت و پەسندانی کێشە نیشتیمانییەکان بەسەر بەرژەوەندە تایبەتییەکان، پەروەردە بکا. لای خۆمان لە عێراق تەنیا کۆمەڵەی "یانەی پێشکەوتنی کوردی" کە کۆمەڵەیەکی رۆشنبیری بوو، وە مۆڵەتی کارکردنی لە مایسی ساڵی 1930 بەناوی منەوە وەرگیرا بوو، لەکارکردن بەردەوام بوو. بەڵام ئەو رۆژنامە و گۆڤارانەی تر کە بە زمانی کوردی دەردەچوون و تاماوەیەك بەردەوام بوون و پاشان لەدەرچوون وەستان، رۆژنامەی "ژین" لەسلێمانی کە خاوەنەکەی پیرەمێرد و "گەلاوێژ" و "نزار" بوون کەلەلایەن عەلادین سەجادییەوە دەردەچوون.

## نەستورییەکان یان وەکو ئینگلیز ناوی نان ئاشوورییەکان

پاش ئەوەی "کەیئاخسار" بە هاوپەیمانێتی پاشای بابل هێرشی بردە سەر وڵاتی ئاشور و شارۆکەکانی وێران کردن و هەردوو پایتەختی ئەوان "ئاشور- شەرقات" ئینجا "نەینەوا" و بەدوای ئەویشدا "حەران"ی خاپور کرد، ئافرەت و منداڵانی ئەوانی بەرەو ئێران راپێچ کرد، ناوی ئاشوری هەروەك لە جێدا نەبوبێ، لە وڵاتدا نەما، پاش ئەوەش ناویان لەناو کتێبە کۆن و ئیسلامییەکاندا نەهاتووە، گەرچی ناوی تایفەکانی کلدانی و سریانی و ئەرمەنی لەژێر ناوی جیاجیای وەکو نەستورییەکان و یەعقوبییەکان لەدەوروپشتی هەکاری، ماردین، نسێبین، باکووری مەراغە و ورمێ هاتووە، بەڵام ناوی "ئاشور" تەنیا وەك پیشاندانی ئەو نەستوریانە کە لە دەوروبەری "جولەمێرگ" لە نزیك ویلایەتی هەکاری دانیشتووان کە لەسەردەمی میر "ئەسەدەدین"ی ناسراو بە "لەپ زێرین" و پاش ئەویش لەسەردەمی جێنشینەکەیدا "عیزەدین شێر" پاشای هەکاری، هاتووە. لە کتێبی "مەسەلەی کوردستان و تورك"دا کە پشتگیری لەم

رایەم دەکا، هاتووە و دەڵێ: نەستورییەکان " ئاشورییەکانی ئێستا" لەڕەچەڵەکدا کوردن، ئایینی نەسرانییەتیان قبووڵ کردووە، ناوەندی پەتریرکی ئەوان شارۆکەی "قۆجان"بووە کە دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی "جولەمێرگ" هەروەها لە مێژووی "ئەل تەبەری"دا هاتووە کە: لە ساڵی 158ی کۆچیدا "مەسروری بەلخی" لەگەڵ کوردە یەعقوبیەکاندا بەشەڕهاتووە، سەمعانی گوتوویە: "نستوریوس" سەرۆکی روحانی ئەو کوردە نەسرانییانە و دامەزرێنەری کۆمەڵەی نستورییەکان بوو، لەساڵی 431ی پاش زاین بەبڕیارێکی ئەنجوومەنی سنودس "ئەفسوس" بێ بەری کراوە و بۆ زۆر جێگا دووریان خستەوە تا لە "سبسد" جێگیر بوو و هەر لەوێش مرد. "ئەلسەمعانی" زیاتر لەسەری دەڕوا و دەڵێ: هۆکاری بڵاوبوونەوەی مەزهەبی نستوری لەرۆژهەڵاتدا دەگەڕێتەوە بۆ دوو هۆ:

1- لەسەردەمانی ڕابردوودا لەشاری "ئەدسا=رها=ئورفە" قوتابخانەی ئێرانی هەبوون کە مامۆستای خۆیان هەبووە کە خەڵکیان بە باوەڕی مەسیحی پەروەردە دەکرد، و سەرۆکەکەشیان راهیبێکی نستوری بوو کە قوتابییەکانی فێری مەزهەبی خۆی دەکرد.
2- مەترانی ڕۆژهەڵات کەلەگەڵ باوەڕی پیرۆز و ڕێبازی سنودسدا جیاوازی هەبوو، مەزهەبی نستوری بەگونجاو دانا و بەهەموو هێز و توانایەوە کەوتە بڵاوکردنەوەی ئەو مەزهەبە. بەم جۆرە ئەم مەزهەبە بەخێرایییەکی گەورە بە کوردستان و ئێراندا بڵاوبۆوە. سەرۆکەکان و روحانییەکانی کلدانییەکان دەڵێن: ئەو کەسەی کە مەزهەبی نستوری لەرۆژهەڵات دا بڵاوکردەوە "بارسوما" بوو کە ماوەی پەنجا و چوار ساڵ لە ساڵی 435 تا 489ی زایینی لە "نسێبین" مەتران بوو. و هاوڕێکەشی کە هەر لەشاری نسێبین دادەنیشت و چاودێری قوتابخانەی "ئەدسا- ئورفە" بوو ناوی "نرسس" بوو، لەبڵاوکردنەوەی مەزهەبی "نستوریوس" یارمەتی دا و لەپاش خۆی قوتابییەکی کە ناوی "یوسف هازیتا" بوو جیگای گرتەوە و بەوپەڕی چالاکی و وردییەوە لەبڵاوکردنەوەی مەزهەبەکەی بەردەوام بوو. بەم شێوەیە



مەزهەبی نستوری بە خێرایییەکی گەورە بڵاوبۆوە تاگەیشتە هیندوچین. ئەنجومەنی "سنودس" ناچار بوو دان بەم مەزهەبەدا بنێت.

هەندێك کەسی تر رایان وایە کە ئەو نستورییانەی لەدەورو پشتی هەکاری دادەنیشتن لەڕووی خوێن و نەژادەوە دەچنەوە سەر میللەتی "کلدین" یا "خلدی" کە 2500 ساڵ بەر لە ئێستا لە چیاکانی هەکاری دادەنیشتن، جا بەو پێیەی کە نستورییەکان ئێستا لەهەمان ئەو چیایانە دادەنیشن، گومانی تێدا نییە کە ئەوانە لەنەوەی خلدییە کۆنەکانن، و نستورییەکان خۆشیان بانگەشەی ئەوە دەکەن کە لە نەوەی ئەو خلدیانەن، بەڵگەی جێگیریش لەسەر ئەمە، ئەوەیە کە جگە لەزمانی کوردی زمانێکی دیکەی نەتەوایەتیان نییە. هەروەها مێژوونووسانی عەرەب لە سەرەتای ئیسلامدا ئەوان و یەعقوبیەکانیان بە مەسیحییەکانی کورد داناوە. جا بانگەشەی ئێستایان کە گوایا ئەوان پاشماوەی ئاشورییەکانن ئەوە بۆ هەندێك مەرامی سیاسییە کە ئینگلیز خستویەتە مێشکیانەوە.

"ئاکازەجای" دەڵێ: نستورییەکان نەوەی "کلدانی"یەکانی نێوان دوو رووبارن کە لەبەر زەبر و زەنگی داگیرکەران وڵاتی ئەسڵی خۆیان بەجێهێشتووە و لە سەردەمێکی زۆرکۆندا چوونەتە چیاکانی هەکاری، بەڵام کەلەوێ مەزهەبی نستورییان قبووڵ کردووە، بەم ناوەوە ناوبراون.

ئەمە پوختەی بیروڕای زانایانی شوێنەوار ناسی و مێژوونووسانە، لەم رایانەوە وادەردەکەوێ ئەوانەی کە ئەمڕۆکە بەناوی "ئاشوری" یا "ئاسوری" ناودەبرێن هەرگیز ئەوانەنین کە لەڕابردوودا هەبوون. پاشان لە کاتی فتوحاتی ئیسلامی و قبووڵ کردنی ئایینی ئیسلام لەلایەن کوردەکانەوە، زۆر لەنستورییەکان موسڵمان بوون جگە لە هەندێکیان نەبێ کە لەسەر ئایینی خۆیان مانەوە، و لەهەموو لایەنێکەوە لەجێگای خۆیان بە ئازادی مانەوە و لە ئاسایش و سەلامەتیدا دەژیان. ئەمە لەبەرامبەر "جزیە"یەك بوو کەدەدرا بەمیرێکی موسڵمان جا عەرەب بوایە یان کورد. ئەمەش بەپێی ڕێوشوێنی پەیڕەوکراو یان

ئەحکامی شەریعەتی ئیسلامی جێبەجێ دەکرا، چونکە ئەمانە لەخزمەتی سەربازی دەبەخشران. بەپێی ئەم ڕێوشوێنە نستورییەکان چەند سەدەیەك لەناو کوردە موسڵمانەکاندا ئارامی و ئاسایشیان پارێزراو بوو. ئەوان هەر پابەندی ئایینی مەسیحی خۆیان بوون و سەرگەرمی کاروباری کشتوکاڵ و بەخێو کردنی مەڕومالاتی خۆیان بوون تاوای لێهات ماڵ و سامانیان زیادی کرد، و ئینجا لوتیان بەرز بۆوە و ژمارە و ماڵ و سامانیان خستنیە سەرباری سەرەڕۆیی و وایان لێهات بەناو و شێوازی جۆراوجۆرەوە، بەهاندان و دەست لەپشت دانی بیگانە بۆ دەرفەتێك بگەڕێن کەشەڕ بە کوردە هاونەژادە موسڵمانەکانی خۆیان بفرۆشن لەوانەی کە دراوسێی سەر راست و دادپەروەری خۆیان بوون. "بڕوانە کتێبی: رحلة متنكرة ما بين النهرين و كوردستان –لندن 1912"، بێ ئەوەی بیر لەوە بکەنەوە ئەگەر لەکاتی خۆیدا یان لەهەندێك وەختی تردا، کوردەکان بیانویستبایە ئەوا ناچاریان دەکردن یان ئایینی ئیسلام قبوڵ بکەن یان هەموویان بکوژن. بێ ئەوەش لەم کارەدا کەسێك هەبێ بپرسێتەوە یان خۆی بە بەرپرسیار بزانێ. بەڵام کورد ئەوەیان نەکردووە و ئەمەش ناکەن. چونکە ئەوان ئەمانەتن بە ئەستۆیانەوە. ئەمانەتیش بەپێی شەرع ماف و ژیانی پارێزراوە. لەپێش دا گوتم کە نستورییەکان، تەنیا پاش ئەوکاتە ناوی ئاشورییان زانی کەبیانییەکان، بەتایبەتی ئەفسەرانی ئینگلیز کە سەر بەسوپای هیندی بوون، و لە شێوەی گەشتیار یان لەڕووخساری قەشەدا دەرسیان دەدان و فێری هونەری جەنگیان دەکردن و بەڵێنی پاشەڕۆژێکی روناکیان پێدەدان لەبەرامبەر ئەوەی کە دژی دەوڵەتی عوسمانی راپەڕن و یاخی ببن. کاتێکیش جەنگی یەکەمی جیهانی دەستی پێ کرد و سوپای روسیا هاتنە ناو "وان"ەوە، ئەرمەنەکان لە باکوور و رۆژئاواوە راپەڕین و نستورییەکانیش لە باشوور و رۆژهەڵاتەوە هەستان و لەهەموو لایەکەوە هێرشیان بردە سەر عەشیرەتە کوردەکان و زۆریان کار و کردەوەی دڵڕەقانە بەرامبەر بە رۆڵەکانی هاونیشتیمانی خۆیان، لەوانەی کە چەندین سەردەم و سەدە پێکەوە ژیابوون، ئەنجامدا. ئینجا هەر دوابەدوای



پاشەکشەی سووپای روسیا بۆ وڵاتی خۆی، کوردەکان کۆبوونەوە و سووپای عوسمانیش لە پشتیانەوە بوو، سەرسەختانە و دڵڕەقانە هێرشیان بردە سەر نستورییەکان و راویان نان و ئەوانیش کەوتنەدوای سووپای روسیا. لەسەرووی ئەوان "ئاغا پەتروس" کەسەرۆکی بەشێك لەوانە بوو هەڵاتن تا گەیشتنە نزیك "ورمێ" و لەوێ کەوتنە ناو تەنگانەیەکی گەورەتر و تاڵ ترەوە کە پاداشی خراپەکاری و ناپاکییەکانی خۆیان بوو، ئەوەبوو ئیسماعیل ئاغای شکاك "سمکۆ" سەرۆکی عەشیرەتەکانی شکاك لەتۆڵەی هاوخوێنەکانی خۆی لە هەکاری و وان، گورزێکی پشت شکێنی لێدان و تەنیا ئەوانە دەربازیان بوو کە بەسەری روت و بەپێی پێخواسییەوە بەرەو هەمەدان هەڵاتن بێ ئەوەی زاتی ئەوەیان هەبێ بەناوچە کوردییەکاندا تێپەڕن، ئینجا ئینگلیز گرتنییە نێو باوەشی خۆی هەروەکو لەبەشەکانی داهاتودا باسی لێوە دەکرێ.

## سیاسەت

### ((السياسة وما أدراك ما السياسة))

سیاسەت بریتییە لە بەڕێوەبردنی ژیرانە، دووربینانە، توندوتۆڵ و بەهێزی کاروباری دەوڵەت و هاووڵاتیان. هەندێك کەسی تر پێیان وایە سیاسەت دۆستایەتی دۆستان و دڵ راگرتنی دوژمنانە. لەبەر ئەوەی سیاسەتی ئیسلامی لە سیاسەتی ئەوروپی جیاوازە، پێویستە هەریەکیکیان بەکورتی باس بکەم بێ ئەوەی بیان خەمە ترازووی بەراوردکردن و لەبەر یەك راگرتنیان. سیاسەت بە لای ئیسلامەوە دوو جۆرە:

1- مافەکانی خواوەند کە خواپەرستی دەگرێتەوە.

2- مافەکانی بەندەکان کە مامەڵە دەگرێتەوە. هەر کامیان بۆ دوو بەشی ناوەوە، و دەرەوە دابەش دەبێ کە لە قورئانی پیرۆز و سوننەتەکان و کردەوەکانی خەلیفەکان و یارانی پێغەمبەر و پێشەوایانی ئایینی هەڵێنجراوە.

خواوەندی گەورە لە قورئانی پیرۆزدا فەرموویەتی: "أن الله یأمرکم أن تؤدوا الأمانات الی أهلها، وإذا حکمتم بین الناس أن تحکموا بالعدل وأطیعوا الله والرسول وأولی الأمر منکم". هەروەها پێغەمبەر (د.خ) فەرموویەتی "أن الله یرضی لکم ثلاثاً :1- أن تعبدوه ولا تشرکوا به شیئا 2- أن تعتصموا بحبل الله جمیعاً ولاتفرقوا 3- أن تناصحوا من ولاه أمرکم". هەروەها پێغەمبەر(د.خ) فەرموویەتی: من ولی أمر المسلمین شیئا فولی رجلاً وهو مجد من المسلمین أصلح منه، خان الله ورسوله".

لەوانەی سەرەوەرا بۆمان دەردەکەوێ کە پێویستە ئەمانەت بدرێتەوە بەخاوەنی خۆی، و پێویستە بە دادپەروەری و یەکتاپەرستی و یەکێتییەوە فەرمانڕەوایی بەڕێوە بچێت و جگە لەمرۆڤی چاکەکار کەسی تر نەکرێ بە فەرمانڕەوا، جا هەرکەسێك لەبەر خۆشەویستی یان خزمایەتی یان بەرژەوەندی تایبەتی خۆی، پیاوێکی کردە فەرمانڕەوا، یاخود بەهۆی رق و کینە و دوژمنایەتییەوە لێپرسینەوەی لەگەڵدا کرد، ئەوا لەئەحکامی قورئانی پیرۆز و سوننەتی پێغەمبەر دەرچووە، چونکە فەرمانڕەوایی ئەمانەتەو دەبێ لەجێگای شیاوی خۆیدا بەجێ بهێنرێت "کلکم راع وکلکم مسؤل عن رعیته" بەپێی ئەم بنەمایە مەبەس لەبەجێهێنانی ئەمانەت، جێبەجێ کردنی مافەکانی خواوەندە بە زمان و بەدڵ و بەجیهادکردن لەرێگای خوادا، و بەفەرمانکردن بە چاکەکاری و فەرمانڕەوایی کردن بە دادپەروەری و یەکسانی لەناو خەڵکدا و رێز گرتن لە ئازادییەکانیان.

دەربارەی مافەکانی بەندەکانی خوا کە بریتییە لە مامەڵەکانی تایبەت بەکرین و فرۆشتن، بەکرێدان، بارمتە، بەخشین، حەواڵە، کەفالەت، نێوانگیری، بازرگانی ناوەوە و دەرەوە بەهەموو جۆرەکانیەوە تا دەگاتە ئەو ئەحکامانە کە تایبەتە بەمیرات، تەڵاق، مارەکردن، ماڵ لەقەبەڵ کردن و وەسیەت. سیاسەتی دەرەوەی ئیسلام دەتوانرێ لەوەفاداری بەرامبەر بەڵێنەکان، لایەنگری کردن لەدادپەروەری و بەزەیی لەکاتی جەنگدا کە دوورکەوتنەوەیە لەکوشتنی منداڵ و پیر و پەککەوتە و سەرۆکەکان و روحانییەکان و دیلەکان، پوختە بکرێ. لێرەدا



بابەتی ئەم کتێبە وردبوونەوە لەهەموو ئەم کاروبارانە نییە، جگە لەو جێگایانە کەپەیوەندی بەناوەرۆکی ئامانجەکەمانەوە هەیە. سیاسەتی ئیسلامی بریتییە لە سیاسەتی دادپەروەری، چاکەکاری، ویژدان، برایەتی، یەکسانی، سوککردنی تەنگوچەڵەمە و تەنگانە لەسەر هەژاران و رادەدانان بۆ زیاتر دەوڵەمەندبوونی سامانداران، کە زوربەی پیاوانی جیهان رێز لەم سیاسەتە دەگرن و لەناخی دڵەوە خۆزگەیان خواستووە کە لەوڵاتی ئەواندا پەیڕەو بکرێ و لەو ڕاڕایی و لێك ترازانە رزگاریان بێ کەباڵی بەسەر کۆمەڵگاکانیاندا کێشاوە.

لەپێشدا گوتم لە توێژینەوەکانی بەجێهێنانی ئەمانەت هەڵبژاردنی فەرمانڕەوایە، جا ئەو فەرمانڕەوایە چ بەجێنشین "خەلیفە" سوڵتان، پاشا، میر، سەرۆك یان قازی ناوی ببرێ. کاروباری خەلافەت لەسەرەتای سەرهەڵدانی ئیسلامدا بە هەڵبژاردن "بەیعەت پێدان" بوو، پاشان معاویەی کوڕی ئەبوسوفیان بەپێچەوانەی رێبازی یارانی پێغەمبەر گۆڕی بۆ پاشایەتی. گرنگترین بنچینەکانی "ویلایەت" بەهێزی و ئەمانەتە لەگەڵ پەسن دانی لێهاتووترین، چاکترین، پەسندترین، زاناترین، پاکترین و بیگەردترین کەس- هەرچەندە کەم و کوڕیشی هەبێ- بەسەر پیاوی لاوازی بێ دەسەڵات دا هەرچەندە دەست پاکیش بێ، چونکە بەدکار هێزەکەی بۆ موسڵمانان دەگەڕێتەوە و بەدکارییەکەشی بەسەر خۆیدا دەشکێتەوە. بۆ نموونەی ئەمەش پێغەمبەر "د.خ" خالیدی کوڕی وەلید سەرەڕای زێدەڕۆییەکانیشی، بۆ سەرکردایەتی سوپا دادەنا و لەم بارەیەوە گوتوویەتی:"خالید شمشێرێکە کە خواوەند بەرووی موشریکەکاندا هەڵی کێشاوە". دادپەروەری و لێهاتوویی پەسندترین ئەو سیفاتانەن کە جیهان ئاوەدان دەکەنەوە و زۆرداریش کاولکاریی دەنێتەوە، هەروەکو لەم فەرموودەیەی پێغەمبەر(د.خ)دا هاتووە:" رۆژێك لەتەمەنی پێشەوایەکی دادپەروەر لەشەست ساڵ خواپەرستی چاکترە" هەروەها فەرموویەتی" خۆشەویستترین کەس لەلای خوا پێشەوای دادپەروەرە، و بێزراوترین کەسیش لەلای ئەو پێشەوای زۆردارە". خەڵکی دادپەروەر و خواپەرست بەنیازپاکی و کردەوەی چاك، لەخەڵکانی

ستەمکار و یاخی جیادەکرێتەوە هەربۆیە دانانی خێرخوازان بەوالی، باشترە وەك لە دانانی بەدکاران و شەڕانگێزان بە والی:

**لايصلح الناس فوضى لاسراة لهم**

**ولاسراة أذا جهالهم سادوا**

"ئاژاوە خەڵکێك چاك ناکا کە لە ژیان بێبەشن و شادی و خۆشییان نابێ ئەگەر نەزانەکانی ئەوان ببنە سەروەریان".

## لەبارەی سیاسەتی یەکسانی لە ئیسلامدا

سیمای راستگۆیانەی یەکسانی، لە کۆبوونەوەی مسوڵمانان بۆ نوێژکردن لەکاتی پێنج فەرزەدا دەردەکەوێ کە لەوێدا هەژار بەتەنیشت دەوڵەمەندی دەست رۆیشتوو، وەزیر بەتەنیشت سواڵکەر رادەوەستێ. هەروەها لەکاتی "فەرزی حەج" دا کە هەزاران خەڵك لەهەر چوار گۆشەی دنیاوە لەمەککەی پیرۆز جلی سپییان لەبەرە و بەسەری رووتەوە لەنێوان "سەفا و مەروە" دا ئەرکی حەج ئەنجام دەدەن. ئەم کۆبوونەوەیە بەهرەی زۆرمەزنی بۆ گشت موسڵمانان تێدایە، و ئەوە جارِی یەکسانییە لەنێوان بەرز و نزم، میر و گەدا، بەهێز و لاوازدا هەروەها هەلێك بۆ ئاشنابوونی موسڵمانان و ئاگاداربوون لەبارودۆخی یەکتر لەنێوان موسڵمانانی رۆژهەڵات و رۆژئاوادا دەڕەخسێنێ. هەروەها "فەرز"ی رۆژووگرتن کەلەهیچ لایەنێکیەوە، بایەخ و گەورەییەکەی لەنوێژ و حەج کەمتر نییە. لەڕۆژووگرتندا مرۆڤ هەست بەئازاری برسێتی و بێبەشی دەکا، و ئەو داخ و پەشێوییە کە مرۆڤی برسی تێیدا دەژی لە رۆژووگرتندا بەدەردەکەوێ جا لەوکاتەدا فەرمایشی خوای گەورە دەردەکەوێ کە فەرموویەتی "وأما السائل فلا تنهر" هەروەها "سەرفترە" هەیە کە دەدرێ بەو کەسە کەشایانی ئەو "سەرفترە"یەیە. سەرەڕای هەموو ئەمانە مایەی ئاشت بوونەوە و پێك ئاشنابوونی خەڵکییە لە یەکەمین رۆژی مانگی شەوال واتە رۆژی "جەژن"دا.



## سیاسەتی دارایی

ئەمەشیان بایەخێکی گەورەی لەواری کاروبارە ئابوورییەکاندا و لەیارمەتی دانی چینە هەژار و دەست کورتەکاندا هەیە کە لە زمانی شەریعەتدا بریتییە لەئەمانەت لەماڵ و سامانی خەڵکی، یەکەمیان: سامان و ماڵی جێگیر و ناجێگیر، قەرزەکان، ئەسپاردەکان، ماڵی هاوبەش و هەتیوان، ماڵی لەقەبەڵ نراو، سەدەقەکانی ژنان و هیتر کە پێویستە هەموو کەسێك بەتەواوی جێبەجێیان بکا. دووەمیان: سامانی دەوڵەت کە پێکهاتووە لە زەکات "باجەکان" و ئەو دەسکەوتانەی کە لە جەنگدا بەدەست دێن هەروەکو لە سورەتی "ئەنفال"دا هاتووە، (نفل) مانای زیادە دەگەیەنێ. و ئەوەیە کە بەبێ شەڕ لەکافران وەردەگیرێ.

هەروەها دەسکەوتیش کە خوا بۆ موسڵمانانی داناوە بریتییە لە هەموو ئەو باج، جزیە، ماڵی هەڵگیراوە، ماڵی مردووانی کە میراتگریان نییە و دیاری و ئەو بەرژەوەندییانەی رێکەوتنی لەسەر کراوە لەنێوان ئیسلام و دوژمناندا. لەمەڕ دیارییەوە ئەگەر ئەو دیارییە بۆ خۆشەویستی و دۆستایەتی بێ ئەوا بەپێی شەرع حەڵاڵە، بەڵام ئەگەر لەبەرامبەر ئەنجام دانی کارێك بێ ئەوا بەرتیلە. دیارە کەبەرتیل دەر و بەرتیل وەرگریش هەردووکیان جیگایان دۆزەخە. دەربارەی "سەدەقە"ش ئەوا بۆ ئەو کەسانەیە کە خواوەند لەم ئایەتە پیرۆزەدا باسی دەکا "أنما الصدقات للفقراء والمساكين والعاملين عليها والمؤلفة قلوبهم وفي رقاب والغارمين في سبيل الله وإبن السبيل فريضة من الله والله عليكم حكيم" هەژار ئەو کەسەیە کە زۆر دەست کورتە و ئەو داهاتەی کە لەکارەکەیەوە دەستی دەکەوێ بەشی پێداویستییەکانی ژیانی ناکا " والعاملين عليها" ئەو باجگرە دەست پاکانەن کە سەدەقەکان کۆدەکەنەوە، "والمؤلفة قلوبهم" ئەوکەسانەن کە تازە مسوڵمان بوون، هێشتا بەتەواوی دڵیان بە ئایین قایم نەبووە، جا ئەم سەدەقەیەیان دەدرێتێ بە ئامانجی ئەوەی کە دڵیان هۆگری بەئایینەوە بگرێ و

داواشیان لێدەکرێ کە بەتەواوی ئیسلام وەربگرن و جگە لەخۆیان کەسانی دیکەش بۆ ئیسلام راکێشن. و "في الرقاب" بۆ ئازاردکردنی دیل یان کۆیلە. و "الغارمين المديونين وأبن السبيل" ئەو رێبوارەی کە بایی ئەوەی پێنییە بگاتەوە بۆ شارەکەی خۆی یان ناو کەسوکاری خۆی. ئامانج لەم ئایەتانە کەدەبێ فەرمانڕەوایی بەدادپەروەری بەڕێوەبچێت ئەوەیە کە دەبێ سنوورێك لە نێوان شەریف و لەنێوان سوك و چروکدا دابنرێ بێ ئەوەی شەفاعەت قبووڵ بکرێ. جا هەرکەسێك سەرپێچی لەمە بکا شایانی نەفرەت لێکردنە. خاوەن باوەڕان برای یەکترن و هەر کامیان بۆ ئەویتر وەکو سەرپەرشتیکەریك وایە، مسوڵمان مافی ئەوەی هەیە کە فەرمان بەبرای خۆی بکا کەچاکە بکا و نەفرەت لەخراپە بکا. چونکە خاوەن "ئیمان" ئەو کەسەیە کە خەڵك لەئاستیدا لەسەرو ماڵی خۆیان دڵنیا بن، هەروەکو پێغەمبەر (د.خ) فەرموویەتی:" موسڵمان ئەو کەسەیە کە مسوڵمانان لە دەست و زمانی دڵنیابن" پێغەمبەر (د.خ) لەرۆژی گرتنی مەککە لە وەڵامی خەڵکەکەدا فەرمووی: "بڕون ئێوە ئازادن" وە فەرمانی لێخۆشبوونی بۆ هەموو ئەوانەدا کەفەرمانی خوێن رشتنی ئەویان دابوو، و هەروەها خەلیفەکان و پاشاکان لەزۆر لەوانە خۆش بوون کە لە فەرمانی ئەوان یاخی ببوون، ئەمەش لەبەر ئەوەی کە گوێڕایەڵی خۆیان دەربڕیبوو و خۆیان تەسلیم کردبوو. لەسەر ئەو بنەمایە لەسەر حکوومەتی عیراق "واجب" بوو کە لە سێدارەدانی ئەفسەرانی کورد، و دەربەدەر کردن و دوورخستنەوەی بارزانییەکان دووربکەوێتەوە، چونکە ئەوان گوێرایەڵی خۆیان دەربڕیبوو و خۆیان تەسلیمی "علی حجازی" کردبوو کەبەڕێوەبەری ئەو کاتەی پۆلیس بوو، هەروەکو ئەوکاتە باس کرا لەسەر بەڵێن پێدانی ئەو، وەکو لەپاشاندا بەتێروتەسەلی باسی دەکرێ، خۆیان تەسلیم کردبوو. پێش ئەوەی ئەم باسە کۆتایی پێ بێنم، بەهەموو ئافرەت و پیاوێکی مسوڵمان دەڵێم کە ئامۆژگاری خەڵك بکەن چونکە هەر وەکو پێغەمبەر فەرموویەتی" ئایین ئامۆژگارییە".



## 2- سیاسەتی ئەوروپی

لەم نامیلکە بچووکەدا جیگەی ئەوە نابێتەوە بەتێروتەسەلی سیاسەتی ئەوروپی راڤە بکەم. لەبەر ئەوە تەنیا لەوەندە دەدوێم کە پەیوەندی بەبابەتەکەمانەوە هەیە. سیاسەتی ئەوروپی دەکرێ بۆ دووبەشی سەرەکی دابەش بکرێ: بەشی بەڕێوەبردن و بەشی دارایی. هەرکام لەم دووانەش پۆلێن دەکرێن بۆ دەستەڵاتی دنیایی و دەستەڵاتی ئایینی. دەستەڵاتە دنیاییەکە نۆبەرەی کارەکانی بریتی بوو لە بێ خوایی "الالحاد" و زەوتکردن و ئیستعمار و پیادەکردنی سیاسەتی "مکیاڤیلی" کە لەسەر بنەمای زوڵم و زەبر و زەنگ دامەزراوە. دەسەڵاتی ئایینییەکەش کە مەسیحێتی کەنیسەیە خۆی لە "ئیمان بێنە و مەپرسە" و باوەڕ بە خوایەتی عیسا بێنە، پسولەی لێبوردنت دەدەمێ و خواردنی پیرۆزت دەرخوارد دەدەم، قەتیس کردووە. ئەم سیاسەتە لەبەرامبەر زانستی نوێدا شکستی هێناوە، چونکە تەنیا بایەخ بەسەلامەتی روح دەدا و هەروەها بێ خوایی و کۆیلەکردنی خەڵکی بۆتە مایەی دووبەرەکایەتی نانەوە لەنێوان کەنیسە و دەوڵەتە خوانەناسەکان "الملحدة" ئەو دەوڵەتانەی دیارترین ئامانجی ئەوان بریتییە لەدەست بەسەرداگرتنی وڵاتە لاوازەکان بەناوی ئیستعمار و بە شارستانێتی کردنەوە. ئەم چاوچنۆکییەش هەر خۆی بۆتە مایەی رق و کینە نانەوە لەنێوان دەوڵەتە ئەوروپییەکان، کە ئەوانیش ئێستا سەریان کردۆتە سەر پشت بەستن بەهێز و دەسەڵات کە ماڵ وێرانی و کوێرەوەری بەسەر مرۆڤایەتی هێناوە. ئەمە سەرەڕای لەخۆبایی بوونی ئەو وڵاتانە کە بەهۆی ئەو پێشکەوتنە مادییەی کە هەیانە، دەرەتانی ئەوەی هەبوو کە ببێتە سەرچاوەی بەختەوەری و خۆشگوزەرانیی مرۆڤایەتی. بەڵام سیاسەتی دارایی سیاسەتێکی ناچوون و شێواوە و بەسەر دوولایەنی سەرمایەداری و کۆمونیزم دا دابەش بووە. سیاسەتی ئابووری و دارایی رژێمە کۆمۆنیستەکان لەسەر بنەمای موڵکدارێتی دەوڵەت بۆ پرۆژەکان و کەرتە گشتییەکان، موڵکدارێتی زەوی و زەوتکردنی سامانی دەوڵەمەندەکان دامەزراوە.

سیاسەتی سەرمایەداری بریتییە لە کۆبوونەوەی سامان و دەوڵەمەند بوون لەسەر حسابی چینی کرێکار کە هەقدەستەکانی بایی ئەوە ناکا لە برسێتی ڕزگاری بکا. وەك بەرئەنجامێکی سروشتی گەندەڵییەکانی ڕژێمی سەرمایەداری، کارێکی ئاساییە کە ئاگری جەنگی یەکەمی جیهانی هەڵبگیرسێ و دەوڵەتانی شکست خواردوو لەت و پەت بن، و "کۆمەڵی گەلان" دابمەزرێ کە بەکۆمەڵی دزان وەسف کراوە، ئەمەش چونکە هەر ئەندامێکی ئەم کۆمەڵەیە هەولی قازانجی ماددی دەوڵەتەکەی خۆی دەدا. پاشانیش ماوەیەکی درێژی پێ نەچوو کەئەم کۆمەڵەیە جیهانی هاویشتە ناو کورەی جەنگێکی نوێوە، کە گڕ و بڵێسەی لەجەنگی یەکەم زیاتر نێڵەی دەهات. ئەم جەنگە نوێیەش بە سەرکەوتنی ئینگلیز و ئەمەریکا و یەکێتی سۆڤیەت بەسەر دەوڵەتانی میحوەردا کۆتایی هات. دیسانەوەش ماوەیەکی زۆری نەبرد جارێکی تر ناکۆکی لەسەر دابەش کردنی جیهان سەری هەڵدایەوە و ئاکامەکەی بەوە شکایەوە کە جیهان بۆ دوو سەربازگەی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا دابەش بوو. و هەرکامیان جەنگێکی ساردی دژی ئەوی دیکە بەرپا کرد و هەر یەکێکیان ئەویتر تاوانبار دەکا. ئەمە لەکاتێکدا کەجیهان لەنیگەرانییەکی قوڵ و سەرسامییەکی تاڵ دایە و ئاسایش و ئارامی دەخوازێ و گەلانیش ئازادی و سەربەخۆییان دەوێ کەچی ئەو خوێنرێژانە ئەم داخوازییانە بەڕەوا نازانن. هەر بۆیە لەهەموو جێگایەك لە کۆریا لە هیند و چین، ماوماو، جەزائیر، تونس و مەغریب شۆڕشەکان بەرپا بوون. ئەمەش لەبەدبەختی هەموو مرۆڤایەتییە. ئەم سیاسییانە کە بانگەشەی ڕێزگرتن لەهەستی خەڵك و باوەڕی خەڵك و ئایینی خەڵك دەکەن، کەچی ڕێگای تاڵان و بڕۆ، و کپکردنی دەنگی ئازادیخوازان و سەربەخۆیی خوازان دەگرنە بەر، و بەرۆکیت و بۆمبا ڕووبەڕووی ئەوان دەبنەوە. لەکاتێکدا کە ئایین نەفرەتی لەم جۆرەکارانە کردووەو لەشەڕی دڕندە گەرێتی و لەنێو چوون، ڕزگاری کردوون، و بۆ خۆشەویستی، ئاشتی، دۆستایەتی، نکوڵی لە خود و وەلانانی جیاوازی نێوان نەژادەکان و یەکتری خۆش ویستن و دامەزراندنی دادپەروەری، بانگهێشتیان دەکا.



## سیاسەتوانان چییان گوتووە و چی دەڵێن؟

ئەگەر توێژەری سیاسی لەڕێگای ڕۆژنامە و کتێبە چاپکراوەنەوە سەیری سیاسەتی ئەوروپا بکا، بۆی دەردەکەوێ ئەوەی کە سیاسەتوانەکان لەبارەی بڕیاردانی مافەکانی مرۆڤ و پاراستنی میللەتە لاوازەکان باسی دەکەن لەسنوورێکی بەرتەسکی چەند ئاوازێکی ناحەز و دەهۆڵ لێدانێکی بەتاڵ تێناپەڕێ کە دەیانەوێ دەماری خەڵکی پێ سڕ بکەن و میللەتانی پێ سەرگەرم بکەن. هەروەکو بانگەشەکانی سەرۆك "ویلسۆن" سەرۆکی پێشووی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و چواردە بەندەکەی کە ڕایگەیاند، و بڕیارەکانی "کۆنگرەی ئەتلەنتیکی" و ئەو ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییانەی کە نەتەوە یەکگرتووەکان لەژێر ناونیشانی "قەدەغەکردنی قڕکردنی نەژادی" دایڕشتووە بەڵام دەبینی ئینگلیز بە چالاکی و پێداگرتنەوە سورە لەسەر قەڵاچۆکردنی —ماوماو-، و فەرەنسا لەزۆر ناوچەدا بەبڵێسەی ئاگرەکانی میللەتان قەڵاچۆ دەکا، تورکیا دەرهەق بەکورد ئەوەندەی تاوان ئەنجام داوە، و ئێستاش ئەنجامی دەدا کە لەبیرناچێتەوە. بۆیە ئەوەی دەربارەی پرەنسیپە نێو دەوڵەتییەکان گوتراوە و دەگوترێ تەنیا جۆرە ئاواز و درۆیەکی سیاسین. لەبەر ئەوە دەم گەرمی پیاوانی سیاسەت لەبارەی بانگەشەکردن بۆ هێنانەدی ئازادی گەلان تەنیا خەیاڵە!! ئەوان دەڵێن:

1- ئەم جەنگە جیهانییەی دوایی، سەرکەوتنی گەلە لاوازەکانە، ئەم شەڕە توندوتیژ و قوربانی دانەش تەنیا بۆ لابردنی زوڵم و سەرەڕۆیی، و هەڵدانی ئاڵای ئازادییە لەبەرزایی هەموو گۆشەیەکی ئەم جیهانە. بەڵام ئایا ئامانجی ئەوان لەم قسانە چییە؟ کام سەرەڕۆییان لابردووە، کام زوڵمیان نەهێشتووە و کام ئاڵای ئازادییان چەقاندووە؟ مەگەر مەبەستیان ئاڵای زوڵم و ستەم و ملکەچی و شورەیی بێ؟

2- دەوڵەتە گەورەکان دەڵێن ئێمە پەیمانمان بە خوا و بەخۆمان داوە، کە مافەکانی مرۆڤ ڕابگەیەنین و دانی پێدابنێین، بۆیە لەمرۆ بەدواوە بواری ئەوە نییە هیچ کەسێك سیاسەتی زۆرداری و پێشێلکاریی مافەکان پەیڕەو بکا و

یاری بەئیرادەی گەلان بکا. بەڵام ئایا واقیع و هەقیقەت تا چەند بەشیان لەم قسەیەدا هەیە؟ دیارە کە هیچ، ئەم قسەیە تەنیا بۆ هەژاران و نەداران فڕێدراوە، یان وەکو ئەفسانەیەك کەدەیانەوێ ئەو گەلانەی پێ بخافڵێنن کە خەون بەسەربەخۆیی و ئازادی و بەختیارییەوە دەبینن؟ ئەمە درۆیەك بوو کە میللەتان بەزوویی پەردەیان لەڕوو داماڵی و پاش ئەوەش کە گیزەگیزی گوللە و دەنگدانەوەی زرمەزرمی تۆپ لەئاسمان کەوتە بەر گوێ، وای لێهات یەك بەدوای یەکدا پێشبڕکێیان بوو لەقبووڵ کردنی کومونیزم بۆ ئەوەی لە قەپاڵی سەگەل و گەلەگورگان رزگاریان بێ. ئەمریکا کە بانگەشەی ئازادی دەکا و خۆی بە ئاشتی هەڵ دەداتەوە، تاوانی بەرامبەر بە مرۆڤایەتی ئەنجامدا و بە بۆمبە ئەتۆمییەکانی کە لەدژی یابان بەکاری هێنا، ملیونان کەسی قەڵاچۆکرد. ئەو، لەو جەنگەدا دژی یابان بۆ هێنانەدی مەرامی خۆی، کە بۆ تێکشکاندنی شکۆ و مەزنایەتی یابان بوو، کە لە جیهانی بازرگانیدا کێ بەرکێی لەگەڵدا دەکا، هەروەها ئەمریکا کە ئێستاکە بە چەکی کاولکەر یارمەتی فەرەنسا دەدا بۆ لەناوبردنی گەلی کۆڵنەدەری ڤێتنام، ئەوەش کارەساتەکانی فەلەستین کە بەدەستی رەشی ئەمریکا و بەریتانیای هاوپەیمانی، لەفەلەستین سەرزەوینی هاتنە خوارەوە و بەرزبوونەوەی پێغەمبەری ئەوان عیسا(س.خ) کە بانگەوازی ئاشتی و تەناهی دەکا، ئیسرائیلیان دروست کردووە.

مێژوو پەڵەی شەرمەزاری ئەوان لەڕوپەڕەکانی کردەوەکانی خۆیاندا تۆمار دەکا، و ئەو کارانەش کە دەروونی بێ ئابڕوویان پێیان دەکا، بابیکەن میللەتان ئەمڕۆ درکیان بەوەکردووە کە رێگای ئازادی هەر چەندە پڕ لەئازار و سەختی بێت، تەنیا یەك رێگایە.

من نازانم لەبارەی ئەم سەدەیەوە کە سەدەی زانست و رووناکییە مێژوو چی دەڵێ و چی تۆمار دەکا، ئەم سەدەیەی بۆتە سەدەی زوڵم و ستەم و بەخوێنی ئەو گەلانە ئاوێتە بووە کە داخوازی ئازادی دەکەن و نارین و هاواری قوربانییەکان



ئەو گەیشتۆتە ئاسمان، سەدەیەك کەتێیدا ستەم و زۆرداری کەرامەتی چوار سەد ملیون مسوڵمان و هەمان ژمارەش لە مەسیحییەکان، لەبەر خاتری کۆمەڵە جوولەکەیەکی بێ بنج و بناوان و دەربەدەر، پێشێل دەکا.

مێژوو کە ئێستاکە میللەتان بەرەوپێشەوە دەبا، کاتێك کە ئەو راستییە پڕشنگ دارانە بە مەرەکەبێکی تۆخ دەنووسێتەوە کە بەلاف و گەزافی درۆ ناشاردرێتەوە، ستەم و زۆرداری ئەو بەدڕەوشتانە وەك پەڵەیەکی رەش تۆمار دەکا و بەقامچی ئاگرین ئەشکەنجە و ئازاریان دەدا.

3- هەروەها کاتێك کە دەڵێن ئەوان بەجیدییەوە کار بۆ ئەوە دەکەن کەمافە نێودەوڵەتییەکان، و دادپەروەری کۆمەڵایەتی جێگیر دەکەن، و کۆمەڵی مرۆڤایەتی ئازاردراو بەهەموو نەژاد و گرووپ و باوەڕەکانیانەوە، لەرێگای پرۆژەکانی مارشاڵ و یونسکۆ لە هەژاری و برسێتی رزگار بکەن، لەهەمان کاتدا لێرەو لەوێ قەسابخانە بەرپا دەکرێن بۆ ئەوەی رووی زەوی بەخوێنی ئەو بێ تاوانانە سور بکەن و پتر زوڵم و دەست درێژی تێدا بڵاوبکەنەوە. هەروەها لە ئێران کە بەهۆی مل نەدانی بەریتانیا لە کێشەی نەوت و رێگەنەدان بە هەموو شێواز و ئامرازێك بەدەرهێنانی زەیت، بەدەست هەژاری و برسێتییەوە دەتلایەوە کە بووە هۆی ئەوەی بارودۆخەکەی پتر شێواو و ئاڵوز ببێ، و ئەگەریش سیاسەت و زیپکوزاکون و نیشتیمانپەروەریی راستگۆیانەی "موسەدیق" نەبوایە، ئێران ببووە نێچیری تەماعکارییە چاوچنۆکییەکانی بەریتانیا، بەڵام نیشتیمانپەروەری و باوەڕی پاکی دکتور "موسەدیق" و هەڤاڵەکانی، چەند هەنگاوێك "ئێران"ی بەرەو رزگاری و ئازادی برد و بگرە بەجۆرێك لەناو دڵی میللەتدا رەگی داکوتا کەدەستی ناپاکان نەتوانێ هەڵی بکێشێ. ئەمەیە زوڕناژەنینەکانی سیاسەتوانەکانی ئەوروپا کەتەنیا بۆ چنینەوەی تاڵان و خافڵاندنی گەلان و دەست بەسەردا گرتن و بە کۆیلەکردنی نەتەوەکانە، کە ئەوانیش ئەو میللەتە بێ دەسەڵات و میرنشینە ماف خوراوانەن کە لەژێر نیری ئەواندا دەناڵێنن. ئەوە کۆریایە کە نێڵەی ئاگری

زوڵم تەڕ و وشکی تێدا سوتاندووە، ئەوە تورکیا کە زوڵمی بێ سنووری ملیۆنان کوردی لەناوبردووە. ئەوەش فەرەنسا کە دۆزەخی زوڵم و ستەم و هەژاری بۆ ڤێتنام و سیام و تونس و مەراکیش داخستووە.

ئێوە وەرن حەق و حسێب لەگەڵ ئەو دەوڵەتانە بکەین کە بانگەشەی ئازادی دەکەن، و ئینجا سەیری ئەو دەوڵەتە بچووکانەش بکەن کە چۆن لەکاتی جەنگ و شەڕەکانیاندا گرانبەهاترین و بەنرخترین شتی خۆیان پێشکەش کردوون.

پاش وردبوونەوە و قوڵ بوونەوە، دەسبەجێ بۆمان دەردەکەوێ کە ئەم دەوڵەتانە پاش جەنگی یەکەم و دووەم تەنیا لەسەر نەخشەیەك کاریان کردووە کەبنچینەکەی لەسەر بڵاوکردنەوەی ئاڵۆزی نانەوە و بڵاوکردنەوەی تۆوی دووبەرەکایەتی بووە لەنێوان میللەتان و نەتەوەکاندا، بەتایبەتی گەلانی عەرەبی و رۆژهەڵاتی، کە لەسەر بنەمای سیاسەتی "دووبەرەکایەتی بنێرەوە و زاڵ بە" دامەزراوە. هەر بۆنموونە بەریتانیا بوو کە پەیمانی بە "مەلیك حسێن" دابوو کە دەوڵەتێکی پان و بەرینی بۆ پێکبهێنێ کە زوربەی بەشەکانی ولاتانی عەرەبی بگرێتە خۆی، کە چی لەدواییدا لێی هەڵگەڕایەوە و ئاماژەی بە خوالێخۆشبوو "مەلیك عەبدول عەزیز ئال سعود" کرد هێرش بباتە سەر حیجاز، ئەوەبو توانی دەستی بەسەردا بگرێ. هەروەکو بەریتانیا بوو کە لوتفی فەرموو بو لەسەر حسێبی کورد، نیشتیمانێکی نەتەوەیی بۆ ئاشورییەکان لەسەر خاکی کوردستان دابمەزرێنێ ئەوەبوو کە کورد بەهەڵوێستی ئاشکرای خۆیان دژی وەستانەوە. هەر بەریتانیا بوو کە بناغەی ئەو پیلانە گەورە نێو دەوڵەتییەی دارشت و پیادەکرد کەبووە هۆی ستاندنی فەلەستین لەخاوەنە عەرەبەکانی خۆی، و ئینجا بەپێی ئارەزووی خۆی دەستی کرد بەیاری کردن بەتوانا و ئیرادەی دەوڵەتە عەرەبییەکان و هەموو رۆژێك پیلان گێڕان و دەسیسە نانەوە و کۆدێتا و قوربانی دانە. ئایا ئەوانەی جڵەوی کاروباری جیهانیان بەدەستەوەیە بە خۆڕووپۆش کردن و قسەی بریقەدار و گریان بە دیار ئازادییە زەوتکراوەکانی خەڵکەوە، هەقیقەتی مەرام و نیازەکانی ئەوانی بەرامبەر بەمیللەتان شاردۆتەوە؟ نەخێر، و هەزاران جار نەخێر. خەڵك ئەو فێڵ و لە خشتەبردنانەی ئەوان دەزانن و تاقیکردنەوەکانی رابردووی خۆیان و ئەو زریانە



فەوتێنەرانەی بەسەریان هاتووە لەبیر ناچێتەوە. هەرجاریش کە قسە و بەڵێنە هەنگوینییەکانی خۆیان دووبارە دەکەنەوە، بێ ئەوەی کە بەکاروکردەوە بێنەناو مەیدانی واقیعەوە، خۆیان دەکەنە گاڵتەجاڕ و بێزلێهاتنەوەی خەڵك.



**شێخ مەحمودی حەفید**

لەپێشدا گوتمان کە دەوڵەتە گەورەکان، سیاسەتی خۆیان لەسەر بنەمای "دووبەرەکایەتی بنێرەوە و زاڵ بە" دامەزراندووە، خۆیان بەسەر میللەتە بچووکەکاندا سەپاندووە و لەمبارەیەوە نموونەی حیجازمان هێنایەوە، بەڵام بەریتانیا لە عیراقیشدا هەمان رێگای گرتە بەر، ئەوە بوو پاش کۆتایی هاتنی جەنگ، بڕیاری دا لەویلایەتەکانی رۆژهەڵات لەئاسیای بچووکدا دەوڵەتێکی کوردی پێك بهێنێ. پاش ئاگربەستی "موندروس" هەندێك لەپیاوانی کوردی راسپارد تا لە دانوسەندنەکانی پەیمانی "سیڤەر" ئامادەبن، کاتێك سەرنجیدا تورکیا خەریکە دەگەڕێتەوە ناو باوەشی خۆیەوە، پەشیمان بۆوە و لە پەیمان و بەڵێنەکەی خۆی هەڵگەڕایەوە و لەبری ئەوە، پەیمان نامەی "لوزان" ئیمزا کرا. بەمەش هیواکانی کورد پوکانەوە. کاتێکیش بەریتانیا بینی تورکیا سورە لەسەر گێڕانەوەی ویلایەتی موسڵ بۆ ژێر دەسەڵاتی خۆی، حکومەتێکی پاشایەتی کوردی بۆ شێخ مەحموودی

حەفیدزادە دامەزراند، دوای ماوەیەك كە توركیا دەستی لەویلایەتی موسڵ هەڵگرت، ئەویش دەستی لەشێخ مەحموود بەردا، و حكوومەتی عیراق دەستی كرد بەناردنی سووپا بۆ شەڕ لەگەڵ شێخ مەحموود، ئەوەبوو دواجار شێخ، سلێمانی بەجێهێشت و لە "پیران" لە نێو چیاكانی هەورامان نیشتەجێ بوو، لەپاشان دوای شەڕ و پێكدادانەكانی ساڵی 1930 ناچار بوو خۆی بەدەستەوە بدات، و پاشان هێنرایە بەغدا و دوای ئەوە بۆ ناسریە و لەوێ لەژێر مانەوەی زۆرەملێدا مایەوە. پاشان گوازرایەوە بۆ رومادی و دوای ئەوێش دووبارە بۆ بەغدا. لەكاتی رووداوەكانی ساڵی 1941 شێخ مەحموود بەغدای بەجێهێشت و رووی كردە سلێمانی و چووە "داری كەلی" و تا ئێستاش هەر لەوێ نیشتەجێیە.

هەروەها حكوومەتی بەریتانیا بەنهێنی پەیمانی بە ئاشورییەكاندا لە كوردستانی عیراق، لەسەر شێوازی دەوڵەتی ئیسرائیل لە فەلەستین، دەوڵەتێكیان بۆ دروست بكا. هەر كاتێكیش هەلی بۆ دەرەخسا لەڕێگەی فیتنەنانەوە لەناو عەشیرەتەكان و دنەدانیان دژی حكوومەتی عیراق، دەستی دەكرد بەجێبەجێ كردنی نەخشەكەی و ژمارەیەك لەو كوردانەی لە بەرامبەر موچەیەكی دیاریكراو سەر بە فەرمانگەی ئینتداب بوون، لەژێر دروشمی نەتەوایەتیدا چی فەرمانێكیان پێ سپێردرابایە جێبەجێیان دەكرد و هەندێكیان دەچوونە ناو عەشیرەتەكانەوە و ئەو دەرسانەی وەریان گرتبوو بڵاویان دەكردەوە، كەسانی ناو ئەو عەشیرەتانەش بەهۆی نەزانی و سادەییانەوە باوەڕیان پێ دەكردن. ئامانجی گەورەشیان ئەوەبوو كە گەورەترین عەشیرەتی كورد بسڕنەوە تا رێگا بۆ نیشتەجێ بوونی ئاشورییەكان تەخت ببێ. ئەوانە بیانووی ئەوەیان دەهێنایەوە. كە ئەم ئاشوریيانە تەنیا لەناوچەی شاخاویدا دەتوانن نیشتەجێ بن. ئەم عەشیرەتە گەورەیەش كە ئامانجیان لەناوبردنی بوو، تەنیا عەشیرەتی بارزان بوو. لەلایەكی ترەوە فەرمانگەی ئینتداب، بە بیانووی جۆربەجۆرەوە، وەكو دەرچوون لەئایین و هەڵگەڕانەوە و شتی تری بێ بناغەوە، حكوومەتی عیراقی ناچار دەكرد كە



بیانكوژێ و ئەوپەڕی كۆششیان دەكرد لەرێگای دامەزراندنی بنكەی پۆلیس لەناوچەكانیان و كۆكردنەوەی چەك لەبارزانییەكان، و نیشتەجێ كردنی نستورییە چەكدارەكان بەدرێژایی هێڵی بروكسل واتە هەر لەدیاناوە تا زاخۆ، بەئامانجی سڕینەوەی بارزانییەكان. لە هەردوو قۆناغی داگیركردن و قۆناغی ئینتداب دا پیاوانی عێراق نەیاندەهێشت بەرهەڵستی خواستەكانی بەڕێوەبردنی فەرمانگەی ئیتداب بكەن. جا ئەوان بەم حاڵەیانەوە ئەم بەیتە شیعرەیان لێدەوەشایەوە:

**خليفة في قفص بين وصيف وبغا يقول ما قالا له كما تقول الببغا**[1]

"وەك خەلیفەی ناو قەفەس بێ كە لە بەینی "وەسیف" و "بوغا" دانیشتووە، هەرچی كە ئەم دووانە پێی دەڵێن، ئەو، وەكو توتی دەیڵێتەوە"

حكوومەتی عیراق سوور بوو لەسەر جێبەجێ كردنی ئەوەی كە بەرێوەبەری ئینتداب دەیویست و لەلایەكەی تریشەوە عەشیرەتیش لەرێگای پێشكەشكردنی عەرز و حاڵ و سكاڵاوە داكۆكی لەخۆی دەكرد و گوێ رایەڵیی خۆی بۆ حكوومەت رادەگەیاند. بەڵام وەڵامی ئەو عەرز و حاڵ و سكاڵایانە تەنیا پێچەوانە و فەرامۆش كردنیان بوو، لەهەمان كاتدا دەسەڵاتی ئینتداب بەپێداگرییەوە گوشاری خۆی لەسەر حكوومەت توندتر دەكرد تا وای لێهات حكوومەت ناچاربوو "موتەسەریف"ی موسڵ "بەرێز عەبدولعەزیز موزەفەر" بنێرێتە بارزان تالێكۆڵینەوە لەبارەی ئەو تۆمەتانەوە بكا كە لەبارەی كوفر و بێ خوایی و خۆ سەپاندنی زۆردارەكی بەسەر پیاوانی عەشیرەتدا، دراوەتە پاڵ شێخانی بارزان. كاتێك موتەسەریف گەیشتە "بلێ و بارزان" و خۆی دەستی بەلێكۆڵینەوە كرد، بۆی دەركەوت كە شێخەكان لەپایەیەكی بەرزی بەخشندەیی دان و هەركامیان وەكو هەر تاكێكی عەشیرەتەكە وان. هەروەها بۆی روون بۆوە كە لەهەموو كۆمەڵەكانی دیكە زیاتر داكۆكی لەئایینی پیرۆز دەكەن

1- (وەسیف) و (بوغای بچووك- 868 ز- ) لە سەردەمی خەلیفە مونتەسردا پاش ئەوەی كە پیلانی دژی متوەكیل گێڕاو تیروری كرد، لەگەڵ وەسیفی هاوڕێیدا هەردوولای خەلیفەیان گرتبوو، هەرچی بیانگوتبایە خەلیفەش هەر ئەوەی دەگوتەوە.(وەرگێڕ)

و له خواپەرستی رۆژانەیاندا ئەوپەڕی پابەندن. موتەسەریف کاتیك گەڕایەوە، راپورتی خۆی راستگۆیانە پێشکەش کرد کە ئەمە بووە هۆی ئەوەی پیاوانی ئینتداب تۆڵەی لێ بکەنەوە و لە "موتەسەریف"ی بیگوازنەوە. هەروەها بەڵگەیەکی تر لە بەڵگە جێگیرەکانی کەفەرمانگەی باوەڕپێکراو "دار الاعتماد" ئامانجیان نیشتەجێ کردنی نستورییەکان و راگواستنی کوردەکان بوو، پێداگریی ئەوان بوو لەسەر گواستنەوەی "سەید تەها نەوەی شێخ عوبیدولا" لەقایمقامیەتی رەواندزەوە بۆ دهۆك، ئەمەش بەهۆی ئەوەی کە ئەو، رێگای نەدەدا نستورییەکان لەئێرانەوە بێنە نا عیراقەوە. ناوبراو ناچار بوو دەست لەپایەکەی خۆی هەڵبگرێ، و بگەڕێتەوە بۆ ئێران بۆ ئەوەی سەرپەرشتی ئەو موڵك و سامانە زۆرە بکا کە لە دەوروپشتی "شنۆ و لاجان و ورمێ" هەیبوو پاشان ئەوەبوو ژەهرخواردووکراو لەتاران مرد. پاش رۆیشتنی سەید تەها کاروانی نستورییەکان لە "جلفا" وە دەستی کرد بە سنوور بەزاندن، ئەمە سەرەڕای ئەو کۆت و بەندانە کە وەزارەت بۆ هاتنە ناوەوەی ئەو بیانییانە بۆ ناو عیراق دایناںبوو. ئەمە لەکاتێکدا کە بەریتانیا زۆر جیدی بوو لە نیشتەجێ کردنی ئەوان بە هێزی ئەو سوپا نستورییە یان وەکو بەریتانیا دەیگوت ئەو سوپا "ئاشوری"یە، بەدرێژایی سنووری تورکیا لە شێوەی بازنەیەك کە ئابڵوقەی بارزانییەکان بدات، کاتێکیش بارزانییەکان قەناعەتیان بەو پیلانەهات، داوایان لە حکوومەت کرد کە لە نزیکی ئەوان دووریان بخاتەوە یان لانی کەم چەکەکانیان لێ وەربگرێ. بەڵام ئینگلیزەکان ئەم داخوازییەیان بەیاخی بوون لەخۆیان دانا، لەکاتێکدا تەنیا داخوازییەکی کە ئەوان کردبوویان ئەوەبوو کە لەشەڕی ئەو بیانییانە بپارێزرێن کەمەرامیان ئەوەیە دەست بە سەر زەوییەکانیاندا بگرن. حاکمە سیاسییەکانیش بە دەوری خۆیان کەوتنە بڵاوکردنەوەی ئەو بەکرێگیراوانەی کە لەبەرامبەر مووچەیەکی دیاریکراو سەر بە فەرمانگەکانی "ئینتلجن سرڤس" بوون، بۆ ئەوەی شێخنشینەکان و عەشیرەتەکانی دژی بارزان هان بدەن، ئەمە لەلایەك، و لەلایەکی دیکەوە هەوڵیان ئەوە بوو سەرۆکەکانی بارزان هان بدەن کە داوای سەربەخۆیی بکەن بەو حسێبە کە گوایا ئینگلیز بۆ هێنانەدی ئەم داخوازییە بەهەموو شێوەیەك کە لەتوانادا بێ،



یارمەتیان دەدا. ئەوە بوو هەندێك لەو کەسانە لەئەرکەکەی خۆیاندا سەرکەوتنیان بەدەست هێنا (لەپاداشتی ئەم کارەیان پلەی بەرزیان لە حکوومەتی عیراق پێدرا، ئەوسا زۆربەی پیاوانی عەشیرەتەکان هەر لەجێدا سادە بوون و باوەڕیان بە قسەی هەنگویناوی دەکرد و درکیان بەوژەهرە نەدەکرد کە بۆیان تێکراوە. سەرەڕای ئەوەش هەڵخەڵەتانی هەندێك لەلاوانی کورد بەوقسە و قسەڵۆکە بێ بناغانە و خوێن گەرمییان لە گوتار و دروشم دانیان بێ ئەوەی لەمەرامەکانی بەریتانیا بکۆڵنەوە. هەر لەهەمان کاتیشدا هەندێك لەو کوردانەی لە کاروبار و یارییەکانی سیاسەت شارەزابوون، بیروڕای خۆیان بڵاو کردەوە و لاوان و سەرۆکی عەشیرەتەکانیان هاندا کە گوێ بەقسەکانی ئەو جاسوسانە نەدەن. ئەمەشیان لەڕێگەی بەیاننامەی تێروپڕ، و گوتاری پشت ئەستور بە بەڵگەی ساخکەرەوە، ئەنجامدا کە ناوەڕۆکی بۆچوونەکانیان ئەوە بوو کە ئەگەر بەریتانیا سوورە لەسەر پێکهێنانی دەوڵەتی کوردی، ئەوا بێ هیچ دەردەسەرییەك دەتوانێ ئەم کارە بکا، بەڵام سیاسەتی پێچاوپێچ و رەنگاوڕەنگی بەریتانیا ئەم بەر و ئەو بەر دەکا لەبەر ئەوە دەرەتانی ئەوە نابێ کاری پێ بکرێ و بەرپرسیارێتی لەبەرامبەردا پێ هەڵبگیرێ، و لە توانای عەشیرەتێك یان چەند عەشیرەتێکدا نییە لەبەرامبەر حکوومەتێك رابوەستێ کە بەریتانیا لەپشتییەوە بێ.

## بارزان و بارزانییەکان

### مانای بارزان

پێم وایە بناوانی ئەم وشەیە دەچێتەوە بۆ سەرعەشیرەتی برازی، یاخود لەوانەیە ناوی باپیرەی گەورەی ئەوان بوبێ کە مانای خاوەن هەق یان هەقناس یان لەوانەیە لە وشەی "بارسان"ەوە ئاڵوگۆڕی بەسەردا هاتبێ کە مانای دەروێشان یان برازان واتە "أخوان الصفا"[1]. هەرچۆنێك بێت بارزان ناوی عەشیرەتێکی گەورەیە لە باکووری عێراق و من لام وایە ئەوانە لەبنەڕەتدا لە عەشیرەتە رەچەڵەك دێرین و نەجیبەکانی "هەکاری"ن کە لەنێو چیاکاندا ژیاون و لە دووبەرەکایەتی عەشیرەتان و هێرش و پەلاماری مەغۆلان دوور بوون. ئەوان بۆ چەند بنەماڵە و بەرەباب و تیرە و هۆزێك دابەش دەبن کە گرنگترینیان شێروانی، مزوری، هەرکی و "بەرۆژی" کە مانای بەرۆژووەکان دەگەیەنێ، ئەمەش بە بنەماڵەی شێخان و خزمەکانی ئەوان و ئەو شێخانە دەگوترێ کە لەنەوەی شێخ (تاجەدین نەقشبەندی خالیدی)ن کە لە بادینان و زێبار ناوبانگیان هەیە.

بارزان ناوچەیەکی شاخاوییە کە: بارزان، مێرگەسور و مزوری باڵا دەگرێتەوە و چیاکانی پێرس، زێبار، شیرمان لەباکوور، و چیاکانی برادۆست، پیران، کانی رەش، کێلەشین لەرۆژهەڵاتەوە دەوروپشتیان گرتووە. هەروەها چیای تر کە لەو زنجیرە چیایانە جیا دەبنەوە و ناوی جۆراوجۆریان هەیە، وەکو زنجیرە چیای زاگرۆس کە لە زنجیرە چیای ئاراراتەوە درێژ بۆتەوە، هەیە. لەناو ئەو چیایانەدا دۆڵ و گەرووی گەورە و ئەشکەوتی فراوان هەن، هەندیك لەو چیایانە روتەنن و گژوگیا و دەوەنیان پێوە نییە، بەشێکی دیکەیان بەدرەختی گەورەی بەردار

[1]- بارزان: بۆ شارەزایی وردتر لەمبارەیەوە بڕوانە کتێبی: بارزانی و بزوتنەوەی رزگاریخوازی کورد- بەرگی یەکەم. نووسینی بەرێز مەسعود بارزانی.(وەرگێڕ)



داپۆشراون و زستان و هاوین لوتکەکانی بەفریان پێوەیە. ناوچەکە شێوەیەکی لاکێشەیی هەیە چونکە پانییەکەی لە رۆژهەڵاتەوە بۆ رۆژئاوا 90 کیلومەتر دەبێ بەڵام درێژییەکەی لەباکوورەوە بۆ باشوور لەوە کەمترە. لەڕووی کارگێرییەوە ناوچەی بارزان سەر بە "لیوا"ی هەولێرە.

بەشی سەرەوەی بارزان لە زستاندا زۆر ساردەو لە هاویندا فێنکە. بەشی خوارەوەی کە لە کۆمەڵە شیوێك پێکهاتووە، بە پێی سروشتی خۆی هاوینی گەرمترە لەبەشی سەرەوەی. بەوپێیە کەزەوی و زاری شاخاوی بۆ چاندنی دانەوێڵە دەست نادا، خەڵکی بارزان شتێکی کەم لەگەنم و جۆ و برنج دەچێنن کە تەنیا بەشی خۆیان دەکا، ئەوکارەش بەفەلاکەت و گیان کێشانەوە جێبەجێ دەبێ چونکە کاری ئاودێری بە قەدپاڵی ئەو چیایانەوە کارێکی سەخت و شەکەت هێنەرە. جگە لەمە چاندنی بەرووبومی هاوینەش کە بریتییە لە گەنمەشامی و نیسك و ماش و هەندێك سەوزەوات، ئەویش هەر کەمە، لەسەر چیاکانیش هەندێك میوەی وەکو ترێ، سێو، هەرمێ، گوێز و بادەم هەیە. بەهەرحاڵ ژیان لە بارزان زۆر سەختە، بەڵام ئەوان بەهۆی ئەوە کە هەر لە کۆنەوە لەو شوێنەدا نیشتەجێ بوون. بەحاڵی خۆیان رازین، دەربارەی ماڵات تەنیا ژمارەیەکی کەم ئەسپ هەیە و مانگا بە دەگمەن هەیە و مەڕیش کەمە زوربەی ئەو ئاژەڵانەی هەیانە بریتییە لە بزن و ئێستر. ئەو کەرەسانەی کە بارزانییەکان بازرگانی پێوە دەکەن بریتییە لە پێستەی ماڵات و ئاژەڵی کێوی، مازوو، بەڕوو، بزن، هەنگوین. زۆربەی کاروباری مامەڵەی ئەوان لەگەڵ خەڵکی موسل بەڕێوە دەچێ. ئەوان پێش ئەوەی بەروبومیان پێ بگا "سەلەم" لە بازرگانەکانی ئەوێ وەردەگرن، و بەم پێیە هەموو کاروکاسبی ئەوان دەچێتە نێو گیرفانی موسڵاوییەکانەوە.

## بیر و باوەڕی بارزانییەکان

بارزانییەکان موسڵمانن، و تەریقەتی ئـەوان نەقـشبەندی خالیدییـە. بـەهۆی خۆشەویـستی زۆر و پابەنـدییان بـەئایین و تەریقەتـەوە، بەتـەواوی گوێڕایـەڵی شێخانی خۆیـانن، هـەروەها شـێخەکانیش مامەڵـەی کەسـانی عەشـیرەتەکانی خۆیان، هەروەکو کوڕەکانی خۆیان بە خۆشەویستی و هۆگرییەکی لەڕادەبـەدەرەوە دەکـەن، هـەر بۆیـە ئەگـەر هـات و شـێخ فـەرمانی بەکەسـێك لـە کەسـانی عەشیرەتەکەیدا کە لە لوتکەی چیاوە خۆی هەڵ بداتە ناو شیوێکی قوڵەوە، ئـەوا ئەوکەسە بێ ئەوەی پرسیار لە هۆیەکانی ئەم کارە بکا، ئەوا دەسبەجێ ئـەوکارە دەکا، هەر چەندە تا ئێـستا شـتێکی لـەم بابەتـە رووی نـەداوە بـەڵام مـن وەك نموونەیەك کە ئەوپەڕی گوێڕایەڵی و ملکەچی و رێزگرتن دەنوێنێ، هێنامەوە.

## سروشت و نەریتی کۆمەڵایەتی بارزانییەکان

بارزانییەکان مرۆڤی چیاین. مرۆڤی چیایی فرچکی بە ئازایەتی و جەسوری و ئەوپـەڕی راشـکاوییەوە گرتـووە. لای ئـەوان درۆکـردن بـە تـەواوی حەرامـە. غەدرکردن لە رەوشتی ئەواندا نییە و رێزگرتن و پاراستنی ئـافرەت لەناوئەوانـدا لەپایەی "واجب" دایە. زۆرجار لەنێوان دووتیرەدا هەندێك شت روودەدا دەبێتـە هۆی کێشە و پێك هەڵپڕژان، بەڵام لایەنی سەرکەوتوو دەست درێژی ناکاتـە سـەر ئافرەت وماڵی لایەنی ژێرکـەوتوو. هەربۆیـە دەبـینی ئافرەتـان پـارە و ئـاڵتون هەڵدەگرن و لەماڵەکانیان دەڕۆنە دەرەوە چونکە بـەپێی نـەریت ئـەوان لەشـەڕ و دەستدرێژی پارێزراون، لایەنی سەرکەوتوو مافی ئـەوەی نییـە جگـە لـە مـەڕ و ماڵات و چەك دەست بۆ شتێکی تر درێـژبکا. لـەناو ئەوانـدا ژن هێنـان لەسـەر بناغەی خۆشەویستی هاوبەش دامەزراوە و مارەکردن بە شێوەیەکە کە هـەردوولا دەچنە لای شیخ و لەبەردەمی ئەودا دان بە خۆشەویستی هاوبەشیاندا دەنـێن و پاشان شێخ بۆ مەسـەلەی مـارە بـڕین، دوای ئـەوەی کـە ئیمـزای هـەردووکیان



وەردەگرێ، بێ گوێدانە رازیبوون یان ناڕازیبوونی باوك یان سەرپەرشتیار، دەیـان نێرێ بۆ لای قازی "مەلا" بەڵام زۆرینەی جار بە رەزامەندی سەرپەرشتیار دەبێ، و بەهۆی پێداگری ئەوان لەسەر شەرەف و نەریتی خێزانی، خۆشەویستی لـەنێوان کچان و کوڕاندا لە خوار تەمەنی بـاڵق بوونـەوە بەدەگمـەن روودەدا کەئەمـە بـۆ خـۆی ئەوپـەڕی کرانـەوە و ئازادییـە لـەبواری ژن هێنانـدا. لەبەرئـەوە لـەنێو بارزانییەکاندا نابینرێ کەسێك لەمپەری شەرع بـشکێنێ و خـۆی بـە زینـاکردن گڵاوبکا و ئەگەر هات و ژن و پیاوێـك زینایـان لەسـەر ئیـسپات بـوو ئـەوا بـۆ پاراستنی شەرەفی عەشیرەت سزای کوشتنیان بەسەردا دەدرێ.

## جێژنەکانی بارزانییەکان

بارزانییەکان جێژنیان زۆرە. لەوانە جێژنی قوربان، جێژنی رەمـەزان، جێـژنی لـەدایك بـوونی پێغەمبـەر(د.خ) و جێـژنی نـەورۆز جێـژنی رزگـاری لـە زوڵمی"بیوراسیدەئاك" واتە (زوحاك)ی زۆردار. هـەروەها لـە نەریتـە باشـەکانی ئەوان پاش ئەوەی نوێژی جێژن دەکەن بۆ وەلانانی رق و کینـە سـەردانی یـەکتری دەکەن و دەستی یەکتری دەگوشن، هـەروەها دەسـت رۆیـشتووان و دەوڵەمەنـدان قوربانی سەردەبڕن و خواردن بـۆ ئەنـدامانی عەشـیرەت سـاز دەکـەن. هـەروەها لەبەزم و شادییەکانی ئـەوان: زەماوەنـدی بـوك گواسـتنەوە، خەتەنـە، و خـەتمی قورئانی پیروز و هەروەها کاتێك یەکێك لە دووره سەفەر دەگەڕێتەوە هەمـووان لە گۆڕەپانێکدا کۆدەبنەوە و لەسەر ئاوازی دەهۆڵ و زووڕنا جۆرە شاییەك دەکەن کە خەڵکی رۆژئاوا پێی دەڵێن "دانس" یان "بالیە".

هـەروەها دابەشـکردنی زەوی و زار لـە ناوئەوانـدا بەیەکـسانی بەڕێوەدەچـێ. هەرتاکێکی بارزانی پارچەزەوییەکی لەزەوییەکانی گوند هەیە کە لەسـەری دادەنیـشێ و کەس بۆی نییە دەست درێژی بکاتە سەر، یـان لافـی خاوەنـدارەێتی لێبـدا. ئـەوان هەموویان وەکو یەك وان و تەنانەت شێخ خۆشی جگە لە یـەك پارچـە زەوی شـتێکی دیکەی نییە، ئەمەش جۆرە یەکسانییەکە کە هەرگیز هاوتای نییە.

## ياخی بوونی بارزانییەكان لەسەردەمی توركاندا

لە سەردەمی توركاندا ناوچەی بارزان سالآنە باجێكی دیاریكراوی دەدا بە خەزێنەی ویلایەتی موسڵ، و ماوەیەكی درێژبوو هیچ چەشنە پشێوییەكی بەخۆیەوە نەدی بوو. بەلآم لەسالآنی دواییدا كەمێك پێش جەنگی یەكەمی جیهانی، حكوومەتی توركیا دەیویست ئامارێك بۆ تۆماركردنی ناوی گوندەكان و كەسانی عەشیرەتەكان و سەرژمێرییەكی مەڕ و مالآتی ئەوێ بكا. شێخەكان رەخنەیان لەوكارە گرت و روونیان كردەوە كە ئەوانیش لەو عەشیرەتە "نانیشتەجێ" یانەن كە كەسانیان ناچێ بۆ سەربازی هەروەكو "عەشیرەتەكانی جاف" و ئەوانی دیكە. ئەو گوندانەش كە ئێستاكە ئاوەدانن بەگوێرەی هەل و مەرجی ئێستای چیاكان ناجێگیرن كەزۆر جار هەل و مەرج وا پێویست دەكا زوربەی دانیشتووانەكانی كۆچ دەكەن و بەرەو جیگای دیكە دەچن بەتایبەتی لەڕۆژانی قات و قڕی و نەهاتی و گرانیدا. ئەو باجانەش كە ئێستاكە دەیدەن بەخەزێنە زۆر لەوڕادەیە زیاترە كە پێویستە بیدەن. بەلآم حكوومەتی توركیا گوێی بەو داخوازییە رەوایەی ئەوان نەدا و بەچاوی بەزەییەوە سەیری ئەو داخوازییەی ئەوانی نەكرد، بەلْكو دووجار پەیتا پەیتا سووپای ناردە سەریان تا كار گەیشتە ئەو رادەیە شێخی ئەوان "خوالێخۆشبوعەبدول سەلام بارزانی" خۆی تەسلیمی ئەوان بكا،[1] و ئەوەبوو لەسەردەمی "سلێمان نەزیف" والی موسڵ بەناهەق لەسێدارە درا. هەر چەندە سلێمان نەزیف بەگ كە لە گەورەپیاوانی كورد بوو، و كوڕی سەعید بەگی مێژوونووسی بەناوبانگ خاوەنی كتێبی "مرآة العیون"بوو، بەلآم ئەو لەو "ئیتحادی" یانە بوو كە بە تۆمەتی پڕوپوچ زۆر سەرۆكیان لەسێدارەدان و كوشت، هەروەكو كە لە ئاستانە لەكاتی لابردنی سولْتان عەبدول حەمیدی دووەم لە سالّی 1919دا كردیان.

---

[1]- بۆ زنیاری لەبارەی چۆنیەتی ئەم رووداوە بڕوانە: بارزانی و بزوتنەوەی رزگاریخوازی كورد- بەرگی یەكەم مەسعود بارزانی.



## هەقیقەتی رووداوەكانی بارزان لە سالآنی 1931- 1932 1944- 1945 كە بەشۆڕشەكانی بارزان ناسراون

بەر لەوەی بچمە ناو ووردەكاری رووداوەكانی بارزان لە سالآنی 1931-1932 بە پێویستی دەزانم كە هەندێك بەلْگەی سورەوەكراو، و ئیسپات بووی بێ چەندوچوون كە لەو ئاژاوەیەی پێشتر ناومان هێنا، كە بە دەست و هاندانی بێگانە سەریان هەلْدا، پێشكەش بكەم. لەنووسینەكانی پێشترمدا گوتم كە فەرمانگەی ئینتدابی بەریتانیا، پۆل پۆل خاینان و بە كرێگیراوانی لە خەلْكانی عەشایەر دەنارد تا دووبەرەكایەتی بنێنەوە و بە هەموو شێوازێك ئاگری كینە خۆش بكەن. تەنانەت هەندێك لەو نستورییانە كە لافی نیشتیمان پەروەرییان لێدەدا و بگرە هەندێك لەو نستورییانە بانگەشەی كوردێتی و ئیسلامێتیان دەكرد و سەرەوەرییەكانی باوباپیرانی خۆیان هەلْدەدایەوە و سروودەكانی جەنگ و ئازادییان دەگوتەوە كە گیانی دەمارگیری لەنێو دەروونی خەلْكیدا جۆش بدات و هەستی ئازایەتی لە دەمارەكانیاندا بجۆشێنێ. لەناو ئەم جاسوسانەدا هەندێك رووناكبیری تێدابوو شتێكیان لەبارەی مێژووی كوردەوە دەزانی و لێرە و لەوێ باسیان دەكرد. بەلآم ئەمانە لەمەرامی پاكەوە دوور بوون و لە پێناوی ئەوەی كە مەقام و دەسكەوتێكیان دەست بكەوێ ویژدانی خۆیان بە پیسی و گلآوی ئالْودە كردبوو. ئەمانە توانیان بەدزەكردن بۆ ناو دلّی هەندێك لەو لاوانە كە قوتابی قوتابخانە بوون، یان ئەفسەر بوون، هەروەها بۆ ناو دلّی هەندێك لە كەسانی عەشیرەتەكانی بارزان، بگەنە مەرامەكانی خۆیان جا ئەمانە بەهۆی پالْنەرێكی خەیالّییەوە تێوەگلان و كەوتنە نێو چەندین رێگا و رێچكەی پێچاوپێچ و بە نێو داروبەرددا پەرت و بلآوبوونەوە و تاوای لێهات كارگەیشتە ئەو رادەیە هەندێكیان لێ كوژرا و حكوومەت بە رێگر ناوی بردن، و هەندێكی تر لەمانە ناچاربوون نیشتیمانی پیرۆزی خۆیان بەجێ بێلّن و بەرەو ئێران كۆچ بكەن و پەنا بۆ روسیا بەرن. بەلآم ئەوانەی كە خۆیان تەسلیم بە حكوومەت كرد و دەخالەتیان كرد،

ئەوا بەپێچەوانەی هەموو یاسایەکی ڕەچاوکراو کە حکوومەت وادادەکا کە لە بەرامبەر خۆبەدەستەوەدان و گوێڕایەڵی بۆ حکوومەت بە شێوازێکی بەزەییانە مامەڵەی تاوانباری سیاسی بکا، بەڵام ئایا کێ لەوە دەپرسێتەوە؟ و کێ هەیە وەڵام بداتەوە؟ لەوەی کەمەرام و ئامانجەکانی ئەو جاسوس و ناپاکانە هاتەدی، بریارمدا کە پەردە لەسەر هەموو کاروبارەکان لابدەم و بۆ هەموو جیهانی بڵاو بکەمەوە بەتایبەتی بەرپرسیارانی حکوومەتی عێراقی و گەلی عیراق، بۆ ئەوەی هەموو کەسێك ئاگاداریی لەسەر ئەم ڕووداوانە هەبێ کە لەم ناوچە دوورەدەستەدا ڕوویاندا، و هەروەها ڕاستییەکانیش بە پرشنگداری ببینێ، ئەوانەش کە باوەڕیان بە ئازادی میللەتان و پاراستنی زۆرلێکراوان هەیە بابیروڕای ڕاشکاوانە و ڕاستگۆیانەی خۆی لەمەڕ ئەم بابەتە دەربڕێ چونکە خەڵکانی ماف خوراو چاوەڕێی هاوکاری و یارمەتییان لێ دەکەن.

لەپێشدا گوتمان کە ئامانجەکانی ئینگلیز کە بە پێی پەیمانێکی نهێنی بە ئاشوورییەکانی دابوو، هەوڵی دەدا کە نیشتیمانێکی نەتەوەیی و حکوومەتێکی ئاشوری لە ناوچەی باکوور لەکوردستان پێکبهێنێ، بۆ هێنانەدی ئەم ئامانجانە بەزۆر شێواز و ڕێ و شوێن ڕێگایان بۆ ئەو ئامانجانە خۆشکرد. ئێمە لێرەدا هەوڵ دەدەین بۆ ڕاستی و دروستی قسەکانمان هەندێك لەو بەڵگانە بخەینەڕوو.

**بەڵگەی یەکەم:**

**1- وتەکانی وڵسن جێگری حاکمی گشتی پاشایەتی لە عێراق.**

لێرەدا کورتەی ئەوکارانە کە وڵسن دەیویست دەربارەی کورد ئەنجامی بدا دەخەمەڕوو:

سیاسەتی- لیژنەی ڕۆژهەڵات- ی بەریتانی ئامانجی ئەوە بوو کە نستورییەکان و ئەرمەنەکان هان بدات دژی تورکەکان ڕاپەرن بۆ ئەوەی ئاستەنگ بخەنەبەر پلانە جەنگییەکانی تورکەکان، حکوومەتی ئینگلیز لە کانونی دووەمی



ساڵی 1918 ژەنراڵ" وسترفیل"ی بە هاوڕێیەتی ژمارەیەك ئەفسەر بە ئاراستەی ورمێدا نارد بۆ ئەوەی نستورییەکان هان بدات لەدواوە لە سووپای تورکی بدەن و بۆ ئەم کارەش چییان پێویست بوو لە چەك و تەقەمەنی بۆی ناردن. بەڵام تورکەکان و کوردەکان پاش ئەوەی بەمەسەلەکەیان زانی لە ناکاو غافڵگیریان کردن و زۆر بەخراپی لێیان دان و شڕو وڕیان کردن ئەوانەش کە دەربازیان بوو پەنایان بردە بەردالّدەی بەریتانیا و ئەویش بۆ ئەو خێوەتگایانەی گواستنەوە کە لەسەر ڕووباری دیالە و لەنزیکی باقوبە بەتایبەت بۆ ئەوانی ئامادەکردبوو. ئەمانە ژمارەیان بە نزیکەی پەنجا هەزار کەس مەزندە دەکرا. لەوانە 13500کەسیان ئەرمەنی بوون و ئەوانیتر لەو نستورییانە بوون کە لە دەورووبەری (هەکاری) و (جولە مێرگ) لە ویلایەتی (وان)ەوە هەڵاتبوون. هەندێك لەو نستورییانە بە ڕەزامەندی حکوومەتی "شا" گەڕانەوە بۆ ئێران و تەنیا (15000) کەسیان لە عێراق مانەوە. کۆلۆنیل "لجمن" پێشنیاری کرد ئەو عەشیرەتە کوردانەی کە دەکەونە سەر سنوورەکانی تورکیا دەربکرێن و لە جێگای ئەواندا نستورییەکان، بە بیانوی ئەوەی کە ئەو کوردانە چەندین جار دژی حاکمە سیاسییەکان "واتە حاکمەکانی ئینگلیز کە بە سەرکێشی و خراپەکاری ناسراون" ڕاپەریون، جێگیر بکرێن. ئەوانە "باس" کە حاکمی زاخۆ بوو، و کابتن بیل" حاکمی موسڵ و جێگرەکەی "کاپتن سکوت" یان لەدەوروبەری بارزان کوشتووە، هەروەها حاکمی "ئامێدی" شیان کوشتووە. وڵسن لەسەر پێشنیاری ناوبراو، ڕەزامەندی پیشاندا و لە ئابی 1920 بە بروسکە داوای ڕەزامەندی وەزارەتی جەنگی بەریتانیای کرد و بروسکەکەشی بەم شێوەیە کۆتایی پێهێناوە:

"ئێمە هەلێکمان بۆ دەڕەخسێت تا ئینسافێك لەگەڵ نستورییە ئاشورییەکاندا بکەین کە بەریتانیا و دەوڵەتانی ئەوروپا ڕازی بکا و دەمانخاتە بارێکەوە کە کێشەیەك چارەسەر بکەین کە لە ئاڵۆزترین کێشەکانی تایبەت بە کەمینە ئایینی و نەژادییەکانە لە کوردستان و لە مەترسییەکی هەمیشەیی ڕزگارمان دەکا کە هەڕەشە لە پاشەڕۆژی ئاشتی دەکا لەباکووری عێراق و

بەرپرسانی پشێوییەکانی ئامێدی و ئاکرێ و زاخۆ سزا بدەین. "جا ئینگلیز ئاوای دەویست و هەروەها بە پێی قسە مل هوڕییەکانی "لجمن" بێ، ئەوان دەیانەوێ لە بەرخاتری کۆمەڵێك نستوری، کورد لە نیشتیمان و ماڵی خۆی دەربکەن، ئەمەش نەك لەبەرخاتری ئەوەی کە ئەوانە مەسیحین، بەڵکو بۆ لەناوبردنی کورد لەبەرئەوەی ملکەچی ناکەن، بەڵام خواوەندی گەورە بەدەسەڵاتی مەزنی خۆی، بە هۆی هەڵایسانی شۆڕشی گەورەی عیراق لە هەموو جێگەیەکدا لە باکوور و لەباشوور و بەتایبەت لە فوراتی ناوەڕاستدا پێشنیارەکەی ئەوانی پوچەڵ کردەوە و لجمن بەدەستی "الحاج سليمان الشيخ ضاري" کوژرا و "ولسن"یش لەو پایە گەورەیەی هێنرایە خوارەوە و پاشان سەفەری کرد و ئیتر نەگەڕایەوە.

**بەڵگەی دووەم:**

**2- پێداگریی مەندوبی سامی لەسەر نیشەجێ کردنی نستورییەکان و ڕەزامەندی حکومەتی عیراق لەسەری.**

بەڵگەگەل لەسەر پێداگریی ئینگلیز بۆ نیشتەجێ کردنی نستورییەکان زۆرە کە ئێمە ئاماژە بە هەندێك لەو بەڵگانە دەکەین:

**1- بەیان نامەی مەندوبی سامی لەبەرواری 31/5/1920:**

ماوەیەکە حکومەتی بەریتانیا بەوپەڕی چاودێری و بایەخ پێدانەوە دەڕوانێتە مەسەلەی پارێزگاری کردنی گەلی ئاشوری، و بە لەبەرچاوگرتنی تەواوی ئەو خزمەتانەی کەلەکاتی جەنگدا پێشکەشی هاوپەیمانانیان کردووە، بڕیاری داوە کە هەوڵ بدا سنوورەکانی خۆی تا ئەو پەڕی توانا لە باکوور درێژ بکاتەوە و هیوای وایە ئەو چیایانە کە "تیاری"یەکان و هۆزەکانی "تخوما و جیلو و باز"ی لێ دادەنیشن، بخاتە ناو ئەو سنوورانەوە و نیشتیمانێکی نەتەوەیی بۆ ئەوانەش ئامادە بکا کە نە تەنیا هەر بە شێوەیەك لە شێوەکان پەیوەندییەکیان بەم ناوچانەوە هەیە، بەڵکو بۆ ئەو ئاشورییە پەرت و بڵاوانەش کەهەن، هەروەها مەندوبی سامی تەئکید دەکا کە لە عیراق ناوچەی بەتاڵ لەوە زیاتر هەیە کە



پێویستییان پێ هەیە، ئەم ناوچانەش دەکەونە باکووری ئامێدی و چیاکانی باکوور "تەواو".

لەم نووسراوەی سەرەوە، و لە شێوازی داڕشتنە توندەکەیەوە، ئیرادەی بێ چەند و چوونی بەریتانیامان بۆ دەردەکەوێ کە لەبەر خاتری کۆمەڵە خەڵکێکی نادیار و ڕەچەڵەك نەزانراو دەیانویست ئەم ناوچە کوردییانە چۆڵ بکەن کە لەسەرەوە ئاماژەمان بۆ کرد، چونکە ناوەڕۆکی نووسراوەکە ئاماژە بۆ گەلێك ناکا کە بەگەلی ئاشوری دەناسرێ، بەڵکو ئاماژە بۆ کۆمەڵە عەشیرەتێکی پەرت و بڵاو دەکا کە لەئێران و تورکیا و ڕوسیاوە هاتوون و لەڕووی نەژادییەوە لەیەکترییەوە جیاوازن. بەڵام ئامانجی ئینگلیز ئەوە بوو کە بۆ مەرامی تایبەتی خۆی میللەتێك لەم ئاوارانە دروست بکا. جگەلەمەش ئاخۆ ئەمانە چ جۆرە خزمەتێکی جیدییان پێشکەش بە دۆزی هاوپەیمانان کردبێ جگەلە هێرش کردن بۆ سەر چەند گوندێکی کوردەکان لە "جولەمێرگ" کە بە پاڵپشتی هاتنە ناوەوەی سووپای قەیسەری بۆ ناو ویلایەتی "وان" دەستیان دایە تاڵان و کوشتارکردن. لەپاشان کە عەشیرەتی شکاك بە سەرۆکایەتی پێشەوای ناسراوی خۆیان "سمکۆ" هاتنە سەریان، ئینجا بۆ ئەوەی گیانی خۆیان دەرباز بکەن، پاش ئەوەی کوشتارێکی گەورەیان لێکرا، هەڵاتن.

2- بۆ پیادەکردنی ئەم سیاسەتە و ئەم نەخشە داڕێژراوە مەندوبی سامی داوای لە حکومەتی عیراقی کرد بۆ سەرخستنی ئەم سیاسەتە هەرشتێك کە بە پێویست دەزانرێ زەمانەتی تەواوی بۆ دابین بکا. حکومەتی عیراقیش بێ قەید و بەند، بەم شێوەیە ڕەزامەندی خۆی دەربڕی:

**یەکەم:** حکومەتی عیراقی موڵك دارێتی ئەو زەوییانەی کەوا لەباکوور لە دەوروپشتی دهۆك- ئامێدی- مێرگەسور- شێروان مەزن- زێبار- واتە ناوچەی بارزان- یان وەکو لەپێشدا گوتم لە ڕەواندوزەوە تا زاخۆ بەدرێژایی ئەو هێڵە کە بە هێڵی "بروکسل" ناسراوە، بۆ ئاشورییەکان "تەملیك" بکا و بەمەرجگەلێکی گونجاو "تەملیك"ی بکا.

**دووەم:** حکوومەتی عیراقی لەبواری بەڕێوەبردنی کاروباری خۆجێیەتیدا بڕێکی گەورە لە ئازادی بدات بە ئاشورییەکان، واتە قبوولّ کردنی بیرۆکەی "ئۆتۆنۆمی".

**بەڵگەی سێیەم:**

**3- وتەکانی سیر پیرسی کوکس لە کۆنگرەی ئەستەمبۆڵ لە 9ی مایسی 1924**

**لە کۆنگرەی ناوبراودا پیرەمێردی پەك کەوتە گوتی:**

لەکاتی پچڕانەوەی دان و سەندنەکانی کۆنگرەی لۆزانەوە لە گۆشەنیگای حکوومەتی ئێمەوە کێشەیەك هەیە، ئەم کێشەیە بایەخی زۆر بەرزبۆتەوە کە ئەویش پرسی چارەنووسی ئاشورییەکانە. ئەوانە بنەمایەکی غەیرە فارسییان هەیە. حکوومەتی ئێمە وا هەست دەکا کە پابەندە بەتوندترین پەیمانێکەوە بۆ نیشتەجێ کردنی ئاشورییەکان بەپێی داخوازییەکان و ئارەزووە نەتەوەییەکانی خۆیانەوە، ئەوان بە پێداگرییەکی توندەوە داوایان کردووە کە لە ژێر پاراستنی بەریتانیادا بگەڕێنەوە بۆ نیشتیمانی خۆیان، و حکوومەتی من ناتوانێ لەبەرامبەر وەڵامی داخوازییەکانی ئەواندا دەستەو وستان دابنیشێ. ئەم کارەش بۆ خۆی مایەی ئەوپەڕی ئاسوودەیی جیهانی مەسیحییە "ئاخۆ کام جیهان؟ جیهانی ئیسرائیل" و حکوومەتەکەم بڕیاری داوە لەرێگای دان و سەندنەوە هەوڵبدا سنوورێك بەدەست بهێنێ کە لەوێدا ئەو پێداویستییە بێ چەندوچوونانەی تێدا دابین کرابێ کە پەیوەستە بە پەیمان نامەکە و لەهەمان کاتیشدا کۆکردنەوەی ئاشورییەکان وەکو یەك کۆمەڵەی یەکگرتوو لەناو چوارچێوەی سنووری ئەو وڵاتەدا ئاسان بکا کە حکوومەتی بەریتانیا لەژێر چاودێری کۆمەڵی گەلان "کۆمەڵی دزان"دا ئینتدابی خۆی بەسەردا هەڵداوە. و ئەگەر هاتوو ئەو ناوچانە کە ئاشورییەکان لێی دادەنیشن نەکەوتە ناوخاکی باب و باپیرانی ئەوانەوە، ئەوا بێگومان دەبێ بکەونە ناو ئەو ناوچانەوە کە بەتەنیشت ئەو سنوورانەوەن. حکوومەتی عیراقیش لەم سیاسەتە کە ئامانجی نیشتەجێ کردنی ئاشورییەکانە،



ئەوپەڕی ئاسودەیی هەیە و ئەوپەڕی پشتیوانی لەم سیاسەتە دەکا و ئامادەیە هەموو هاوکارییەکی پێویست بۆ سەرکەوتنی ئەم نەخشەیە پێشکەش بکا. هەروەها لەو باوەڕەدایە کە حکوومەتی تورکیا ئامادەیە وەڵامی ئەم ئارەزووەی حکوومەتی بەریتانیا بداتەوە، چونکە بەڕێوەبردن و کۆنترۆڵکردنی ئەم هەرێمە وشك و بێ بڕشتە، بەڕێوەبردنی دانیشتووانەکانی و زاڵ بوون بەسەریاندا، لەڕابردوودا بە هۆی پێکدادانی بەردەوامی حکوومەتی تورکیا لەگەڵ دەوڵەتە نزیکەکان وای کردووە کە حکوومەتی تورکیا تووشی سەرسامی ببێ و لە عۆدەی نەیەت. ئەم پێشنیارەش لایەنی زۆری ئەم داخوازییانە ناگرێتەوە کەپێویستە من لەجیاتی کەمینە مەسیحییەکان داوای بکەم، و راوەستانی من تەنیا لەڕادەی ئەم پێشنیارەدا لەو ئارەزووە زۆرەوە سەرچاوە دەگرێ کە وەڵام دانەوەیەکە بۆ ئارەزووەکانی حکوومەتی تورکیا. ئەگەر هاتوو رێککەوتن لەسەر ئەم پێشنیارە بە کۆتا نەگەیشت، ئەوا حکوومەتی بەریتانیا تا ئەو جێگایە کەپەیوەستی بەو سنوورانەوە هەیە، ئازادی کارکردن بۆخۆی دەپارێزێ بۆ ئەوەی لەبەردەمی "کۆمەڵی گەلان"دا داوای بکا.

**"فەتحی بەگ" نوێنەری تورکیا وەڵامی دایەوە و گوتی:**

ئەگەر بڵێم لەبەرامبەر ئەم داخوازییەی ئێوەدا سەرم سوڕنەماوە درۆدەکەم. چونکە سەرۆکی شاندی بەریتانیا لە کۆنگرە لۆزاندا گوتی کەوا حکوومەتی خاوەن شکۆی بەریتانیا داوا دەکا کە کورد "حکوومەتێکی ناوخۆیی" بدرێتێ، ئێستاش بەرێزتان ئەو داخوازییانە بۆ ئاشورییەکان داوا دەکەن! و بێ ئەوەی تێبینی ئەوە بکەن کە ئاشورییەکان کەمینەیەکی ئەوپەڕی بچووك پێکدەهێنن لەویلایەتی موسڵ. ئێوە لەداکۆکی کردنتان لەم کەمینەیە بە چاوی گرنگی پێدانێکی پێویستەوە ناڕواننە ئارەزووی زۆرینەی هەرە گەورەی کورد و تورك.

شاندی تورکی لەوباوەڕەدا نییە ژێریی رێگای ئەوەبدا سەدان هەزار کورد و تورك لە پێناوی دانانی کۆمەڵە ئاشورییەك، لەزێد و نیشتیمانی خۆیان

دەربکرێن. ئەمە لە کاتێکدایە کە شتێکی ئاشکرایە کە هەندێك لەو ئاشورییانە لەوانەن کەلە ئێرانەوە ئاوارەبوون، و ئەگەر پاڵنەری ئەم کارە بۆ حکوومەتی بەریتانیا لەیارمەتیدانی ئەمانە لەسەرینی ئەوە بێ کە ئەمانە بە ئایین مەسیحیین! ئەوا خەڵك هەر هەموویان بێ جیاوازی لە ئایین و نەژاد لە مافەکانیان یەکسانن و ئارەزووە نەتەوەییەکانیش بەناخی هەرمیللەتێکدا چۆتە خوارەوە کە مرۆڤ ناتوانێ ریشەکێشی بکا. ئەمە پێویستە بەر لەهەر شتێکی تر لەبەر چاو بگیرێ. ئێمە لەگەڵ رێزمان بۆ ئەم جوامێرییەی حکوومەتی بەریتانیا لە پرسی پاراستنی مەسیحییەکان (ئاوازی پاراستنی مەسیحییەکان، یەکێك بوو لە نۆبەرەی پێشێلکارییەکان و ئامرازێکی دەست درێژی بوو بۆ سەر حکوومەتە ئیسلامییەکان بە تایبەتی دەوڵەتی عوسمانی. کاتێك دەوڵەتێکی ئەورووپی دەیویست زەوییەك و موڵکێك داگیر بکا یان ناچاری بکا دان بە پرسێکی دیاریکراودا بنێت)، بەڵام پاساوێکی پێویست نابینین کە حکوومەتی بەریتانیا ناچار بکا لە پێناوی ئەم ئامانجەدا بەرژەوەندییەکانی دانیشتووانە موسڵمانەکان بکاتە قوربانی. هەروەها من نایەتەوە بیرم کە حکوومەتەکەم لەو هەرێمەدا لەماوەی چەند سەدەیەکدا تووشی سەرقاڵی گرنگ بوبێت کە لە بەڕێوەبردن و زاڵ بوون بەسەر ئەو ناوچانەدا تووشی سەرسامی هاتبێ ئەگەر گیروگرفتی بەرێوەبردن هۆکاری دەست هەڵگرتن لەو هەرێمە بووبێ، ئەوا منیش ئەو شۆڕشانەت دەخەمەوە بیر کە لەماوەیەکی کەمی چوار تا پێنج ساڵی رابردوو لە عیراق رووبەڕووی حکوومەتی بەریتانی بوونەتەوە. هەروەها ئەوەش دەڵێم کە نستورییەکان لەوڵاتی ئێمەدا لەهەمان ئاسایش و دڵنیاییدا کەماوەی چەندین سەدە لێی بەهرەمەند بوون، دەژین بەڵام ئەمە بەمەرجێك نەگەڕێنەوە سەر هەمان ئەو پێشێلکارییانەی کە لەسەرەتای جەنگی گەورەدا ئەنجامیاندا. دوای ئەوە کوکس هاتە ئاخاوتن و گوتی:

پێویستییەکی بەپەلە وای لێکردین کە پاشەرۆژی ئاشورییەکان دابین بکەین و بەپێی ئەو نەخشەیەش کە پێشکەش کراوە داوای سنوورەکان بکەین، ئێمە



ئامانجمان ئەوە نییە ئەو ناوچانەی کەباسی لێوەدەکرێ بخەینە ژێر پاراستنی بەریتانیاوە یان بمانەوێ قوربانی بە بەرژەوەندییەکانی دانیشتووانی کورد کە ژمارەیان زیاترە، بدەین لەپێناوی دابین کردنی کەمینە مەسیحییەکان، کوردەکان بەو ئۆتۆنۆمییە خۆجێییە ئاسوودەن کەوەریان گرتووە "وابزانم ئاماژە بۆ حکوومەتی شێخ مەحموود دەکا لە سلێمانی کە بۆ هەڵخەڵەتاندنی کورد، و لە هەمان کاتیشدا بۆ هەڕەشەکردن لە تورك دامەزراوە پاشانیش کە بەئامانجەکانی خۆیان گەیشتن، فڕێی بدەنە ئەولاوە، هەروەکو پاشان بەکردەوە روویدا". بەڵکو بۆ ئەوەیە ئاشورییەکان لەناو یەك کۆمەڵەدا لە وڵاتی کۆنی خۆیاندا یان لە دراوسێی وڵاتی خۆیان لە چوارچێوەی ئەو ناوچەیەدا کۆبکرێنەوە کە لەژێر سەروەری کۆمەڵی گەلاندا، دەکەوێتە ناو ئینتدابی بەریتانیاوە، بەڵام قسەکانی فەتحی بەگ لەوەدا کە پێویستە ئاشورییەکان بگەڕێنەوە وڵاتی تورکیا، ئەوا لەگەڵ بیروڕای نستورییەکاندا یەك ناگرێتەوە و، ئەوان، ئەو ستەم و زۆرلێکرانەی کە لەڕابردوودا لەسەر دەستی تورك چێشتوویانە لەناو مێشکیاندا جێگیر بووە (نستورییەکان کێن تا لەپرسە نێو دەوڵەتیەکاندا خاوەن بیروڕابن و کەی ئەوان ستەمیان چێشتووە، بەڵکو ئەوان هێرشیان کردە سەر کوردەکان و تاڵان و برۆیان ئەنجامدا، ئایا دەکرێ پاش ئەمە زۆردار بکرێتە زۆرلێکراو؟ ئەمە مەگەر لە بیروڕای ئینگلیزدا هەبێ".

**ئینجا فەتحی بەگ دەڵێ:**

لە هەوڵدانەکانی ئێوەڕا وا دەردەکەوێ کە دەتانەوێ پرسێکی نوێ پێشکەش بکەن کە لە کۆنگرە لۆزاندا جێگای باس نەبووە. وادەردەکەوێ حکوومەتی بەریتانیا تەنیا بۆ ئەوە هەوڵ بدا دانوسەندنەکان بەبن بەست بگەن و داخوازی حکوومەتی بەریتانیاش بۆ کۆکۆدنەوەی ئاشورییەکان و کردنیان بەیەك کۆمەڵە لەسەر سنوورەکان، لەسەر ئارەزووی ئەم تایفەیە نییە بەڵکو بۆ ئەوەیە دژی کورد

و تورك بەكار بهێنرێن، ئەمە كارێكە ناتوانرێ هیوای ئەو ئامانجانەی لێوە بەدی بكرێ كە ئاشتی لەو هەرێمەدا جێگیر بكرێ ( ئەوەی كە بەریتانیا بەرواڵەت هەوڵی بۆ دەدا) و پەیوەندییەكانی نێوان توركیا و عیراق باشتربكرێ و دەرەتانی پاراستنی سەلامەتی ئاشوورییەكان دابین بكا."تەواو"

**بەڵگەی چوارەم:**

**4- وتەی لیژنەی سنوور كە كۆمەڵی گەلان بەسەرۆكایەتی كونت "تیلكی" سەرۆك وەزیرانی هەنگاریا ناردبووی**

**ئەم لیژنەیە بەبێ شەرمییەوە گوتی:**

ویلایەتی موسڵ دەچێتە ژێر سەروەریی دەوڵەتێكی مسوڵمانەوە لەبەر ئەوە پێویستە كەمینەكان (مەسیحییەكان، یەهودییەكان، ئێزیدییەكان) بەجۆرێك بپارێزرێن كە ئەمانە بۆ ئاشوورییەكان زامن بكا:-

1- گێڕانەوەی ئەو ئیمتیازە كۆنانە كەپێش جەنگ هەیان بوو.
2- بەهرەمەند بوون لەسەربەخۆیی ناوخۆیی لەكاروباری خۆجێیەتی خۆیاندا.
3- وەرنەگرتنی هیچ شتێك لێیان جگە لە "جزیە"ی ساڵانە كە لەسەردەستی پەتریركەكەیان دەبێ.
4- مافی ئەوەیان هەبێ فەرمانبەرانی خۆیان لەناو خۆیاندا هەڵبژێرن.

وا تێبینی دەكرێ ئەم خاڵانە هەمان ئەو خاڵانەبن كە لە پەیمان نامەی "بەرلین"دا وەك پێشەكییەك بۆ سەربەخۆیی بولگاریا و پێوەلكاندنی ویلایەتی "فلبە" بۆ سەری دانرا.

ئەم خاڵانەش مانای ئەوەیە ئامادەكاری سەربەخۆیی بۆ كۆمەڵە ئاوارەیەك بكرێت كە ژمارەیان لە چل هەزار كەس تێناپەڕێ، ئەمە وەكو ئینگلیز لە راپۆرتی سەرژمێریی ساڵی 1920 دەڵێن كە ژمارەیان 40000 كەسە، لەمانە دەهەزاریان پەنایان بە عیراق هێناوە كە حكوومەتی بەریتانیا هاوكارییەكی



مانگانەی بە بڕی "120"روپیە بۆ هەر پیاو و ژنێك پێدان و ئەم یارمەتییە سێ ساڵ بەردەوام بوو، پاشان زوربەیان لەسووپای لیڤی تۆماركران.

5- جێبەجێكردنی ئەم خاڵانەی سەرەوە بە نوێنەری كۆمەڵی گەلان لەم ناوچەیە، دەسپێردرێ.

**بەڵگەی پێنجەم:**

**5- كردەوەكانی "هنری دوبس" مەندوبی سامی**

سەرەڕای ئەوەی حكوومەتی عیراقی لە ژێر كاریگەری نفوزی بەریتانیا كەوتە دابینكردنی ئەو پێداویستییانەی كە نستورییەكان پێویستیان پێهەبوو، وەكو ئامێری كشتوكاڵی، دانەوێڵە، ماڵات و پارە، كەچی مەندوبی سامی بە پیداگرییەكی زۆرەوە فشاری لە حكوومەتی عیراقی دەكرد تا ناچاری كرد زەوی و زارێكی زۆریان بداتێ "هەڵبەتە لە زەوی و زاری كورد" و لەباج و رەسمی ئەمیرییەش ببەخشرێن هەروەها لەبڕیاری ئەنجوومەنی وەزیراندا كە لە 1927/3/8دا دەردەكەوێ و ناوەرۆكی بڕیارەكەش بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

1- نیشتەجێكردنی پەنابەران لە ناوچەی باكوور.
2- بەخشینیان لە بەشێك لە باجەكان (بگرە لە هەمووی، و كە گوتووشیانە لە بەشێكی ئەمە بۆ ئەوەیە نەبێتە بەڵگەیەك كە كەسانی تریش داوای ئەم یەكسانییە بكەن".
3- رێگانەدان بە نیشتەجێكردنیان لەم شوێنانەی كە حكوومەتەكانی دراوسێ، یاخود دانیشتووانی ئەسڵی ناوچەكە بەهۆی مافی پێشینەیی یان دێرینییەوە ناڕەزاییان دەبێ، و یان لەبەر هەر هۆكارێكی شەرعی تربێت.
4- دان پێدانانی حكوومەتی عیراقی بە "مارشەمعون" وەك پەتریركی تیارییەكان، هەروەها بڕینەوەی موچەیەكی مانگانە بۆی بە بڕی 3000 روپیە. سەرەڕای ئەم یارمەتی و بەخششانە، و وێڕای ئەوە كە یاسای بنەڕەتی

ڕێگا بە جیاوازی کردن لە نێوان دانیشتووانی عیراق بە هۆی نەتەوە و ئایین و مەزهەب لە نێوان دانیشتووان نادا، بەڵام تیارییەکان سەردانی مەندوبی سامی بەریتانی یان ئەفسەرانی سووپای لیڤی یا حاکمە سیاسییەکانیان لە بەغدا دەکرد بۆ ئەوەی برەو بە کاروکردەوەکانی خۆیان بدەن، یان بێ پاساو، دادوسکالآیان دەکرد، دانیان بە دەسەڵاتی حکوومەتی عیراقی بە سەر خۆیاندا نەدەهێنا. لە هەموو ئەمانەش سەیرتر پیاوانی ئینتداب لە هەموو جۆرە پایە و وەزیفەیەکیان دا ئافەرینیان لەو سەردانانە دەکرد کە بازدانێك بوو بەسەر حکوومەتی عیراقیدا. لەبەر ئەوە کاتێك کە حکوومەتی بەریتانی لە ئەیلولی 1929 مەرامی خۆی لە پالآوتنی عیراق بۆ کۆمەڵی گەلان و کۆتایی هێنان بەماوەی ئینتداب راگەیاند، تیارییەکان هار و شێت بوون و نارەزایی خۆیان لەلای حکوومەتی ئینگلیز و کۆمەڵی گەلان دەربڕی لەوەی ئەم جۆرە سەربەخۆییە بدرێت بە عێراق! ئەمە لەکاتێکدا کە حکوومەتی عیراق هەموو جۆرە زەمانەتێکی پێویستی بۆ پاراستنی ئەوان دەستەبەرکردبوو. کەچی لە دواییدا لە تەموزی1933دا ئەوان بە هاندانی "کۆمەڵی ئینگلیزی بۆ پاراستنی ئاشورییەکان" کە ناوەندەکەی لە لەندەنە، راپەڕینیان بەرپاکرد و دەستیان کرد بە کوشتنی پیاوانی سووپا بە شێوەیەك کە مرۆڤ موچڕکی بەلەشدا دەهات، تەنانەت هەندێکیانیان بە زیندوویی لێ سوتاندن، و وەزارەتی گەیلانی ئەوکاتە ناچار بوو بۆ تەمبێ کردنیان پەنابباتە بەر هێزی سووپا کە بەفەرماندەیی خوالێخۆشبوو فەریق بەکر سدقی عەسکەری بوو. هەروەها رەگەزنامەی عیراقییان لە هەندێکیان ستاندەوە. لەوانە "مارشەمعون" کە ئێستاکە لەوڵاتە یەکگرتوەکان دادەنیشێ و هەوڵ دەدا بەهەر شێوەیەك بێت کە بگەڕێتەوە بۆ عیراق و لەوانەشە رۆژگارێك ئەم خۆزگەیەی بێتەدی. بەم جۆرە سیاسەتی بەریتانیا لەبەرامبەر نستورییەکان "ئاشورییەکان"دا بنچینەیەکی جێگیری هەبوو، بەڵام لەبەرامبەر کوردەکاندا و هەروەها لەبەرامبەر عەرەبەکانیشدا، یان بە مانایەکی دیکە لەبەرامبەر



هەموو موسڵمانانـدا لە ئەلقەیەکی بەتاڵدا دەسوڕایەوە کە پێ بەپێی ئارەزووەکان و بەرژەوەندییەکانیان بوو هەر بۆ نموونە: کاتی خۆی حکوومەتی عیراق ویستی یاسایەکی تایبەت بۆ هەڵبژاردن دەربکا، ئەوکاتەش دەبوو بۆ یەکەم جار ئەو یاسایانە بخاتە بەردەمی "دار الاعتماد" بۆ ئەوەی پشتگیری لێبکرێ، کاتێك یاسای هەڵبژاردنەکە خرایە بەردەمی "دار الاعتماد"، رەزامەندی مەندوبی سامی لەسەر پرۆژەکە دواکەوت و پەیوەندی دووردرێژ لەم بارەیەوە بەڕێوە چوو، لەپاشاندا سکرتێری "دار الاعتماد" وەڵامی دایەوە کە "دواکەوتنی یاساکە لەئەنجامی ئەو کەم و کوڕییەوە هاتووە کە بۆ دۆزینەوەی ڕێگا چارەیەکی گونجاو بۆ بەرژەوەندییەکانی کورد لە ناوچە جیاوازەکاندا بەپێی پەیمان نامەی "سیڤەر" هاتووە، هەروەها ئەوەی کەزیاتر گرفتی ناوەتەوە، جیاوازی بیروڕای تایفە کوردییەکانە لە هەڵوێست لەبەرامبەر حکوومەت هەروەها **فەخامەتی مەندوب ئامادەیە ڕەزامەندی پیشانبدا بەڵام بەم مەرجانە:**

1- ناوچە کوردییەکان سەرپشك بن لەبەشداری کردن یان بەشداری نەکردن لە هەڵبژاردن.

2- ئەم کارە لەلایەن حکوومەتی عیراقەوە، کاردانەوەی بۆ سەر ئەوان و پایەی ئەوان نەبێت.

بەم شێوەیە حکوومەت پشتی شکا و ئاستەنگ کەوتە پێش کاری هەڵبژاردنەوە. لەمەڕ سیاسەتی بەریتانیا دەرهەق بەکورد، پاش ئەوەی کە سووپای عوسمانی ویلایەتی موسڵی بەجێهێشت، و شێخ مەحموودی حەفید لەسەر داوای فەرماندەی تورك ئیحسان پاشا لەتشرینی یەکەمی ساڵی 1918 دەستی بەسەر لیوای سلێمانیدا گرت، ئینگلیزەکان ئیقراری تەواویان بەدەسەڵاتی شێخ مەحموود وەك "حکمدار" بەسەر لیوای سلێمانیدا کرد و موچەیەکی مانگانانەیان بە بڕی 15000 ڕوپیە بۆ تەرخان کرد و "میجور نویل" بە ڕاوێژکاری سیاسی و "میجور دانلس" یان وەك ڕاوێژکاری سەربازی بۆ دیاری

کرد. لە تشرینی دووەمی ساڵی 1918 بەریتانیا بۆ کەم کردنەوەی نفوز و پایەی شێخ مەحموود، لەڕێگەی هاندانی عەشیرەتەکان دەستی کرد بە پیلان گێڕان لەدژی و کار گەیشتە ئەوەی کێشەکە بە شەڕ و پێکدادان شکایەوە و شێخ لە مەیدانی شەڕدا لەنزیك گەرووی دەربەندی بازیان لە پەنا بەردێکی گەورە کە پێی دەگوترێت "بەردی شێخ"[1] بریندار دەبێ، یەکێك لە ئەفسەرانی ئینگلیز رووی دەمانچەکەی ئاراستەی شێخ دەکا و دەیەوێ بیکوژێ، لەوکاتەدا بەڕێکەوت "میجور ئەدمونذ" راوێژکاری پێشووی وەزارەتی ناوخۆ لەوێ دەبێ و بەدەست ئاماژە بۆ ئەفسەرەکە دەکا کە رابوەستێ، بەم شێوەیە شێخ لە مردنێکی مسۆگەر رزگاری دەبێ، و پاشان بە دیلی رەوانەی هیندستان دەکرێ و لەپاشاندا لە ساڵی 1922 دەیهێننەوە و دەکرێ بە مەلیك لە لیوای سلێمانی پاش ئەوە لە ساڵی 1924 سیاسەتی ئینگلیز وای دەخوازی کەپایەی مەلیکی لێ بسێننەوە، ئینجا هێزەکانی سووپای عیراقی و ئینگلیزییان نارده سلێمانی و داگیریان کرد. بەڵام لەژێر گوشاری هێرشی هێزەکانی شێخ مەحموود، ناچار بوون شارچۆڵ بکەن و تا دەربەندی بازیان بکشێنەوە. جاری دووەم بەهێزێکی یەکجار زۆرەوە و پاش چەند شەڕێکی خوێناوی دووبارە سلێمانییان داگیرکردەوە، و شێخ و پەیڕەوانی ناچاربوون بەرەو پێنجوین بکشێنەوە و لە گوندی "پیران" لەسەر سنووری ئێران نیشتەجێ بوون. جارێکیتر لەکاتی ئاڵۆزییەکانی 6ی ئەیلولی 1930ی شاری سلێمانی، کاتێك دانیشتووان بە گوللە ئاگرباران کران دووبارە شێخ لە بێشەکەی هاتە دەرەوە و پاش چەندین بەیەکدادانی خوێناوی کە چەند مانگی خایاند، ناچار بوو خۆی بەدەستەوە بدا و ئینجا دوورخرایەوە بۆ بەغدا و پاشان بۆ ناسریە و لەوێشەوە بۆ رومادی و جارێکیتر هێنرایەوە بۆ بەغدا و لەئاکامی رووداوەکانی ساڵی 1941 گەڕایەوە بۆ شاری سلێمانی و دوای رێکەوتنێك لەگەڵ حکوومەت لەگوندی "داری کەلی" نیشتەجێ بوو. لەم رادەیەدا کۆتایی بەکارەکە هات.

[1]- ئەو بەردە کە شێخ لەپەنایدا بریندار دەبێ و پاشان بەدیل دەگیرێ، بە "بەردەقارەمان" ناسراوە. (وەرگێر)



**بەڵگەی شەشەم:**

**6- پەیوەندی ئەفسەرانی ئینگلیز بە نستورییەکان**

لەنێو سووپای هیندیدا ئەفسەرانی ئینگلیز هەن کە پیشەیان جاسوسییە و سەرگەرمی کاری سیاسین. یەکێك لە ناودارانی ئەم ئەفسەرانە "میجور سون"ە، کە چۆتە ئەفغانستان و لەوێوە چۆتە ئێران و پاشان ماوەیەکی زۆر لە هەڵەبجە ماوەتەوە. زوربەی ئەم ئەفسەرانەش بە ناونیشانی گەشتیار یان قەشە لە ناوچەکانی هەکاری لەویلایەتی "وان" لە ناو گوندە ئاشورییەکاندا دەسوڕانەوە و توێژینەوەیان لەسەر دەکردن و بەڵێنی ژیانێکی خۆشتر و پاشەرۆژێکی رووناکتریان پێدەدان. من خۆشم بەڕێکەوت لەماڵی خوالێخۆشبوو "رەجەب نەقیب" باوکی بەڕێز "تالیب پاشا نەقیب" بەماوەیەکی کەم پێش شەڕی یەکەمی جیهانی چاوم بە ئەفسەرێك کەوت سەر بە سووپای هیندی بوو. لە قسەکانییەوە تێگەیشتم لەو دەورو پشتەوە هاتووە کە ئاشورییەکانی لێ دادەنیشێ. ناوبراو ئاماژەی بۆ کردم و گوتی:

- دەزانی ئەمە کێیە؟

وەڵامیم دایەوە:

- قوربان نازانم کێیە.

پێکەنی و گوتی:

- ئەمە ئەفسەرێکی ئینگلیزە، پێشتر بۆ گەشت و ئاگادار بوون لە هەواڵی دانیشتووانی ئەو ناوچەیە چۆتە هەکاری و ماوەی نزیکەی ساڵێك ماوەتەوە. ئێستاش بەهۆی ئەو قەیرانەوە دەیەوێ بگەڕێتەوە بۆ هیندستان. تەواو".

**بەڵگەی حەوتەم:**

**7- گرنگی دانی ئینگلیز بەلاوانی نستوری**

حکوومەتی بەریتانیا بۆ بەجێهێنانی وەفاداری خۆی بەرامبەر ئەو بەڵێنە کۆنەی کە بە ئاشورییەکانی دابوو، بڕیاریدا ئاشورییەکان لەهەردوو لیوای هەولێر

و موسڵ نیشتەجێ بکا، بۆ پشتیوانی کردنی ئەم وەفادارییە بە بەڵێنەکەی خۆی، دەستی کرد بە کۆکردنەوەی کوڕانی سەرۆکەکانیان و دامەزراندنیان لە سووپایەکدا کە ناوی نابوو "سووپای لیڤی" هەروەها دامەزراندنی پاشماوەی کەسانی تری ئاشوورییەکان بۆ ناو ئەو سووپایە کە ئەفسەرانی ئینگلیز سەرۆکایەتییان دەکردن بەپلەی سەرباز. هەروەها بەریتانیا دەستی کرد بە هێنان و دامەزراندنی هەندێك خەڵکی کورد و عەرەب و عەجەم لەناو سووپایەکدا کە تێکەڵاوێك بوو لە خەڵکانی برسی یان بەرماوەی سووپای عوسمانی، کە ئەویش هەر بە سووپای لیڤی دەناسرا، بۆ ناو سووپایە. لە لیوای موسڵ "سەید علی خالد باسم حجازی" چووە ناو ئەو سووپایە کە لەژێر فەرماندەیی "مولازم لیتیلدل" بوو کە لە ساڵی 1924 فەرماندەی پۆلیسی هەولێر بوو ئەم کابرایە لەناو کورددا بە "خێلەی غەدار" ناسرابوو. یەکەمین کردەوە کە ئەم زاڵمە پێی هەستا سوتاندنی گوندەکانی "رەواندز" بوو هەر لە گوندی "جوندیان"ەوە تا دەگاتە ئاورێژگەی رووباری "روکوچك" لەوانە گوندەکانی: بادلیان، باڵەکی سەرگەلی، هاودیان، سرێشمە "گوندی ماڵە باوانی من کە ئێستا ژمارەیەکی زۆر لە بنەماڵەی چیاووك لەوێ دادەنیشن"، دەربەند و خەلیفان و گوندەکانیتر. ئەم کارەشی بەبیانووی ئەوە کە دانیشتووانەکانی یارمەتی سووپای تورکیان داوە و خواردنیان داونەتێ، ئەنجامداو لەو ناوچەیە گوندێکیان بە ساغی نەهێشتەوە. ئەمەش بۆ ئەوە بوو کە دانیشتووانەکانی ناچار بکەن گوندەکانیان بەجێ بێڵن و پاشان بتوانن بە ئاسانی ئاشوورییەکان لەوێ نیشتەجێ بکەن و گوندی تازەیان بۆ ئاوا بکەن. بەر لە پێنج ساڵ ئامۆژنم کە تەمەنی گەیشتۆتە "85ساڵ" کەمێك لەو روداوەی بۆ گێڕامەوە و گوتی:

"کاتێك فەلە- نستورییەکان- هاتنە گوندەکەمان، لەترسی زوڵمی ئەوان هەڵاتین، ئەوانیش ئاگریان لە گوندەکە بەردا، هەروەها گوندەکانی تریش کە لە دەوروپشتمان بوون، ئەوانیشیان سوتاند. خەڵکی گوندەکان لەترسی ئەوان بەرەو چیاکان هەڵدەهاتن و لەنێو ئەشکەوتەکان خۆیان دەشاردەوە، بەڵام ئەوانەی بەمەبەستی بەرگری و پاراستنی ماڵ و



سامانیان لە گوندەکان دەمانەوە، ئەوا چارەنووسیان مردنێکی مسۆگەر بوو". هەروەها "ئەحمەد بەگ" کە بە "کوك" ناسراوە و سەرۆکی گوندی بادلیان و گوندەکانی دەوروپشتییەتی بۆی گێڕامەوە و گوتی:

"کاتێك سووپای لیڤی ویستی گوندەکەمان بسوتێنێ براکەم "یوسف بەگ" لەگەڵ خەڵکی گوندەکە لە بەرامبەریان راوەستا و لێیان پاڕانەوە و ئالای ملکەچییان بۆیان بەرزکردبۆوە، بەڵام گوێیان نەدایە پاڕانەوەی ئەوان، و یوسف و برایەکی ترم لەپاش نیوەشەو دەستگیر دەکرێن و دەخنکێنرێن و دەخرێنە ناو گونییەوە و لەسەر شاخێکەوە فڕێیان دەدەنە خوارەوە بۆ ناو شیوەکە و زێ دەیان بات و شەهید دەبن. لەسەرووی ئەو پیلان گێڕانە کە بەم پیلانە هەستان و ئاگاداربوون "مولازم علی" بوو کە ناوی خۆی نابوو "سیدعلی حجازی" کە پاشان پلەی بەرز بۆوە بۆ پلەی "بەرێوەبەری گشتی پۆلیس". پاشان لەماوەی چەند خولەکیکدا، لەو پلەیە هاتە خوارەوە و پاداشی کردەوە بەرزەفڕییەکانی و زەبروزەنگی خۆی، لەپاش 35 ساڵ لەو کارەساتە وەرگرت و شەیتان بەرەو یاخیبوون هەڵی فریواند و چاوی کوێر کرد، ئەوە بو لە وەزیفە دەرکرا و حوکمی "سێ ساڵ و نیو بەندکردن لەگەڵ کاری سەخت"ی بەرسەردا سەپێنرا، و خوای گەورە تۆڵەی ئەو دوو شەهیدەی لێکردەوە و ئیتر تووشی ئەوە بوو کە بوو، ئەمەش لە ئەنجامی بەدکارییەکانی خۆی بوو، ئەوشتەی کە گاڵتەی پێدەهات تووشی خۆی هات، جائێوە وامەزانن کە خواوەند بێ ئاگایە لەوەی کە زۆرداران دەیکەن و خواوەند زوڵم لەبەندەکانی خۆی ناکا.

ئینگلیز ئەم سووپا لیڤییەی مەشق دەدا و فێری هونەرەکانی جەنگی و بنەماکانی سەربازی دەکرد، و هەرکاتێك سەربازێك ماوەی مەشقی خۆی تەواو دەکرد، تفەنگێك و 100 گوللە و چەند دانە نارنجۆکی دەستییان دەدایە و دەیان ناردەوە ناو عەشیرەتەکەی. تا وای لێهات کۆمەڵێکی زۆریان لەدەوروپشتی بارزان لە دەشتی نەهلە، دیانا، باتاس و دەوروپشتی دهۆك کۆبوونەوە، ئامانجیش لەو کۆکردنەوەیە تەنگ پێهەڵچنینی بارزانییەکان بوو بۆ ئەوەی لە هەڵیکی رەخساودا

بەهێزی چەك لە زێد و نیشتیمانی خۆیان دەریان بکەن چونکە حکوومەتی بەریتانیا وەك لەپێشدا روون کرایەوە بڕیاریدابوو کە بە درێژایی هێڵی بروکسل نیشتەجێیان بکا. بەڵام پاش کۆمەڵێك تاقیکردنەوە و رووداوی جۆربەجۆر تێبینی کرد کە ئەم ڕێگایە بۆ گەیشتن بەم ئامانجە سەرکەوتوو نییە و بگرە دەبێتە هۆی وریا بونەوەی عیراقییەکان بەعەرەب و کوردیەوە لەوەی کە ئاخۆ ئینگلیز چ مەرامێکی لەم وڵاتەدا هەیە. لەبەر ئەوە وازیان لەونەخشەیە هێنا و دەستیان کرد بە داڕشتنی نەخشەیەکی نوێ کە ئامانجی ئەوەبوو بارزانییەکان لەسەر دەستی خودی حکوومەتی خۆجێیی عیراقی، لەناوبەرن. ئەوەبوو رووداوەکانی یەکەمین جاری بارزان لە ئاکامی ئەو نەخشە نوێیەوە سەری هەڵدا، هەرچەند وەزارەت لەسەر دەستی "موتەسەریفی موسڵ" کە نێردرا بوو لە بارودۆخی بارزانییەکان بکۆڵێتەوە، تەئکیدی لە ناڕاستی ئەو تۆمەتانە کرد کە خراونەتە پاڵ بارزانییەکان و تەئکیدیشی لەڕاستی و رەوایی داد و سکاڵاکانی ئەوان دەکرد.

**بەڵگەی هەشتەم:**

**8- دەست درێژی ئاشوورییەکان بۆ سەر دانیشتووان و پاڵپشتی کردنی ئینگلیزەکان لە ئاشوورییەکان**

گوتمان بەریتانییەکان لە هەموو پرسێکی گەورە و بچووکدا، بەو توانا و دەسەڵاتەوە کە هەیانبوو، وە لە مەودای سیاسەتی رەنگاوڕەنگی خۆیانەوە، ئیلتزاماتی خۆیان بەرامبەر ئاشوورییەکان بەجێ دەهێنا، بۆ نموونە رووداوێك دەگێرمەوە کە بەسەر خۆم هات، لەکۆتایی ساڵی 1923 لە کەرکووك دادوەر بووم، ڕۆژێك لەگەڵ دادوەر عارف ئەفەندی بە ئۆتۆمبیلێکی تایبەتی لە کفرییەوە بەرەو کەرکوك دەگەڕاینەوە. لەنزیك وێستگەی سلێمان بەگ لەسەر شەقامی گشتی دوو ئۆتۆمبیلمان بینی راوەستابوون و نەفەرەکانیان کەژن و منداڵ بوون لەسەر رێگا وەستابوون و داوای یارمەتیان دەکرد، باران نم نم دەباری. لەپەنای ئەو هەژارانەوە، کۆمەڵە پیاوێکی چەتەوڵ کە ژمارەیان بیست کەس دەبوو راوەستابوون. کاتێك نزیك بووینەوە ئەم پیاوانە هاواریان کرد و فەرمانیان پێ



کردین رابوەستین، شوفێرەکە ویستی لەدەستیان دەرباز ببێ، بەڵام من ناچارم کرد رابوەستێ تابزانین چییان دەوێ. تەماشامان کرد ئەوانە سەربازی لیڤی بوون و دەیانویست بە زۆر ئۆتۆمبیلەکەمان لێ بستێنن بۆ ئەوەی خۆیان سواری بن، هەروەکو دوو ئۆتۆمبیلی دیکەشیان بەزۆر لە رێبوارەکان ستاندبوو. کاتێك ئۆتۆمبیلەکەمان راوەستا چواریان هێرشیان کردە سەرمان و بەدار و گۆپاڵی دەستیان لەسەری شوفێرەکەیان دەدا. کاتێك ئاگادارم کردنەوە کە ئێمە دادوەرین، هیچ گوێیان بەقسەکانم نەدا و بەڵکو زۆریان لێ دەکردین ئۆتۆمبیلەکەیان تەسلیم بکەین، منیش بە تەواوی رقم لێیان هەستا و ناچار بووم دەمانچەکەم دەرهێنا و لە ئۆتۆمبیلەکە دابەزیم، خوالێخۆشبوو عارف ئەفەندی خۆی هەڵدایە پێشم و داوای لێکردم ئارام بگرم.

منیش پاڵێکم پێوەنا ئەولاوە و داوام لەو شەڕەنگێزانە کرد کە لە ئۆتۆمبیلەکە دوور بکەونەوە ئەگینا تەقەیان لێ دەکەم، ئەوانیش دوور کەوتنەوە و سەریان بەیەکەوە نا و قسە و باسیان بوو. لەو کاتەدا سەرنجم دا ترسیان لێ نیشتووە، داوام لێکردن دەسبەجێ دوو ئۆتۆمبیلەکەی دیکەش بەجێبهێڵن. ئەوانیش بەجێیان هێشت، و منیش بانگی نەفەرەکانم کرد کە سواری ئۆتۆمبیلەکانیان بن. ئینجا هەردوو ئۆتۆمبیلەکە، و ئۆتۆمبیلەکەی ئێمەش بەدوایاندا کەوتینەڕێ. کاتێك گەیشتینە کەرکووك، لەرێگای "کاپتن میللر" یاریدەدەری حاکمی سیاسی، نووسراوێکم بۆ فەرماندەی سووپای لیڤی "کولونیل ئەلکسندەر" نووسی، و لە نووسراوەکەدا داوام کرد کەسزای ئەو زەلامانە بدەن چونکە رێگایان بەخەڵکی گرتووە، و وێنەیەکم لەنامەکە دا بە موتەسەریف "فەتاح پاشا باوکی سلێمان و نوری و مەحموود بەگ"، هەروەها وێنەیەکیشم دا بەسەرۆکی حاکمە سیاسییەکان کە ئەو کاتە "مستەر ئەدموندز" بوو. پاش ئەوەی هەفتەیەك بەسەر نامەکەدا تێپەڕی بێ ئەوەی هیچ وەڵامێك وەربگرمەوە. نووسراوێکی تەئکیدکردنەوەم کە لەوەی جاری یەکەم توندتر نووسرابوو، بەدوادا نارد. پاش دوو رۆژ وەڵامێکم بە ئیمزای "کاپتن میللر" ەوە بۆ هات. لەنامەکەدا پێویستی چوونم بۆ سەربازگەی لیڤی کەلە نزیك "موتەسەریفییەتەوە" بوو، بەیان

کرابوو بۆ ئەوەی بچم بۆ چاوپێکەوتنی فەرمانده. لەکاتی دیاریکراودا چووم بۆ سەربازگەکە. یەکێك لە ئینگلیزەکان منی گەیاندە ژوورێکی بچووك کە ئەفسەرێك بە پلەی "کاپتن" لەوێ بوو خۆمم پێ ناساند و پێم گوت: من ئەو دادوەرەم کە شکاتم کردووە. ئەویش هەستا و چەند وشەیەکی لەسەرکاغەزێکی بچووك نووسی و ناردیە لای فەرمانده. دوای چەند چرکەیەك کاغەزەکە هاتەوە و ئاگاداری کردم کە فەرمانده چاوی پێم دەکەوێ، بەڵام ئەو توندەتەبیعەتە و لەوانەیە بەتوندی قسە بکا و پێویستە لەسەر منیش دان بەخۆمدا بگرم. منیش پێم گوت:

- منیش پیاوێکی چیاییم و ناتوانم تەحەمولی سەرشێتی فەرمانده بکەم بە تایبەتی ئەگەر سوکایەتی کردن و ئیهانە پێکردنی تێدابێ، لەبەر ئەوە من وای بەگونجاوتر دەبینم چاوپێکەوتنەکە بەجێ بێڵم و بگەڕێمەوە چونکە بۆ منیش و بۆ ئەویش ئاوا شەریفانەترە. کاپتن دەسبەجێ هەستا و چووە دەرەوە و پاشان گەڕایەوە و ئاگاداری کردم کە هەرچی پێویست بێ بە فەرماندەم گوتووە و ئەویش بە هێمنی و نەرمییەوە لەگەڵمدا دەدوێ. لەوکاتەدا فەرمانده هاتەلامان. فەرمانده پیاوێکی باڵابەرزبوو، پێی گوتم "نووسراوەکەت توندە". گوتم: لەوانەیە وابێت بەڵام من مافی خۆمە راشکاوانە بنووسم و ئاکاری ناشیرینی لیڤییەکان و دەست درێژی جاربەدوا جاری ئەوان بۆ سەر خەڵك ئاشکرا بکەم. فەرماندەکە لەو دەمەدا غیرەتی جوڵابوو، گوتی:

- ئایا ئەو دەست درێژی کارانە دەناسی؟

گوتم: بەڵێ هەندێکیان دەناسمەوە.

گوتی:

- باشە بابزانین.

پاش ئەوە چووە دەرەوە. دواجار ئەفسەرەکە گەڕایەوە و گوتی:

- فەرمانده داوات لێدەکا ئەو دەست درێژی کارانە دیاری بکەی.

گوتم:



- ئامادەم. ئینجا چووینە گۆڕەپانەکە و لەوێ سەربازانی سووپا بە دووڕیز راوەستابوون. منیش لەگەڵ ئەفسەرەکە چوومە ناویانەوە و لە دەم و چاویان ورد بوومەوە. لەدواییدا توانیم دووکەسیان لێ بناسمەوە، و دەسبەجێ ئیقراریان بە تاوانی خۆیان کرد. پاشان سەربازگەکەم بەجێهێشت و گەڕامەوە جێگای خۆم. بەڵام ئاگاداریان نەکردمەوە کە فەرمانده چ سزایەکی بۆ ئەو دەست درێژی کارانە داناوە. بەڵام پاشان وام گوێ لێ بوو کە "بەنەرمییەوە گوێی بادابوون" ئەم کارە بۆ خۆی بەڵگەی ئەوەیە کە ئینگلیز نەرم و نیانی و هاوسۆزییان لەگەڵ سووپای لیڤی بە پلەیەك بوو کە هانیان دەدان، لەکاری دەست درێژی کردندا هەرچی پێیان خۆش بوو بیکەن.

**بەڵگەی نۆیەم:**

**9- دوو رووداوی دڵتەزێنی کەرکووك و موسڵ**

لیڤییەکان پاش ئەوەی لەناو شاری موسڵ دەست درێژییان کردە سەر دانیشتووان و بێ ئەوەش لەپای ئەو تاوانانەیان کە ئەنجامیاندا، سزا بدرێن رووداوێکی دڵتەزێنی تریان لە 4ی مایسی 1924 لەکەرکووك نایەوە و 56 کەسیان کوشت و 44 کەسی دیکەشیان بریندارکرد. ئەمە جگە لەو کەسانە کە حکوومەتی لێ ئاگادار نەکراوەتەوە. هەروەها هێرشیان کردە سەرماڵەکانیش، و بەڕادەیەك کە کەرکووك و گوندەکانی دەوروپشتی تووشی ئاڵۆزی و پشێوی هاتن، لەئاکامی ئەوە "عەبدول مەجید بەگ یەعقوبی" سەرۆکی شارەوانی ئەو کاتە، هەستا بە جوڵانەوەیەکی ئاشتیخوازانە و توانی جڵەوی سەرکێشی ئاشوورییەکان و تووڕەبوونی دانیشتووانی کەرکووك بکا. جا لەپای ئەو خزمەتەدا کەکردی، بە موتەسەریفی کەرکووك دانرا و خواڵێخۆشبوو فەتاح پاشا گێڕدرایەوە بۆ بەغدا. پاش ئەوە حکوومەت بڕیاریدا لێکۆڵینەوە لە هۆکارەکانی ئەم رووداوە بکرێ. ئەوە بو ئەو لێکۆڵینەوەیە ئەنجامدرا و فایلەکانی ئامادەکران و هەندێکی کەم لە تیارییەکان بە سزادانێکی زۆر سادە سزادران. ئەمەش لەبەرخاتری چاوشینان بوو

کە بەچاوی سۆز و بەزەییەوە دەیان روانییە ئەمانە و بە هەموو هێز و دڕندایەتییەکەوە بەرگرییان لێ دەکردن.

**بەڵگەی دەیەم:**

**10- "سەرەتای سووپا ناردن بۆ سەر بارزان"**

ساڵی 1928- 1930 لەسەر لیوای هەولێر "نایب" بووم، ئەوسا خواڵێخۆشبوو ئەمین زەکی بەگ بەوەکالەت وەزیری بەرگری بوو، زانیبووم کە وەزارەت هەندێك فەوجی سووپای ناردبووە دەوروپشتی دهۆك و ئاكرێ. لەدانیشتنی رۆژی 1929/6/13 ئەم پرسیارەم ئاراستەی وەزیری ناوبراو کرد:

پرسیار:

تکایە ئەم پرسیارەم ئاراستەی وەزیری بەرگرییە با وەڵامی بداتەوە:



**ئەمین زەکی بەگ**

هەواڵم زانیوە کە لە زێبار و ئامێدی مانۆر و جوڵانەوەی سەربازی هەیە. ئایا ئەمە راستە؟ ئایا هۆکارەکانی ئەم کارە لەم وەرزەدا چییە و ئایا ئەم مانۆڕە



سەربازییە پەیوەندی بە نیشتەجێ کردنی ئاشورییەکان لەسەر زەویی عەشیرەتەکانی بارزانەوە هەیە؟

وەزیری ناوبراو هەستا و وەڵامی دایەوە و گوتی: "جەنابی نایب دڵنیابە کە هەواڵ وەرگرتنەکە راست نییە".

منیش هەستام و گوتم:

من ئەنجوومەن دەکەم بە حەکەم بەسەر وەڵامی وەزیری بەرگرییەوە، من نەمتوانی لەوەڵامەکەی تێبگەم، من پێم خۆشبوو بە راشکاوییەوە پێم بڵێ کە هیچ ئەسەرێك لەم جوڵانەوەیە لە ئارادا نییە، و ئەنجوومەنیش دەزانێ کە ئەو راپۆرتەی مەندوبی سامی "سیر هنری دوبس" پێشکەشی "کۆمەڵی گەلان"ی کردووە ئاماژەیەکی بەوجۆرە جوڵانەوە سەربازییە بە ئامانجی تواندنەوەی کورد و نیشتەجێکردنی ئاشورییەکان لە زەوییەکانی ئەوان تێدابووە. ئەگەر ئەم راپۆرتە راست نییە، ئەوا پێویستە وەزیر بە راشکاوییەوە پێمان بڵێ بۆ ئەوەی کە ئەنجوومەن دڵنیا بێ، وەزیری ناوبراو قسەکەی خۆی دووبارەکردەوە و گوتی:

"نوێنەر لە بەشی یەکەمی پرسیارەکەیدا دەڵێ هەواڵم زانیوە کە لە دەوروپشتی زێبار و ئامێدی جوڵانەوەی سەربازی هەیە. ئایا ئەوە راستە، گوتم نەخێر، و هیچ جۆرە جوڵانەوەیەکی سەربازی نییە و ئەوەندەش گوتم بۆ وەڵام دانەوە بەسە.

جارێکی تر هەستامەوە و گوتم:

بەشی دووەم لە پرسیارەکەم پەیوەستە بە جوڵانەوە سەربازییەکانی دەوروپشتی زێبار و ئامێدی و وێرای ئەوانیش ناوچەی بارزانیش. ئێستا وەکو هەمووان دەزانن سووپا بەڕێکردن هەیە و من بۆم هەیە پرسیار لە وەزیری بەرگری بکەم ئایا ئەم سووپا بەڕێکردنە بەتەنیا بەمەبەستی مانۆڕە یاخود بۆ کردەوەی سەربازییانەیە؟ دەمانەوێ لەمە تێبگەین؟

وەزیر وەڵامی دایەوە و گوتی:

"من نوێنەری بەرێزم دڵنیا کردەوە و گوتم کە جوڵانەوەیەکی لەم بابەتە لە ئارادانییە و بەرێزیان دەزانن ئەو یەکە سەربازییانەی لەوێن تەنیا ئەوەندەیە کە لەباکووری دهۆك بەمەشقی ساڵانەی خۆیان هەڵدەستن."تەواو"

وەزیر لە ناو ئەنجوومەن بەم شێوەیە وەڵامی دایەوە کە چی لەراستیدا ناردنی سوپا بۆ ئەو هەرێمە تەنیا بۆ تەنگەتاوکردنی بارزانییەکان و کوشتن و دەرپەڕاندنیان بە زۆری زۆرداری لە نیشتیمانی خۆیان بوو، بەڵام ئەم جوڵانەوەیە لەبەر ئەم هۆیانە راوەستا:

1- لەناو ئەنجوومەنی نوێنەرایەتیدا بابەتەکەم هاروژاند و بووە هۆی وریا بوونەوەیەکی گشتی.

2- ئەفسەرانی سوپا لە سەرووی هەموشیانەوە "موقەدەم مەهدی رەحال" و "رەیس ئیبراهیم خالدی" و "مەحموود جەودەت" و هیتریش، کاتێك روونکرنەوەکانی منیان بەو شێوەیە زانی، پەیمانیان بەستبوو کە بە هیچ جوڵانەوەیەك دژی بارزانییەکان هەڵنەستن و هەوڵەکانی ئینگلیزیش لەمبارەیەوە بخەنە ئاستەنگەوە. حکوومەتیش لە ترسی ئەم هاوپەیمانێتییە، بە تایبەتی بەهۆی ئەم راپۆرتانەشەوە کە پشکنەران و بەرێوەبەرانی پۆلیس کە ئینگلیز بوون، دابوویان بە حکوومەت جۆرێك ئاگادارکردنەوەی بۆ حکوومەت تێدابوو، کە لەئەنجامدانی کاروبارێکی لەم بابەتە بگەرێتەوە، لەبەر ئەوە سوپا کشایەوە و کارەکە بە ئاشتی کۆتایی هات هەر چەندە بۆ ماوەیەکی درێژیش نەبوو، چونکە بڵێسەی ئاگر لەژێر ژێلەمۆکەوە و هەروەها لەدەمی پیاوانی ئینگلیزیشەوە بریسکەی دەدا هەروەکو لە پاشاندا باسی دەکەین.



**بەڵگەی یازدەیەم:**

**11- وتەکانی مستەر ئیدمۆندز راوێژکاری پێشووی وەزارەتی ناوخۆ**

پاش ئەوەی پرسی بارزانییەکانم لە ئەنجوومەنی نوێنەرایەتی باسکرد، بڕیارمدا سەردانی مستەر ئیدموندز، کە ئەوسا راوێژکاری وەزارەتی ناوخۆ بوو، بکەم ئەوەبو لەجێگای خۆی چاوم پێکەوت، وەکو زانراوە ئیدموندز سۆزی بەلای کوردەوە هەیە، چونکە یەکەمین دەست بەکار بوونی ئەو لە عیراقدا بە سیفەتی حاکمی سیاسی لە ناوچەی رانیە و پشدەر بوو، هەروەها هۆگرییەکی تایبەتی بەزمانی کوردییەوە هەبوو، چونکە ئەو زمانی فارسیشی دەزانی. دوای گفتوگۆ و هەواڵ پرسین پێم گوت:

- ئایا ئاگاداریت لەم جوڵانەوانەی سوپا لەدەوروپشتی بارزان هەیە کە بەناونیشانی ئەنجامدانی مەشقی هاوینییەوە بەرێوە دەچێ؟ ئایا ئەو ئامانجانە چین کە سوپا لەو ناوچەیەدا دەهێڵێتەوە؟ ئەو بە وەڵامێکی کورت و لەنگەوە "هەروەکو کە نەریتی ئینگلیزەکانە کە بیانەوێ خۆیان بدزنەوە و شتەکان تێکەڵ بکەن" گوتی:
- "نەخێر! لەوانەیە مەشقی سەربازی بێ"

پێم گوت:

- پێم وانییە. بەڵکو لەوباوەڕەدام کە ئامانج لەبەرێ خستنی سوپا لێدانی بارزانییەکانە، و ئەمەش شتێکی مسۆگەرە کە فەرمانگەی مەندوبی سامی ئاگاداری تەواوی لەمەڕ هەقیقەتی ئەو مەشقانەوە هەیە.

وەڵامی دایەوە و گوتی:

- ئەم پرسیارە ئاراستەی "کاپتن هولت" سکرتیری بەشی رۆژهەلات لە فەرمانگەی ئینتداب دەکرێ.

پێم گوت:

- بەڵام کوردەکان لەو باوەڕەدان کە ئەم جوڵانەوانە پشت ئەستورە بە داواکاری پیاوانی فەرمانگەی ئینتداب. ئیدموندز لەبیرکردنەوەدا نقوم ببوو، یان خۆی وا

پیشان دەدا، لەوکاتەدا هەستام چوومە دەرەوە. ڕۆژی دووەم چووم بۆ دیدەنی "کاپتن هولت" کە ئەویش کوردی و فارسیی دەزانی، وە لەم گفتوگۆیەی کە لە بەینی من و ئیدموندز دابوو، ئاگادارم کردەوە. پاشان پرسیاری رای ئەوم لەم بابەتە کرد.

هولت وەڵامی دامەوە و گوتی:

- حکوومەتی بەریتانیا سیاسەتێکی تایبەتی لەم وڵاتەدا هەیە و ناتوانێ لەبەرخاتری کۆمەڵە کوردێك ئەم سیاسەتە بگۆڕێت.

من سەرم لەو قسەیەی سوڕما. چونکە ئەو بەڕاستی و ڕاشکاوییەکەوە وەڵامی دایەوە کە لە ئینگلیزێك ناوەشێتەوە کە کاری سیاسی بەڕێوە دەبا، پێم گوت:

- دەبینن ئاخۆ کورد کۆمەڵێکن یان زۆرایەتی. پاشان بەرق و توڕەییەوە هاتە دەرەوە. بەم شێوەیە پرسەکە لەتاریکستانی زوڵم و غەدر و پیلانگێڕیدا مایەوە.

**بەڵگەی دوازدەیەم:**

**12- فەرمانگەی ئینتداب و داکۆکی لەتیارییەکان**

لەبەرئەوەی ئاشورییەکان بەهۆی کۆمەڵێك هۆکارەوە توانای ئەوەیان نەبوو دەست درێژی بکەنە سەر سنووری بارزانییەکان، جموجۆلی پێشڕەوی کردنی ئەوان بە ئاراستەی ئەو ناوچەیەدا راوەستا، و وەکو چۆن مار لەوەرزی زستاندا سڕ دەبێ، هەر بەو ئاوایە ئەوانیش سەری خۆیان شاردەوە. بەڵام فەرمانگەی ئینتداب بەشێوەیەکی بەردەوام راسپاردەکانی خۆی دەدا بە حکوومەتی عیراق کە چاودێری ئاشورییەکان بکا و گیانی لێبوردن لەبەرامبەریاندا بنوێنێ، ئەمەش بەبیانووی ئەوەوە دەکرا کە گوایا کوردەکان دەست درێژی دەکەنە سەریان و دەیانکوژن بەتایبەتی لەکاتی راو لەچیاکاندا، بەڵام ئەم پروپاگەندەیەی ئەوان وەکو لاف و گەزافی گورگ لەبەرامبەر مەڕ وابوو. چونکە ئەوە کوردەکان بوون کە خۆیان لەشەڕ و فیتنەی ئەوان دوور دەخستەوە. زۆرجار لەکاتی راودا، ئاشوری، کوردی دەکوشت و خوێنی بەفیڕۆ دەچوو.



و هیچ چەشنە لێکۆڵینەوە و لەدووچونێك نەبوو. بەڵام ئەگەر کوردێك بەکوشتنی ئاشورییەك تاوانبار بکرێ، بێ ئەوەی بەڵگە و نیشانەیەکیش هەبێ کە ئیسپاتی تۆمەتەکە بکا، ئەوا فەرمانگەی ئینتداب شێت و هار دەبێ و شکات و داوایەکی زۆر تۆمار دەکا و حکوومەتی خۆجێی ناچار دەبێ دانیشتووانی گوندەکانی نزیکی رووداوەکە بگرێ و لەئەنجامدا دەیانیان لێ حوکم بدات. جا ئەم کردەوانە و چەندین زوڵم و زۆرداری تر، وایان لێ کردین لەومەترسییانەی کە هەرەشەمان لێ دەکا وریا بینەوە و پاڵی پێوە نایین کە بەرهەڵستی بکەین و چەندین "مەزبەتە" کە لەلایەن هەزاران رۆشنبیر و سەرۆك عەشیرەتەوە ئیمزا کرابوو، بۆ خاوەن شکۆ بەرزبکەینەوە و داوای لێ بکەین کە چەك لە ئاشورییەکان بستێنرێتەوە.

**بەڵگەی سێزدەیەم:**

**13- سەرەتاکانی تەنگ هەڵچنین بە بارزانییەکان**

بەڕێز تۆفیق وەهبی وەزیری پێشووی ئابووری لە کوردەکانی خەڵکی سلێمانییە و لەکەش و هەوایەکی سەربازی رەهادا کە پەیوەندییەکی لەگەڵ سیاسەتدا نییە پەروەردە بووە، بۆیە پەیبردنی سیاسی و زیپك و زاکونی کاری بەڕێوەبردنی تێدابەدی نەدەکرا. تۆفیق وەهبی لە سەرەتای ماوەی داگیرکردندا، وەکو زۆرانی تر لە ئەفسەران و فەرمانبەران لە پێشەنگانی بانگەشەکاران بۆ نیشتمانپەروەریی کوردی بوو، و لەگەڵ حکوومەتی شێخ مەحموددا کاری کردبوو، دوای ئەوەی ئەم حکوومەتە هەڵوەشایەوە، بەدەست بەسەری هێنرایە بەغدا و ماوەیەك لەگرتوخانەدا مایەوە، بەڵام پاش چەندین سەردانی یەك بەدوای یەکم بۆ لای هەرکام لە وەزیری ناوخۆ کە ئەو کاتە خوالێخۆشبوو "عبدالمحسن السعدون" و بەڕێوەبەری گشتی ناوخۆ "بەڕێز عبدالعزیز مظفر" بوون، ئازادکرا و پاش ئەوە کرا بە بەڕێوەبەری قوتابخانەی سەربازی و کاتێکیش کەیەکەم وەزارەتی سەعیدیە لە ساڵی 1930 پێکهات، هەواڵمزانی کە نیازیان وایە بە "موتەسەریفی لیوای سلێمانی" دای بمەزرێنن. لەبەر ئەوەی کەمن

دەمزانی ئەم دامەزراندنە لەبەرژەوەندی بەڕێز تۆفیق وەهبی نییە دیدەنی بەڕێز نوری سەعیدم کرد و پێم گوت کە ئەو دامەزراندنە مانای وایە دەتانەوێ ئەم پیاوە لە کاروبارێکەوە بگلێنن کە لە عۆدەی نایە و ناشتوانێ خۆی لێ دەرباز بکا، ئەو پیاوە کەسێکی سەربازییە ئێوە دەتوانن لە مەشق پێدانی سوپا و دەرزگوتنەوەی قوتابیاندا سوودی لێ وەربگرن و "موتەسەڕیفی" کاری ئەونییە. ئەو خۆی خەڵکی سلێمانییە، لەوێ دۆستی هەیە و ناحەزیشی هەیە، ئەگەر هەر بڕیار وایە بکرێ بە "موتەسەریف" با بۆ هەولێر دیاری بکرێ.

جەنابی نوری سەعید بە پێکەنینەوە وەڵامی دامەوە:

"ئەگەر خۆی رازی بێت ئەوا لاریمان نییە، ئەگەرنا مەسەلەکە کۆتایی پێهاتووە".

لەوێ هەستام. ئێوارە چووم بۆ "هوتیل جەواهیری" لەمەیدان کە بەڕێز تۆفیق وەهبی لەوێ نیشتەجێ بوو سەیرم کرد هەر بەتەنیایە، پاش سڵاوکردن لە گوت و بێژی نێوان خۆم و سەرۆك وەزیران ئاگادارم کردەوە.

ئەو نارەحەتی پیشاندا و بە ئاوازێکی پچڕپچڕ کە لە هەڵچوونێکی توندەوە دێتەدەر گوتی:

– من موتەسەریفی سلێمانی نەبێ قبوولی ناکەم.

پێم گوت:

– ئیشەکە پەیوەستە بەخۆتەوە، بەڵام هەڵەیت. کاتێکیش پەشیمان دەبیتەوە کە پەشیمانی داد نادا. دوای ئەوە بەجێم هێشت.

پاش ئەوەی کەئیرادەی پاشایەتی بۆ دەرچوو، بەرەو سلێمانی سەفەریکرد. پاش ماوەیەکی کورت هەواڵم زانی کە کۆمەڵەیەك بەناوی "کۆمەڵەی نیشتیمانی" لە سلێمانی پێکهاتووە کە بنچینەی داخوازییەکانی، ئازادی و سەربەخۆیی بوو. لەدامەزرێنەرانی ئەم کۆمەڵەیە وەك دێتەوە بیرم "حەمە ئاغای عەبدولڕەحمان ئاغا، شێخ قادری برای شێخ مەحموودی حەفید، محەمەد سالح بەگ، تۆفیق قەزاز، رەمزی فەتاح، عزەت تۆپچی، عەزمی بەگ بابان، عزەت مەجید ئەفەندی کانیسکان، فایق بەگی بابان، شێخ محەمەدی گوڵانی بوون، و سکرتێری ئەم کۆمەڵەیە بەڕێز "رەشید



نەجیب"بوو کە لەم دواییەدا بوو بە موتەسەریفی لیوای کەرکوك، ئەوسا لەلای پشکنەری بەڕێوەبەرایەتی "حاکمی سیاسی" نووسەر بوو، جا نازانم چۆنیەتی بەیەکەوە گونجان لەنێوان ئەم سکرتێرییە و ئەو وەزیفەی نووسەرییە بەچی لێك بدەمەوە. ئەمەیان با خوێنەر خۆی ئەم مەسەلە حسابییە شیبکاتەوە.

لەو ماوەیەدا بەهۆی بەرزبونەوەی پلەی گەرما لە بەغدا، و بڕیاری دەستەی بەڕێوەبەرایەتی یانە "یانەی پێشکەوتنی کوردی" بەکردنەوەی لقی یانەکە لە هەولێر، و بەو سیفەتەی کەجێگای متمانەی گشتی یانەکە بووم لەگەڵ خێزان و منداڵەکانم سەفەرم کرد بۆ "کفری" و لەوێ ئەوانم بەجێهێشت و خۆشم چووم بۆ هەولێر و لەوێ بووم بە میوانی خوالێخۆشبوو "مەلا فەندی لەکۆشکی خۆی لەگوندی باداوە".

ڕۆژی دووەم چوومە ناوشار و تەماشام کرد کەش و هەوای شار بارگاوییە، لاوان و قوتابیان و مامۆستایان لەناو خۆیاندا دەچرپێنن. کە پرسیارم کرد تیگەیشتم کە هۆکاری ئەم هەڵچوونە ئەو پەیمان نامەیەیە کە لە 30ی حوزەیرانی 1930 لەنێوان عیراق و ئینگلیز گرێ دراوە و هەرگیز باسێکیش لە پێکهێنانی بەڕێوەبەرایەتییەکی سەربەخۆ، بەپێی بڕیاری کۆمەڵی گەلان، بۆ کوردستان ناکا. ئەوانیش هەروەکو ئەو "مەزبەتانە"ی تر کە لە سلێمانی لەلایەن کۆمەڵەی نیشتیمانییەوە نووسران، مەزبەتەیان پێشکەش کردووە. هەروەها بە بۆنەوەی ئەوەی جێگری سەرۆك وەزیران و جێگری مەندوبی سامی دێنە ئەم دوو لیوایە و دەربارەی ئەم بابەتە بەیانێکی هاوبەش دەخوێننەوە.

من بەولاوانەم، کەلەوێ ئاپۆڕایان بەستبوو، گوت:

بەر لە هەر شتێك داوای ئارام گرتنتان لێ دەکەم و پێویست بە پێك هەڵبژان ناکا، چونکە هەر جوڵانەوەیەك بەر لەکات و ساتی خۆی لەلایەن ئێوەوە ئەنجام بدرێ، بەرپرسیاری و سزادانی بەدواوەیە و با یەکەم جار بزانین بەیان نامەکە چی تێدایە پاشان نۆرەی کارکردنە.

**ئەوان بەسەرکێشییەوە وەڵامیان دایەوە:**

- خەڵکی سلێمانی کۆمەڵەیەکی نیشتیمانییان پێکهێناوە (هەمان کۆمەڵەی نیشتیمانی کە ئاماژەم بۆ کرد) کە داوای سەربەخۆیی دەکا، ئێمەش پشتیوانییان لێ دەکەین.

پێم گوتن:

- لەسەرخۆبن، خەڵکانی وەکو ئێمە دەبێ دوور بڕوانێ و بە ئارامییەوە هەنگاو هەڵبگرێ.

و پرسیارم لەو مەزبەتانە کرد کە نووسی بوویان.

گوتیان:

- داومانەتە دەستی ئەحمەد عوسمان بۆ ئەوەی بینێرێ بۆ مەندوبی سامی.

گوتم:

- کەوابێ یەکەم جار دەبێ چاومان بە ئەحمەد ئەفەندی عوسمان بکەوێ. پاشان بۆ ئەوەی مەسەلەکە لەنزیکەوە دیراسە بکەین دەچینە سلێمانی. ئێوەش پێویستە ئاسایش و ئارامی خۆتان بپارێزن ئەگینا تووشی لێپرسینەوە دەبن و ئینگلیزیش دەی قۆزێتەوە بۆ ئەوەی لە بەرژەوەندی ئاشورییەکان گورزێکتان لێ بوەشێنێ، پاش ئەوەی کە دڵنیام کردن ئەوانیش بڵاوەیان لێکرد.

## قەشەی باوەڕپێکراوی مارشەمعون

کاتێك بەرەو شارەوانی دەچووم لەڕێگا تووشی یەکێك لە ئەندامانی شارەوانی بووم، پێی گوتم پیاوێك کە جل و بەرگی قەشەی لەبەرە پرسیاری تۆ دەکا و ئێستا لە دەوروپشتی شارەوانی دەسوڕێتەوە. منیش چووم بۆ ئەوێ. تەماشام کرد ئەو راگەیاندنانەی دەخوێندەوە کە لەسەر دیوار هەڵواسرابوون. منیش رووم تێکرد و گوتم:

- ئایا جەنابی باوك پرسیاری منی کردووە؟

بەشێواوییەوە گوتی:



- تۆکێی؟ گوتم: فلان کەسم.

گوتی: من بەدوای تۆدا دەگەڕێم.. و دەستی درێژ کرد و سڵاوی کرد، منیش گوتم حەز دەکەم کە جەنابی قەشە بناسم.

گوتی: بەڵێ، ئێستا دەمناسی. من لەبەیانییەوە پرسیاری تۆ دەکەم. من لەموسڵەوە بەتایبەتی بۆ ئەو چاوپێکەوتنە هاتووم.

پاشان قۆڵی بەقۆڵمدا کرد و بردمی بۆ هوتێلەکەی خۆی. پاش دانیشتن هەستا دەرگا و پەنجەرەکانی داخست.

منیش گوتم:

- ئەم هەموو خۆپارێزییە لە پای چییە؟

گوتی: نامەوێ کەس گوێی لە دەنگمان بێ.

پێم گوت: چیت پێیە فەرموو.

سەیرێکی کردم و بە پێکەنینەوە و بە دەنگێکی خامۆشەوە گوتی:

- پەتریك مارشەمعون بە سڵاوێکی راستگۆیانە و خۆشەویستییەکی پاکەوە سڵاوت لێ دەکا، و ئەو بۆ دەیدەنیت بە تاسەوەیە و دەڵێ:

"ئێمەش وەکو ئێوە کوردین و دەمانەوێ لەگەڵتان رێك بکەوین بۆ ئەوەی بگەینە ئامانجەکان" لە دڵی خۆمدا گوتم نەفرەتی خوا لە درۆزن بێ".

پێم گوت:

"پەتریك مارشەمعون چۆن منی ناسی و ئەو ئامانجانە چین؟"

وەڵامی دایەوە و گوتی:

- تۆ تەنیا لای پەتریك ناسراونی، بەڵکو بەهۆی ئەو ناوبانگەوە کە لای کوردە هاوخوێنەکانتەوە هەتە لای هەمووان ناسراوی. دەربارەی ئامانجەکانیش مەرام ئەوەیە دژی دوژمنە عەرەبەکانمان یەکبگرین. "قسەکانی ڕایچڵەکاندم بەڵام پێویستی ئەوەی کەبزانم چی پێیە وای لێکردم کە دان بەخۆمدا بگرم" پێم گوت:

- بۆ رێککەوتن لەگەڵ ئێوە سێ مەرجم هەیە، جا ئەگەر جەنابی پەتریك رەزامەندی لەسەریان دەربڕی، ئەوا کوردەکان بانگەوازەکەی ئەو قبووڵ دەکەن.

گوتی:

- ئەو مەرجانە چین؟

گوتم:

1- پەتریك زەماوەندی كچە ئاشورییان لەكورد حەڵاڵ بكا.

2- زمانی كوردی لە ناوماڵ و لە ئەنجامدانی كەش و رەسمە ئایینییەكاندا زمانی ئەوان بێت.

3- ئامارێكی گشتی ئەو چەك و تفەنگانـە بكـرێ كـە لای شـوێنكەوتووانی ئـەو هەیە، هەروەها بەهەمان شێوە ئاماری ئەو چەكانە بكرێ كە لای كورد هەیـە. جا ئەوەی كە زیاد بوو بەسەر ئەو كەسانەدا دابەش بكرێ كە بێ چەكن.

پاش ئەوەی هەناسەیەكی قوڵی هەڵكێشا گوتی:

- وادەزانم مەرجی یەكەم و دووەم دەرەتانی جێبەجێ كردنی هەیە. بەڵام مەرجی سێیەم ماقوڵ نییە.

پێم گوت:

- لەبەر چی ماقوڵ نییە؟

گوتی:

- چونكە چەك بەلای ئاشورییەوە خۆشەویستە.

گوتم:

- كەوابێ كورد چۆن بتوانێ هاوشانی ئێوە شـەڕ بكـا كـە ئـەو چـەكی نـەبێ و لەداری دەست بەولاوە هیچی كەی پێ نەبێ؟

گوتی:

- پێویستە ئاگاداری جەنابی پەتریك بكەم بزانم فەرمانی بەچییە. لـەوێ بـەجێم هێشت و چوومە قەڵا بۆ قوتابخانە و لـەوێ خوالێخۆشـبوو "مـەلا فەنـدی"م بینی و لە باسەكە ئاگادارم كردەوە و تكـام لێ كـرد بـۆ ئێـوارە بانگهێـشتی قەشە بكا تا جەنابیشی بەسەر ئەو رووداوانـەوە شـایەت بێـت كـە بەدەسـتی ئینگلیز هەڵدەسوڕێن. ئەویش رەزامەندی دەربـڕی و دەسـبەجێ گەڕامـەوە و لەڕێگا تووشی قەشە بووم بەرەو سەرا دەچـوو، وابـزانم دەیویـست چـاوی بـە



حاكمی سیاسی "كجنك"- پشكنەری بەڕێوەبەرایەتی- بكەوێ. ئاگادارم كرد كە مەلا ئەفەندی بانگهێشتی كردووە بۆ نانی ئێوارە. ئەویش بانگهێشتەكەی قبووڵ كرد و ئێوارە هاتە ماڵی مەلا ئەفەندی.

كاتێك لەسەر خوان دانیشتین رووی قسەم كردە مەلا ئەفەندی و گوتم:

- جەنابی قەشە وەكو نێردەیەك لەلایەن جەنابی پەتریك مارشەمعونەوە هـاتووە. سڵاوی ئەوی هێناوە و دەڵێ كە شوێنكەوتووە ئاشـورییەكان ئـەوانیش وەكـو ئێمە كوردن لەبەر ئەوە داوا دەكا كە رێككەوتنێك وەكو پەیمان نامە بنووسین.

مەلا ئەفەندی پێكەنی و گوتی:



**زانای گەورە خوالێخۆشبوو مەلا بەكر ئەفەندی كوڕی زانا مەلا عومەر ئەفەندی**

- ئەی وەڵامی تۆ چی بوو؟

گوتم: من سێ مەرجم بۆ داناون، مەرجەكانم دووبارەكردەوە. مـەلا ئەفەنـدی چەپڵەی لێدا و گوتی:

- ئافەرین، ئەمانە جوانترین مەرجن. و ئەگەر هاتوو جەنابی پەتریك رەزامەندی دەربڕی، ئەوا من ئەوپەڕی ئامادەم کچە ئاشوورییەك بێنم.

قەشە وەڵامی داینەوە و گوتی:

- من ڕێگای ئەوەم پێنەدراوە نە بە قبووڵ کردن نە بەڕەتکردنەوە هیچ شتێك بڵێم. بەهەرحال من سبەی دەگەڕێمەوە و ئەو مەرجانە دەخەمە بەر چاوی جەنابی پەتریك. دوای ئەوە کە لەنان خواردن تەواو بووین، قەشە مۆڵەتی وەرگرت و ڕۆیشت، دوای ئەوە هەرگیز چاوم پێ نەکەوتەوە. من ئەو ڕووداوەم بۆ ئەوە گێڕایەوە بارودۆخێك روون بکەمەوە کە ئەوکاتە وڵاتەکەی داگرتبوو، و هەروەها بۆ پشتڕاستکردنەوەی قسەکانی پێشوومان کە چۆن ئینگلیزەکان ئەم جۆرە شتانەیان ڕێك دەخست بۆ ئەوەی لە پێکهێنانی دەوڵەتێکی ئاشوریدا، کورد تێوەبگلێنن و پاشان دەوڵەتێکی کوردیش دروست بکەن کەکۆتایی مەسەلەکە ئەوەبێ بە یارمەتی دەوڵەتانی بیانی دەست بەسەر ناوچە کوردییەکاندا بگرن.

## پرسی مەزبەتەکان

پێشتر باسی ئەوەم کرد کە بەرێز ئەحمەد عوسمان، ئەو کەسانەی کە مەزبەتەکانیان ئیمزاکردبوو، ئاگادار کردبۆوە کە گوایا مەزبەتەکانی ناردووە بۆ فەرمانگەی ئینتداب، بەڵام لەبەر ئەوەی ناوبراو لەگەڵ هەردوولا لەیاری دابوو، و ئینگلیزەکانیش بەهۆی خزمەتەکانی پێشوویەوە و بەهۆی جێبەجێ کردنی فەرمانەکانی ئەوانەوە لە ڕۆژانی داگیرکردن کە ئەوسا موتەسەریفی هەولێر بوو، بە چاوی خۆشەویستی و گرنگی پێدانەوە سەیریان دەکرد، ئەو کەسانەی مەزبەتەکەیان ئیمزاکردبوو، گومانیان لەوە هەبوو کە مەزبەتەکە ڕەوانەکرابێت.



## گوت و بێژ لەسەر لقی یانە

کاتێك لەماڵی ئەحمەد عوسمان کۆبووینەوە بۆ ئەوەی گوت و بێژ لەسەرکردنەوەی لقی یانەکەمان لە هەولێر بکەین، ئەحمەد عوسمان داوای کرد کە خۆی ببێتە باوەڕپێکراوی لقی هەولێر، بەڵام کۆبوونەوەکەران داواکەیان ڕەت کردەوە. منیش بۆم روون کردەوە کە مەسەلەکە پەیوەستە بەڕای دەنگدەرانەوە. بەڵام ئەو گوێی بە قسەکانم نەداو دەستی کرد بە فرت و فێڵ سازکردن و دانانی ئاستەنگ لەبەردەم کۆبوونەوەکە کە بڕیار وابوو لە مزگەوتی گەورە بەڕێوەبچێ. ئەوەبوو بەهۆی ئەوە کە پۆلیس چواردەوری مزگەوتەکەی گرتبوو، کۆبوونەوەکە نەکرا. لەهەمان ڕۆژدا چووم بۆ ماڵی سەروەری شێخان و ئەدیبی زەمانە و سەرۆکی پیاوماقوڵان خوالێخۆشبوو عەبدولرەزاق ئاغای کوڕی فەتحوڵا ئاغای باڵەك کە ئەو کاتە وەك خۆی دەیگوت تەمەنی "120"ساڵ بوو، و تەماشام کرد لە جێگادا کەوتووە و بەدەست ئازاری نەخۆشی و پیرییەوە دەناڵێنێ، کاتێك لەبارەی کۆبوونەوەکەران و ئەحمەد عوسمان و پاشان ئابلۆقەی پۆلیس قسەم بۆکرد، پێی گوتم:

- گومانی تێدا نییە ئەم کارە شوێنی ئەحمەدە فەندییە، بەڵام ئەوە ماڵەکەی من لە خزمەتی ئێوەدایە، منیش لەبەرامبەر گیانی نیشتیمان پەروەری ئەو، سووپاسم کرد و پاشان مۆڵەتی هەستانم لێ خواست، بەڵام ئەو پەلەی لەگەڵدا کردم کە دەبێ کۆبوونەوەکە لەماڵەکەی ئەودا بکرێ.

کاتێك لەوێ هاتمە دەرێ تووشی هەندێك لەو برادەرانە بووم کەلەگەڵ ئێمەدا کاریان دەکرد، ئاگادارم کردن کە جێگای کۆبوونەوەکەمان یەکسەر دوای "نوێژی جومعە" لەماڵی عەبدول رەزاق ئاغا دەبێ. بەڵام ئەوەندەی پێ نەچوو کە ئاگاداریان کردمەوە کە پۆلیس دەوری ماڵی عەبدول رەزاق ئاغایان گرتووە بۆ ئەوەی نەهێڵن کۆبوونەوەکە بکرێ، هاوارم کرد "أعوذ بالله" لەشەڕی خاینان.

دوای ئەوە چووم بۆ ماڵی عەبدول رەزاق ئاغا سەیرم کرد دوو پۆلیس لەبەر دەرگا ڕاوەستاون.

پێم گوتن چ خەبەرە؟

گوتیان:

- چوونە ژوورەوە قەدەغەیە؟

پێکەنیم و گوتم:

- مانای وایە" ترسان قەدەغەیە"

(ئەم قسەیە لە ڕۆژانی داگیرکردندا لەسەر دیواری ئەوجێگایە کە ئێستا یانەی ئەفسەرانە نووسرابوو، پیاوێکی هیندی نووسی بووی. هەرجارێك لەوێوە دەڕۆیشتین و دەمانخوێندەوە پێ دەکەنین تاوای لیهات ئەم قسەیە ناوبانگێکی بەربلاّوی لەبەغدا پەیدا کردبوو).

پاش ئەوە چوومە دیدەنی " بەڕێوەبەری پۆلیسی لیوا" و تێم گەیاند کە کارێکی ناشیرینە پۆلیس لەبەردەرگای مالّی عەبدول ڕەزاق ئاغا دابنێن و نەهێلّن خەلّك سەردانی بکەن. ئێوە دەتانتوانی ئاگادارم بکەن کە کۆبونەوە بە فەرمانی موتەسەریف قەدەغەیە، پاشان داوام لێکرد کە ئەو دوو پۆلیسە بگێڕنەوە چونکە من کۆبوونەوەکە ناکەم مادام موتەسەریف نارازییە، ئەوە بوو دەسبەجێ دوو پۆلیسەکەیان هێنایەوە.

**بەلّگەی چواردەیەم:**

**14- بۆ چی بەکرێگیراوانی ئینگلیز بەربەرەکانییان دەکردم؟**

کاتێك بۆ لای ئەحمەد عوسمان بەرەورووی قەلاّت دەچووم، لەڕێگا کە لە سەرای حکوومەتەوە دەهاتەوە، تووشی هاتم. کە چاوی پێم کەوت پێکەنی و گوتی:

- دەنگوباس چیت پێیە؟

گوتم: دەنگوباس لای تۆیە ئەی ئەوەنییە لە "موتەسەریفییەتەوە" دێیتەوە.

وەلاّمی دامەوەکە موتەسەریف داوای کردبووم و رایسپاردبووم کە ئاگادارت بکەم کاتژمێر 6ی ئێواری دەیەوێ چاوی پێت بکەوێ. بەلاّم من وای بەچاك دەزانم نەچیتە ئەو چاوپێکەوتنە چونکە زۆر شێواو و تورە هاتە بەرچاوم.



"ئەحمەد فەندی" لەپای ئەم قسەیەوە دەیویست بم ترسێنێ.

پێم گوت: واگونجاوترە بەیەکەوە بچین، یان من پێش تۆ دەچم. مەبەستم ئەوە بوو نەوەکو ئامادەنەبوونم بە ترسەنۆکی لێك بداتەوە. پاش ئەوە بەجێم هێشت. ئینجا تووشی یەکێك لە خزمەکانم بووم بەخەم و ئازارێکی زۆرەوە پێی گوتم:

- خەلّك قسەت لەسەر دەکەن.

پێم گوت:

- دەلّێن چی؟

- دەلّێن تۆ لە دژی ئیسلام لەگەلّ ئاشورییەکان ڕێك کەوتووی.

- کێ وا دەلّێ؟

- شێخ محی الدین و مەلاعبدالله و کەسانی تر لە زانایان، و ئەوانیش لەهەندێك خەلّکی پیاوچاکیان زانیوە.

پێم گوت:

"لاحول ولاقوە الا بالله"، جا باشە تۆ باوەڕت بەوشتانەکردووە کە ئینگلیز و بەکرێگیراوەکانیان بلاّوی دەکەنەوە؟

گوتی:

- من باوەڕم پێ نەکردووە، بەلاّم چار چییە تازە ئەو قسەوقسەلۆکانە کەوتوونەتە سەر زار و زمانان.

گوتم:

- کەوابێ با بە ئاشکرایی بچین بۆ تەکیەی شێخ محی الدین و لەوێ جەماعەت دەبینین. کاتێك گەیشتینە تەکیە بینیم شێخ محی الدین لەناو خەلّکەکە راوەستاوە و خەریکن خۆیان بۆ نوێژ ئامادە دەکەن. پاش سلاّو کردن پێم گوتن:

- بیستومە سەرکۆنەتان کردووم. من لەوە بێ بەریم. دەست بخەنە سەر ویژدانی خۆتان و بەهەق حوکم بدەن. من کوردێکی راستەقینە و مسولّمانێکی راستم.

لەوانەیە باوەڕی من بە ئایینی ئیسلام لە باوەڕی ئێوە بەهێزتر بێت. هاواریان کرد: "ئێمەش هەروا لەتۆڕا دەبینین".

پاشان هەردوو قۆڵم هەڵکرد و بەدەستی راستم بەسەر شاخوێن بەری چەپی خۆمدا مالّی و گوتم:

- سەیری ئەم خوێنە بکەن کە لە دەمارەکانمدا دێت و دەچێ، ئەم خوێنە ماڵ و سامانی دنیا پیسی نەکردووە، ئێوە باوەڕ بەقسەی ئەو جاسوسانە دەکەن کە دژی من بلاّوی دەکەنەوە، من یەکەم کەس بووم کە دژی بیرۆکەی کارکردن لەگەڵ تیارییەکان راوەستام. چونکە من "هەقی یەقین" دەزانم ئەو رۆژەی ئاشورییەکان جێگاپێیان لەم ولاّتەدا قایم دەکەن ئەوە رۆژی لەناوچوونە. جگە لەکەسانی ناچیز و ویژدان مردوو کێ هەیە بەمە رازی بێت. جاتکام وایە سەرەتا یەکەمین شت سەرچاوەی دروست کەرانی ئەو پرۆپاگەندانە ساخ بکەنەوە، جا ئەگەر بۆتان دەرکەوت کە راستە ئەوا خوێنی من حەلاّلی ئەو کەسە بێت کە دەمکوژێ. وە ئەگەر درۆ دەرچوو، ئێوە دەبێ یەکەم کەس بن کە ئەوانە تەمبێ خواردوو دەکەن.

پاش توێژینەوە و سوورکردنەوە لەبارەی ئەو پیاوەی کە تۆمەتەکەی بلاوکردبۆوە، توانیمان لەیەکێك لە چایخانەکان بیدۆزینەوە و هەر لەوێ تێروپڕ تێهەڵدانی خوارد. ئەو سەر بە فەرمانگەی هەواڵگریی ئینگلیزیی بوو. پاش ئەوە سەردانی هەندێك لە دۆستانم کرد و هەندێك لە خزمانم بەسەرکردەوە، پێم گوتن کە "موتەسەریف" داوای کردووم و منیش ئەمڕۆ دەچم، و لەوانەیە هەندێك تەگبیر و پیلان لەلایەن ئەحمەد ئەفەندی و موتەسەریفەوە دژی من هەبێ، بۆیە داوام لێکردن کە ئاگاداربن، چونکە ئەحمەد ئەفەندی گەیاندنی هەموو شتێکی چ گەورە و چ بچووك، بۆ بنکەی "دار الاعتماد" و موتەسەریف، بە ئەستۆی خۆیەوە گرتووە. ئەو کەسێکە کە هەروەکو "میجور های" لە کتێبەکەی خۆیدا لە "سنتان فی کوردستان" باسی دەکا "ئەحمەد ئەفەندی بۆ ئینگلیز لەسەگ راستگۆترە" لەوەش زیاتر ناتوانم هیچی دیکە بلێم. ئەوەبوو لەکاتی دیاریکراودا



چووم بۆ چاوپێکەوتنی موتەسەریف لەسەرا، تەماشام کرد جەماوەر لەوێ کۆبوونەتەوە. کاتێك لە ئۆتۆمبیل دابەزیم جەماوەرەکە هوتافیان لێدا. سەرکەوتمە سەرەوە داوای موتەسەریفم کرد. هەرکە چوومە ژوورەوە دەسبەجێ گوتی ئەو هوتافانە چییە؟

وەلاّمیم دایەوە: من چوزانم. بۆچی لە ئەحمەد عوسمان ناپرسی؟ پاش ئەوە دەربارەی ئەحمەد عوسمان پرسیاری لێکردم. منیش پێم گوت تۆ باشتر دەزانی ئەو برادەری تۆیە. پاش ئەوە سەیرێکی چەپ و راستی خۆی کرد و گوتی: راستە دەڵێن هەندێك مەزبەتەت نووسیوە و ناردوتە بۆ مەندوبی سامی؟

پێکەنیم و گوتم:

- ئەمە پرسیارێکی سەیرە. ئەومەزبەتانەی کە تۆ باسی دەکەی بۆمەرامێکی تایبەتی رێکخراون، ئەوە ئەحمەد عوسمان نووسیونی و بە پۆستەشدا ناردونی بۆ بەغدا. لەو دەمەدا سەیری پەنجەرەکەم دەکرد بینیم ئەحمەد ئەفەندی بۆ لای ئێمە دەهات. بە موتەسەریفم گوت: ئەوەتا ئەوە ئەحمەد ئەفەندی خۆی هات. تکام وایە خۆت پرسیاری لێ بکە. کاتێك هاتە ژورەوە و دانیشت، پێم گوت:
- جەنابی موتەسەریف پرسیاری مەزبەتەکان دەکا و نووسینی و ناردنییان دەخاتە ئەستۆی من، تکام وایە راستی کارەکەی بۆ باس بکەی!

ئەحمەد ئەفەندی بێدەنگ ما. منیش قیژاندم ئەی تۆ خۆت پێت نەگوتم کە خۆم نووسیومە و بە ماوەیەکی کەم پێش ئەوەی بێمە هەولێر ناردوتە؟

ئەحمەد ئەفەندی ماوەیەك بێدەنگ بوو، پاشان دەستی کرد بە قسەکردن و قسەکانی سەلماندم.

ماوەیەکی کەم پێش کۆتایی هاتنی ئەم دەیدەنییە موتەسەریف پێی گوتم:

- بیستومە لە دژی عەرەب لەگەڵ ئاشورییەکان رێککەوتووی، چۆن جەسارەتی ئەم کارە دەکەی؟

گوتم:

- ئەوە کاری من نییە چونکە من مسوڵمانم و شتێك ناکەم زیان بەئایینەکەم بگەیێنێ. ئەو قسە و قسەڵۆکانەش کار لە من ناکەن و بە فەرمانی وەزارەتیش نەبێ لەم شارە ناچمە دەرەوە.

موتەسەریف گوتی:

- براکەم، پیاوەتی و شەهامەتی تۆ لای هەموو کەسێك ئاشکرایە، بەڵام من تکات لێدەکەم هەولێر بەجێبهێڵە بۆ ئەوەی ئاسایش تێیدا جێگیربێت.

گوتم:

- من هیچم نەکردووە ئاسایشی هەولێر تێکبدات تا بەدەرچوونی من جارێکیتر ئاسایش جێگیر ببێت. من تەنیا بۆ ئەوە هاتم کە لقێکی یانەکەمان لێرە بکەینەوە بەڵام هەوڵدانەکە بە هیچ چوو. ئەوەش کە هەوڵی تێکدانی ئاسایش و بڵاوکردنەوەی گێرەشێوێنی دەدا ئەوە خۆتان دەزانن کێیە و بە چ مەرامێك و لە بەرژەوەندی کێش بەوکارانە هەڵدەستێ!!

پاشان خۆم ئامادە کرد بچمە دەرەوە. لەو کاتەدا "موتەسەریف" لێم پاڕایەوە کە ئەو جەماوەرەی لەوێ کۆببۆوە بڵاوە پێ بکەم. کە چوومە دەرەوە داوام لێکردن کە بڵاوەی لێ بکەن. ئەوەبوو ئەوانیش بێ ئەوەی شتێکی ئەوتۆ رووبدا کەشایانی باس کردن بێ بڵاوەیان لێ کرد.

ئینجا گەڕامەوە بۆ کۆشکی مەلا ئەفەندی و لەڕووداوەکە ئاگادارم کرد. مەلا ئەفەندی لە هەڵسوکەوتی کوڕە مامەکەی خۆی پشووی دەخواردەوە.

**★ "مستەر کجنك" ((کێ دەزانێ مستەر کجنك کێیە؟))**

بۆ بەیانی "فەڕاشی موتەسەریفییەت" هاتە لام و گوتی:

- مستەر کجنك پشکنەری بەڕیوەبەرایەتی داوات دەکا. منیش چوومە لای، کە دانیشتم گوتی:

- تۆ لێرە چ دەکەی؟



گوتم:

- تۆ هەقت چییە بەسەرەوە چ دەکەم؟

گوتی:

- بیستومە بەکاروبارێکەوە خەریکی کە کاری بەڕێوەبردن دەشێوێنێ؟

گوتم:

- وەکو چی؟

بەدەم هاوارکردنەوە دەستی بە مێزەکەیدا کێشا و گوتی:

تۆ کوردەکان لە دژی ئاشورییەکان هان دەدەی. بەڵام پێویستە بزانی کە حکوومەتی ئێمە سورە لەسەر نیشتەجێ کردنیان بە درێژایی هێڵی بروکسل.

بەساردییەکەوە گوتم:

- ئەو نیشتەجێ کردنە کەی دەبێت؟

گوتی: نازانم، بەڵام پێویستە تۆ دەسبەجێ هەولێر بەجێ بێڵی.

ئەم قسانەی ئەوەندە بە توڕەییەوە گوت کە پێم قوت نەدەدرا. بڕیامدا دەرسێکی بدەم، پێم گوت:

- کەمێك لەسەرخۆبە و ئەم قسەیەم لێ وەربگرە:

دوێنێ بە کرێگیراوەکانتان تۆمەتباریان دەکردم کە لەگەڵ ئاشورییەکان رێك کەوتووم. ئەمڕۆش تۆ پێم دەڵێی کە کوردەکان دژی ئاشورییەکان هان دەدەی. دەمەوێ بزانم لەم تۆمەتانە کامتان راست دەکەن؟ پاشان تۆ دەڵێی حکوومەتی بەریتانیا بڕیاری داوە بەدرێژایی هێڵی بروکسل ئاشورییەکان نیشتەجێ بکا. کێ ئەو مافەی داوە بە بەریتانیا وڵاتێك کە هی ئەو نییە بیدا بەکەسانی تر؟ من ئێستا بە هەموو خەڵکی رادەگەیەنم، مادام ئێوە دەتانەوێ لە زەوییەکانی ئێمەدا نیشتەجێیان بکەن، با خۆیان بۆ جەنگ ئامادە بکەن، یان ئەوەتا بەکەڕامەتەوە دەمرین یان نیشتیمانی خۆمان بۆ خۆمان دەبێ.

ئەم قسەیەم ئەوەندە بە دەنگێکی گەورەوە گوت تا وای لێهات هەندێك لە "فەڕاشەکان" لەوێ کۆببوونەوە تا بزانن دەڵێم چی.

لەوکاتەدا هەستایە پێ و هەستی کرد چ زیادەڕەوییەکی کردووە، دەستی کرد بە پێکەنین و گوتی:

- من گاڵتەت لەگەڵدا دەکەم. ئینجا هاتە پێشەوە و دەستی خستە سەرشانم و گوتی:
- تۆ ژیری کاری خراپ مەکە. بەڵام من بەجێم هێشت و بەدەم نەفرەتکردن لەسیاسەتەوە هاتمە دەرەوە و گەڕامەوە بۆ کۆشکی مەلا ئەفەندی.

پاش ڕۆژئاوابوون بەکاتژمێرێك، ئوتومبیلێك هاتە کۆشك و پیاوێکی لێ دابەزی. ئاگاداریان کردم کە دەیەوێ چاوی بەمن بکەوێ. کاتێك بینیم، پێی گوتم:

- هەندێك لە دڵسۆزان لەناو ئوتومبیلەکەدان و دەیانەوێ قسەت لەگەڵ دا بکەن.

پێم گوت: پێیان بڵێ ئێمە نهێنیمان لەنێواندا نییە، ئەگەریش هەواڵێکی گرنگیان پێیە، با یەکێکیان بێت پێم بڵێ.

پیاوەکە بێدەنگ ما. بەسەریدا قیژاندم بۆ بێدەنگ بووی؟ دەستی کرد بەهەل لەرزین و دەمی تێکەڵ و پیکەڵ بوو و زمانی تێك گیرا. لە بارودۆخەکەڕا تێگەیشتم دەیانەوێ لە هەولێر دوورم بخەنەوە. پێم گوت:

- هەی خاین وەڵاهی ئەگەر ئەو ماڵە نەبوایە ئێستا مێشکم دەپژاندی.

بەڕاکردن هەڵاتە دەرەوە و ئوتومبیلەکەش تێی تەقاند و پیلانگێڕەکانی گێڕایەوە.

مەلا ئەفەندیم لە ڕووداوەکە ئاگادار کردەوە، مەلا ئەفەندی گوتی:

- ئەو بێ شەرمانە هاتوون لەماڵەکەی مندا بتگرن. پاشان بە مەلا ئەفەندیم گوت: بۆ ئەوەی لەماڵی تۆدا شتێکی وا ڕوونەدا نیگەرانت بکا، پێم خۆشە سەفەربکەم.

مەلا ئەفەندی فەرمانی بە جەواد "شوفێرەکەی خۆی" کرد کە خۆی ئامادە بکا و بەیانی بمگەیەنێتە کەرکوك.



بەم شێوەیە هەولێرم بەجێ هێشت و لەگەڵ ڕۆژهەڵاتدا گەیشتمە کەرکوك. پاش ئەوە دەسبەجێ نووسراوێکی تێر و تەسەلم بۆ وەزیری ناوخۆ نووسی و وێنەیەکیشم دایە "مستەر ئیدمۆندز" و لە نووسراوەکەدا قسەکانی "مستەر کجنك" و لێدوانەکانیشیم دەربارەی نیشتەجێ کردنی ئاشورییەکان لەسەر هێڵی بروکسل ڕوون کردبۆوە. کاتێك لە سلێمانییەوە گەڕامەوە بۆ بەغدا چووم بۆ دیدەنی وەزیر لەوێ کجنکم بینی، گوتی:

- دەچم بۆ فەلەستین و ناگەڕێمەوە.

منیش پێم گوت: ئەوە ئەوپەڕیەتی لەوێ پرتەقاڵی باش دەخۆن. دوای ئەوە لەوێ هەڵات و ڕووی کردە ژووری یارمەتیدەری ڕاوێژکار "ئیدمۆندز". پاش پێنج دەقیقە چوومە ژووری ئیدمۆندز. و پێی گوتم:

- کجنك هاتووە شکاتی لێت هەیە.

گوتم: جامن شتێکم نەکردووە شکات هەڵبگرێ تەنیا ئەوەندەم پێ گوتووە لە فەلەستین پرتەقاڵی گەورەی لێیە. ئەمەش وەڵامی قسەکەی بوو کە پێی گوتم دەچم بۆ فەلەستین... جا هەردووکمان دەستمان کرد بە پێکەنین.

## بەڵگەی پازدەیەم:

### 15- بانگەشەکارانی یەکگرتن لەگەڵ ئاشورییەکان بەهاندانی ئینگلیز

پاش ئەوەی لە هەولێرەوە چوومە کەرکوك، چووم بۆ سەردانی موتەسەریفی کەرکوك کە ئەو کاتە خوالێخۆشبوو "تەحسین عەسکەری"بوو، لەڕێگای ئەوەوە زانیم کە براکەی "خوالێخۆشبوو جەعفەر پاشا عەسکەری" بە سیفەتی ئەوەی بریکاری سەرۆك وەزیرانە لەگەڵ "میجور یانگ" بریکاری مەندوبی سامی دێن بۆ هەر سێ لیواکانی باکوور، کەرکوك، سلێمانی، هەولێر بۆ ئەوەی بەیاننامەیەکی هاوبەش دەربارەی پەیمان نامە بەدناوەکەی ئینگلیز و عێراق کە

لە 30ی حوزەیرانی 1930 بەستراوە بلاوبکەنەوە. پاش تەواوبوونی سـەردانەکەم، کەرکووکم بەجێ هێشت و بەرەو سلێمانی کەوتمەڕێ. لە سلێمانی بووم بە میوانی "حەمە ئاغا" پاش گەیشتنم بەماوەیەکی کەم هـەرکام لـە "رەمـزی فـەتاح"و "عزەت تۆپچی- عەقیدی خانەنشین- هاتن، دوای دانیشتن رەمـزی فـەتاح رووی تێکردم و گوتی:



**خوالێخۆشبوو سەید تەها کوڕی سەید سدیق کوڕی شێخ عوبەیدوللای نەهری قایمقامی پێشووی رواندز کە لە کاتی ئاخاوتنمـان لـە بـارەی هاتنـە نـاوەوەی ئەستوورییەکان لە جلفاوە بۆ ناو عێراق باسمان کرد. لەم وێنەیەدا ئەو لە پەنا ئەو تۆپە راوەستاوە کە (وەستا رەجەب)ی کورد سەردەمی میر محەمەد پاشای رواندز دروستی کردووە).**

- بۆچی هاتووی بۆ ئێرە؟

پێم گوت: پرسیارەکەت سەیرە! ئەی نازانی من بۆ دیدەنی تۆ هاتووم؟

خۆی و هاوڕێکەی بەیەك زمان و پڕڕوویییەکی ئاشکراوە گوتیان:



- پێویستە دەسبەجێ سەفەر بکەی، مانەوەت لێرە گونجاو نییە چونکە پێشتر لە هەولێر دانیـشتووانت دژی بـرا ئاشـوورییەکانمان هانـداوە. ئێـستاش دەتـەوێ لێرەش هەمان شت دووبارە بکەیەوە.

گوتم:

- جا کێ ئەو دەسەلاتەی داوە بە ئێوە کە داوای گەڕانەوە لـەمن بکـەن. و ئـەو ئاشوورییانە چ جۆرە برایەکی ئێوەن. وا گومان دەبەم داوای گەڕانەوەتان لە من بە ئاماژەی موتەسـەریف بـێ. چـونکە کجنـك لـە هـەولێرەوە بـە تەلـەفۆن ئاگـاداری کـردووە، یـان لەوانەیـە کجنـك خـۆی تەلـەفۆنی بـۆ پـشکنەری ئێوەکردبێ. وەلامیان دایەوە کە هەر کەسێك ئاگاداری کـردبین یـان فـەرمانی پێ کردبین گرنگ نییە. تۆ پێویستە بگەڕێیتەوە.

گوتم:

- گەوجینە، لەم ولاتە کێ دەتوانێ من دەربکا ئێوە دەبێ زمانی خۆتان بگـرن و ئەم قسەیە لەئێوە ناوەشێتەوە. ئینجا بێدەنگ بوون و لەپاشاندا قـسە و بـاس گەیشتە جێگایەك کـە پێیـان گـوتم ئـەوان هـەوڵ دەدەن لەگـەڵ ئەفـسەرانی سووپای لیڤی بگەنە رێککەوتننامەیەك بۆ گرێدانی پەیمانێکی نهێنی کە تەنیا نووسینی ماوە.

گوتم:

شێوەی ئەو رێککەوتنە چۆن دەبێ؟

- ئێمە خۆمان دەوڵەتێکی سەربەخۆ دادەمەزرێنین و میرنـشینێکی سـەربەخۆش لە چوارچێوەی دەوڵەتەکەماندا بۆ ئاشوورییەکان دادەنێین.

- جا چۆن ئەوەتان بۆ دێتەدی؟ئایا ئێوە بە پەیمانێکی حکوومەتی بەریتانیا پشت ئەسـتورن؟ ئـەی کـێ کەفالـەتی دەرنەچـوونی ئـەو ئاشـوورییانە دەکـا کـە بەپشتیوانی نهێنی ئینگلیز لەرێککەوتنەکە دەرناچن و پاشان سـەر و ماڵتـان بەبادی هەوادا ناچێ؟ ئەمە لەکاتێکدا کەئێوە هیچ پشت و پەنایەکتان نییە؟

- ئێمە دەزانین تۆ دەتەوێ ئەوەی بنیاتمان ناوە تێکی بدەیەوە.

پێم گوتن:

- بەڵکو ئێوە دەتانەوێ کورد لەناوبەرن و نیشتیمان تێکبدەن. ئەگەر راست دەکەن کار بۆ کورد دەکەن رێگام بۆ خۆش بکەن با لەگەڵ ئەو ئەفسەرە ئاشوورییانە رووبەڕووببمەوە تا خۆم قسەیان لەگەڵدا بکەم و لەڕاستی و دروستی پێشنیارەکانیان دڵنیا ببم.

دەسبەجێ رازی بوون و رۆیشتن دوای کاتژمێرێك گەڕانەوە و گوتیان:

- ئەفسەرەکان پاش شێوان لەدەرەوەی شار و لە نزیك "کانێسکان" چاویان پێت دەکەوێ.

لەکاتی دیاریکراودا چووین بۆ جێگای ناوبراو، تەماشام کرد دوو ئەفسەری ئاشوری لەوێ چاوەڕێمان دەکەن.

پاش یەکتری ناسین پێم گوتن:

- بەناسینتان شەرەفمەند بووم، حەزدەکەم لەوەی ئەو دوو برادەرە مژدەیان داومێ لەبارەی رێککەوتنمانەوە بۆ رزگارکردنی وڵات لەدەمی خۆتانەوە ببیستم.

یەکێکیان کە پلەی گەورەتر و لەشێکی زلتری هەبوو بەزاراوەیەکی عەرەبی تێکشکاو وەڵامی دامەوە:

- دەمانەوێ لەسەر بنەمای ئازادی و یەکسانی رێك بکەوین. ئەگەر بەئاشتی بوو ئەوا باشە ئەگەر نا بەهێز.

گوتم: چۆن بەهێز کاربکەین حکوومەت سووپای هەیە و بەریتانیاش هاوپەیمانیەتی؟

وەڵامی دایەوە و گوتی:

- ئەوە بە یەکگرتنی ئێمە دەبێ، و دەربارەی ئینگلیزیش ئەوان خۆیان پەیمانی سەربەخۆییان بە ئێمە داوە.

گوتم: کەوابوو دەبێ دوو دەوڵەت پێك بهێنرێ دەوڵەتێك بۆ کورد و دەوڵەتێك بۆ ئاشوری. پایتەختی ئێوە کوێ دەبێ و پایتەختی ئێمە کوێ دەبێ؟



گوتی: ئەمە مەسەلەیەکی ئاسانە، هەردەوڵەتە ناوەندێك بۆ خۆی هەڵدەبژێرێ.

پاش ئەوە یەکسەر لێم پرسی:

- ئایا دەتوانی سنووری دەوڵەتەکەی خۆتان و ئەو ناوچانەی کە دەیگرێتەوە بۆم دیاری بکەی؟

گوتی:

- ئەو کارە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو رێککەوتنەی کەلەکاتی دیاریکردنی سنوور لەسەری رێك دەکەوین. هەروەها پاش بڕاندنەوەی حسابەکانمان لەگەڵ دوژمنان.

لەوکاتەدا ئەفسەرەکە هەستا و نەیتوانی ئەو پرسیارانە قوتبدا یان قبووڵ بکا. لەگەڵ برادەرەکەی هەستا و مۆڵەتی رۆیشتنیان خواست و لەبەرچاو ون بوون.

لەڕێگا بە دوو برادەرەکەمم گوت:

ئەوەی لەو دوو شەیتانەوە گوێمان لێ بوو ئەوە ئەو پەیماننامە و ئەو رێککەوتننامەیە بوو کە ئارەزوو دەکەن بیبەستن!؟ یان ئەوەتا ئێوە رازین لەسەر ئەوەی دەوڵەتێکی ئاشوری لەم نیشتیمانەدا دابمەزرێ کەچەندین سەدەیە باپیرانمان پاراستویانە! وەڵاهی هەرکەسێك ئەوە بکا "خیانەتە" چونکە ئاشورییەکان هەر کاتێك هەلیان بۆ رەخسا، یان بە یارمەتی بێگانە رێگایان دۆزییەوە، وردەوردە دەست بەسەر ئەو وڵاتەدا دەگرن، و چارەنووسی کوردیش لەناوچوون و نابووتی دەبێ. رۆژی دووەم چووم بۆ لای موتەسەریف کە بەرێز تۆفیق وەهبی بوو. و دەربارەی ئەو رووداوانە قسەم بۆ کرد کە لەم وڵاتەدا دێت و دەچێ کە نە لەبەرژەوەندی کورد و نە وەکو پایەی کەسایەتی خۆشی وەکو "موتەسەریف" لە بەرژەوەندی ئەودایە، چونکە ئینگلیزەکان لەم جوڵانەوەیەدا ئامانج و مەرامیان هەرچییەك بێت، لەکاتی پێویستدا هەر شتێك "مەلیك" داوای بکا ئەوان رەتی ناکەنەوە.

تۆفیق وەهبی وەڵامی دایەوە و گوتی:

- پرسیار لە پشکنەری بەڕێوەبردن "مستەر بان" بریکاری "مستەر کاوون" بکە. لەم کاروبارانە ئەو لەمن شارەزاترە.

پێم گوت:

- بەتەلەفۆن قسەی لەگەڵ بکە باچاوم پێ بکەوێ. ئەویش قسەی لەگەڵدا کرد و چووم بۆ لای مستەر بان، ئەو لاوێکی باڵابەرز و رەنگ سپی بوو، دوای یەکتری ناسین هەندێك پرسیارم لێکرد، بەڵام هەموو جارێك وەڵامەکانی ئەوەبوو "هەمووشتێك لە چوارچێوەی یاسادا بێ باشە و هەرشتێك لەدەرەوەی یاسادا بێ باش نییە".

دواجار پێم گوت: وام زانیوە کە تۆ لەسەر ئەو ئاژاوە و جم و جۆڵانەی لەناو شاردا هەیە رازیت دووبارە وەڵامەکەی ئەوە بوو "هەمووشتێك لە چوار چێوەی یاسادا باشە و لە دەرەوەی یاسادا خراپە".

کاتێك زانیم خۆی لەمەسەلەکە لاڕێ دەکا و لەباسەکە لادەدا بەجێم هێشت و گەڕامەوە بۆ لای موتەسەریف و پێم گوت:

- ئەو زەلامە یان فێڵبازە یان گەوجە.

موتەسەریف گوتی:

- "متمانەی پێت نەکردووە بۆیە قسەی نەکردووە".

پێم گوت: بەڕاستیتە؟ جاکەوابێ بۆچی بە زوڕنای ئەوان هەڵپەڕین. دوای ئەوە چوومە دەرەوە و بەرەو کەرکووك گەڕامەوە.

لێرەدا، لەڕەوتی رووداوەکانی پێشوەوە خوێنەری بەڕێز بۆی روون دەبێتەوە کە ئینگلیز لەڕێگای بەکرێگیراوەکانیانەوە جم و جۆڵێکیان لە بڵاوکردنەوەی ئاژاوەنانەوە، و داخوازی پێکهێنانی حکوومەتێکی کوردی و حکوومەتێکی ئاشوری رێك دەخست چونکە ئاشورییەکان لەو کاتەدا هات و چۆی "کۆمەڵی گەلان" یان دەکرد و داوای سەربەخۆییان دەکرد، و لەم جوڵانەوانەدا کە ئینگلیز لە باکوور سازیان دەکرد تەنیا بۆ ئەوە بوو پشتەوانییەکی سیاسی بۆ مەسەلەی ئاشورییەکان دروست بکەن ئەگینا هیچی تر لەئارادا نەبوو.





**دانەر لە ناوەڕاست لە بەینی خوالێخۆشبوو محەمەد جاف و یەکێك لە خزمەکانی**

**بەڵگەی شازدەیەم:**

**16- یانگ داخوازی لەکورد ئەوەبوو ملکەچی حکوومەت بن، ئایا هەمان داخوازی لە تیارییەکانیش هەبوو؟**

بەرەبەیانی رۆژی هەینی چووم بۆ دیوانی خوالێخوشبوو "عبداللە الصافی" و لەوێ هەندێك گوتوبێژمان لەبارەی پشێوی و ئاڵۆزییەکانی باری سیاسی کە بە ئاشتی کۆتایی هات، پێکەوەکرد. خوالێخۆشبوو پیاوێکی ژیر و هۆشمەند بوو، ئەو لەکوردەکانی عەشیرەتی زەنگەنە بوو پاشان سەردانی موتەسەریف "تحسین عسکری"یم کرد و پرسیاری وادەی هاتنی براکەی "جەعفەر پاشا عسکری"و "میجور یانگ"م کرد. پێی گوتم:

- تا ئێستا نازانم. لەوێ هاتمە دەرەوە و بەرەو کفری بەڕێ کەوتم کەوەك لە جاری یەکەمەوە کە هاتبووم خێزانەکەم لەوێ بەجێهێشتبوو. پاش دوو ڕۆژ لەمانەوەم لە کفری، خوالێخۆشبوو "محەمەد بەگی جاف" کە نایبی کەرکووك بوو. لە گوندەکەی خۆیانەوە کە پێی دەگوترا "کەلار" کە دەکەوێتە نزیك "قەلای شێروانە" وە هات بۆ لام. و پێی گوتم "موتەسەریف" داوای لێکردووم لەو کوبونەوەیەی کە بڕیار وایە بەناوی کوردەوە، بۆ گوێگرتن لەو بەیان نامە هاوبەشە کە پێشتر باسم کرد ببەسترێ، ئامادەبم. ئینجا هەردووکمان بەیەکەوە سەفەرمان کرد بۆ کەرکووك "خوالێخۆشبوو محەمەد بەگی جاف" لە خۆشەویستترین ئەو برادەرانەی من بوو کە خاوەنی ئەوپەڕی هەستی پیاوەتی و نیشتیمانپەروەری بوو. و داوام لێکرد کەلەکاتی خوێندنەوەی بەیان نامەکەدا قسە بکا. محەمەد بەگ پرسیاری لێکردم و گوتی:

- من چۆن قسە بکەم من زمانی عەرەبی نازانم؟

پێم گوت:

- دەتوانی بەکوردی قسە بکەی و وتەکانت لە سنوورێکی دیاریکراودا کورت بکەیەوە. بۆ نموونە دەڵێی "من بە ناوی کوردەوە قسە دەکەم، و داوا دەکەم بڕیاری کۆمەڵی گەلان کە تایبەتە بە دانانی بەڕێوەبەرایەتییەکی سەربەخۆ بۆ کوردەکان لەکاتێکدا ئەگەر ئاڵ و گوڕی سیاسی لە بارودۆخی حکوومەتی عیراقیدا روویدا، جێبەجێ بکرێ" هەروەها تێم گەیاند کە ئەم قسەیە لەگەڵ بڕیاری کۆمەڵی گەلاندا کە تایبەتە بە بارودۆخی کوردەکانی عیراق، یەك دەگرێتەوە و لەهەمان کاتیشدا بەرپەرچ دانەوەی بانگەشەکارانە بۆ دامەزراندنی حکوومەتێکی کوردی و حکوومەتێکی ئاشوری. کە ئەوە ئەو پرۆژەیەیە کە ئینگلیز دەیەوێ لەسەر حسابی نیشتیمان و موڵکی کورد بنیاتی بنێ. پاش ئەوەی گەیشتینە کەرکووك و کۆبوونەوەی بڕیار دراو دەستی پێ کرد و بەیان نامەی هاوبەش خوێندرایەوە، ناوبراو هەستا و داوای کرد کە دەیەوێ قسە بکا. ئەوانیش ڕێگەیان پێدا، ئنجا ئەوەی کەبڕیارمان



لەسەردابوو دەقا و دەق خستییەڕوو. هەندێك کەس ڕێگەیان لێگرت، بەڵام محەمەد بەگ دەسبەجێ وەڵامی دانەوە و گوتی:

- من لە سەرۆکەکانی جافم. سەرژمێری عەشیرەتەکەم "30"هەزار کەسە ئەگەر رازی نین بەناوی کوردەوە قسە بکەم، ئەوا مافی ئەوەم هەیە بەناوی عەشیرەتەکەمەوە قسە بکەم، بەڵام ئەوەی ڕێگام لێ دەگرێ ئەو بەناوی کێ وە قسە دەکا؟ ئینجا بریکاری سەرۆکی وەزیران هاتە ناو مەسەلەکەوە و کۆتایی بە دانیشتنەکە هێنا. پاش چوونە دەرەوەی محەمەد بەگ و بەڕێ کردنی، خۆم چووم بۆ هەولێر. پاش ئەوەی گەیشتمە ئەوێ بینیم ژمارەیەك لە سەرۆك عەشیرەتەکان و پیاوماقولان لە خانووی ئەحمەد عوسمان کۆبوونەتەوە، و بەشەکەی تریان لەگەڵ "عطاءالله ئاغای کوڕی رشید ئاغا" ڕێککەوتوون ئەم بەشەیان مەیلیان بەلای تورکیا "تورکیزم" دابوو ئەمەش بۆ لێدان و نەفرەت کردن لە ئەحمەد ئەفەندی بوو چونکە حاجی رەشید ئاغا لە پیاوماقوڵانی کورد بوو. لەکاتی گوتوبێژ لەگەڵ کۆمەڵەکەدا بڕیاردرا خدری کوڕی ئەحمەد پاشای دزەیی بەناوی عەشیرەتەکانەوە قسە بکا و بڵێ: ئێمە ئەوەمان دەوێ کەخەڵکی سلێمانی دەیانەوێ. منیش ئەرکی قسەکردن لەبارەی مافەکانی کوردم خستە سەرشانی خۆم، ڕۆژی دووەم لەسەر داوای موتەسەریف بانگ کراوەکان چوون بۆ سەرای حکوومەت، بەڵام، بانگێشتی منی نەکردبوو، بەڵکو فەرمانی دابوو کە نەهێڵن بچمە جێگای کۆبوونەوەکە، کاتێکیش گەیشتمە سەرای حکوومەت "جێگای کۆبوونەوەکە" یەکێك لە کۆمیسەرەکان هاتە پێشەوە و گوتی:

- "بەفەرمانی موتەسەریف چوونەژوورەوە قەدەغەیە"

پێم گوت:

- کوا موتەسەریف؟

بەدەست ئاماژەی بۆ کرد..

موتەسەریف لە تەنیشت قوتابخانەی دواناوەنـدی راوەسـتابوو. خـەڵکیش لـە گۆڕەپانی بەردەم "موتەسـەریفییەت" کۆببوونـەوە کاتێـک گەیـشتمە بـەردەمی موتەسەریف. هوتافی ئامادەبووان بەرزبۆوە بە موتەسەریفم گوت:
- بۆ ناهێڵی بێمـە ژورەوە؟ موتەسـەریف پـاش ئـەوە هەسـتی بـە هەسـتیاریی هەڵوێستەکە کرد، بانگی کۆمیسەرەکەی کرد:"بۆ ناهێڵی بێتە ژورەوە؟"
کۆمیسەرەکە لەبەرخۆیەوە پێی گوتم: فەرموو بەگم، تاوانی مـن چییە ئـەو خۆی فەرمانی کردووە و پاشان پەشیمان دەبێتەوە . بەم شێوەیە چوومەژورەوە.
لەوێ بەڕێز "جەمال رەفعەت" یاریدەدەری ئەوسای بەڕێوەبەری —تەحریرات- م بینی کە بەئەرکی تەشریفات هەڵدەستا، پێشوازی لێکردم و کورسییەکی بـۆ ئامادە کردم. منیش ئامادەبووانم ئاگادار کردەوە کە دوێنێ شـەو پـاش ئـەوەی لەگەڵ عطـا اللە ئاغا و برادەرەکانی رێك کەوتوم لەم کۆبوونەوەیەدا ئامادە نـابن. ئامادەبووان بەم مژدەیـە دڵخـۆش بـوون. لەوکاتـەدا هەنـدێك فرۆکـە لـەئاسمان دەرکەوتن کە سەرۆك وەزیران و بریکاری مەندوبی سامی و هەندێك لەوەزیرەکانی تێیدابوون. پـاش چـەند دەقیقەیـەك داوایـان کـردین کـە ئامـادە بـین. کاتێـك گەیشتینە سەر پلەکان بریکاری بەڕێوەبەری گشتی پێشی پێگرتم و گوتی:
- تکا دەکەم تۆ سەرمەکەوە چونکە تۆ بانگ نەکراوی.
پێم گوت:
- بانگهێشتەکە گشتییە و وابزانم پێویستی بە بلیتی چوونە ژورەوە نییە.
وەڵامی دامەوە و گوتی:
"من فەرمانم پێکراوە". کاتێك محەمەد ئاغای باڵەك گوێی لەقسەکانی مـن و بریکاری بەڕێوەبەر بوو، پرسی: چی دەوێ؟
گوتم ناهێڵێ سەربکەومە سەرەوە.
گوتی کەوابێ کەسمان ناچینە سـەرەوە، و دەسـتی کـرد بەهاتنـە خـوارەوە و کۆمەڵێکیش بەدوایدا هاتنەخوارەوە. لەم کاتەدا کە بریکار نالەباری وەزعەکـەی



بینی کشایەوە دواوە، و ئێمەش چـووینە سـەرەوە بـەڵام لەبـەردەمی ژوورەکـەی موتەسەریف، بەڕێوەبەری پۆلیس بەڕێز "دریش" پێشی پێگرتم و گوتی:
- بێ قەزابی، دەخیلـت بم مەچـۆژورەوە چـونکە وەزیـری نـاوخۆ جـەمیل بـەگ مەدفەعی، فەرمانی بە موتەسەریف کردووە کە نەهێڵێ بچیتە ژورەوە.
پـێم گـوت: مـادام وەزعەکـە ئاوایـە هـەر دەبـێ بـچمە ژورەوە، جـا پـاڵم بەدەرگاکەوە ناو چوومە ژوورەوە. کە تەماشام کـرد موتەسـەریف، ئـەو سـەرۆك عەشیرەت و پیاوماقوڵانە کەپێش ئێمە چـوونەتە ژورەوە، هـەر کامیـان بـەناوی خۆیەوە پێشکەش دەکا، وە هەیئەتەکە بریتی بوو لە خوالێخۆشبوو "جعفر پاشـا عەسکەری"، میجور یانگ، جەمیل مەدفـەعی، جـەمال بابـان وەزیـری داد". منیش بە تورەییەکی دیارەوە خۆم پێشکەشی میجوری نـابراو کـرد و تەنانـەت دەستم گەیاندە بن لوتی و خۆمم پێشکەش کرد: مەعروف چیاووك.
ئەویش پێکەنی و ئاماژەی بۆ کردم کە لە تەنیشت ئەحمەد ئەفەندی عوسـمان دابنیشم، پاشان کە هەموویان دانیشتن جەمیل بەگ مەدفەعی بە گوێی جەعفەر پاشایدا چرپاند و گوتی: من ناتوانم، ئێستا دەچم بـۆ شـەقڵاوە، و هەسـتا چـووە دەرەوە. دوای ئەوە بـەیان نامـەی هاوبـەش خوێندرایـەوە و لـەوتاری بریکـاری سەرۆك وەزیراندا هاتبوو:
**"ئەوان تێبینی ئەو نارەزایەتییانەیان کردووە کە بەهۆی ئـەوەی مەسـەلەی کورد لە پەیمان نامەی ساڵی 1930دا ناوی نەهاتووە، وەئەو، نایەوێ لەو هۆکار و فاکتەرانە بکۆڵێتەوە کە بووەتە هۆی ئەو نارەزایەتییانە و ئەو راشیدەگەینێ کە حکوومەت بۆ دڵنیاکردنەوەی ئارەزووەکانی کورد، بەڵێنەکانی خـۆی جێبـەجێ دەکا و هەروەها حکوومەت کاری پێ کردووە و لـە پاشەرۆژیـشدا هـەر کـاری پێدەکا و سوورە لەسەر پێویستی نەخشەکەی، و ئەوپەڕی پابەندبوون، پابەندیی هەیە بە پێویستی لەناوبردنی هەر چەشنە مەیل و خولیایەك کـە یەکپارچـەیی نیشتیمانی عیراقی بشێوێنێ، و هەر شتێك کەنێوان باشی لە هاوسێیەتی لەگەڵ هەردوو حکوومەتی دۆستی تورکیا و ئێران بشێوێنێ، هەروەها حکوومەت هەوڵ**

دەدا بۆ دانانی قانونی زمانی کوردی، و یاریدەدەرێکی بۆ بەڕێوەبەری گشتی ناوخۆ داناوە و پشکنەرێك بۆ پەروەردە کە بەشێوەیەکی گشتی قوتابخانەکانی لیوای سلێمانی و قوتابخانە کوردییەکانی هەولێر و کەرکووك بە سەربکاتەوە. هەروەها رێوشوێن لەبەرچاوگیراوە بۆ ئامادەکردنی ئەفسەرانی پۆلیس لەوانەی کە شارەزای زمانی کوردین بۆ ئەوەی لەم وارەدا بەکار بهێنرێن. ئێوەش بەقسەکانی ئەوکەسانە کە ئەو خۆشگوزەرانییە راستەقینەی کوردەکان کەڕەعیەتگەلی خاوەن شکۆ "مەلیك فەیسەڵی یەکەم"ن چاوی کوێر کردوون، فریومەخۆن هەروەها بریکاری باوەڕپێکراوی سامی ئەویش لەبارەی بیروڕای حکوومەتەکەیەوە قسەتان بۆ دەکا."تەواو"

هەروەها لە بەیان نامەی (بریکاری باوەڕ پێکراوی سامی) دا هاتبوو:

"ئەو لەسەر ئارەزووی حکوومەتی عیراقی لەگەڵ بریکاری سەرۆك وەزیراندا هاتووە بۆ ئەوەی بۆ هەر کەسێکی روون بکاتەوە کە گومانی هەبێ لەوەی کە هەر چەشنە جیاوازییەك لەنێوان سیاسەتی بەریتانیا و سیاسەتی حکوومەتی عێراقیدا هەبێ. ئەم پەیمان نامەیەش کە بۆ ماوەی 25ساڵ مۆرکراوە گەورەترین بەڵگەیە لەسەر ئەم رێککەوتنە. هەندێك لەئێوە لەلای حکوومەتی ئێمە و لە کۆمەڵی گەلان نارەزایی پیشانداوە کە لە پەیمان نامەکەدا ناوی وڵاتی کورد نەهاتووە، حکوومەتی ئێمە بە رێککەوتن لەگەڵ حکوومەتی عیراقی، ئەمەیان بەکارێکی پێویست نەزانیوە، ئەمەش بەرەچاوکردنی ئەو بڕیارەی حکوومەتی عیراقی کە لەسەر هەمان ئەوسیاسەتە بەردەوام دەبێ کە ئێستاکە باسی لێوەکرا، حکوومەت رێزی ئەوە دەگرێ کەزمانی کوردی لەبەشێکی گرنگی عیراقدا زمانێکی نەتەوەییە، لەبەر ئەوە منداڵی کورد ناچار ناکرێ بە زمانێکی جیاواز لەزمانەکەی خۆی بخوێنێ و کوردێك ناچارناکرێ لەدادگادا بەزمانێك بەرگری لەخۆی بکا کەتێی ناگا. هەروەها ئەو فەرمانبەرانە دادەمەزرێن کە زمانی کوردی دەزانن، حکوومەتی عیراقی ئامادەیە و ئارەزووش دەکا کە جیاوازی لەنێوان رەعیەتەکانی خاوەن شکۆ مەلیك فەیسەڵدا نەکا. یەکەمین گرنگی



پێدانی حکوومەتی بەریتانیا لەوەدا چڕدەبێتەوە کە دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی عیراقی دابین بکا کە پەیوەندییەکانی دان نان بەچاکەکاری و پێزانین هەروەها بەئەندام بوونی لەکۆمەڵی گەلان بەیەکیانەوە گرێ دەدا. بەریتانیا پشتیوانی لەهیچ جوڵانەوەیەك ناکا کەبزانێ لەگەڵ ئەم سیاسەتەدا یەك ناگرێتەوە، بۆ نموونە ئارەزووی جیابوونەوەی کوردەکان، هەندێك سەرچاوەی نابەرپرس وای دەبینن کە سیاسەتی دوایی بەریتانیا دنەدانی نیشتیمانپەروەری کوردییە. ئەمەش بۆ داچڵەکاندنی عیراق نییە بەتەنیا، بەڵکو بۆ داچڵەکاندنی هەردوو دراوسێی خۆشەویستی عیراق، تورکیا و ئێرانە. من دەڵێم هیچ شتێك نییە هێندەی ئەمە لە راستییەوە دووربێت و ئەگەر کەسێك هاتەلای باوەڕپێکراوی سامی یاخود هاتە لای من "بریکاری باوەڕپێکراو" و وابزانێ هەر جۆرە دنەدانێك وەردەگرێ، ئەوا بەهەڵەچووە. با هەمووان بزانن کە ئەوەی ئەم دوو حکوومەتە دەیانەوێ، ئەوەیە کە عیراقی یەکگرتوو پێش بکەوێ و هەموو ئەو توخمە جیاوازانەی کە دانیشتووانی عیراق پێك دەهێنن ببن بە عیراقی راستەقینە "تەواو".

"تێبینی دەکرێ کەهەردوو بەیان نامەکە هەرچەندە لە داڕشتندا جیاوازییان هەبێ لەمانادا یەکن. پوختەی هەردوو بەیان نامەکەش ئەوەیە کە نارەزاییەتییەکانی ئێوە بەدەم بای کۆمەڵی گەلانەوە چوو، و جگە لەوەی کە گوتمان شتێکی دیکە بۆ ئێوە نییە و ئەوکەسەش کە زمانی بکاتەوە ئەوە جیابوونەوە خوازە و جگە لەلێدان شایانی هیچی تر نییە و"تەواو".

پاش ئەوە جەعفەر پاشا رووی کردە سەرۆك عەشیرەتەکان و گوتی:

- چیتان دەوێ؟

ئینجا خدر بەگی دزەیی هەستا و گوتی:

- ئەوەی خەڵکی سلێمانی دەیەوێ ئێمەش ئەوەمان دەوێ.

دوای ئەو ئیسماعیل رەواندزی گوتی:

- ئێمە ئازادی تەواومان دەوێ.

جەعفەر پاشا بەسەریدا قیژاند و گوتی:
- دانیشە تۆ بچووکی و نازانی چیت دەوێ.
پاشان پرسیار ئاراستەی ئەحمەد ئەفەندی عوسمان کرا، ئەحمەد ئەفەندی گوتی:
- منیش ئەوە دەڵێم کە ئەوان گوتیان.
جەعفەر پاشا بەرپەرچی دایەوە و گوتی:
- ئەوان چییان گوتووە. تۆ ئەندامی ئەنجوومەنی ماقوڵانی چۆن دەڵێی وەکو ئەوان؟
پاشان من هەستام و مۆڵەتم داواکرد کە چیم پێیە بیڵێم.
جەعفەر پاشا کە هاورێ و برای شیریم بوو، گوتی:
- من مۆڵەتی قسەکردنم پێنەداوی تۆ کێی؟ دانیشە...
بەپێکەنینەوە پێم گوت:
- بەڕاستیتە من کێم؟ بۆ پێویستیم بەوە هەیە یەکێك بمناسێنێ؟
گوتی: بێ دەنگ بە ئەگینا دەیکەم بە "مەسەلەیەکی ئایینی"... بە دەستیش بەمێزەکەیدا دادا.
گوتم: وەڵابیکەیە، لەوکاتەدا "یانگ" بەئینگلیزی پێی گوت وازی لێ بێنە باقسە بکا.
جەعفەر پاشا گوتی: قسەبکە بەڵام بێ دووبارەکردنەوە.
گوتم:
- جا چۆن زانیت قسە دووبارە دەکەمەوە؟
ئینجا لەقسەکەی خۆی هەڵگەڕایەوە و گوتی:
- قسە بکە با گوێمان لێ بێ و مشتومڕ بەس بێ چیاووك.
گوتم:
- کاتێك کۆمەڵی گەلان بڕیاری ئینتدابی بەسەر عیراق و وڵاتانی دیکەی داتاشراو لەدەوڵەتی عوسمانی دا، وەکو پاشکۆیەکی ئەو بڕیارە، بڕیاری دا ئەگەر هات و ئاڵوگۆڕێك لەبارودۆخی عیراق روویدا، کوردەکان بۆیان هەیە



بگەڕێنەوە سەر تورکیا، یاخود "ئۆتۆنۆمی" یان بدرێتێ. ئێستاش کە ئەم پەیمانە لەنێوان عیراق و ئینگلیزدا بەستراوە ئێمەی کورد داوای بڕیاردانی چارەنووسی خۆمان دەکەین. ئەوەش بەوەی کە بەپێی بڕیاری ناوبراو ئۆتۆنۆمی "بەڕێوبەرایەتی جیا" مان بدرێتێ.
جەعفەر پاشا قیژاندی:
- ئەم جۆرە بڕیارە نییە.
گوتم:
- با پاشا رێگەم بدا قسەکەم تەواوبکەم، وەزیری داد جەمال بابان کە ئێستا لێرە لەتەنیشت میجور یانگ دانیشتووە، پێشتر بە ئیمزای خۆی داوای سەربەخۆیی بۆ کورد کردووە زۆر سەیرە کە ئێستا دێتە ئێرە و بە بەیان نامەی هاوبەش هەڕەشەمان لێ دەکا، جا نازانم ئەمە بەلای جەمال بابانەوە شتێکی بۆ سەربەخۆیی تێدایە؟
"هەمووان دەستیان کرد بەپێکەنین" بەڵام جەمال بابان عەرەقی لێ دەچۆڕایەوە. پاشان داوام کرد ئەو فایلە بهێنن کە بڕیارەکانی کۆمەڵی گەلانی تێدایە. کجنك چوو فایلەکەی هێنا و بڕیاری ناوبراوی دۆزییەوە کە لەوێدا هەڵگیرابوو، لەو کاتەدا جەعفەر پاشا هەستایە پێ و گوتی:
- کۆبوونەوەکە تەواو. و بەڕاکردن چووە دەرەوە، لەوکاتەدا دەمویست بچمە دەرەوە، "فەڕاشێك" هات و گوتی بریکاری مەندوبی سامی لە ژووری "مستەر کجنك"ە، دەیەوێ بتبینێ چوومە ژورەوە... بینیم ئیسماعیل رەواندزی و ئەحمەد عوسمان دانیشتوون. سلاوم کرد و دانیشتم.
میجور یانگ رووی تێکردین و گوتی:
- "من چاوەڕێی ئەوەم نەدەکرد ئەو شتانەی ئەمڕۆ لەئێوە ببینم. تکام وایە لەبیرتان نەچێ کە دەرچوون لە حکوومەت تاوانە و سزاکەشی لەسێدارە دانە".
وەڵامیم دایەوە:

- ئێمە بەهیوای ئەوە بووین شتێکی تر لە تۆوە ببیستین. یـانگ ئـاوڕی دایـەوە لای من و دەیویست شتێك بلێ. لەو دەمەدا "شەربەت" یان هێنایـە ژوورەوە. ئەو بێدەنگ بوو. بەدەم وەلانانی شەربەتەکەوە گوتم:

- ئایا ئەوەی بەسێدارە حوکم درابێ ئارەزووی هەیە شەربەت بخواتەوە؟

هەستام و بێ ئەوەی شەربەتەکە بخۆمەوە چوومە دەرەوە و سواری ئوتومبیـل بووم و بەرەو کەرکووك کەوتمەڕێ. کاتێك گەیشتمە کەرکووك بروسـکەیەکم کـرد بۆ سلێمانی کە شەو دەگەمە ئەوێ، و هەیئەتەکەش بەیانی دەگاتە سلێمانی.

ڕۆژی دووەم لەماڵی "حەمە ئاغـا" کۆبووینـەوە. کاتێـك "مـستەفا پاشـا یامولکی"م نەدی پرسیارم کرد بۆچی نەهاتووە؟ ڕەمزی فەتاح هەڵیدایە و دەستی کرد بە جوێن و تانە لێدان. پێم گوت کە ئەمڕۆ ڕۆژی جوێن و تانە لێـدان نییـە. پاش ئەوە چوومە ماڵی پاشا و هەوڵمدا قەناعەتی پێ بکەم کـە ئامـادە ببێـت. بەڵام ئەو پێداگریی لەسەر دوورەپەرێزیی دەکرد و دەیگـوت مـن نـاتوانم لەگـەڵ ڕەمزی فەتاح و عزەت تۆپچی دابنیشم ناچار بەتەنیا گەڕامەوە. پاشان هەیئـەتی خاوەن بەیان نامەی هاوبەش هاتن. خەڵك لەبەردەرکی سەرا کۆبوونەوە و هـات و هاواریان دەستی پێکرد و قیژەقیژ بەرزبۆوە و هەندێك کـەس دەسـتیان کـرد بـە بەردباران کردنی پەنجەرەکانی سەرا. "شبیر"ی پشکنەری پـۆلیس و مورادبـەگی بەڕێوەبەری پۆلیس فەرمانیان کرد بە دار لێیان بدەن. لەبەر ئەوەی ئەم ڕێوشـوێنە دەبووە هۆی ئەوەی کـەپێك هەڵپـژان لـەنێوان پـۆلیس و دانیـشتوواندا ڕوویـدات، سەرکەوتمە سەر مێزێکی بەرز و هاوارم لە کۆبوونەوەکـەران کـرد کـە ئـەم کـردەوە منداڵانە واز لێ بێنن ئەگینا خۆم دەکوژم، و دەمانـچەکەشم دەرهێنـا و لولەکـەیم بەلاجانگمەوە نا، کاتێك لاوەکان ئەمەیان بینی هەمووو بەیەك دەنگ هاواریان کرد:

دەتانەوێ چ بکـەین؟ گـوتم پـێش هـەموو شـتێك بـێ دەنگـی، و پێویـستە قوتابییانی قوتابخانەکانیش لەبەردەمی خەڵکەکە بوەستن بۆ ئەوەی بەربەستی هـەر کەسێك بکەن کە یاسا و ئاسایش دەشـوێنێ. دەسـبەجێ داواکـەمیان جێبـەجێ کرد، و ئارامی باڵی کێشا و پۆلیس کشانەوە دواوە.



پاش ئەوەی هەیئەتەکە بەیان نامە هاوبەشـەکەی خوێنـدەوە و گـوێگرتن لـە قسە وشك و برینگەکانی ڕەمزی فـەتاح تـەواو بـوو، هەیئەتەکـە گەڕایـەوە بـۆ کەرکووك و لەوێشەوە بۆ بەغدا.

## وەزارەت داوای تۆفیق وەهبی دەکا

لە ماڵی "حەمەئاغا" خەوتبووم پولیسێك هات و گوتی:

موتەسەریف داوای "حەمە ئاغا" دەکا. ئێمەش بەیەکەوە چووین بۆ ئـەوێ. کاتژمێر یازدەی شەو بوو. بینیم موتەسەریف "تۆفیق وەهبـی" وێـسکیی زۆری خواردۆتەوە و "مراد بەگ"ی بەڕێوەبەری پۆلیسیش لەلایەتی. موتەسـەریف بـە بروسکە داواکرابوو بۆ گوت و بێژ لە بارەی کارێکی بەپەلە ئامادە بێت.

بەموتەسەریفم گوت: لێکدانەوەیەکی ڕاست و دروستت دەوێ؟

گوتی: بۆ هیچی وای تێدایە پێویستی بە لێکدانەوە هەبێ؟

گوتم: بەڵێ.

گوتی: چییە؟

گوتم: داوای ئەوە دەکا کە بۆ کارێکی گرنگ بۆ گـوت و بێـژ ئامـادە بیـت. ئەمـەش مانـای کێـشانەوەت لەسـلێمانی و دەسـت بـەردار بـوونی ڕاژەکانـت دەگەیەنێ. بەتوندی هەڵچوو، و گوتی:

- چۆن ئەم لێکدانەوەیەت هەڵێنجا؟

گوتم:

- تۆفیق تۆ پیاوێکی سەربازیت، لەبـەڕێوەبردن و سیاسـەتدا تازەکـاری. ئەگـەر دەتەوێ لـە هەقیقـەتی بروسـکەکە تێبگـەی، لـە جیـاتی خـۆت پـشکنەری بەڕێوەبردن بنێرە بۆ بەغدا. مراد بەگیش هاتە ناو باسەکەمانەوە و گوتی:

- مەعروف بەگ مەسەلەکە واگەورە مەکە، من وای بەباش دەبینم موتەسەریف خۆی بچێت.

پێم گوت: ئەوە ئیشی پۆلیس نییە. مراد هەستا و چووە دەرەوە. دوای کاتژمێرێك گەڕایەوە و رووی قسەکانی کردە موتەسەریف و گوتی:

- کاتێك خەریکی پشکنینی بارەگای پۆلیسەکانی سوارە بووم، تەماشام کرد پشکنەری بەڕیوەبردن لەوێ بەدوامدا دەگەڕا... و پێی گوتم بچۆرە لای تۆفیق وەهبی بەگ و پێی بڵێ سەفەرەکەی پێویستە و دەبێ بەر لەخۆر هەڵات بکەوێتەڕێ، ئەگەر نەچێت تووشی لێپرسینەوە دەبێ.

تۆفیق وەهبی گوتی: کەوابێ هەر دەبێ بچم.

"مراد بەگ" لە قوتابخانەی "روشدیە"ی سەربازی لەبەغدا هاوپۆلی خۆم بوو، پێم گوت:

- تۆ بۆیە چوویتە دەرەوە بچیتەوە بۆ ماڵی خۆت، چ پێویستی دەکرد پاش نیوەشەو بچیتە پشکنینی بارەگای پۆلیسی سوارە، و بەڕێوەبەری پشکنین چۆن توانی لەوێ بتبینێ؟

وەڵامی دامەوە و گوتی: "ئامۆزا" "ماعلی الرسول الا البلاغ" پاشان هەستا و رۆیشت.

پاش ئەوەی قسەکانی مراد بەگم گوێ لێ بوو بە تۆفیق بەگم گوت:

ئەگەر سەفەرت کرد و گەیشتیتە بەغدا و بۆ چاوپێکەوتنی وەزیر چوویتە وەزارەتی ناوخۆ "مەئموری ئەوراق" نووسراوێکی نهێنیت تەسلیم دەکا کە تێیدا نووسراوە: بە هۆی هەندێك هۆکاری دیاریکراوەوە ئەم وەزارەتە بڕیاریدا کە دەست بەرداری راژەکانت بێت.

دوای ئەوە لەگەڵ حەمە ئاغا هەستاین و گەڕاینەوە بۆ ماڵەوە.

تۆفیق بەگ بەیانی زوو سەفەری کرد. لەهەمان رۆژ، هەندێك لەبرایان لەگەڵمدا کۆبوونەوە و رایان سپاردم بروسکەیەك بۆ وەزارەتی ناوبراو بکەم و داوایان لێبکەین کە موتەسەریف بگەڕێتەوە بۆ ئەوەی دەربارەی هەڵبژاردن گوتوبێژی لەگەڵدا بکەین. منیش بروسکەیەکم نووسی کەئەمە پوختەکەیەتی:

"بەو پێیەی کە سەفەری موتەسەریفی ئێمە بۆ پایتەخت پەیوەندی بەمەسەلەی هەڵبژاردنەوە هەیە تکا دەکەین فەرمان بەگەڕاندنەوەی بکەن بۆ



ئەوەی گوتوبێژی لەگەڵدا بکەین". پاشان پەلەیان لەگەڵدا دەکردم کە بەرێگایەکی نهێنی داوای جەعفەر پاشا بکەم، بەڵام کە داوام کرد نەلە ماڵەوە و نەلە فەرمانگە دەستم نەکەوت. بەڵام لەو دەنگانەوە کە لەناو تەلەفۆنەکەوە دەهات تێگەیشتم کە بە ئەنقەست نایەوێ قسەم لەگەڵدا بکا. پاشان داوای "مەندوبی سامی"م کرد و هاتە سەر تەلەفۆن، و کاتێك بەئینگلیزی پێم گوت:

- گود مورنیگ واتە بەیانیت باش.

گوتی:

- گودمورنیگ هوئاریو، واتە بەیانیت باش تۆ کێی؟

گوتم: مەعروف چیاوك، دەسبەجێ تەلەفۆنەکەی داخست. پاش ئەم هەوڵە ژێرکەوتووە، گەڕامەوە ماڵی حەمە ئاغا و بینیم کۆمەڵەی نیشتیمانی لەوێ کۆبوونەتەوە و پاش تاوتوێ کردنی بارودۆخەکان، پێم گوتن:

- براینە من پێشنیار دەکەم بڵاوەی لێ بکەین و هەر کامتان بگەڕێتەوە بۆ گوندەکەی خۆی یان بچێت بۆ بەغدا چونکە من لە ژێر ژێلەمۆوە ئاگرێك دەبینم کە ئینگلیز هەڵیگیرساندووە و پاش ماوەیەك هەرخۆشیان دەیکوژێننەوە. خۆشم هەر ئەمڕۆ دەگەڕێمەوە بۆ بەغدا. زۆر پێداگرییان لەگەڵمدا کرد کە بمێنمەوە تا ئەوەی ناردیان بە دوای خوالێخۆشبوو "حەپسەخانی نەقیب" خێزانی شێخ قادر، بەڵام من بە قسەم نەکردن.

## من و ئەفسەری هەواڵگری

کاتێك خەریك بووم سەفەربکەم، پیاوێك هاتە لام و گوتی:

- ئەفسەری هەواڵگری دەیەوێ چاوی پێت بکەوێ. منیش چوومە لای و پێش ئەوەی دابنیشم گوتی:

- تۆ لێرە چ دەکەی؟

گوتم: ئەوەی کە خۆت دەیزانی.

گوتی: تۆ لەگەڵ ئەم زەلامە خەڵك بەرەو توركیا هان دەدەی... كاغەزێكی لە گیرفانی هێنایە دەرەوە وێنەیەكی منی تێدا بوو كە لەگەڵ "رەیس"ی خانەنشین "عبدالكریم" دا بەجلی سەربازییەوە گیرابوو و كڵاوێكی "قالباق"كە "لە پێستی مەڕ دروست دەكرا" لەوانەی كە ئەفسەرانی تورك دەیكەنە سەریان، بەسەرەوە بوو.

گوتم: مەبەستت لەوە چییە؟ ئەم پیاوە تەمەنێكە دەیناسم و ئێستاش فەرمانبەری ئێوەیە. منیش پیاوێكم بە دوژمنایەتی توركان ناسراوم. جا ئەگەر بەشتێكی تر تاوانبارت كردبام ئەوە گونجاوتر بوو، و پتر لەڕاستییەوە نزیك بوو.

ئەفسەرەكە گوتی: پێویستە لەسەرت سلێمانی بەجێبهێڵی.

پێم گوت: كەس ناتوانێ داوای ئەوە لەمن بكا ئەوە ئیشی منە ئیشی تۆ نییە، پاش ئەوە چوومە دەرەوە.

## گەیشتنەوەم بۆ بەغدا

وەكو لەپێشدا بە( كۆمەڵەی نیشتیمانی)م گوتبوو، بەو هۆیە كەپێشبینی روودانی پشێوی و ئاڵۆزیم لە سلێمانی دەكرد، بڕیاری سەفەرم دابوو، لەبەر ئەوە سواری ئوتومبیل بووم و رووم كردە كەركووك و لەوێوە بەشەمەندەفەر بۆ بەغدا، بەرەبەیانی 29ی ئابی 1930 گەیشتمە ئەوێ. لەم ماوەیە بەتوندی تووشی مەلاریا بوو بووم. رۆژی دووەم خوالێخۆشبوو جەنابی ئیبراهیم ئەفەندی حەیدەری سەرۆكی هەیئەتی یانە هاتە لام، و هەموو ئەو بەسەرهاتانەی كە هەر لەسەرەتای سەفەرەكەمەوە تاكاتی گەڕانەوەم تووشی بووبووم، بۆم گێڕایەوە. بەم بۆنەیەوە هەندێك لەڕۆژنامە بەغدادییەكان نووسیبوویان:"چیاووك بەنەخۆشی گەڕایەوە، جانازانین نەخۆشییەكەی نەخۆشییەكی سیاسییە یان راستەقینەیە" ئینجا كە دەربارەی تۆفیق وەهبی پرسیارم لەئیبراهیم ئەفەندی كرد، ئاگاداری كردم كە هەر ئەو رۆژەی گەیشتۆتە ئێرە وەزارەت دەستبەرداری راژەكانی بووە، و وەزیر ئامادە نەبوو چاوی پێ بكەوێ، بەم شێوەیە ئەوەی پێشبینیم دەكرد و



چاوەڕێم دەكرد، راست دەرچوو. هەروەكو ئەوەی لە سلێمانی لەنزیك بوونەوەی رووداوەكان كە دەستی ئینگلیزی تێدا دەگەڕا بۆ لێدانی كورد. لەڕۆژی 6- 9- 1930 واتە نۆ رۆژ دوای گەیشتنم بۆ بەغدا، ئەوەبوو سەدان خەڵكی بێ تاوان كوژران و بریندار بوون و زۆران كەس دەستگیر كران كە لەناویاندا هەندێك لە دڵسۆزانی ئەندامانی هەیئەتی نیشتیمانی بوون. ئینگلیز دەستی هەبوو لەهاندان و سوود وەرگرتن لە هەندێك كەسانی ئەو هەیئەتە نیشتیمانییە بۆ هاروژاندنی خەڵكی كەبووە هۆی ئەوەی شێخ مەحموود بەدوایەمین جوڵانەوەی خۆی هەستا و لەگوندی "پیران"ەوە بەرەو سلێمانی هێرشی هێنا و پاشان سووپایان كردە سەری و پێكدادانێكی زۆر لەنێوانیاندا روویدا كە بە خۆبەدەستەوەدانی شێخ كۆتایی هات و پاشان بەرێ كرا بۆ "ناسریە"، هەروەكو لەپێشدا روون كرایەوە.

بەڵام بەیان نامەی هاوبەش كە بۆ كۆبوونەوەی خەڵكەكە خوێندرایەوە، هەروەكو ناوەرۆكەكەیمان لەلاپەڕەكانی پێشوودا خستەڕوو، **دووخالی لێ بەدەردەكەوێ:**

**1- ئاماژەكردن بە هاودەستی حكوومەتی بەریتانیا لەگەڵ حكوومەتی عیراقی بۆ ئەوەی بەهێز مل بە كورد كە چ بكەن، ئەمەش لەئەنجامی ئەودەسكەوتە زۆر و زەوەندەی كە لە ئەنجامی ئیمزاكردنی پەیمان نامەی ساڵی 1930 ئینگلیز بەدەستی هێنا.**

**2- رێ خۆش كردن بۆ قبووڵ كردنی ئەو ئاوارە ئاشوورییانە كە لە ئێرانەوە دەهاتن بۆ نیشتەجێ كردنیان و باش كردنی ژیانیان لەلایەن حكوومەتی عیراقییەوە هەروەكو لە لاپەڕەكانی داهاتوو بۆ خوێنەر روون دەبێتەوە.**

### بەڵگەی حەڤدەیەم:

### 17- كردەوەكانی كرنل"لاین"

لە مارتی ساڵی 1924، ئەو دەمەی كە لەكەركووكەوە گوازرامەوە بۆ حاكمیەتی هەولێر، كرنل" لاین" كە یەكێك لەپاشماوەی ئەفسەرانی سووپای داگیركەربوو، ناسی. ئەو، ئەوكاتە لەوێ حاكمی سیاسی هەولێر بوو. لە سەرەتای

سالّی 1930 کاتێك نستورییەکان بە دزی لە "جلفا" وە لە ئێرانەوە لەرێگای کێلەشین و دەورووبەرییەوە بەهاوکاری ئینگلیز بەتایبەتی "کرنل لاین" بەرەو عیراق شۆڕدەبوونەوە تاوای لێهات ژمارەیان گەیشتە سەد و پەنجا خێزان یان زیاتر، کرنلی ناوبراو پێشنیاری بۆ حکوومەت کرد، لە زەوییەکانی "بێتوێن" کە لە پاشکۆکانی رانیەیە، نیشتەجێ بکرێن. لە ئاکامی ئەوە چوومە وەزارەتی ناوخۆ و ناوەندە دەسەڵاتدارەکانی تر، و داوام کرد کە ئەوانە لەبەر ئەوەی کە بەدزییەوە و بەبێ مۆڵەتی حکوومەت هاتوونەتە ناو عیراقەوە، دەبێ دەربکرێن چونکە مانەوەی ئەمانە زەرەر و زیان و گیروگرفتی لێ دەکەوێتەوە. رۆژێك کە لای خوالێخۆشبوو صالح زەکی بەگی ساحێب قران یاریدەدەری ئەوسای بەڕێوەبەری ناوخۆیی دانیشتبووم، کرنل لاین هاتە ژورەوە و فایلێکی پڕ لە کاغەزی پێ بوو، پاش ئەوەی دەستی خستە دەستمەوە و سڵاو و چاك و چۆنی کرد و گوتی:

- "پیرۆز بایت لێ دەکەم کەوا بوویت بەجاسوس"، دەستم لەناو دەستی راکێشا و دەسبەجێ پێم گوت:
- "بەڵێ لەسەر کەسانی ئینگلیز، لەبابەتی تۆ". پاشان پێم گوت:
- ئەی ئەو فایلە چییە پێتە جەنابی کرنل؟ ئەوە نووسراوی ئەو نستورییانەیە کە لە جلفاوە هێناوتن، لەگەڵ ئەو برە پارەیەی کە بۆ دەڵاڵەکان سەرف کراوە!؟

لەوەڵامەکەم حەپەسابوو، کاتێك بینی بەقسەکەی زۆر نارەحەتم بەپێکەنینەوە گوتی:

- زویر مەبە من گاڵتەم لەگەڵ کردی، بەڵام من ئاوڕم لێ نەدایەوە و ئەویش بەنائومێدییەوە رۆیشت. بە دانیشتووانم گوت:
- گوێتان لێ بوو چیی گوت؟ سیاسەتی ئەو ئینگلیزانە لەسەر ئەوە دامەزراوە دڵسۆز بەجاسوس و خایینیش بە دڵسۆز ناوبەرن، پاشان هەستام و رۆیشتم.



**بەڵگەی هەژدەیەم:**

**18- مەسەلەی "مستەر کوب"**

لە پێشدا گوتمان کە حکوومەتی بەریتانیا لەکاتی داگیرکردنی عیراقدا سووپایەکی لەئاشورییەکان بەناوی "سووپای لیڤی"یەوە پێکهێنا کە لەلایەن ئینگلیزەوە سەرکردایەتی دەکرا.

ئەم ئەفسەرانە پاش خانەنشین کردن و گەڕانەوەیان بۆ لەندەن رێکخراوێکیان بەناوی "کۆمەڵەی پاراستنی ئاشورییەکان" پێکهێنا بوو کە بارەگاکەی لە لەندەن بوو. ئەم رێکخراوە ناوەناوە نوێنەرانی خۆی دەنارده عیراق تا پەیوەندی بەئاشورییەکانەوە بکەن و کار بۆ کۆکردنەوە و یەکخستنیان بکەن و بەرەو رێککەوتن لەگەڵ خەڵکانی تر جا مەسیحی بن یاخود کورد، لە پێناوی دنەدانی ئیرادەیان بۆ وەدەست هێنانی سەربەخۆیی خۆیان. یەکێك لەو نوێنەرانە "مستەر کوب" بوو کە بە ناونیشانی "بەڕێوەبردنی کاروباری کۆمپانیایەکی بازرگانی" هاتبوو، کوب ماوەی دە مانگ زیاتر لە موسڵ مایەوە. کوب گەلیك رژد بوو بۆ ئەوەی قەناعەت بە مەسیحییەکانی دانیشتووی موسڵ و گوندەکانی تر بکا تا لەگەڵ ئاشورییەکاندا یەکبگرن.

دوای ئەوەی "کوب" کارەکەی خۆی لەوێ تەواوکرد، هاتە بەغدا و پەیوەندی بە هەندێك لەپیاوانی کوردەوە کرد، رۆژێك سەرلەبەیانی زوو یەکێك لەدەرگای ماڵەوەیدا، کاتێك چوومە دەرەوە پیاوێکم بینی کەپێشتر لە هەولێر بینیبووم، و واش دەزانم لە مەسیحییەکانی ماردین، و وەکو بێتەوە بیریشم ناوی "جاك" بوو. و لە فەرمانگەی "ئەشغال" وەکو یاریدەرەی ئەندازیار کاری دەکرد، پاش ئەوەی سڵاوی لێکردم، گوتی:

- "مستەر کوب" رایسپاردوم نووسراوێکتان پیشانبدەم کە بەزمانی ئینگلیزی نووسراوە و داوا دەکا ئیمزای لەسەر بکەی چونکە لەبەرژەوەندی کوردەکان دایە.

بەپیاوەکەم گوت ئەو "کوب"ە کێیە کەوا باسی دەکەی؟

گوتی: پیاوێکی ئینگلیزە و بەوە ناسراوە کە دۆستی کوردە.

گوتم: باوابێ، بەڵام چۆن دەتوانم نووسراوێکی لەم بابەتە ئیمزا بکەم تا لەناوەڕۆکەکەی تێنەگەم؟

گوتی: کەوابێ بۆت دەخوێنمەوە، کاغەزێکی لەگیرفانی هێنایە دەرەوە و دەستی کرد بەخوێندنەوەی.

کاتێك تەواو بوو لێم وەرگرت و خستمە گیرفانی چاکەتەکەم و حاڵیم کرد کە دەمەوێ خۆم بیخوێنمەوە چونکە زمانی فەرەنسی و شتێکیش لە زمانی ئینگلیزی دەزانم.

پاش ئەوە لێیدا ڕۆیشت. هەمان ڕۆژ کە لەماڵەوە هاتمە دەرەوە و پاشان بۆ نیوەڕۆ کە گەڕامەوە بۆ ماڵەوە، تەماشای گیرفانەکانم کرد بۆ ئەوەی کە کاغەزەکە بخوێنمەوە، هیچ ئەسەرەێکی نەبوو. هەرچەندێکیش هەوڵمدا و بەدوای دا گەڕام بێ هوودە بوو.. هەردەتگوت جادوگەرێك لێی فڕاندووم و بردوویەتی.

ئێوارەی ئەورۆژە لاوێك بەناوی "فتح الله کوردی" هاتەلام و پێی گوتم:

- بەڕێز تۆفیق وەهبی لە هوتیل جەواهیرییە و دەیەوێ بۆ کارێکی گرنگ و نهێنی گوت و بێژت لەگەڵدا بکا.

پێم گوت:

- ئەگەر مەسەلەکە بەو رادەیە گەورە و گرنگە کە تۆ باسی دەکەی، ئەوا کۆبوونەوە لەهوتێل کارێکی ڕاست نییە، و داوام لێکرد کە لەمبارەیەوە ئاگاداری تۆفیق وەهبی بکاتەوە، ئەو ڕۆیشت و پاش ماوەیەك گەڕایەوە و تۆفیق وەهبی بەگیشی لەگەڵدا بوو.

دوای دانیشتن تۆفیق وەهبی دەستی کرد بە قسەکردن و گوتی:

- پیاوێکی ئینگلیز لە لەندەنەوە هاتووە، و هاتۆتە لای من، ئەو پیاوە بریکاری گشتی کۆمەڵەیەکی ئینسانییە کە هەوڵ بۆ گێڕاندنەوەی ئازادی گەلان و ئەو



توخمانەی کەمافیان زەوت کراوە، دەدات. ئەو پیاوە دەسەڵاتی گەورەی پێ بەخشراوە و زۆر لە کەسایەتییە عیراقییەکان، بەتایبەتیش کوردەکان دەناسێ.

پێم گوت:

- ناوی چییە؟

گوتی:

- ناوی "مستەر کوب"ە، و داوامان لێ دەکا مەزبەتەیەك ئیمزا بکەین کەناوەڕۆکەکەی ئەوەیە کە ئێمە پیاوێك دەکەینە بریکار تا لە کۆمەڵی گەلان داکۆکیمان لێ بکا.

گوتم:

- من وای دەبینم پێش ئەوەی ئەو مەزبەتەیە ئیمزا بکەم، چاوم بەو پیاوە بکەوێ و ئاخاوتن لەگەڵ خۆیدا بکەم بۆ ئەوەی بەلێکۆلینەوەیەکی تێروتەسەل لە مەزبەتەکە بکۆڵمەوە، و هەروەها لایەنە شاراوەکان و ئامانجەکانی خۆشی بزانم.

گوتی:

- کەوابوو شەوی سێ شەمە وەرە بۆ ماڵی من لەوێ لەگەڵ جەماعەت چاوت پێ دەکەوێ. پاشان هەستا و ڕۆیشت.

شەوی سێشەمەی بڕیاردراو، چووم بۆ ئەوێ و بەڕێز **محمەد** عەلی عەزیز تۆپچی "ڕەیسی خانە نیشین کراو کە خەڵکی سلێمانی"یە، لەگەڵ خۆم برد بۆ شوێنی کۆبوونەوەکە. کاتێك چووینە ژووری ماڵەکە، وەك دێتەوە بیرم هەرکام لە ئەمین ڕەواندزی "موقەدەمی خانەنشین" و سەرۆکی ئێستای شارەوانی ڕەواندز، تۆفیق قەزاز، شێخ قادری حەفید، فتح لله لەوێ بوون. دوای سڵاوکردن و پاش کەمێك دانیشتن لەدەرگادرا. ئینجا دوو پیاو هاتنە سەرەوە کە مستەر کوب و یوسف مەلەك بوون. خاوەن ماڵ پێشوازی کردن و کاتێك هاتنە ژورەوە تۆفیق وەهبی یەك بەدواییەکدا دەستی کرد بەپێشکەشکردنی ئێمە تا نۆرە گەیشتە سەرمن، بە ئینگلیزی گوتی "ئەوە مەعروف چیاووکە" پیاوەکە باوەشی پێداکردم و لێکدا لێکدا بەسنگی خۆیەوە دەگوشیم و لەگەڵیشیدا ناوەکەشمی

دووباره دەکردەوه چیاووك، چیاووك، هەروەها منیش هەروەکو وی، ئەوم بەسنگی خۆمەوه دەگوشی چونکە دەمزانی بەپیشاندانی خۆشەویستی و سەرسامی خۆی بەرامبەر من، دەیویست فریوم بدا، دوای ئەوه دانیشت.

پاش پشوودان رووی تێکردین و گوتی:

- پێش هەموو شتێك ئەگەر رێگام بدەن بە چەند وشەیەکی کورت ئامۆژگاریتان بکەم.

پێمان گوت: فەرموو.

ئینجا دەستی کرد بە ئاوڕدانەوه بە دەوری خۆیدا و بەلای چەپ و بەلای راستدا رووانی و ئینجا هاتە قسە و بەزمانی خۆی گوتی:

- من ناتوانم قسە لەگەڵ هەمووتان بکەم، و لەوەی روودەدا و دێتە پێشەوه ئاگادارتان بکەم، بۆیە وای بەباش دەبینم کە سەرۆکێك بۆ خۆتان دیاری بکەن کەلەکاتی پێویستدا ببێتە پردی پەیوەندی لە نێوانماندا بەڵام بەمەرجێك ئەو کەسە هەم "ئیداری" و هەم "سەربازی" بێ.

ئێمەش گوتمان: لەناو ئێمە، جگە لە تۆفیق وەهبی بەگ کەسێکی تر نییە ئەو سیفاتانەی تێدابێ.

گوتی: بەڵێ.

پاشان گوتی:

- ئاموژگاری دووەمم ئەوەیە زانیومە کۆمەڵەیەك هەیە بەناوی کۆمەڵەی "پشتیوانی" کە هەموو ئەندامەکانی لەیاخی و رێگرانن، یەکەمین شت وای بەباش دەزانم ئەو کۆمەڵەیە هەڵ بوەشێنەوه بۆئەوەی بتوانین بەرێکوپێکییەوه کارەکانمان یەك بخەین و جێبەجێیان بکەین، و هەلم بۆ برەخسێت پاش گەڕانەوەم بۆ لەندەن دووتاجی نەخش کراو ئامادەبکەم، یەکێکیان بۆ مەلیکی ئێوه و ئەوەی تریان بۆ مەلیکی ئاشورییەکان "بەقوڵی کەوتمە بیرکردنەوه لەم کارە و لەو گوتانە، خەریك بووم بەرپەرچی بدەمەوه، بەڵام دیتم واباشە بۆ ئەوەی لە هەقیقەتی ئەوکەسە تێبگەم، دان بەخۆمدا بگرم". لێم پرسی:



- مەبەستت لە کۆمەڵەی "پشتیوانی" چییە، ئایا لەناو ئامادەبووانـدا کەس هەیە ئەندام بێت لەم کۆمەڵەیەدا؟

گوتی:

- بەڵێ هەیە ئەویش تۆی.

گوتم:

- کەوابوو توێژینەوەکانت دەربارەی ئێمە گەیشتۆتە ئەو رادەیە، ئەی چۆن دەتەوێ ئیمزای من بۆ مەزبەتەیەك وەربگری کە ناوەڕۆکەکەی بریتییە لە دیاری کردنی دوو مەلیك بۆ دوو دەوڵەتی نوێ، منیش پیاوێکی رێگرم؟

کابرا بەو پرسیارە کە گێژ بووبوو، بێدەنگ ما، و چاوی ئەبڵەق بووبوو...

لەپاشاندا گوتی: تۆ بەشێوەیەك قسەکانی منت لێك دایەوه کەمن وام نەدەویست. من مەبەستم ئەوە نەبوو کەتۆ لەرێگرەکانی، بەڵام من ناوی هەندێك لەوکەسانەم لە فەرمانگەی توێژینەوەی تاوانەکان زانیوە کەسەر بەو کۆمەڵەیەن.

پێم گوت: چۆن توانیت بگەیە ئەو فەرمانگەیە و چۆن توانیت ئەم زانیارییانە کۆبکەیەوه.

وەڵامی دامەوه کە فەرمانێکی رەسمیم پێیە بەو هۆیەوه توانیم ئەوه بکەم.

پاش ئەوە تێم گەیاند کەمن ئەندامی ئەو کۆمەڵەیە و هیچ رێکخراوێکی سیاسی ئاشکرا بێت یان نهێنی نیم و ناوی من و ناوی کەسێکی تری لێ تێکەڵ بووە.. ئینجا پێم گوت:

- هەقمان بەسەر ئەو کارانەوه نییە، تۆ دەتەوێ ئیمزای ئێمە بۆ ئەو مەزبەتەیە وەربگری، ئێستا کوا ئەو مەزبەتەیە و ناوەڕۆکەکەی چییە؟

گوتی:

- ئەوەتا، ئاماژەی بۆ یوسف مەلەك، کە قسەکانی بۆ ئێمە وەردەگێڕا، کرد تا مەزبەتەکە بخوێنێتەوه.

ناوبراویش کاغەزێکی لەگیرفانی دەرهێنا، لەهەمان ئەو کاغەزە دەچوو کەمن ونم کردبوو، و بەزمانی ئینگلیزی نووسرابوو. یوسف مەلەك گوتی:

- ئەوەتا ئێستا بۆتان وەردەگێڕمە سەر زمانی عەرەبی.

گوتم:

- یەکەمجار وەکو خۆی بۆمان بخوێنەوە، پاشان وەریگێڕە بۆ زمانی عەرەبی.

ئینجا بۆی خوێندینەوە و دوایش وەریگێڕاو، پوختەکەشی بەم شێوەیە بوو:

1- ئێمە کە ئەو مەزبەتەیەمان ئیمزا کردووە رازین لەسەر ئەوە کە: ئەو زەوییانەی کە کۆمەڵی گەلان بڕیاری لەسەر دەدا کە بدرێت بە ئاشورییەکان، تابێتە نیشتیمانێکی نەتەوەیی بۆیان.

2- ئیقرار دەکەین کە هورمز رەسام بریکاری ئێمەیە بۆ ئەوەی لەکۆمەڵی گەلان داکۆکیمان لێ بکا.

3- ئەو کوردانەی کەلە چوارچێوەی ناوچەکانی ئاشورییەکاندا دەبن بەکەمینە ئازادی تەواوی ئاییینیان دەبێ.

بە ئامادەبووانم گوت:

- ئایا لەو سێ مەرجانە تێگەیشتن؟

تۆفیق قەزاز گوتی: نا، من تێنەگەیشتم و پێویستە گوتوبێژی لەسەر بکەین. منیش بۆم وەرگێڕانە سەر زمانی کوردی. ئەوانیش رایان لە سەر ئەوەکۆك بوو کە تێبینییەکانی خۆمی لەسەر دەربڕم و وەڵامی بدەمەوە بەڵام بەمەرجێك کەس خۆی تێوەرنەدا یان پێشم پێ نەگرێ. بەو پێیە رووم کردە "مستەر کوب" و گوتم:

- جەماعەت رایان سپاردم کە وەڵامت بدەمەوە و تێبینییەکان دەربڕم...

**یەکەم:** بۆ ئەوەی شوێن و رووبەری ئەو زەوییانە کە کۆمەڵی گەلان دەیدا بە ئاشورییەکان، بزانین تکام وایە ئەمەمان لەسەر نەخشە بۆ روون بکەیەوە.

گوتی:

- من رێگەی ئەوەم پێ نەدراوە کە وردەکارییەکان لەسەر نەخشە روون بکەمەوە.

گوتم:

- ئەگەر تۆ رێگات پێ نەدراوە ئەی کێ رێگای بە ئێمەداوە ئیقرار بە بەخشینی زەوی و زارێك بکەین کە سنوور و رووبەری نەزانراوە، ئەمە سەرەڕای ئەوە



کەدان پێدانان و ئیقرار کردن بە مۆڵکدارێتی شتێك کە شێوە و وەسف و جێگا و سنووری نەزانراوە لەگەڵ قانون و ژیریی و مەنتیقدا ناکۆکە. هەروەها پێویستە تۆ ئەوە بزانی کە لەڕاستیدا ئێمە بریکاری گەلی کوردنین و هیچ کامێکمان بستێك زەویمان لە کوردستان نییە، ئەوە "بازرگانە" ئەمە "نووسەرێکی بچووکە" و ئەوەیان "ئەفسەری سووپایە" و خۆشم "پارێزەرم"...تاد...

**دووەم:** ئێمە ناتوانین هورمز رەسام بکەینە بریکار لە کۆمەڵی گەلان، چونکە ئەو لە هەمان کاتدا بریکاری ئاشورییەکانیشە، لەبەر ئەوە کارێکی راست نییە ئەو لە یەك کاتدا دوو سیفەتی داواکار و داوا لەسەر کراویشی هەبێ. جگەلەمەش بۆ ئێمە شەرمە بکەوینە بارێکەوە کە ئاشورییەك بریکاریی ئێمە بکا، خەڵکی چیمان پێ دەڵێ؟ ئایا لەناو کورددا کەسێك نییە بریکاریی رۆڵەکانی گەلەکەی بکا.

ئەمین رەواندزی گوتی:

- کەوابێ با "سورەیا بەگ بەدرخان" بریکاری ئێمەبێ.

مستەر کوب گوتی:

- بەڵێ. لەسەر ئەوە رازیم.

گوتم:

- نا مستەر! ناتۆش ئەفەندی! سورەیا بەگ گەرچی کوردە بەڵام ماوەیەکی زۆر لە ئەوروپا لە ژێر نیری هەژاری و دەستکورتی ژیاوە. ئێمە پیاوێکمان دەوێ باوك و باپیری لەسەر کوردستان مردبن، خۆشی لێرە بمرێت.

کوب گوتی: ئایا پیاوێکتان هەیە چەند زمانێك بزانێ؟

گوتم: بەڵێ زۆر هەیە ئەمە تۆفیق وەهبی یەکێکە لەوان.

گوتی: باشە رازیم.

گوتم:

سێیەم، ئێوە کە لە مەزبەتەکەدا دەڵێن ئەو کوردانەی کە لەناو حکوومەتی ئاشوریدا کەمینەن، ئازادی ئایینییان دەبێ، تکام وایە ژمارەی ئاشورییەکانمان بۆ دیاری بکەن کە حکوومەتی ئەوان پێکدەهێنێ بۆ ئەوەی بتوانین رێژەی کەمایەتی بۆ زۆرایەتی بخەملێنین؟

کوب وەڵامی نەدایەوە.

بەدووی ئەمەدا گوتم:

- ژمارەی ئاشورییەکان لە عیراق لە "13000" سێزدە هەزار کەس تێناپەڕێ،
کوب قسەکەمی بڕی و گوتی: ئەمەڕاست نییە، ئەوان لەو ژمارەیە زیاترن.

گوتم:

- با بیست هەزار کەس بن، یان وەکو ئینگلیز لە راپۆرتەکانیاندا دەڵێن سی و شەش هەزار کەس، گریمان ئەم پروپاگەندانە راستە، ئەوا دیسانەوە لەبەرامبەر ژمارەی کورد کە دەگاتە "180" سەد و هەشتا هەزار کەس، ئەوا لەهەر کوێیەك بنەجێ ببن کەمینەیەکی لاوازن. جا ئەوە نالێم ئەگەر بکەونە سەرباری ئەوە کوردەکان لەزەوییەکانی خۆیان بگوازنەوە بۆ ئەوەی زۆرایەتی پێویست بۆ ئاشورییەکان بەدەست بێنن.

کوب هاواری کرد و گوتی: ئەمە چ قسەیەکە، پاشان هەستایە پێ و لەناوەڕاستی ژورەکە گوتی:

- وا دەردەکەوێ من نەمتوانی مەرامی خۆم کە لەپێناویدا هاتووم و هەوڵی بۆ دەدەم، لەئێوە بگەیەنم ئەمەی گوت و رۆیشتە دەرەوە.

پاش چوونە دەرەوەی ئەو، هەندێك مشت و مڕ و ژاوە دروست بوو، بە ئامادەبووانم گوت:

- من گەدەم ئازاری هەیە لەبەر ئەوە ناتوانم بمێنمەوە و لە گوتوبێژ و دەمەتەقێ بەردەوام بم.

تۆفیق وەهبی رووی کردە جەماعەت و گوتی: "هەرکاتێك بیەوێ رابکات ئەمە بیانویەتی". بەقسەیەك کە دەمکوت ببێ، وەڵامیم دایەوە. پاشان لەگەڵ



هاوەڵەکەم بەرێز محەمەد عەلی عەزیز چووینە دەرەوە. لەدەور و پشتی دەرگای دەرەوە هەندێك کەسمان بینی دەهاتن و دەچوون.

رۆژی دووەم "مستەر کوب" بانگی کردم بۆ شوێنەکەی خۆی لە هوتیل "متروبول" دیسانەوە هەمان بڕگەکانی پێشووی دووبارەکردەوە و ئەمجارەیان پەیمانی ئەوەشیدا کە ئەگەر لەسەر ئیمزا کردنی ئەو پەیمانە شومە رازی بم، بڕەپارەیەکی گەورە جێبەجێ بکا. منیش تێم گەیاند کە تۆ هەڵەی. چونکە من لەوانە نیم کە شەرەف و نیشتیمانی خۆی بەچنگە روپیەیەك دەفرۆشێ، و ئینجا زێدەتر لەسەری رۆیشتم و پێم گوت تکام وایە کەبزانیت ئەوەی کە ئەمەی بۆ پێشنیار کردووی ویستویەتی فریوت بدات بەڵام من پێشیارێکت بۆ دەکەم کە ئەویش ئەوەیە ئەگەر توانیت ئیمزای ئەمین زەکی بەگ بۆ مەزبەتەکە وەربگری، ئەوا بێ چەند و چوون مەزبەتەکە ئیمزا دەکەم. "مەرامیشم لەم کارە ئەوە بوو بەو گێلانە کە دەیانویست مەزبەتەکە ئیمزا بکەن، بسەلمێنم کە چەند بەهەڵەدا چوون، چونکە دەمزانی ئەمین زەکی بەگ ئەوە رەت دەکاتەوە کە ئیمزای بکا".

کوب گوتی" زۆرباشە رازیم.

ئینجا هەستام و پێم گوت کە لەدواییدا لەو وادەیە کە ئەمین زەکی بەگ بۆمان دیاری دەکا، بە تەلەفۆن، ئاگادارت دەکەمەوە.

پاش ئەوە یەکسەر چووم بۆ ماڵی ئەمین زەکی بەگ لە "ئەعزەمیە" و لە رووداوەکە ئاگادارم کردەوە.

پێی گوتم:

- خراپ نییە، کاتژمێر "5"ی ئێوارە چاوەڕێتان دەکەم.

لەکاتی دیاریکراودا لەگەڵ کوب چووم بۆ ماڵی ئەمین زەکی بەگ. ماوەیەکی زۆر لێدوان و گوت و بێژیان کرد، لەدواییدا کوب هەستا و منیش لەگەڵی هەستام.

لەڕێگا لێم پرسی: ئەمین زەکی بەگت چۆن هاتە بەرچاو؟

گوتی: سەری ئەویش وەکو سەری تۆ وایە.

پاش ئەوە کە سواری ئۆتومبیلم کرد و بەڕێم کرد، گەڕامەوە لای ئەمین زەکی بەگ و پرسیاری بیروڕای ئەویشم لەبارەی ئەو پیاوە و کارەکانی کرد.

ئەمین زەکی بەگ گوتی:

- ئەوە ساختەچییە و کارەکەشی دەسیسەیە.

گوتم:

- کەواتە ئەرکی تۆیە ئامۆژگاری ئەو سەرە رۆیانە بکەی و نەهێڵی ئەو مەزبەتەیە ئیمزا بکەن و مەزبەتەکەشیان لێ وەربگرییەوە بۆ ئەوەی وەکو بەڵگەیەکی جێگیر لەسەریان لەلات بمێنێتەوە ئەگینا من ناچار دەبم وەزعەکەیان لەسەر لاپەڕەی رۆژنامەکان بڵاوبکەمەوە بۆ ئەوەی کورد بزانن کەئەمانە داوای چییان لێ دەکەن.

ئەمین زەکی بەگ گوتی: بەیانی وەرە بەیەکەوە دەچین بۆ لایان بەڵکو بتوانین قەناعەتیان پێ بکەین.

ئەوە بوو بۆ بەیانی رۆژی دووەم چووین بۆ ماڵی بەڕێز "سەعید قەزاز" بەڵکو چاومان بە تۆفیق قەزاز بکەوێ، بەڵام نەمان دۆزییەوە و هەروەها ئەوانی تریشمان دەست نەکەوت.

ئەمین زەکی بەگ وای بەچاك زانی کارەکە بۆ ئەو بەجێ بێڵم بۆئەوەی یەك یەکە و بەتەنیا چاوی پێیان بکەوێ و پاشان خۆی لە ئەنجامەکەی ئاگادارم دەکاتەوە، هەروەها تکاشی لێ کردم کە ئارام بگرم.

دوای ئەوە بەرۆژێك یان دوان ئاگاداری کردم کە قسەکردن لەگەڵ ئەوانەدا دادنادا، لەبەر ئەوە تۆ ئازادی لەوەی کەدەیکەی. هەروەها زیاتر روونی کردەوە کەدکتۆر شوکری محەمەد سەکبان "کورد پێیان دەگوت سەگباب" هاندەر و دنەدەری راستەقینەی ئەم گرووپەیە و خۆشی یەکێکە لەئیمزاکەرانی مەزبەتەکە.

پاش ئەوە ئەمین زەکی بەگ بۆی روون کردمەوە کە ترساندنی "سەگباب" کارێکی پێویستە بەڵکو ئیمزای خۆی بکێشێتەوە.



منیش بانگهێشتی سەگبابم کرد کە بۆ گوتوو بێژ لەبارەی مەسەلەیەکی گرنگ بێتە یانەی پێشکەوتن. ئەوەبوو هات بۆ ئەوێ. پاش ئەوەی دەرگام داخست و لەو کاتەشدا جگە لەئێمە کەسی تری لێ نەبوو، لەسەر قەنەفەیەك دانیشتین و لەگیرفانی پانتۆڵەکەم کلیلێکم دەرهێنا، ئەو سەری سوڕما و دەستی کرد بە لەرزین چونکە وای زانی دەمانچەیە، گوتی:

- ئەوە چییە؟ دەتەوێ چ بکەی؟

کلیلەکەم خستە گیرفانی چاکەتەکەمەوە و پێم گوت:

- وام زانیوە لەبەرامبەر بڕە پارەیەکی گەورەدا، بەناوی کوردەوە مەزبەتەیەکت ئیمزا کردووە کە ئیقرار کردن بە دامەزراندنی دەوڵەتێکی ئاشوری دەگرێتە خۆی. ئایا راستە ئیمزات کردووە، و جگە لەتۆ کێی تر ئیمزای کردووە؟

- بەزمانێکی تێکوپێك ئالاوەوە وەڵامی دامەوە و گوتی:

- من تا ئێستا سەرەڕای پێداگری تۆفیق وەهبی ئیمزام نەکردووە، بەڵام جەماعەت ئیمزایان کردووە. ناوی یەك بەیەکی ئەوانەشی گوت کە ئیمزایان کردووە، هەروەها گوتی من هیچ پارەیەکیشم وەرنەگرتووە".

پێم گوت: لەقسەکانتەوە وادەردەکەوێ کە خەریك بووە ئیمزای بکەی، تۆ چیت زاتی ئەوە بکەی مەزبەتەیەك ئیمزا بکەی سەرەتاکەی گاڵتەجاڕی و ئاکامەکەشی کارەسات بێت. تۆ پیاوێکی بیانی بەڵام بانگەشەی ئەوە دەکەی گوایا کوردی، تۆ هیچ لەبارەی کوردەوە نازانی، جارێك قاچت دەخەیتە ناو سەرای ئینتدابەوە، جارێك دەستی راستت دەخەیە ناو باڵۆیزخانەی تورکیا و سەریشت دەخەیە ناو دەرباری مەلەکییەوە و وادەزانی ئاگامان لەو کاروبارانە نییە، کوردی راستەقینە و مسوڵمانی پاك ئەم جۆرە مەزبەتانە ئیمزا ناکا، ئێستا دەزانی هەق وایە چت لێ بکرێ؟ لەگەڵ ئەوەشدا دەستیشم بردە ناو گیرفانمەوە. کابرا دەستی کرد بە پاڕانەوە و گوتی:

- من لەسەر فەرمانی تۆ هاتم و کە هاتیشم کەس و کارم ئاگادار کردەوە کە ئەگەر کاریان پێم بوو ئەوا لەیانەم".

پێم گوت: کارم بەو قسانەدا نییە. من یەکەم شت دەمەوێ دانەیەکم لەو مەزبەتەیە بۆ بێنی، و دووەمیان نابێ ئەو مەزبەتەیە ئیمزا بکەی.

یەکسەر گوتی: بەڵێ، ئەفەندم، بەسەر سەر و بەسەرچاو. پاشان هەستام و بەڕێم کرد.

ڕۆژی دووەم ئاگاداری کردمەوە کەنەیتوانیوە وێنەیەك لەمەزبەتەکە پەیدا بکا. بەڵام بەئیمانێکی پتەوەوە دڵنیای کردم کە ئەو ئیمزای نەکردووە ئیمزاشی ناکا. لەو بار و وەزعەدا، لەبەرامبەر پێداگری ئەو گێلانە و بۆ ئەوەی رای گشتی لێ ئاگادار ببێت بەئەرکی خۆمم زانی راستییەکان بڵاوبکەمەوە ئەوە بوو وتارێکم لەڕۆژنامەی "صدی العهد" لەژێر ناونیشانی " بۆ برا کوردەکانم" بڵاوکردەوە:

## بۆ برا کوردەکانم

ئەرکی نیشتیمانی سەرشانم وێرای خەمێکی قووڵ پاڵی پێوەنام کە بانگەوازێکی تایبەتیتان ئاراستە بکەم. ئێوە ئاگادارن کە من هەر رێ و شوێنێك کەپەیم پێ برد بێ بۆ خزمەتکردنی ئێوە جێبەجێم کردووە و لە داهاتوشدا هەروا دەمێنمەوە. ئێستاش کاتی ئەوە هاتووە کە نیاز پاکی و متمانەی ئاڵوگۆڕ، سەختی و ئاستەنگەکان لەناوبەرن.

ئامۆژگاری من بۆ برایانی بەرێزی کوردم کە خۆشم بەکوردبوونی خۆم شەرەفمەندم، ئەوەیە کە بزانن میللەتان لەچاوتروکانێکدا بە مافەکانی خۆیان ناگەن و ئەوانەش کە ئەم سەدەیان بە سەدەی ئازادی و رووناکی ناوناوە، بەداخەوە خۆشیان نەیان توانیوە ئەم بانگەشەیەی خۆیان بسەلمێنن، و میللەتان هێشتا ماون کە داوای ئازادبوون لە نیری کەلەپچەکانی ئەوان دەکەن. ئەگەر مرۆڤێکی ژێر سیاسەتی سڕینەوەی نەژادی کورد کە لە لایەن هەندێك وڵاتانی دراوسێوە پەیڕەودەکرێ، بخاتە بەر چاو، ئەوا پێویستە لەسەر کوردەکان لەو ساویلکە و بێ ئەقڵانە دوور بکەونەوە. و هۆشیاری ئەو کەسانە بن کە وەکو



کرمی ناوخواردن وان کە لە ناو خواردنەکە دا پەیدا دەبن بۆ ئەوەی بۆگەنیوی بکەن. کوردەکان پێویستە هەوڵ بدەن مافە سروشتی و رەواکانی خۆیان لەرێگای هاوئاهەنگی لەگەڵ برا عەرەبەکانمان بەدەست بێنن کە لە رابردوودا وەکو هاورێ و برا لەگەڵماندا ژیاون، وە ئەرکی سەرشانی برا عەرەبەکانمانە کە بواری سکاڵای ڕەوا و داخوازی هەق خوازانە ئاوەڵا بکەنەوە و چاودێری پەیوەندی بەهێزی ئایین و پەیوەندی یەك نیشتیمانی بکەنەوە.

براکانم: وەختێك بەناو ئێوەدا گەڕام، ئێوە بە باوەڕەکان و راکانی من ئاشنا بوون. من راکانی هەندێك لەکەسانی ساویلکە و گومڕابوو، کە بەباڵی خەیاڵ دەفڕن و ئامانجەکانی خۆیان بەسەر شەپۆلی ئاوەوە نووسیوە، پاشان سەرەڕۆیی پاڵیان پێوە دەنێ کە ئامادەبن رێککەوتن لەگەڵ کەسێکدا بکەن کە لەپاشەڕۆژدا دەبێتە گڕکانێك بۆ سەر نیشتیمانی ئازیز کە بەخوێنی باپیرانمان سور بووە، لەوانەی کەگیانیان بەسەرسەرمانەوە دەشەکێتەوە تا سەیری کردەوەکانمان بکەن، جا بەشی ئێمە یا سووپاس کردن دەبێ یان نەفرەتی هەتا هەتایی. رێوشوێنی راستەقینە و مەنتقییانە کە لەلایەن مێژووی گشت میللەتانەوە ساخ بۆتەوە، ئەوەیە کە مرۆڤ بەقەدەر توانای خۆی بجوڵێتەوە و هەموو مافەکانی خۆی بپارێزێ و بە ژیرانە و دووربینانە ئاگادارییان بکا، بێ ئەوەی دەست بخاتە ناو دەستێکەوە کە پەیوەندییەکی بەم وڵاتەوە نییە. پارچە پارچە بوون و چەند بەرەکایەتیش نیشانەکانی مردنن، بگرە لە نیشانە دیار و بەرزەکانن کە دەردەکەونە دەرەوە. قازانجی هاوبەش و ئەرکی ئایینی بۆ ئاوەدان کردنەوەی وڵات، کۆمەڵە شتێکن کە ناچارمان دەکەن هاوکاری و هاوپشتی برا عەرەبەکانمان بکەین. هەروەکو ئەرکی سەرشانی برا عەرەبەکانیشە کە دڵاوایی خۆیان دەربخەن بۆ ئەوەی هاوسەنگی لەنێوان ئەم دوو نەژادەدا بێتەدی. پاش ئەم پێشەکییە باسێکی بێ سەروبنتان دەخەمە بەرچاو:

وەکو پەیوەندیم پێوەکراوە هەندێك هەوڵ و تەقەللا لەگەڵ ئێوە دراوە بۆ ئەوەی قەناعەتی ئێوە بە راستی و دروستی "جوڵانەوەکەی تۆفیق وەهبی"

بەدەست بهێنرێ. لەبەر ئەوەی من هەر لەسەرەتاوە لەهەقیقەتی ئەم تەڵەیە شارەزا بووم، بە پێویستم زانی ئەم چەند دێرە بخەمە بەرچاو:

من هەر لەسەرەتای جوڵانەوەکەی تۆفیق وەهبی یەوە لەسەر داخوازی خۆی چاوم بەوکاغەزە نووسراوە کەوت کە بۆ ئیمزاکردن ئامادەکرابوو، بەتوندی دەمارم گرژ بوو، و بەتوندی رەتم کردەوە. لەمەشدا زوربەی کوردە ناسراوەکانی بەغدا، جگە لە تۆفیق وەهبی و هەندێك لەو ساویلکانەی کە لەگەڵ ئەودا بوون، کەژمارەیان لەشەش کەس تێناپەڕێ ئەگینا هەموویان پشتیوانییان لەمن کرد، ئەگەر بهاتبایە تۆفیق وەهبی بەکارێکی باش بۆ کورد هەستابا، یەکەمین کەس کە پشتیوانی لێ دەکرد من دەبووم، بەڵام ئێوە سەیرکەن و بەویژدانی خۆتان حوکم لەسەر ئەو نووسینە بدەن کە لەو کاغەزە شومەدا نووسراوە.

1- کوردەکان هورمز رەسام بکەن بە بریکاری خۆیان "هورمز ئەو کەسەی کە رۆژنامەکان هیچیان بۆ من نەهێشتۆتەوە شتێکی لەسەر بڵێم.

2- دان پێدانان بەو ناوچەیەی کە کۆمەڵی گەلان بۆ کەمینە نامسوڵمانەکانی دیاری دەکا، لێرەدا گەورەیی ئەو سوکایەتی پێکردن و پێشێلکارییە بە مافەکانتان حاڵی دەبن کە تا چ رادەیەکە.

من زۆر دەمەتەقێم لەگەڵدا کردن و هەوڵم دا بیان هێنمەوە سەر رێگای راست، کە چی دەستیان کرد بە فرت و فێڵ ساز کردن و ئەوە بوو هەوڵەکانیان بەدەم باوە چوو، دواجار تۆفیق وەهبی چووە حەڵەب و دیدەنی هورمز رەسامی کرد کە لە لەندەنەوە بە تایبەتی بۆ ئەم مەبەستە هاتبوو، وە لەو ماوەیەدا من لەنێوان بێدەنگی و حەپەساندا تێدامابووم وە حەزم نەدەکرد کە لەسەر ئەو رایە پێداگرم کە تۆفیق بە ئەنجامدانی کارێکی لەم بابەتە هەڵدەستێ کە هەموو جۆرە زیانێکی بۆ کورد لێ چاوەڕوان دەکرێ. لەبەر ئەوە لەکاتی گەڕانەوەیدا من و کۆمەڵێك لە گەورە پیاوانی کورد داوامان لێکرد کە هەرچی لەو نووسراوە و لەو راپۆرتەدا کەداویەتی بە هورمز رەسام ئاگادارمان بکا، بەڵام ئەو ئامادە نەبوو، ئێمەش زانیمان ئەو ماستە موویەکی تێدایە، هۆکاری ئامادە نەبوونیشی ئەوە



بوو کە جوڵانەوەکەی ئەو لەبەرژەوەندی کورددا نەبوو، ئیتر وای لێهات گومانمان لەهەڵسوکەوتەکانی پەیداکرد. من رووداوێکی مێژوویی‌تان بۆ دەگێڕمەوە کە هەروەکو ئەو بارودۆخە دەچێ کە ئێستا خۆمان تێیدا دەژین وادیارە مێژوو خۆی دووبارە دەکاتەوە:

"ئیمرلیك" پاشای قودس لەسەردەمی خاچ پەرستیدا مرخی لەوڵاتی میسر خۆشکردبوو. ئیمرلیك بەخۆی و سوپاکەیەوە گەیشتە نزیك دەروازەکانی "قاهیرە"، "عازید" خەلیفەی ئەوسای فاتیمییەکان ترسی لێ نیشت کە مەملەکەتەکەی لەدەست بچێ، دەسبەجێ نامەی بۆ "نورەدین زەنگی" پاشای شام نارد و هانای پێبرد، لەگەڵ نامەکەش چنگێك لە قژی ئافرەتانی کۆشکەکەی خۆی بۆ نارد، "نورەدین" غیرەتی جولا و دەسبەجێ سەرکردەی ئازای خۆی "شێرکۆ"ی کورد مامی "سەلاحەدین ئەیوبی" نارد بۆ میسر، کاتێك شێرکۆ گەیشتە ناو میسر، ئیمرلیك گەڕایەوە سەر سنوورەکان و چاوەڕێی هەلێکی دەکرد، و دەستی کرد بە نامە نووسین بۆ (شاور) وەزیری (عازید) و دۆستایەتی خۆی لەگەڵدا پیشان دا، شاور ویستی چاڵ بۆ شێرکۆ بنێتەوە و لەناوی ببا، بەڵام کوڕەکەی پێشی پێ گرت و پێی گوت: وەڵاهی باوکە ئەگەر میرێکی مسوڵمانمان هەبێ لە دۆستێکی بیانی باشترە چونکە ئەو بیانییە زۆری پێناچێ دەبێتە دوژمن و ناموسی خەڵك دەبا، و کوشتن کاری ئەنجام دەدا، بەڵام مسوڵمانەکە دۆستێکی پاك و دڵسۆز و ئەمین و بەئەمەك دەبێ". ئاموژگاری منیش بۆ تۆفیق وەهبی و مرید و هاوڕێکانی بەهەمان مانا بوو. بەڵام بەداخەوە ئەو سورتر و سەرکێش و یاخی تر دەبوو بێ ئەوەش بەڵگە و سەلماندنێکی هەبێ. هەر ئەوەش پاڵی پێوەنام کە ئەمە بنووسم.

ئێوەش دەتوانن بەژیری و مەنتیقەوە، حوکمی خۆتان بدەن و ئیتر خۆشیتان.

**مەعروف جیاووك**

**"8 ی ئایار 1931 صدى العهد"**

**بەڵگەی نۆزدەیەم:**

**19- مەزبەتەی خواڵێخۆشبوو ئیسماعیل رەواندزی و جەمال بابان، بەو پێودانگەی کە دوو میری کوردن. هەرچەندە ئاواش نەبوو چونکە یەکەمیان لە رەچەڵەکی رەسوڵ پاشانەبوو و دووەمیشیان دایکی بابانی نەبوو.**

بە لەبەر چاوگرتنی ئەوەی کە من لەبنەما و سەرەتاکانی ئەم بابەتە بەتەواوی‌ئاگادارنیم، بۆیە بڕیارمدا بەشێوەیەکی کورت باسەکە بخەمە بەرچاو.

پێش ئەوەی بچمە ناو ناخی بابەتەکە: ئیسماعیل رەواندزی کوڕی سەعید بەگ کوڕی "عەبدوڵا پاشا"یە کە لەسەردەمی عوسمانیدا قایمقامی رەواندز بووە. سەعید بەگ پێش ئەوەی ئینگلیز بێتە ناو عیراقەوە، مردووە.

خێزانەکەی "لەعلی خان" لەگەڵ کوڕەکەی خۆی دەکەونە لای عەبدوڵا پاشای باپیری ئیسماعیل. کاتێك ئینگلیز بەپێی کەلەپوری "مندرس" لیوای هەولێریان لەسووپای عوسمانی ستاند، عەبدوڵا پاشا تەمەنی لەسەد ساڵ تێپەڕی بوو، و تەمەنی نەوەکەشی لە ساڵانی هەرزەکاریدا بوو، واتە لەنێوان چوارده تا پازدە ساڵ. کاتێك حاکمی گشتی مەلەکی بۆ هەڵبژاردنی شوێنی گونجاو بۆ نیشتەجێ کردنی ئەو نستورییانە لەسەر زەوییەکانی نێوان چیاکانی برادۆست و مێرگەسور، و لەنێوان گەرووی گەلی عەلی بەگ و بیخاڵ و زێدا، و لەو گوندانەی کوردەکان لێی دادەنیشن هاتە رەواندز و سەردانی عەبدوڵا پاشای لەماڵەکەی خۆیدا کرد و لەو مەبەستانەی کە خۆی دەیویست پرسیاری لەبارەوە بکا، حاڵی بوو، ئینجا پرسیاری ئەوەی کرد کە ئەگەر پێویستییەکی هەبێ یان ئارەزوویەکی هەبێ بۆی جێبەجێ بکەن. وەڵامی پاشا لەکاتێکدا کە ئیسماعیل لەپشت سەرییەوە راوەستا بوو -ئەمە دابێکی کوردانەیە- ئەوەبوو کە:"ئەمە نەوەی منە و هەتیوە، منیش لەسەر سەفەرم و لەڕەچەڵەکی خۆم جگە لەو کەسی ترم نییە، وەك خزمەتکارێکی ژێر فەرمانتان پێشکەشی بەرێزتانی دەکەم. تکام وایە بکەوێتە ژێر چاودێری ئێوە. هیچ داوایەکی ترم نییە". حاکمی گشتی مەلەکی پێکەنی و گوتی: ئەوا وەك کوڕی خۆمان قبووڵمان کرد. دوای ئەوە رۆیشت.



پاش ئەوەی گەیشتەوە بەغدا، ئیسماعیل بەگ بە حاکمی رەواندز دامەزرا. ناوبراو کە هێشتا "منداڵێکی لە خۆبایی" بوو، بەزرەفڕی حوکم و دەسەڵات لە کەللەیدا، و وای لێهات دەست درێژیی دەکرد و زوڵم و ستەمی دەکرد و کار گەیشتە ئەوەی لەگەڵ ماڵی "باویل ئاغا" و کوڕەکانی بەیەکدا بدەن و ئەم پێکدادانە لەپاشاندا ئەوەندە پەرەی ستاند گەیشتە رادەی کوشتار و ئەم دوژمنایەتییە نەبڕایەوە تا بەکوشتنی ئیسماعیل بەگ خۆی و نابوت بوونی " ئالی باویل ئاغا" سەری کێشایەوە ئیسماعیل بەگ لەسەر داوای مەندوبی سامی، زووربەی گوندەکانی خۆی بەکرێیەکی یەکجار کەم دابوو بەئاشوورییەکان ئەمەش بۆ ئەوەی کە رێنموونی "دار الاعتماد" بە دەست بهێنێ، بەڵام لەبەر هەڵگیرساندنی ئاگری دوژمنایەتی و شکات و سکاڵای زۆر لە حاکمێتی لادرا بێ ئەوەی ئەو راژانەی پێشووی بۆ سەرای ئینتداب لەبەرچاو بگیرێ. ئەمە پوختەیەکی کورت بوو لە ژیانی ئیسماعیل بەگ رەواندزی. بەڵام جەمال بابان: ئەو کوڕی رەشید بەگی بابانە کە نووسەری یەکەم و یاریدەدەری دادپرس بوو لە دادگای خانەقین دایکی ناوی "زوهرە" و ئێرانی بوو. لەئێرانەوە هاتۆتە خانەقین و چۆتە ماڵی رەشید بەگ و "جەمال"ی بووە، پاش مردنی رەشید بەگ، جەمال بابان لە ماڵی مەجید پاشای کفری دەمێنێتەوە. ئەم پاشایە باپیری محەمەد بابانی پارێزەرە "جەمال بابان" پاشان دێتە بەغدا و دەچێتە ماڵی عەبدوڵا بەگی بابان کوڕی قادر بەگ کە لە باوکەوە کوڕی مەجید پاشایە. پاشان دەچێتە قوتابخانە و "حقوق" تەواو دەکا. دایکیشی لە کنگربان مردووە. ئەو لەجەنگی یەکەمی جیهانیدا دەچێتە ناو ریزی سووپای مەلیك حسێنەوە. کاتێك گەڕایەوە بۆ بەغدا، بەحاکمی سلێمانی دامەزرا، و لەگەڵ موتەسەریف ئەحمەد تۆفیق بەگ بەیەکیان دادا، لە ئاکامی ئەوە گوازرایەوە بۆ موسڵ و دوای ئەوە لە ساڵی 1928 وەکو نوێنەری هەولێر هەڵبژێردرا.

بەڵام لەبارەی مەزبەتەکە، کە لەم وتارەدا ناوەرۆکی لیکۆڵینەوەکەمان پێك دەهێنێ، دەڵێم:

رۆژێك كە لە دادگای تێهەڵچوونەوە "ئیستئناف" چاوەڕێی "مورافعە" بووم. ئیسماعیل بەگ هاتە لام و كاغەزێكی پێبوو، پاش سڵاو پێی گوتم ئەم كاغەزە ئیمزا بكە. منیش كاغەزەكەم لێ وەرگرت. لەكاغەزەكەدا چەندین ئیمزا كەوتنە بەرچاوم كەلەوانە ئیمزای جەمال بابان و ئیسماعیل بەگ خۆی و حازم شەمدین ئاغا بوو. پاش ئەوەی دەستم كرد بەخوێندنەوەی، تەماشام كرد داخوازی دامەزراندنی یەكەیەكی بەڕێوەبەرایەتی كوردی دەكا كە لیواكانی هەولێر و كەركووك و سلێمانی و لیوای دهۆك بگرێتە خۆی، وە پشكنەرێكی گشتی كورد كە پردێك دەبێ لەنێوان ئەم یەكەیە و حكوومەتی ناوەندی، حوكمی بكا، داوا دەكا. ئەمە لە بەرواری شوباتی 1929 دا نووسرابوو وە ئاراستەی خاوەن شكۆ مەلیك و مەندوبی سامی بەریتانی كرابوو. بە ماوەیەكی كەم پێش ئەوەی تەواوی بكەم بە "ئیسماعیل بەگ"م گوت:

- براكەم ئەم كاغەزە وەكو لەداڕژتنەكەی و شێوازە سادەكەیەوە دەردەكەوێ لەزمانی ئینگلیزییەوە وەرگێڕدراوە. من لەو باوەڕەدام كە ئەمە فێڵێكی سیاسییە و ئەو ئیبلیسانە دەیانەوێ رەواج بەئامانج و بەرژەوەندییەكانی خۆیان بدەن، و لەرێگای وەرگرتنی ئیمزاكانی ئێمەوە یاری لەسەر بكەن.
ئیسماعیل بەگ وەڵامی دامەوە گوتی:

- ئامانج و بەرژەوەندی ئەو كەسانەی كە ئاماژەت پێ كردن چییە؟

گوتم: ئەگەر راستت دەوێ ئامانج دامەزراندنی دەوڵەتێكی ئاشوورییە لەسەر حسابی كورد. ئینگلیز لەم داوایەی ئێمەوە پاساویان وەگیر دەكەوێ بۆ ئەوەی بانگی ئاشوورییەكان بكەن حكوومەتێكی تر لەكوردستان دابمەزرێ. لەبەر ئەوە من هیچ جۆرە كاغەزێكی لەم بابەتە ئیمزا ناكەم. و ئەگەر حەز دەكەن بۆ بەرژەوەندی كورد كاربكەین، با كۆبینەوە تا گوتوبێژ دەربارەی ئەوە بكەین كە چیمان لەهەردوو حكوومەتی بەریتانی و عیراقی دەست دەكەوێ..

ئیسماعیل بەگ لەڕووخسارم راما، و كاغەزەكەی لەنێو دەستم راكێشا و رۆیشت.



دوای ئەوە بیستم كە بەهۆی ئەوەی جەمال بابان یەكێك بووە لەخاوەن ئیمزاكان، قیامەت بەسەر سەریدا هەستاوە بەتایبەتی لەلایەن هاوەڵ پۆل و هاوڕێی خۆی ناجی شەوكەت بەگ كە ئەو كاتە وەزیری ناوخۆ بوو، بانگی كردبوو بۆ دیوانی خۆی و بەتوندی سەركۆنەی كردبوو. جەمال بابان لەوەڵامدا گوتبووی "من لەو كارەدا لەسەرچووم ئینجا كاغەزەكەی وەرگرتبوو بەزمان ئیمزاكەی خۆی سڕی بۆوە". بەم شێوەیە كارەكە كۆتایی هات. پاش ماوەیەكی كەم جەمال بابان لەكابینەی یەكەمی نوری سەعید لەساڵی 1930 بە وەزیری داد دامەزرا. پاش ئەوەی مەراسیمی وەزارەت تەواو بوو لەڕێگا تووشی بووم بەرەو كورسی دادپەروەری دەچوو، پێم گوت:

- ئێمە پەیمانمان بە دەنگ دەرەكانمان دابوو كە وەزیفەی حكوومەت قبووڵ ناكەین و خزمەتكردن بەمیللەت لەناو ئەنجوومەندا بەپەسندتر دەزانین، ئێستا كوا ئەو پەیمانەت لەكوێیە؟

ئەو دەقاودەق ئاوا وەڵامی دامەوە:

- بڕۆ چیت دەوێ بە ئەقلی خۆت بیكرە، مەعروف من پاشەڕۆژی خۆم و منداڵەكانیشم مسۆگەر كرد. پێم گوت:

- بەڵێ هەر دەبێ كەسانی لەبابەتی جەنابت لەم وڵاتە بەدبەختەدا ببن بەوەزیر.
پاشان بەجێم هێشت.

ئەم مەزبەتەیە لەبەرایی ئەوكارانە بوو كە لەم رێگایەوە دەیانویست بانگەوازی دامەزراندنی حكوومەتێكی ئاشوری لەسەر خاكی كوردستان بكەن. ئەمە لە كاتێكدا كە داوای سەربەخۆیی بۆ كورد دەكرا، لەهەمان كاتدا هەڕەشەیەكی ئاشكرا بوو بۆ حكوومەتی عیراقی بۆ ئەوەی ناچار ببێ بەپێی ئارەزووەكانی "دار الاعتماد"ی بەریتانی پەیمان نامەیەكی نوێ، ببەستێ كە ئەوكاتە لەساڵی1929 گوتوبێژ لەبارەیەوە بەڕیوەدەچوو. ئەوەبوو كە لە 30ی حوزەیرانی ساڵی 1930 لەزەمانی كابینەی یەكەمی نوری سەعید ئیمزای لەسەركرا.

**بەڵگەی بیستەم:**

**20- یاخیبوونی مارشەمعون کوڕی ئاغا داود و شوێنکەوتووانی و تەوڕەیی ئینگلیز لەوەزارەتی گەیلانی**

لێرە لەم بابەتەدا نامەوێ بچمە نێو وردەکاری جوڵانەوەی یاخیبوونی تیارییەکان، و ژمارەی ئەو پێکدادانانەی کە لە نێوان ئەوان و پیاوانی ئاسایش و سوپا لەلایەکەوە، و لەگەڵ عەشیرەتە کوردەکان کە بە هەموو هێزیانەوە یارمەتی سوپایاندا لەلایەکەی ترەوە، باس بکەم بەڵکو تەنیا دەمەوێ ئەو هۆکارە راستەقینانە کە ماکی جوڵانەوەکە بوون پێشکەش بکەم تا جەماوەری عیراق نیاز خراپی ئەو دەربەدەرانە و نیازپاکی عەشیرەتە کوردەکان بزانێ، و هەروەها با ئینگلیزیش بزانێ کە ئەو رێوشوێنەی کە بۆ خافڵاندنی کورد، و هاندانی نستورییەکان "تیارییەکان" بۆ یاخیبوون بەکاریان هێنا، بەرادەیەك ئاشکرا بوو کە بەچاوی رووت دەبینرا و ژیریی هۆشیار درکی پێ دەکرد.

**ئێستا لەخوارەوە ئەو هۆکارانە دەخەمە بەرچاو جا خوێنەری بەرێز خۆت لێیان وردبەرەوە و بیریان لێ بکەرەوە پاشان ویژدانی خۆت چی بڕیاردا ئەوە بڵێ:**

1- من لەسەرەتا و ناوەڕاستی ئەم کتێبەدا گوتم کە پیاوانی سەرای ئینتداب لەسەر دوو پەت یارییان دەکرد، واتە لەلایەکەوە لەگەڵ کورد و نستورییەکان، و لەلایەکەی ترەوە لەگەڵ حکوومەتی عیراقی، ئەم یارییە وای لە مارشەمعون کردبوو کە خەون بە تاجی ئاشوورییەوە ببینێ و بە جۆرەها رێ و شوێن دەستەوداوێنی کورد بێت، چونکە وای گومان دەکرد لەو رێگایەوە دەرەتان هەیە بگاتە ئەو ئامانجەی کە هەوڵی بۆ دەدا و خەونی پێوە دەبینی. بۆ نموونە ناردنی قەشەکان بۆ دیداری پیاوانی کورد و قەناعەت پێ کردنیان بۆ رێکەوتن لەگەڵ ئاشوورییەکان بەبیانووی ئەوەی کە ئەوانیش وەکو خۆیان کوردن و ئازادی و سەربەخۆییان دەوێ. وەکو لەپێشاندا باسم کرد لەهەولێر یەکیك لەو قەشانەم بینی و وەڵامەکەشی



لەبەشەکانی پێشوودا نووسراوەتەوە، هەروەها هاندانی ئەفسەرانی لیڤی بۆ پەیوەندی کردن بەهەندێك لەو کوردانەی ئامادەیی ئەوەیان تێدا بوو دژی حکوومەت بجوڵێنەوە، هەروەکو کە لە سلێمانی پەیوەندییان کردبوو بە رەمزی فەتاح و عزەت تۆپچییەوە.

2- کاتێك حکوومەتی عیراقی لە کۆتایی ساڵی 1931 سوپای ناردە سەر بارزان، مارشەمعون بریکارێکی خۆی ناردە لای شێخ ئەحمەد بارزانی و هاوکاری تەواوی خۆی خستەڕوو، شێخ ئەحمەد بەدەسیسەکەی زانی و وەڵامێکی توندی دابۆوە و پێی گوتبوو:"ئێمە مسوڵمانین و حکوومەتیش مسوڵمانە، ئەگەر ئەو لە ئێمەبدا، لێدانەکە لەناومان نابا و ئازارمان پێناگەیەنێ. ئەگەر ئێمەش خوا "نەخواستە" لە حکوومەتماندا ئازاری پێناگەیەنین و ئێمە پێویستمان بە ئێوە نییە و بێدەنگ دانیشن ئەگینا عەشیرەتەکانم دەنێرمە سەرخۆتان و شوێنکەوتووانتان و ئەو دەمەش خوا دەزانێ چ دەبێ".

**بەم شێوەیە بریکاری مارشەمعون بەناڕەحەتییەوە گەڕایەوە.**

3- چاوپۆشی حکوومەتی عیراق لەمەڕ دەست درێژییەکانی سوپای لیڤی لەسەر دانیشتووانی موسڵ و کەرکووك بەگوشاری مەندوبی سامی بۆ جێبەجێ کردنی سیاسەتی ئاراستەکراو بۆ دامەزراندنی قەوارەیەکی ئاشوریی سەربەخۆ.

4- هاتنی مستەر کوب و هاوڕێکەی "کاپتن هورمز رەسام"، و مانەوەی بۆ ماوەیەکی باش لە عیراق کە هانی تیارییەکانی دەدا بۆ خۆڕاگرتن و پێشکەش کردنی سکاڵا لە کۆمەڵی گەلان، تا بوختانی جۆربەجۆر دژی حکوومەتی عیراقی تۆمار بکەن.

5- نووسراوەکانی "کۆمەڵەی پاراستنی ئاشورییەکان" لە لەندەن بۆ مارشەمعون و هەندێك لەسەرۆکی تایفە نستورییەکان بۆ دنەدانیان لەسەر نانەوەی ئاژاوە و یاخیبوون و چەك هەڵگرتن لەکاتێکدا هەلیان بۆ رەخسا.

6- چەکدارکردنی ئاشورییەکان بە چەك و بۆمبای دەستی لەلایەن ئینگلیزەوە بەرێگای جۆربەجۆر بۆ نموونە: هەر کەسێك کە لەسوپای لیڤی لەخزمەت

کردن مەرەخس دەکرا، سەدوپەنجا روپیە، یەك تفەنگ، سەد فیشەك، دە نارنجۆکی دەستی پێ دەدرا، هەروەها ناوەناوە چەکیان بۆ کەسانی تایفەکان دەنارد. ئەم کارە بووە هۆی هاندانی نستورییەکان بۆ هەڵگەڕانەوە و یاخیبوون بەو هیوایە کە بتوانن لەو ڕێگایەوە سەرکەوتن بەدەست بهێنن، چونکە ئەمانە پێیان وابوو سووپای عیراقی ناتوانێ لەبەرامبەر بەرهەڵستی ئەواندا رابوەستێ.

7- سەفەرکردنی مارشەمعون لەسەر داوای کۆمەڵەی پاراستنی ئاشورییەکان بە ناونیشانی ئەوەی کە بۆ بەدواداچوونی سکاڵاکانە، بەڵام لەڕاستیدا بۆ پەیوەندی کردن بە ئەفسەرانی ئینگلیز بوو کە ئەندامی ئەو کۆمەڵەیەی پاراستنی ئاشورییەکان بوون، بۆ ئەوەی راسپاردەی پێویست وەربگرن، بەڵام لەوەی لەگەڵ بڕیاری کۆمەڵی گەلان بۆ لابردنی ئینتداب و جێبەجێکردنی نستورییەکان لە چوارچێوەی یەکەیەکی بەڕێوەبردنی هاوشێوەدا، رووبەڕوو دەبۆوە. وە لەلایەکی ترەوە بەوە دڵخۆش بوو کە ئەفسەرانی ناوبراو، هانیاندا و کۆمەکی ماددی یان پێکرد و متمانەی بەوە پەیدا کرد کە لەماوەیەکی زۆر نزیکدا مەرامەکانی دێنەدی.

8- دوای ئەوەی مارشەمعون لەژنیفەوە گەڕایەوە بۆ موسڵ، دەستی کرد بە ئاژاوە نانەوە و کتێب و بەیاننامە چاپ کردن بۆ بەگژدا چوونی پڕۆژەی نیشتەجێ کردن، هەروەها دەستی کرد بە هەڕەشەکردن لە حکوومەت جاریك بە ناوی کۆچ کردن بۆ ئێران و روسیا، و جارێکی تر بەناوی یاخیبوونی چەکدارانەوە. بەم جۆرە بە خیانەت و خراپەکارییەکی زۆر، وەڵامی چاکەی حکوومەتی دایەوە.

9- وەزیری ناوخۆ بەڕێز "حیکمەت سلێمان" داوای لە مارشەمعون کرد کە لەبەرامبەر دان پێدانانی حکوومەت بە دەسەڵاتی روحی ئەو بە سەر تیارییەکاندا، بەڵێن نامەیەك بۆ پاراستنی ئاسایش و ئاشتی ئیمزا بکا و حکوومەت موچەیەکی مانگانەشی پێبدا. ناوبراو دان پێدانانی حکوومەتی



بەسوکایەتییەکی گەورە بەهەقی خۆی و تیارییەکان دانا کە ئەو بە "گەلەکەم" ناوی دەهێنان. ئەم کارە بووە هۆی ئەوە کە حکوومەت جارێ رێگەی پێنەدا بگەڕێتەوە بۆ موسڵ. ئەوەبوو لەجێگەی خۆی لە بەڕیوەبەرایەتی "کۆمەڵەی لاوانی مەسیحی لە "باب الشرقي" لەبەغدا مایەوە.

10- هێرشی رۆژنامەکانی لەندەن بۆ سەر وەزارەتی عیراقی بەتوندی و بەزمانێکی پیس کە هێشتنەوەی مارشەمعونی لە بەغدا بە بەندکردن دانا بوو، ئەمەش بەئاماژەی کۆمەڵەی پاراستنی ئاشورییەکان بوو کە پارەیەکی زۆریان خەرج کرد بۆ ئەوەی دەمی رۆژنامەکان بکەنەوە.

11- هەڕەشەکردنی سەفیری بەریتانی بۆ سەرۆك وەزیران کە بەندکردنی مارشەمعون بە جۆرێکی مسۆگەر دەبێتە هۆی یەکگرتنی تیارییەکان و هەستانیان بە بەرپاکردنی شۆرشێکی مەزن کە پاشان حکوومەت دەسەڵاتی نابێ جڵەوی بگرێ و ئەم بەندکردنە لەبەرچاوی جیهان بایەخێك دەدا بە مارشەمعون "هەڵبەتە جیهانی مەسیحی"، هەروەکو دەبێتە هۆی لێدانێکی گەورە بەناوەرۆکی پەیمان نامەی هاوپەیمانێتی کە لە 30ی حوزەیرانی ساڵی 1930 بەستراوە. هەروەکو شۆڕشی پیشبینی کراوی ئەوان، بەهۆی ئەو هەڵوێستەوە کە سووپای لیڤی لەناو ئەو بنکانەدا وەری دەگرێ، لەوانەیە ببێتە هۆی ئەوە کە پەلاماری بنکەکانی بەریتانی بدرێ لەعیراق.

12- وەك لەڕاپۆرتی پشکنەری بەڕێوەبەرایەتی کولونیل "ستافورد"دا هاتووە، پێویستە سووپا بۆ باکوور بەڕێ نەکرێ، چونکە سووپا ئەو توانایەی نییە کە بەربەستی هێرشەکانی تیارییەکان بکا، و هەروەها لەم جوڵانەوەیەدا کوردەکانیش دەچنە پاڵیانەوە. باڵوێزی بەریتانیا بەگەرمی پشتیوانی لە راپۆرتی پشکنەر کرد و سوور بوو لەسەر ئەوەی کە نابێ سووپا بەڕێ بکرێ.

13- پێداگری حکوومەتی بەریتانیا لەسەر گەڕانەوی خاوەن شکۆ مەلیك فەیسەڵ بۆ بەغدا، "خاوەن شکۆ مەلیك فەیسەڵ ئەوکاتە لە لەندەن بوو، پاشان بۆ چارەسەرکردن چوبوو بۆ ژەنیڤ" بۆ ئەوەی راستەخۆ جڵەوی کاروبارەکان بگرێتە

دەست خۆی، لە رادەیەکدا بوو کە مەلیك بێزار و نیگەران بوو، لەپاشاندا هۆشداریيان دايە کە: حکومەتەکەت بڕیاری داوە کە ئەگەر ئاشورییەکان چەك دانەنێن، ئەوا ناهێڵن لەسورياوە بگەڕێنەوە. چەك داماڵین لە ئاشورییەکان بێ ئەوەی چەك داماڵین لە عەشیرەتەکانی تر بکرێ، کارێکی ناماقوڵە و دەبێتە هۆی ئەوە کەخوێن برژێ و ئاکامی شوم و خراپی لێ بکەوێتەوە. حکوومەتی بەریتانیا لەمبارەیەوە پارێزگاری لە رای خۆی دەکا و وای دەبینێ کە لەنوێوە، ئەم بابەتە بەلێڕوانینێکی فراوانتر و سنگێکی گوشادترەوە چارەسەر بکرێ ئەگینا قەیرانێکی ترسناك دەنێتەوە و لەوانەیە زیانێکی وا لە عیراق بدات کە بەخەیاڵی مرۆڤدا نەیە، لەبەر ئەوە ئەرکی ئێمەیە کە سەرنجی خاوەن شکۆ بەشێوەیەکی جیددی بۆ ئەو کارە رابکێشین و پەلەتان لێ دەکەین کە پێویستە دەسبەجێ بگەڕێنەوە بۆ بەغدا بۆ مشور خواردنی ئەم کارە و لەم رێگایەوە بارودۆخەکان باشتر دەبن و ئاکامی رەزامەندانە دەدەن بەدەستەوە و ئەم رەگەزە گرنگەش دڵنیا و ئارام دەبێتەوە.

14- بڵاوکراوەکەی کولونیل "ستافورد" پشکنەری بەرێوەبەرایەتی، پاش ئەوەی عیراقی بەجێهێشت کە سەرکۆنەی وەزارەتی عیراقی کردبوو، وە بەشێوەیەك تانەی لێدابوو کە هیچ بنەما و بناغەیەکی نەبوو.

ئەمانە چەند هۆکارێکی کورت بوون لەبەرابییەکانی هەڵگیرسانی جوڵانەوەی تیارییەکان کە مشتێك بوون لە خەروارێك، بەڵام دەربارەی چۆنیەتی روودانی یاخیبوونەکە، ئەوا لەجوڵانەوەی "یاقو کوڕی ئیسماعیل" و هاواڵەکەی خۆی "لوقو" کە لە پیاوانی مارشەمعون بوون، دەستی پێکرد، ئەوەبوو یەکەمین جار چوونە سوريا، لەوێوە لەگەڵ دەسەڵاتدارێتی فەرەنسی لەسەر پلانێکی کارکردن رێککەوتن، پاشان نامەیان بۆ شوێنکەوتووانی خۆیان نووسی کە بەرەو خاکی سوريا بپەڕنەوە. لەوێ "1300" کەسیان لێ کۆبۆوە و پاش ئەوەی لەڕووباری دیجلە پەڕینەوە و چوونە "گەلی جلی" و خۆیان وا پیشاندا کە مل کەچ و ئارام دەگەڕێنەوە بۆ جێگاکانی خۆیان. بەڵام پاش ئەوەی لەڕووبار پەڕینەوە هێرشیان



بردە سەر چەند رەتڵێك لەو سووپایەی کە لە "دێرابون" دامەزرابوو، ئەفسەر و سەربازانی ئەوێ یان بەجۆرێکی ئەوپەڕی دڕندانە کوشت و بێ حورمەتییان پێ کردن، کاتێك کوردەکان زانییان ئەم کارە دەرهەقی برایانی ئەوان لەسووپا کراوە، سەرەڕای ئەوە کە حکوومەت رێگەی پێ نەدان، کۆبوونەوە و هێرشیان بردە سەر "فەلەکان" واتە تیارییەکان و تاروماریان کردن، بەتایبەتی لە گوندی "سمیل" کەلێکدانەکە لە 4 تا 11- 8- 1933 ی خایاند و شەڕەکە بەکوشتن و برینداربوونی ژمارەیەکی گەورە لە ئاشورییەکان و شکان و کشانەوەی ئاشورییەکان کۆتایی هات و بوون بەتۆزی بانان، دوای ئەوە رێوشوێنی توندوتیژ بەرامبەریان گیرایە بەر و حکوومەت رەگەزنامەی عیراقی لە مارشەمعون و باوکی "ئاغا داود" و هەندێك لە خزمەکانی ستاندەوە و فڕۆکەیەك لەفڕۆکەکانی هێزی ئاسمانی بەریتانی گواستنییەوە بۆ دورگەی قوبرس.

ئەوەی لێرەدا شایانی باس بێت پاش ئەو رووداوانە کۆمەڵی گەلان بڕیاریدا ئاشورییەکان لە بەڕازیل نیشتەجێ بکا، بەڵام حکومەتی بەڕازیل رەتی کردەوە بیانگرێتە خۆی، هەروەکو دەوڵەتەکانی دیکەش ئامادە نەبوون. پاشان مارشەمعون چوبۆ وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا و ئێستا لەوێ نیشتەجێیە.

لێرەدا دەبێ ئەوە بەشانازییەوە تۆمار بکەم کەخاوەن شکۆ خوالێخوشبوو مەلیك غازی "ئەوسا جێنشین بوو" لەسەر فەرمانی باوکی لەگەڵ سەرۆك وەزیراندا چوون بۆ سەردانی ئەو ناوچانەی کە پشێوی تێدا روودابوو، و لەزمانی باوکییەوە ستایشێکی بێ پایانی ئەو سەرۆکە کوردانەی کرد کە پاڵپشتی سووپایان کردووە. هەروەها خۆشحاڵ بوون و رێزلێنانی تەواویشی بۆ ئەو تیارییانە دەربڕی کە لەم یاخیبوونەدا بەشدارییان نەکردووە.

**بەڵگەی بیست و یەکەم:**

21- فڕۆکەکانی ئینگلیز بارزانییەکان دەکوژێت ئەم بابەتە کە جوڵانەوەکانی سووپای عیراقی و بۆمبارانی بارزانییەکان لەلایەن فڕۆکەکانی بەریتانیاوە،

دەگرێتە خۆی، هەڵدەگرم بۆ ئەو بەشەی کە تایبەتە بە جوڵانەوەکانی بارزان لە ساڵی 1931- 1932.

## بەڵگەی بیست و دووەم:

### 22- کارەکانی کرنل "مید" ئینگلیزەکانی تر لەجوڵانەوەکانی ساڵی 1945

ئەم بابەتە پەیوەستە بە بەشێکی تایبەت لە جوڵانەوەی ئەم دواییەی بارزان و کۆچ کردنی ئەوان بۆ ئێران و پاشان گەڕانەوەی هەندێکیان لەگەڵ شێخ ئەحمەد بارزانی و ئەو ئەفسەرانەی کە بەپێچەوانەی بنەما پەیڕەوکراوەکان و یاساکانی دادپەروەری و دابونەریتی عەرەبی و شەرعی، لەسێدارە دران، لەکاتێکدا کە هەق وابوو خاوەن رەعیەت لە فەرمانڕەوایی کردن لەگەڵ رەعیەتەکانیدا بەکاری هێنابا، پێش ئەوەش کە بچینە ناو ئەم بابەتەوە بە پێویستی دەزانم تیشکێك بخەمە سەر هۆکارەکانی جوڵانەوەی بارزان لە ساڵی 1931- 1932، کە حکوومەت بەناردنی سووپا و هێزەکانی پۆلیس وەڵامی دایەوە، کە ئەویش بەم شێوەیە بوو:

1- پروپاگەندەی ئەوەی کە گوایا بارزانییەکان رێگا بە ئامار کردنی مەڕەکانیان نادەن.

2- رێگا نەدان بەدامەزراندنی "بنکەی پۆلیس" لە ناوچەی بارزان. بەڵام واقیعی حاڵ لەگەڵ ئەم چەشنە پروپاگەندەیەدا یەك ناگرێتەوە، چونکە شێخ ئەحمەد بارزانی لەبەرامبەر خاڵی یەکەمدا رەزامەندی پیشاندا، هەرچەندە کە بارزانییەکان لەسەردەمی عوسمانیدا، هەموو ساڵێك بە بڕێکی دیاریکراو باجی خۆیان دەدا، جا داخوازی حکوومەت بۆ ئەوەی سەرانەی ساڵانە بەپێی سەر وەربگرێ، بیانوویەك بوو بۆ لێدانیان ئەگینا ئەوان رەزامەندییان لەسەر دەربڕی بوو، بەڵام دەربارەی خاڵی دووەم شێخ ئەحمەد بارزانی لەبارەیەوە گوتی:

ئەگەر مەرام لەو کارە ئەوەیە کە رێگا نەدرێ دەست درێژی دەرەکی بکرێتە سەرمان، ئەوا ئێمە پەیمان بە حکوومەت دەدەین کە بەرگری لەزەوییەکانی خۆمان بکەین، هەروەکو چۆن بەرگریمان کرد کاتێك کە سووپای قەیسەر ویستی موسڵ بگرێت. بەڵام ئەگەر مەرام ئەوەیە کە قەڵا و قوللە بۆ تەنگ پێهەڵچنینی



ئێمە بنیات بنێن، ئەوا ئێمە ئەم کارە بە فیتنە دەزانین چونکە ئێمە لەخەڵکی تر بۆ عەرشی خاوەن شکۆ گوێ رایەڵ ترین، و وای دەبینین دەستێکی شاراوە هەیە کە لەپشت پەردەوە یاری دەکا و ئامانجی ئەوەیە کە لە زەوییەکانی خۆمان دەرمان بکەن و نستورییەکان لەوێدا نیشتەجێ بکەن، ئەم کارەش کە مەلیکی گەورەمان و حکوومەتەکەی قبووڵی ناکەن. بەڵام سەرەڕای ئەم وەڵامە دڵنیا کەرەش حکوومەت بەیاخیبوو لەقەڵەمیدا. لە کاتێکدا گەورەترین بەڵگە کە گوێ رایەڵی بارزانییەکان و ئارامی خوازی ئەوان دەسەلمێنێ نامەکەی شێخ ئەحمەد بارزانییە کە وەڵامی نامەکەی شێخ مەحموودی حەفیدی داوەتەوە کە تێیدا داوای لێکردووە کە چی پێویستە بۆ هاوکاری کردنی لە جوڵانەوەی ساڵی 1930 دا ئەنجامی بدا، شێخ وەڵامی داوەتەوە "من شانازی بەوەوە دەکەم کە لەلای بەڕێزتان خزمەتکار بم، بەڵام لەهەمانکاتدا دەروونم رێگەم پێنادا لەگەڵ عەرەبە مسوڵمانەکاندا بجەنگم". ئەمە و راگەیاندنی تریش هەیە کە گوێ رایەڵی تەواو و نیاز پاکی شێخ ئەحمەد بەرامبەر حکوومەت، دەسەلمێنن. بەڵام حکوومەت پێداگری لەسەر پێویستی تەسلیم بوون و ژێرفەرمانی بێ قەید و بەند دەکردەوە، جا شێخ ئەحمەد کەشەڕ بەردەرگای پێگرتبوو، ناچار بوو بەرگری لەخۆی و نیشتیمانەکەی بکا. و زمانحاڵی ئەو دەیگوت:

**ولست بممراح اذا الدهر سرنی ولاجازع من صرفه المتقلب**
**و لا أتمنى الشر والشر تاركي ولكن متى احمل على الشر اركب**

" بەوە ناکەومە چوست و چالاکی ئەگەر رۆژگار شادم بکا، و نە بەدەوران دەوری زەمانەش بێ ئارام و نیگەران، خۆزگە بەشەڕ ناخوازم ئەگەر شەڕ لێم دوور بێ، بەڵام هەرکات شەڕ بەسەرم دا بسەپێت رووبەڕووی دەبمەوە".

3- تاوانبار کردنی بارزانییەکان بەڕێگری. هەرچەندە پێداگری ئینگلیز لەسەر نیشتەجێکردنی ئاشورییەکان لە دەوروپشتی بارزان، هۆکاری رووداوانی ئەوڕووداوانە و شکات و سکاڵاکان و ناچاربوونی بارزانییەکان لە لێدانی

ئاشوورییەکان کە سنووریان دەبەزاند و دەست درێژیان دەکردە سەر بارزان بەهاندانی ئینگلیزەکان خۆیان بوو.

4- بیانوو هێنانەوە بەناوی ئەو شکاتانەوە کە شێخ رەشیدی لولان کردبووی. شێخ رەشید یەکێکە لە شێخانی نەقشبەندی و لە گوندی لۆلان کە ماوەی یەك کاتژمێر و نیو بەپێ لە کێلەشینەوە دووره دادەنیشێ، ئەم (شێخ رەشید)ە گەورەترین ناحەزی شێخانی بارزانە، کە تائێستا چەند جار، لەسەر مەسەلەی شێخایەتی و تەریقەت و مریدیی، پێکدادان لەنێوانیاندا رووی داوە.

5- بیانوو هێنانەوە بە دەرچوونی بارزانییەکان لە ئایین. بەڵگەی حکوومەتیش لەم بارەیەوە بریتی بوو لەئیرەیی و ئاژاوە نانەی هەندێك لەو شێخانە، کە پەیوەست بوونی مریدانی زۆر بەبارزانەوە ئازاری دەدان.

## سەرەتاکانی بەرێکردنی سووپا

لەبەشەکانی پێشوودا باسی ئەو بەسەرهاتەم کرد کە لەگەڵ وەزیری بەرگری لە ئەنجوومەنی نوێنەرایەتی تووشی بووم لەمەڕ جولانەوە و مانۆڕەکانی سووپا لەناوچەی زێبار، و پەیوەندی کردنم بە راوێژکاری وەزارەتی ناوخۆییەوە، ئینجا سکرتێری کاروباری رۆژهەڵات لە باڵیۆزخانەی بەریتانیا دەربارەی ئەم سووپا بەرێخستنە و ئەم پەیوەندی کردنانە تەئسیرێکی یەکجار گەورەی لەسەر ئینگلیز دانا، لەمەوە هەستیان بە توندیی هەڵوێستم لە داکۆکی کردن لەبارزانییەکان کرد، ئەوە بوو ئاماژەیان بۆ حکوومەت کرد، بەهەر شێوەیەك کە بکرێ پێویستە لەبەغدا دوور بخرێمەوە. رۆژێك کە لە "کوریدور"ی وەزارەتی دارایی بووم سەرقاڵی بەدوودا چوونی کارەکانی خانەنشینکردنی خۆم بووم، تووشم هات بەتووشی جەمال بابان کە ئەو کاتە وەزیری داد بوو. لەگەڵ خۆی دا بردمی بۆ وەزارەت کەئەوکاتە لەجێگای ئێستاکەی "بەرێوەبەرایەتی تاپۆ" بوو، لەوێ پێشنیاری پلەی حاکمی لیوای ناسریەی خستە بەردەمم، من کە هۆکاری



راستەقینەی ئەم راسپاردە لە ناکاوەم تەنیا بەدوور خستنەوەم لەبەغدا، دەزانی، لەبەرامبەر ئەم بەخشندەییە گەورەیە سووپاسم کرد و پێم گوت:

خاوەن شکۆ مەلیك بەهۆی بوغز و دنەدانی فیتنەچییانەوە لێم نیگەرانە، وەزارەتیش کەتۆی تێدایە، رێگرن لەوەی کە لەسەر هەولێر خۆم بۆ نوێنەرایەتی هەڵبژێرم، ئینگلیزیش، حەزبەوە ناکەن لەئەنجوومەنی نوێنەراندا گوێیان لەدەنگم بێت، هەروەکو حەز بەمانەوەم لەبەغداش ناکەن، تۆش دەتەوێ بمنێری بۆ ناسریە کە شێخ مەحموود لەوێیە و خۆشم دەوێ و دەبێ هەمیشەش سەردانی بکەم، جا کەوابێ ئەم راسپاردە لەناکاوە کارێکی سەیر نییە کاك جەمال؟ پاش ئەوە هەستام و هاتمە دەرەوە. رۆژی دووەم دیسانەوە بەرێکەوت تووشی جەمال بابان بووم و پێی گوتم: لە دەرباری پاشایەتی داوات دەکەن.

گوتم: چییان دەوێ؟ بۆ نازانی من کارم بەدەربار نییە؟ وابزانم دوای رۆژێك خوالێخۆشبوو رۆستەم حەیدەر سەرۆکی دیوانی پاشایەتی داوای کردم. خوالێخۆشبوو پیاوێکی زمان پاك و پڕ ئەدەب بوو، لەبەر ئەوە حەزم نەدەکرد بەرپەرچی بدەمەوە، چووم بۆلای، و پێی گوتم:

- خاوەن شکۆ ئارەزوو دەکا چاوی پێت بکەوێ.

گوتم: بۆچی؟

گوتی: ئێستا دەزانی. بەدەم پێکەنینەوە هەستا و چەند دەقیقەیەکی کەمی پێ چوو گەڕایەوە، و ئاماژەی بۆ کردم کە بچمە ژوورەوە.

چوومە ژووری مەلیك، تەماشام کرد هەر بەدابی خۆی لەکاتی چوونە ژورەوەی میواندا، بەپێوە راوەستاوە، سلاوم لێکرد، ئاماژەی بۆ کردم لەسەر کورسییەك کە لەتەنیشت خۆیەوەبوو دابنیشم، پرسی:

- چۆنی؟ وەلامیم دایەوە کە مادام جەنابتان هەواڵم دەپرسن باشم. پاشان دەستی راستی خستە سەر شانی چەپم و فەرمووی: مەعروف من لەتۆ زویر بووم، بەلام بۆم دەرکەوتووە تۆ پیاوێکی شەریف و مسوڵمانێکی راستەقینەی.

پێم گوت: لە بەرامبەر لوتفی بەرزتان سوپاست دەکەم و تکام لەگەورەی خۆم ئەوەیە کە هۆیەکانی زویر بوون و رەزامەندییەکەی بزانم بۆ ئەوەی لەوشتانە دوور بکەومەوە کەمایەی زویر بوونە و بەو شتانەشەوە پابەندبم کەمایەی رەزامەندی سەروەری ولاّتە.

ئەو پێکەنی وگوتی: پێویست بەم شت و ئەوشت ناکا. پاشان گوتی:

- حەز دەکەم وەزیفە وەربگری و "لای باپیرمان لە کەربەلا" خزمەت بکەی.

پاش ئەوەی سووپاسی خاوەن شکۆم کرد گوتم:

- تکاتان لیّ دەکەم بۆ.......... لێم ببورن، خاوەن شکۆ قسەکەمی بڕی و گوتی:
- نا، ئارەزووی من ئەوەیە کە بچی بۆ کەربەلا. کەمێك بیرم کردەوە پاشان گوتم:
- مادام فەرمانی خاوەن شکۆ ئاوایە دەچم ."جگە لەڕازی بوون ڕێگایەکی دیکەم بەدی نەکرد، چونکە پێداگری مەلیك لەوەی کە خۆی رام دەسپێریّ بە ئاشکرا دیار بوو". بەم شێوەیە فەرمانی دیاری کردنم بۆ کەربەلا لە 14ی تشرینی یەکەمی سالّی 1931 دەرچوو من هۆکاری راستەقینەی ئەم دیاری کردنەم لەوسات و وەختەدا دەزانی.

## دەستپێکردنی جولاّنەوەی سەربازی

هەروەکو باسم کرد حکوومەتی عیراقی، وەلاّم دانەوەی شێخ ئەحمەد بارزانی بە یاخیبوون دانا. لەبەر ئەوە لە تشرینی دووەمی سالّی 1931 بەیانێکی دەرکرد کە تێیداهاتووە:

1- شێخ ئەحمەد بارزانی دەست درێژی کردۆتە سەر گوندە ئارامەکان و کاری سوتاندن و کوشتنی تێدا ئەنجام داوە "ئاماژە بۆ شەڕی شێخ رەشیدی لۆلان و بارزانییەکان دەکا".

2- لەبەر ئەم هۆیانە حکوومەت بڕیاری تەمبیّ کردنیانی داوە و فەرمانی بەو "فەوج"ە کە لە "بلیّ"ی ناوەندی قەزای زێبارە، کردووە، کە بۆ بەرپەچ دانەوەی دەست درێژی کاران بە ڕێوشوێنی پێویست هەلّبستیّ.



3- لە ئەنجامی ئەوەدا پێکدادانێك لەنێوان مەفرەزەیەکی "فەوج"و پەیڕەوانی شێخ لە 9ی تشرینی دووەمدا روویداوە کە بووەتە هۆی کوشتنی 13 کەس لەگەلّ ئەفسەرێك و بریندار بوونی 9کەس لەسووپا و پۆلیس. هەروەها کوژرانی نزیکەی 30کەس و بریندار بوونی 30کەسی تر لەچەتەکان! "ئەم ژمارەیە لەسەر بنەمای گومان و خەیالّ هاتووە ئەگینا تەنیا 1کەس کوژرابوو". و حکوومەت جیددییە لە وەرگرتنی ڕێوشوێنی کاریگەر بۆ لەڕیشە دەرهێنانی ئەو بەدکارانەی کە ئاسایش دەشێونن و ئاسودەیی دانیشتووان تێك دەدەن.

ئەمە دەقی ئەو بەیان نامە رەسمییە بوو کە حکوومەت بلاّوی کردەوە. لەواقیعدا حکوومەت هیچ ڕێوشوێنێکی وەرنەگرتبوو، تەنیا دوای چەند مانگ لەپاش ئەو رووداوە. ئەو "فەوج"ەش کە لە "بلیّ" دامەزرابوو، بەسەر لێشواوییەوە بەرەو ئاکریّ پاشەکشێی کردبوو و کەرەسەکانی خۆشی لە بلیّ بەجێهێشتبوو. هۆکاری ئەمەش کە حکوومەت بەدرێژایی ئەو ماوەیە، ئەوانەی بەجیّ هێشتبوو، بەو هۆیەوە بوو کە حکوومەت بە مەسئەلەی شێخ مەحموودی حەفیدەوە سەرقالّ بوو کە لە "پیران"ەوە بەئاراستەی سلێمانی و دەوروپشتی هاتبوو هەروەکو لەپێشدا باسمان کرد. لەبەر ئەوەی من گومانم لەوەدا نەبوو کە بارزانییەکان بە ئەوپەڕی سووربوونەوە گوێڕایەلّی حکوومەتن و نایانەویّ ئاگری شەڕ هەلّگیرسێنن چونکە ئەوان زانیاری ئەوەیان هەبوو کە ناتوانن بەرهەلّستی سووپا بکەن لەکاتێکدا کە سووپا هێزی هاوپەیمانیش لە پشتیەتی، بەتایبەتی هێزی ئاسمانی. لەبەر ئەوە چەندین بروسکە و سکالاّ نامەی درێژیان نووسی و داوای چاوپۆشی و لێبوردنیان لەبەرامبەر ئەوەدا کە ڕوویداوە، دەکرد. هەروەها بەهۆی ئەوەش کە ئامانجی ئەم جولاّنەوانەی حکوومەتم دەزانی کە ئەویش لێدانی بارزانییەکان بوو بۆ ئەوەی ئاشورییەکان لە جێگای ئەواندا نیشتەجیّ بکەن. هەربۆیە بڕیارمدا راپۆرتێکی تێروتەسەل بۆ دەرباری پاشایەتی بنوسم و ئەو زیانانەی کە لەم جۆرە جولاّنەوانە دەکەونەوە ئاشکرا بکەم و بیروڕای کوردەکانیش

له لێدانی بارزانییەکان کە بۆ بەتاڵان بردنی نیشتیمانی ئەوانە بخەمەڕوو، بەڵام هەندێك هۆکار و تێبینی ڕێگایان نەدام ئەم کارە بکەم. لەبەر ئەوە بڕیارمدا کە بۆ یەکێك لەپیاوانی کاربەدەستی عیراقی بنووسم کە ویژدان و مێرخاسی تێدابێ. ئەوە بوو جەنابی "جمیل المدفعی" سەرۆکی ئەوسای ئەنجومەنی نوێنەرانم هەڵبژارد و ئەم نووسراوەی خوارەوەم پێشکەش کرد:

**برام جەنابی "جەمیل ئەل مەدفەعی" بەرێز دوای سڵاو..**

لەڕۆژنامەکاندا چاوم بەو نووسینانە کەوت کە دەرباری جوڵانەوە سەربازییەکانی بارزان بەمەبەستی تەمبێ کردنیان، بڵاوکراونەتەوە، پاش لێڕامان، لەتۆ زیاتر کەسی ترم نەبینی کە پشتی پێ ببەستم بۆئەوەی ئەم نامەیەی بخەمە بەرچاو، بۆیە ئەم نووسراوەم پێشکەش بە بەرێزتان کرد بەڵکو سەرنجتان رابکێشێ و پێشکەشی دەرباری پاشایەتی بکەن و ببێتە هۆکارێك بۆ ئەوەی رەوتی کارەکان بخاتەوە سەر راستە رێ و ئێوەش ببنە هۆکارێکی خێرخوازانە.

1- لای ئێوە شاراوە نییە کە کوردەکان هەموویان هەر لە شوانێکەوە بیگرە تا سەرۆکێك، لەو باوەڕە دان کە تاوانبارکردنی بارزان بەیاخیبوون و سووپا ناردنە سەریان بەئاماژەی ئینگلیز بەرێوەدەچێ، و دەزانن کە ئەم ماستە موویەکی تێدایە چونکە وەکو ڕووداوەکان پیشانی دەدەن، ئینگلیز مەرامی تایبەتی خۆی هەیە لە راگواستنی بارزانییەکان.

2- ئەم عەشیرەتە، هەرچەند لە قبوڵ کردنی ئەو شتانەی کەوەزارەت بە سەپاندن بەسەریاندا دەی سەپێنێ سەختگیریش بن، بەڵام ناپاك یان یاخی نین، نەریتە کۆنەکانیان و زانینی ئەوان بەمەرامەکانی ئینگلیز و سەرباری ئەوەش شێوازی بەرێوەبردن لەم ناوچەیەدا وای لێکردوون سەختگیربن و ئەم شتانە رەت بکەنەوە، ئێوە سەیری راپۆرتی "بەرێز عبدالعزیز مظفر" بکەن کە لە وەزارەتی ناوخۆ هەڵگیراوە ئینجا هەقیقەتی کارەکانتان بۆ روون دەبێتەوە.



3- بارزانییەکان ئەوەندە نەزان نین کە ڕادەی هێز و دەسەڵاتی حکومەت، لەوەی کە لە ماوەیەکی کورتدا، حکوومەت دەتوانێ دەریان بکات نەزانن، بەڵام ئەوان لەم هەڵوێستەیاندا داکۆکی لە نیشتیمان و مەزارگەی شێخانی خۆیان دەکەن کە لە گۆشە نیگای ئەواندا بە پیرۆزترین و خۆشەویستترین شت دەزانرێ.

4- هۆکاری لێکدان لەنێوان "فەوج"ی "بلێ" و بارزانییەکاندا و کەوتنەوەی ئەم زیانە گیانییە، بەهۆی ئەوە بوو کە سووپا تەنگی بەعەشیرەتی بارزانی هەڵچنیوە. چونکە ئەوان باوەڕیان وابوو کە لەناو چوونیان مسۆگەرە جا چ بەرەورووی سووپا بوەستنەوە، چ خۆیان تەسلیم بکەن، هەروەکو یەك وایە.

5- ئامانجی ئینگلیز لەم جوڵانەوانە وەفاداری بۆ ئەو پەیمانەیە کە بەئاشورییەکان دراوە بۆ ئەوەی "نیشتیمانێکی نەتەوەیی" یان بۆ دابمەزرێنن. جا ئەگەر بێتو خوا نەخواستە ئەم سیاسەتە ڕێڕەوی خۆی وەربگرێ، ئەوا مەترسی نە تەنیا هەر بۆ ناوچەی باکوور، بەڵکو بۆ هەموو نیشتیمانی عیراق، لێدەکەوێتەوە، ئەم کارە گیروگرفتی ئاڵۆزمان بۆ دروست دەکا کە لە شێوەی کێشەی فەلەستین دەچێ، ئەمەش کارەسات و ماڵ وێرانی هەر تەنیا بۆ کورد نانێتەوە، بەڵکو بەشێوەیەکی گشتی بۆ هەموو عیراقییەکان.

6- ئینگلیز زۆر بەچاکی دەزانێ مادام ئەم عەشیرەتە لەژیان دایە، ئەوان بەو ئامانجانەی خۆیان ناگەن. لەبەر ئەوە، ئەوان بەتایبەتی کۆمەڵەی "پاراستنی ئاشورییەکان" لە لەندەن بە هەموو توانای خۆیانەوە هەوڵی فیتنە نانەوە، و پیلانگێڕی دەدەن لەلایەکەوە حکوومەت دنە دەدەن و لەلایەکی تریشەوە لەناو کوردەکان فیتنە دەنێنەوە.

7- خودی بارزان قەڵایەکی قایمە لەباکوور و دەتوانێ بەرپەرچی دەست درێژی بداتەوە و ئەم قەوارەیە بپارێزێ، لەبەر ئەوە مانەوەی بارزانییەکان لەجێگای خۆیاندا کارێکە کە ئەرکی نیشتیمانی و مافەکانی خودی عەشیرەتەکەش لەو نیشتیمانەی خۆیاندا کە سەدان ساڵە بەدەستیان هێناوە، دەکا بەکارێکی حەتمی.

8- بۆ ئارام کردنەوەی هەستی کەسانی ئەم عەشیرەتە و ئینجا شیانی هەستان بەئەنجامدانی چاکسازییە داخوازی کراوەکان و فڕێدانی چەك، من وای بەباش دەزانم کە بەگوێرەی توانای دارایی دەوڵەت، و بەپێی هەلومەرج و کات، ڕێوشوێنی کارگێڕی و سیاسی بگیرێتە بەر، و بۆ زیاتر دڵنیا کردنەوەیان دەبێ سووپا بکشێتەوە و لێبوردنێکی گشتی دەربچێ و ئەمەش بە وەرگرتنی ڕێوشوێنی حەکیمانە دەبێ:

أ: دیاری کردنی شێخ ئەحمەد بارزانی بەئەندامی ئەنجومەنی ئەعیان.

ب: دیاری کردنی مەلا مستەفا بەقایمقامی قەزای زێبار ( وەکو چۆن ئینگلیز لە دەورانی داگیرکردندا لەزۆر" قەزا" دا کردی، و وەکو چۆن دەوڵەتی عوسمانی لەدیاری کردنی سەرۆك عەشیرەتەکان لەهەندێك ناوچەدا، وەکو دیاری کردنی "فهد الهذال" بەقایمقامی "قەزا"ی "رزازە" و دیاری کردنی محەمەد عەلی جاف بە قایمقامی "قەزا"ی خانەقین، کردی) و یارمەتیدەرێکی بەڕێوەبەری پۆلیس لەگەڵیدا دیاری بکرێ کەخاوەن خەسڵەتی چاك و پاکی راستەقینە بێت.

ج: دیاری کردنی محەمەد صدیق بە بەڕێوەبەری ناحیەی بارزان و دانانی کۆمیسەرێکی پۆلیس لەگەڵیدا کەخاوەن ئەزموون و سەر ڕاست بێت. بەم شێوەیە حکوومەت دەتوانێ چاکسازییە داخوازی کراوەکان لەبابەتی کردنەوەی قوتابخانە و بنیات نانی بنکەی پۆلیس و خۆشکردنی ڕێگاوبان و پتەوکردنی ئاسایش هەڵبستێت. و بەم شێوە ڕێوشوێنانە عەشیرەت دەتوانێ ئارام بێتەوە و ژیانی بەرایی بە جێ بێڵێ و ملکەچی فەرمانەکانی بێت. هەر بەم شێوەیەش حکوومەت سامان و پشوودانی دەست دەکەوێ و رەعیەتگەلیش دڵنیا دەبێتەوە.

**والسلام علیکم ورحمة الله وبرکاته**



بەڵام هیچ وەڵامێك یاخود هەواڵێکم وەرنەگرتەوە و شتێکم گوێ لێ نەبوو کە بەڕێزیان پێی هەڵبستێت، ئەمەش ئەوەندەی تر نائومێدی لەلام دروست کرد. جا بەخوێندنەوەی ئەم دوو بەیتە شیعرە سەبووریی دڵی خۆم دەدایەوە

**أسمع نصيحة ناصح — جمع النصيحة والملقة**

**اياك واحذر ان تكو — ن من الثقاة على الثقة**

"گوێ لەئامۆژگاری ئامۆژگاریکارێك رابگرە، ئامۆژگاری و پەندی کۆکردۆتەوە. ئاگادار بە و نەکەی لەوانەبی کە پشت بەمتمانەکردن ببەستی."

## بەشی یەکەمی کارەساتەکە

لەنیسانی ساڵی 1932 هێزەکانی سەرباز و پۆلیس لەهەموو لایەکەوە، بەمەبەستی گەمارۆدان و هێرش، ئابلوقەی بارزانیان دا، لەم کارەش هێزی ئاسمانی بەریتانی لەعیراق پشتەوانیان بوو. ئەمەی خوارەوە بەلاغی سەرکردایەتی فڕۆکەوانی ئینگلیزییە کە لە ساڵی 1932 دەرچوو و رۆژنامە ناوخۆییەکان بڵاویان کردۆتەوە:

**پوختەی بەلاغەکە:**

1- لەبەر ئەوەی سووپای عیراقی بۆ ماوەیەکی درێژ پێویستی بە رێکخستنی چەکداری هەیە، و حکوومەتی عیراقی داوای لەمەندوبی سامی کردووە کە بۆ لەناوبردنی شۆڕشگێران هێزی ئاسمانی پاشایەتی یارمەتی بدات، جا هێزی ئاسمانی بەریتانی بڕیاری داوە لەڕۆژی 26ی نیسانی ساڵی 1932 لێیان بدات "ئەمە لەکاتێکدا کە جوڵانەوەی سەربازی لە 25ی نیسانی 1932 دەستی پێ کردووە" ئەم فڕۆکانە بەیان نامەی بەسەر گوندەکانی بارزانییاندا بڵاوکردۆتەوە و داوایان لێ دەکا کە بەشداری لەم جوڵانەوەیەدا نەکەن، پاشان بۆمباکانی بەسەردا فڕێ داونەتە خوارەوە، بەتایبەتی بەسەر گوندەکانی بارزاندا کە ماڵی شێخان و مریدانی لێیە، و کەوتوونەتە سوتاندنی ئەو جێگایانە و کوشتنی ئەو پیرەمێرد و ئافرەت و منداڵانەی کەنەیان توانیوە

رابکەن یا پەنا بە ئەشکەوتەکان بەرن. رۆژی 29- 4- 1932 بارزانییەکان فڕۆکەیەکیان لەفڕۆکە بۆمباهاوێژەکان خستۆتە خوارەوە و کاپتن و چاودێرەکەشیان بەدیل گرتووە، پاش ئەوەی شێخ ئەحمەد جێگای حەسانەوەیان دابین دەکا، هێزی ئینگلیز لەم کارە ئاگادار دەکاتەوە و داواش دەکا کە دکتۆرێك و نەشتەرگەرێك رەوانە بکەن بۆ ئەوەی فریای چاودێرەکە بکەون کە ساچمەیەك بەر شانی کەوتبوو، و بریندار بوو بوو. لە پای ئەمەوە فڕۆکەکان جم و جۆڵی دوژمنانەی خۆیان راگرت، و "هولت" سکرتێری بەشی رۆژهەلات لەبالۆێزخانەی بەریتانیا لەگەڵ دکتۆرێکدا چوون بۆ بارزان و بوون بە میوانی شێخ ئەحمەد. و بەناو بژیوانی "هولت"، حکومەتی عیراقی رەزامەندی خۆی لەسەر راگرتنی جولانەوەکە و دەست پێکردنی گوتوبێژ بۆ گەیشتن بەرێگا چارەیەکی رەزامەندانە کە کۆتایی بەنالێکییەکە بهێنێ، خستەڕوو. بەگەیشتنەوەی "هولت" لەگەڵ سێ هاورێکەی بۆ بەغدا. دانوسەندن لەگەڵ شێخ ئەحمەد دەستی پێکرد تا رۆژی 23ی مایسی 1932 بێ ئەوەش ئاکامێکی لێ بکەوێتەوە، حکومەت پێداگر و پەیوەست بەراکانی خۆی لەسەر ئەوەی کە: یەکەم چەك دابنێن، و دووەم بنکەکانی پۆلیس دابمەزرێن. هەروەها پێویستی نیشتەجێ بوونی کوڕە شێخەکان لەبەغدا وەکو بارمتە بۆ ئەوەی کە یاخیبوون "وەکو حکومەت دەیگوت" روونەدا، وەکو خۆی مابۆوە. ئەمە سەرەڕای ئەوە کە شێخ ئەحمەد گوێڕایەڵی و دڵسۆزی تەواوی خۆی بۆ عەرش پیشان دابوو.

2- لە 24ی مایسی ساڵی 1932 ئینگلیز لەبەر هۆیەك کەخۆیان باشتر دەزانن پەیمانەکانی خۆیان لەژێرپێ نا و لەرێگەی ئامێرەکانی بلندگۆوە کە بەو فڕۆکانەوە کە پێیان دەگوترا "ڤگتوریا" بەسترابوون، جاڕنامەیەکیان بەزمانی کوردی بلاوکردەوە، پاشان بەلاغێکی چاپکراویان لە 26ی مایسی 1932 بەدوویدا بلاوکردەوە کە هانی دانیشتوان دەدەن بۆ ئەوەی دەخالەتی خۆیان ئاشکرا بکەن و فەرمانەکانی حکومەت دەقاودەق جێبەجێ بکەن، بەلام



پێش ئەوە بەرۆژێك واتە لەبەرواری 25ی مایسی 1932 فڕۆکەکانی ئینگلیز دەستیان کردبوو بەفڕێدانی بۆمباکانیان بەسەر گوندە ئارامەکان و پەز و ماڵاتی ناوچەکە و بگرە بەسەر تارمایی یان سێبەری مرۆڤێکیشەوە کەبەرچاویان بکەوتبایە جا چ چەکدار بوایە یان بێ چەك، منداڵ بوایە یان پیرەمێرد. بەم جۆرە دڕندانە گوندەکانیان سوتاند و خەڵکی بێ تاوانیان کوشت و سەدان کەس بریندار بوون و هەزاران کەسیش دەربەدەر بوون.

**طوعا لقاض أتى فى حكمه عجبا**
**أفتى بسفك دمى فى الحل والحرام**

"قازی هەر بە ئارەزوو حوکمی دا چ سەیرە، فتوای دا کە خوێنم بڕژێ بەحەلاڵ و حەرامەوە".

لە 1932/5/27 هێرشی فڕۆکەکانی ئینگلیز بەپلەیەك چڕ بۆوە کە دانیشتوان ناچاربوون پەنا ببەنە بەرئەشکەوتەکان و لەژێردرختەکان و بەردەکاندا خۆیان بشارنەوە، منداڵ لەدایکی دابڕابوو، پیاو لەکوڕەکەی خۆی و پیر و پەککەوتەکانیش زۆربەیان گیانیان لەدەستدا.

هێرشی ئەو فڕۆکانە بەو سەختی و توند و تیژییەوە تا 9ی حوزیرانی 1932 بەردەوام بوو. لەبەرامبەر ئەو سەرسەختییە بێ سنوورە و ئەو قوربانییە بێ تاوانە و ئەو هەموو خوێنە رژاوە لەبارزانی شەهیدیدا، شێخ محەمەد صدیق ناچار بوو، بۆ راگرتنی ئەم ئۆپەراسیونە سەربازییە داوای رەحم و دەخالەت بکا، بەلام ئینگلیز بەوە رازی نەبوو، و حکومەتی عیراقیش دەخالەتی قبوولْ نەکرد. ئەمە بووە هۆی ئەوە کە شێخ ئەحمەد ناچار بوو لەگەڵ مریدە دڵسۆزەکانیدا نیشتیمانی خۆی بەجێ بێڵێ و بێ ئەوەی رووبەڕووی سووپای عیراقی ببێتەوە بەرەو سنوورەکانی تورکیا چوو. تورکیا لەناو ولاتی خۆیدا قبوولی کردن و ناردنی بۆ "ئەدەنە" لە رۆژئاوای ئاستانە.

بەم جۆرە بەئاگری ئینگلیز بەشی یەکەمی کارەساتەکە کۆتایی هات. زۆر بە داخەوە دەبێ و پێویستە ئەوە بلێم کە ئەو پانوراما غەمناکە کە لەسەردەمی

نوری سەعیددا روویدا، هەرکام لە خوالێخۆشبوو محەمەد ئەمین زەکی بەگ و جەمال بابان وەزیری ئەو کابینەیە بوون. من نازانم خوالێخۆشبوو ئەمین زەکی بەگ چۆن ڕێگای بەخۆیدا لەسەر کورسی بمێنێتەوە و کوشتن و لەناوبردنی عەشیرەتێکی کوردی بە بۆمبای ئینگلیز قبووڵ بکا لەحاڵێکدا کە ئەو خۆی خاوەنی مێژووی کوردانە؟ تۆ بڵێی کورسی وەزارەت بارتەقای ئەو هەموو خوێنە پاکە بوەستێتەوە کە لە شیوەکان و بەرزایی چیاکانی بارزان ڕژا؟؟ بەڵام جەمال بابان لەبەر ئەوەی کە بەشداری ئەو بەیان نامە هاوبەشەی کردبوو کە پێشتر باسمان کرد. ئەوە پێویست ناکا سەر کۆنەی بکەم.

### بەشی دووەمی کارەساتەکە

لەبەشی پێشوودا گوتم ئینگلیزەکان بەهۆی فڕۆکەکانیانەوە ئەڵقەی گەمارۆیان لەسەر بارزانییەکان توند کردبوو و بەڕادەیەك کە زوربەی گوندەکانیان خاپور کردبوو، و هەموو گیان لەبەرێکیان لەناوبرد بوو. ئەم کارە بووە هۆی ئەوە ترس و تۆقاندن لەهەموو بەرزاییەك و تەپۆڵکەیەکدا دروست ببێت و شێخ ئەحمەد و براکانی لەگەڵ مریدە دڵسۆزەکانی ناچار بن پەنا بۆ تورکیا بەرن و لەوێشەوە بیان بەن بۆ ئەدەنە لەسەر سنوورەکانی بولگاریا. پاش نزیکەی ساڵێك، تورکیا کە درکی بە مەرامەکانی ئینگلیز لەو ڕێوشوێن گرتنە بەرانەدا کە لە بارزان دەیانکرد بۆ ئەوەی ئاشورییەکان لەو دەوروپشتە نیشتەجێ بکەن، کردبوو، ئیتر وای لێهات حکوومەتی تورکیا لە نزیك بوونەوەی دامەزراندنی نیشتیمانێکی نەتەوەیی بەدرێژایی هێڵی سنوورەکانی تورکیا بۆ ئاشورییەکان، بەتەواوی ترسی لێ نیشتبوو. لەبەر ئەوە وایان بەچاك زانی چاکترین ڕێگا بۆ تێکدانی ئامانجەکانی ئینگلیز، بارزانییە پەنابەرەکان لەسەر ئەو سنوورانە کە دەکەوێتە بەرامبەر وڵاتی خۆشەویستی خۆیان نیشتەجێ بکەن. ئەوەبوو لە ئەدەنەوە گواستنیەوە بۆ "گویان" کە کەوتۆتە سەر سنووری ناوچەکانی بارزانییەکانەوە، ئەم کارە سەرنجی ئینگلیزەکانی ڕاکێشا و بۆ کۆتایی هێنان بەم بارودۆخە کە



گومان و ترسی بۆ پەیداکردبوون، ڕێگایەکی دیپلوماسییان گرتە بەر، لە کۆتاییدا ڕێککەوتنێك لەنێوان بەریتانیا و عیراق و تورکیا ئەنجامدرا بۆ ئەوەی لێبوردن بۆ بارزانییەکان دەربچێ و بێ چەند و چوون بگەڕێنەوە بۆ نیشتیمانی خۆیان. پاش ئەوەی گەڕانەوە بۆ موسڵ. دەسەڵاتی بەڕێوەبردنی ئەوێ، وەك دێتەوە بیرم لەگەرەکی "عبد خوب" لە خانوویەکی تەسکدا بەبیانووی وەرگرتنی بەڵێن نامەی ئاکار چاکی لێیان، دایانان. لەوکاتەدا ڕێکەوتێکی باشم بۆ هاتە پێش:

- لە کەرکووکەوە دەچووم بۆ موسڵ بۆ چارەسەرکردنی چاوەکانی "سۆران" ی کوڕم لای یەکێك لە پزیشکە ئەڵمانییەکان.

لەوێ هەواڵم زانی کە بارزانییەکان لەوێن، گەرچی لەپێشدا نەمدەناسین بەڵام ئازایەتی و بوێری ئەوان و ڕاوەستانیان بەرامبەر بە تیارییەکان و ئینگلیز، پاڵی پێوەنام بچمە لایان، ئەوەبوو یەکێك لەناسیاوەکانی ئەوان، منی بردە ئەو خانووە کە لەوێ نیشتەجێ کرابوون، کاتێك چوومە ژوورەوە هەندێك پیاوم بینین "جامانەی سور"یان بەسەرەوە بوو، پیاوەکە منی پێشکەشی شێخ ئەحمەد و مەلامستەفا کرد، دوای سڵاو و یەکتری ناسین بەڕێکەوت کەوتمە تەنیشت مەلا مستەفا، تەماشام کرد وەکو گڕکان دەکوڵێت، پێم گوت: الصبر مفتاح الفرج وبعد العسر یسر. وەڵامی دامەوە و گوتی: چی بڵێم، تۆ نازانی حکوومەت چیمان پێ دەکا بە تایبەتی موتەسەریف.

گوتم: موتەسەریف چی کردووە؟

گوتی: من ئەمڕۆ چووم بۆ سەرا و داوای چاوپێکەوتنم کرد، بەڵام قبووڵی نەکردم و فەرمانیدا چاوەڕێ بکەم، ماوەیەکی درێژ چاوەڕێم کرد، ماوەیەك لەسەر کورسیی فەڕاشەکە دانیشتم و ماوەیەك هەڵدەستام بەژوورەکەدا پیاسەم دەکرد، پاش چەند سەعاتێك "ئینفراج"بوو، بەڵام چ جۆرە "ئینفراجێك" بوو!! کاتێ چوومە ژوورەوە و سڵاوم کرد. وەڵامی سڵاوەکەی نەدامەوە و بە وشەی ڕەق ڕووبەڕووم بۆوە و پێش ئەوەی شتێك بڵێم پێی گوتم بەبێ قسە بڕۆ دەرەوە! مردن خەریك بوو لەبنی پێمەوە. نەك لەدڵمەوە، دەهاتە سەرم توخوا ئەگەر لەجێگای من بوویتایە چیت دەکرد؟

پێم گوت: نەدەڕۆیشتم، یان پاش ئەوەی ئامادە نەبوو چاوی پێم بکەوێ دەسبەجێ دەگەڕامەوە شوێنی خۆم. پاشان هەستام و ماڵئاوایم کرد و جارێکی تر نەمبینییەوە. کاتی گەرانەوەم لە کەرکوك بیستم حکوومەت لەجیاتی ئەوە ڕێگایان بدات بگەڕێنەوە بۆ نیشتیمانی خۆیان، ڕەوانەی "ناسریە"ی کردوون، ئەوکاتە ژمارەیان "90" کەس دەبوو، پاش ئەوەی نزیکەی چوار ساڵیان لە "ناسریە" بردە سەر بەڕێ کران بۆ حیللە و پاشان بۆ دیوانیە و ئینجا کەرکووك و ئالتون کوپری و پاشان بۆ سلێمانی و لەوێ حەوت ساڵیان لەژیانێکی تاڵ و تەنگەبەری و هەژاری دا بردەسەر. هۆکاری گواستنەوەشیان بۆ سلێمانی بەهۆی ئەوەوە بوو کە بەهۆی توندی گەرماوە تووشی جۆرەها نەخۆشی وەکو کوێری و زەردویی و مەلاریا و هیتر بوو بوون کاتێك کە بەهەندێ کاروباری تایبەت بە یانەی پێشکەوتنی کوردی لەساڵی 1943 چووم بۆ سلێمانی، هەواڵی بارزانییەکانم لەهەندێك کەس پرسی پێیان گوتم کە لە خراپ ترین حاڵدا دەژین، نەحکوومەت بەشی ژیانی خۆیان دەداتێ و نە موتەسەریف ڕێگا بەخەڵکی دەدا بە پێی توانا یارمەتیان بدات. ئەوکاتە موتەسەریفی سلێمانی شێخ مستەفا قەرەداغی بوو. من زۆر سەرم سوڕما و بەلامەوە سەیر بوو کە ئەوە هەڵوێستی قەرەداغی بێ لەبەرامبەر ئەو ستەم لیکراوانە، گوتم بەڵکو هەواڵەکە ڕاست نەبێت. چونکە هەڵسوکەوتی "موتەسەریف" بەشێوەی توند و سەخت لەگەڵ ئەواندا، لەگەڵ بەڕێوەبردنێکی حەکیمانە دا ڕێك نایەتەوە. جگە لەمەش ئەو خۆشی کوردە، و"موتەسەریف "یش لە نیشتیمانی کوردیدا پایەیەکی گرنگی هەیە. لەپاشاندا ڕووم کردە ماڵی شێخ ئەحمەد بارزانی، لەڕێگا تووشی پیاوێکی بارزانی بووم بەجل و بەرگەکەی دا ناسیمەوە. ئەو بەسەر گۆچانیکەوە دەرۆیشت، ڕەنگی زەرد هەڵگەڕابوو، و نیشانەیەکی خوێن لە ڕووخساریدا نەمابوو. جۆرە نارینێك لەدەنگییەوە دەهات وەك بەسەر لێواری مردنەوە بێت. جاروبار دادەنیشت و پاشان هەڵدەستا و کەمێك دەڕۆیشت، لێی نزیك کەوتمەوە و سلاوم لێ کرد، بەڕەقییەوە وەلامی دامەوە، هەروەکو بلێی نایەوێ کەسێك لەفەرمانبەران ببینێ هەواڵیم پرسی، وەلامی دامەوە نامبینی نەخۆشم! لەوەش زیاتر هیچی تری



نەگوت، منیش بەجێم هێشت. کەوتمەوە ڕێ تا ڕێبوارێك ماڵی شێخ ئەحمەدی پیشان دام، لەدەرگامدا یەکێك لەمریدانی دەرگای لێ کردمەوە، بینیم شێخ ئەحمەد لەسەر ڕایەخێك کە لەسەر سەکۆیەکی لەقوڕ دروست کراو ڕاخرابوو، دانیشتبوو، دارجگەرەیەکی درێژی بەدەستەوەیە، سلاوم کرد شێخ لەبەرم هەستایە پێ و وەلامی دامەوە، منیش لەتەنیشتییەوە دانیشتم و پێم گوت:

- نامناسی؟

وەلامی دامەوە: ئەوپیاوەی خۆی لەبیر چووبێتەوە خەڵکی تر دەناسێتەوە؟ کاتێك بینیم زۆر لەئازاردایە، دەستم کرد بە دڵ خۆشی دانەوەی بەقسەی باش و ئایاتی قورئانی و کەمێك ئازار و گرانایی بێزاریم لە سەری سوك کرد و پێم گوت:

یا شێخ خەڵکی وەکو تۆ چونکە خوا دەناسێ خۆی لەبیر ناچێتەوە گوتی:

- تۆ کێی؟ ناوی خۆمم پێ گوت، هەستایە پێ و باوەشی پێداکردم و گوتی: بەخوا نەمناسییەوە، پاشان گوتی کەی هاتووی و چۆن هاتی بۆ ئێرە، چونکە سەردانی ئێمە بەفەرمانی موتەسەریف قەدەغەیە. هەر بۆیەش هەمیشە دەرگامان داخراوە. لەوەلامدا پێم گوت کە فەرمانی موتەسەریف و غەیری ئەویش بەلای منەوە گرنگ نییە. کاتێك لەوەزعی گوزەرانیانم پرسی، نەفەسێکی قووڵی لە دارجگەرەکەیدا و گوتی:

دەربارەی خواردن زۆربەی ڕۆژان تامی خواردن ناکەین بەڵکو تەنیا بەنان و چا دابین دەبین، دەربارەی تەندروستی زوربەمان تووشی کەم خوێنی بووین، پاشان بەدوو ئەوەدا گوتی: ئەو دەرماڵەیە کە حکوومەت بۆمانی تەرخان کردووە بریتیە لەدەرماڵەی یەك پۆلیس، پاشان هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا و گوتی: ئایا ئەوە ڕەوایە کاپتن "لاین" سەرۆکی پشکنەری بەڕێوەبردنی باکوور بێتە لام و چەند دینارێك بخاتە ژێر ڕایەخەکەوە و شێخی قەرەداغیش خەڵك لەیارمەتی دانی ئێمە قەدەغە بکا و بەبێ هۆ بەم شێوە مامڵە سەختە مامڵەمان لەگەڵدا بکا؟!!

کەمێك بیرم کردەوە و پاشان گوتم: یاشێخ مامڵەی "لاین" دەسیسەیە و بۆ خۆشەویستی نییە، بەڵکو بۆ ئەوەیە کە تۆ ئەم قسەیە بلێی کە ئێستا گوتت،

پاشان لەبیرت نەچێ هەڵاتنی مەلا مستەفا و گەیشتنەوەی بۆ بارزان ئەوە پاڵنەری راستەقینەیە لەپشت لوتفی "لاین"ەوە. کاتێك کە دەربارەی هۆی راکردنی مەلا مستەفا پرسیارم کرد، تەنیا ئەوەندەی گوت: بەخوا من پاش رۆژێك بەهەڵاتنەکەیم زانیوە، هۆی راکردنەکەشی ئەو لاوێکە ناتوانێ سوکایەتی و دڵڕەقی قبووڵ بکا و بۆ پاراستنی کەرامەت و شەرەفی خۆی مردنی بەلاوە پەسندترە، چەند رۆژێك بەر لەوەی کە رابکا، لە گەرماو، خوێڕییەك بەلێدانی شەقازلەیەك دەست درێژی دەکاتە سەر، گوتیان بەفەرمانی موتەسەریف بووە، کاتێك کە دەچێتە دەرەوە، دەچێتە لای موتەسەریف بۆ ئەوەی سکاڵای حاڵەتەکەی بۆ باس بکا، موتەسەریف گرنگی بە سکاڵاکەی نادا، هەروەها لەماڵی دونیادا شتێکی نەمابوو، ئەو سەروکڵاوی زێری خێزانەکەشی فرۆشتبوو، سەرفی کردبوو، کاتێکیش داوای لێ دەکا خشڵەکانی "خشڵی زێڕ کە بۆ جوانی بەو سەروکڵاوانەوە دەبەسترێت" بداتێ، خێزانەکەی سەرو کڵاوەکەی بۆ فڕێدەدات کەسەیر دەکات دوو پارچە "ناڵی ئەسپ"ی لەناودا دانراوە ئەویش یەکجار نیگەران دەبێ و شەو لەگەڵ سێ کەس لەمریدانی هەڵ دێت.

تێبینییەکی بچووك: ئافرەتانی کورد سەروکڵاوێك کە بە خشڵی زێر یان زیو رازاوەتەوە دەکەنە سەریان پێی دەکوترێ "غازییە" کێشی ئەم سەروکڵاوە هەندێکیان لە بەینی یەك وەقیە[1] تا یەك هوقە دەبێ جا ئەو ئافرەتەی کە لە سەر سەروکڵاو راهاتبێ، ناتوانێ وازی لێ بهێنێ، جا کەناچار دەبێ و پێویستی بەپارە دەبێ، هەندیك لەو "غازییە" دەفرۆشێ و بەقەدەر کێشی ئەو پارچەیەك ئاسن دەخاتە جێگاکەی. جابۆیە خێزانەکەی ئەویش ناچاربووە کەپارچە ناڵێك بخاتە ناو سەروکڵاوەکەیەوە.

هەرچی چۆن بووبێ پاش رۆیشتنی مەلا مستەفا لەگەڵ سێ چەکداری بارزانی کە بەنهێنی لەلایەن یەکێك لەشێخانەوە چەکیان درابویە و تا ئێستاش ناوی

1- وەقیە: بەرامبەر بەحەوت مسقاڵ زێر بووە."وەرگێر"



نەزانراوە لەرێی" پێنجوین- بانە- سەردەشت- پەسوێ- لاجان- ناودەشت- سێڵکێ- سرێشمە- بارزان لەماوەی یەك هەفتەدا بە پێ گەیشتنەوە ئەوێ.[1]

مەلا مستەفا پیاوێکی رەنگ ئەسمەر، بیرتیژ و وەڵامی دەستبەجێ و حازر بەدەست بوو، ئەو، زمانی عەرەبی و فارسی و تورکی ئەزانێ و بایەخی بەفێربوونی زمانی ئینگلیزییەوە هەیە، جگە لەمەش زارە جۆربەجۆرەکانی زمانی کوردیش دەزانێ، ئەو ئێستا تەمەنی لەدەوری 51 ساڵ دایە، کاتێك گەیشتە بارزان چەند سکاڵانامەیەکی نووسیوە تێیداهاتووە کە بەهۆی تەنگ پێ هەڵچنین و دڵسەختی فەرمانبەرانەوە لەشوێنی دوورخرانەوەکەی رایکردووە، و لەم گەڕانەوەیەیدا بۆ نیشتیمانی خۆی، مەبەستی یاخیبوونی چەکدارانە دژی حکوومەت یان دەست درێژی بۆ سەر کەسانی تر نییە. بەڵکو دەیەوێ لەناو کەس وکار و کوڕەکانیدا بە ئاسوودەیی و ئارامی بژی. حکوومەت گوێی بەم سکاڵانامانە نەدا و فەرمانی بەهێزەکانی پۆلیس کرد کە بەووردی لەدوو چوونی بەدوودا بکەن، لەهەمان کاتیشدا شێخ ئەحمەد و مریدەکانی لەسلێمانییەوە گوازرانەوە بۆ "حیللە" لەو ترسە کە نەوا پەیوەندی بەمەلا مستەفاوە بکەن. لەو سەروبەندانە مەلا مستەفا لەپێکدادان لەگەڵ ئەو هێزانە کە لەشوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر بەدوویدا دەگەڕان، دوور دەکەوتەوە، ئەمەش بۆ ئەوە بوو نەکەوێتە ناو تەڵەوە. لەهەمان کاتیشدا بەردەوام بوو لە پێشکەش کردنی داوانامەی بەزەیی لەبەرامبەر حکوومەت، بەڵام حکوومەت لە بەدوودا چوونی و تەنگ پێ هەڵچنینی بەردەوام بوو، مەلا مستەفاش کە بینی حکوومەت سوورە لەسەر لێدانی، دەستی کرد بەکۆکردنەوەی عەشیرەتەکانی دراوسێ و هەوڵی لەگەڵیاندا دەدا کە رق و کینەی کۆن بخەنە لاوە بۆ ئەوەی بتوانن قەوارەی زوڵم و ستەم هەڵتەکێنن و لەووڵاتی کورددا دادپەروەری بۆ کورد دابین بکەن. بەم شێوەیە لەرێگای بەدەست هێنانی هێزی ماددی و مەعنەوی لەو کۆمەڵە خەڵکە پشتیوانە، توانی جڵەوی ئەم بەدوودا گەڕانانەی

2- بڕوانە: بەرگی (2) لە کتێبی بارزانی و رزگاریخوازی کورد. مەسعوود بارزانی"وەرگێر"

پۆلیس بکا و دەست بەسەر بنکە و سەراکانیاندا بگرێت. دوای ئەوە حکوومەت رەتلێك سووپای بەرێ کرد بۆ ئەوەی لەگەڵ پۆلیسدا بەشداری ئەم بەدوودا گەڕانە بکەن، بەڵام مەلا مستەفا رووبەرووی رەتلی ناوبراو بۆوەو بەخێرایی هەورە بروسکە لەپەل و پۆی خست، بەشێوەیەك کەجێگای حەپەسان بوو، لەم کاتەدا بەیان نامەی هاندەرانە لەبەغدا لەلایەن حیزبێکی سیاسی نهێنییەوە بڵاوکرایەوە و چەند دانەیەکی بۆ حکوومەتی بەریتانیا و عیراق نێردراو تێیدا هاتبوو کە پێویستە راونانی ستەم کارانە دژی مەلا مستەفا رابگیرێت و مافەکانی کورد لەجێبەجێ کردنی "بەرێوەبەرایەتییەکی لامەرکەزی" دابین بکرێ، ئەم بڵاوکراوانە سەرنجی هەردوو حکوومەتی راکێشا و حسابێکی وردیان بۆ ئەم کارانە کرد، چونکە جوڵانەوەی مەلا مستەفا لەهەموو شوێنێك سەرنجی گشتی راکێشابوو. لەبەر ئەوە وابەچاك زانرا کێشەکە بەنەرمی و ژیرانە چارەسەر بکرێت و باڵوێزخانەی بەریتانیا لەئاکامی ئەم سەرنج راکێشانە ورد بۆوە و لە پاشەڕۆژی ئاشورییەکان "ناحەزانی بارزان" بگرە هەموو کورد، دەترسا ئەوە بوو فەرمانی بەحکوومەتی عیراقی دا کە پێویستە سیاسەتی خۆی بگۆڕێت. هەروەها سەفیری بەریتانیا نووسراوێکی بۆ مەلا مستەفا نارد کە وەك وەڵام دانەوەیەکی پێشنیارەکانی بوو، لەنامەکەدا هاتبوو:

1- تۆ بە بەکارهێنانی چەك دژی هێزەکانی سووپا و پۆلیس سنوورت شکاندووە.
2- پێویستە تۆ دەسبەجێ شەڕ رابگری و داوای لێبووردن و گفتوگۆ لەگەڵ حکوومەتدا بکەی.
3- رانەگرتنی شەڕ مانای وایە کە تۆ دژی بەریتانیا راوەستاوی، ئەوە ئەگەر دژی حکوومەتی عیراقی نەبی، و حکوومەتی عیراقی فەرمانی بەگشت یەکەکانی بەڕێوەبردن داوە بۆ ئەوەی لەمەڕ هەمان بابەت، هەموو سەرۆك عەشیرەتەکان ئاگادار بکەنەوە. مەلا مستەفا ناچار بوو جوڵانەوەکەی خۆی رابگرێ و بەرەو دوواوە بکشێتەوە. کابینەی وەزارەت ئەو کاتە کابینەی حەوتەمی نوری سەعید بوو، و هەرکام لە ئەحمەد موختار بابان و داود حەیدەری بەناوی کوردەوە لەو کابینەیەدا وەزیر بوون. ئەم کابینەیە دەستی



لەکار کێشابۆوە، نوری سەعید بۆ جاری دووەم لە 25- 11- 1943 دووبارە وەزارەتی پێك هێنایەوە و هەرکام لە بەرێز ئەحمەد موختار بابان بۆ وەزیری ناوخۆ و ماجید مستەفا بە وەزیری بێ وەزارەت دیاری کران. ماجید مستەفایان بۆ ئەوە هێنا سوود لە دەهۆ وداوی لەکارزانینی وەربگرن. چونکە مەلا مستەفا دوای هایدان کردنی لەلایەن باڵوێزی بەریتانییەوە، دووبارە پێشنیاری بەزەیی نامەی خۆی بۆ حکوومەت دووبارە کردبۆوە، جا وەزارەت هەندێك کارسازی خۆی وەرگرتبوو بۆ ئەوەی جوڵانەوەکە زیاتر پەرەنەستێنێ، ئەوە بوو فەرمانی بە ماجید مستەفا دابوو کە بچێتە باکوور و چاوی بە شێخانی بارزانییان بکەوێ و هەوڵبدا ئاستەنگەکان نەهێڵێ. ماجید مستەفا پیاوێکی رووخۆش و سەروسیمای هەروەك سەروسیمای باپیری دەچێ " شێخ مەحموودی حەفید ئاوا باسی ماجیدی کردووە و گوتوویەتی: ماجید مستەفا لەبیر رووناکی و زمان پاراوی دا بەباپیری دەچێ کە لەلای میرانی بابان پایەیەکی گرنگی هەبوو، بەڵام دواجار میری بابان بە تۆمەتی نیفاق و دووبەرەکایەتی نانەوە لەبەینی میراندا زمانی بڕیوە". ماجید مستەفا پێش ئەوەی سەفەری باکوور بکا، دەستی کرد بە خۆنزیك کردنەوە لە حیزبی "هیوای کوردی" کە لەلایەن هەندێك لە قوتابیانی قوتابخانەکانەوە دامەزرابوو. ئەمەش بۆ ئەوە بوو تۆمەتی خیانەت لەخۆی دوور بخاتەوە. و لەڕاستیدا توانیشی ئەم کارە ئەنجامبدا، هەروەها توانی پەیوەندی بە لاوانی کورد لەبەغدا بکا و بۆیان روون بکاتەوە کە ئەو تەنیا بۆ خزمەتی کورد وەزارەتی قبووڵ کردووە. و بەم هۆیەوە توانی زۆر لە لاوانی کورد بناسێ، و دوای گفتوگۆکردن لەگەڵیاندا راپۆرتێکیدا بەوەزارەت، لە راپۆرتەکەدا داوای کردبوو هەندێك لە ئەفسەرانی کورد کە لەناو سووپا دان بە ناونیشانی "ئەفسەرانی پەیوەندی" لەسەر شێوازی ئەفسەرانی پەیوەندی ئینگلیز لەناوچەی باکوور دابمەزرین. ئەوە بوو بڕیاردرا هەرکام لە خوالێخۆشبوو عزەت عەبدول عەزیز، عەزیز سەید عەبدوللا و ئەمین رەواندزی دیاری

بکرێن، ئەمانە بەرەو بارزان بەرێ کەوتن و لەمێرگەسور چاویان بە مەلامستەفا کەوت و پاش گوتوبێژ کردن لەگەڵیاندا مەلا مستەفا لە بەرامبەر چەك داناندا هەندێك مەرجی دانا:

1- دەرکردن یان گواستنەوەی ئەو فەرمانبەرانەی کە بە وەرگرتنی بەرتیل و خراپ بەکارهێنانی دەستەڵات ناوبانگیان هەیە.
2- پێکهێنانی ویلایەتێکی جیاوازی کورد "لەبابەتی روم ئیلی رۆژهەڵات لەبولگاریا" کە لیواکانی کەرکوك و سلێمانی و هەولێر و درنە و باجەلان "خانەقین" و قەزا کوردییەکانی سەر بە موسڵ وەکو دهۆك، زاخۆ، ئامێدی، ئاکرێ، شەنگار شێخان پێکدێ، بگرێتەوە.
3- ناسینی زمانی کوردی بەزمانی رەسمی.
4- دامەزراندنی بریکارێکی کورد بۆ وەزیرەکان لەهەموو وەزارەتەکانی دەوڵەتدا.
5- دیاری کردنی وەزیرێکی کورد لەکابینەی وەزارەتدا کە بەرپرسی ویلایەتی کوردستان بێت.

بەڵام دەربارەی سووپا و دارایی ئەوا حاڵەتەکە وەکو خۆی دەمێنێتەوە چونکە مەبەست لەدانانی ئەو مەرجانە پێکهێنانی بەرێوەبەرایەتییەکی پاك و جیاوازە لەناوچەی کوردستان چونکە لای کەس شاراوە نییە کە کورد، ئازارێکی زۆریان بەدەست هەڵسوکەوتی خراپی پیاوانی بەرێوەبردنەوە دیوە.

لەسەر ئەم بنەمایە ماجید مستەفا لە 7- 1- 1944 سەفەری کرد بۆ باکوور و لە مێرگەسور چاوی بە مەلا مستەفا کەوت و بەم شێوەی خوارەوە رێککەوتنێك بەئەنجام گەیشت:

1- گێڕانەوەی شێخ ئەحمەد بارزانی لەگەڵ هەموو ئەوپیاو و ئافرەت و منداڵانەش کە لە گەڵی دایە.
2- هاتنی مەلا مستەفا بۆ پایتەخت بۆ پیشاندانی گوێ ڕایەڵی و مل کەچی.
3- سپاردنی کاروباری بەرێوەبردن لەناوچەی بارزان بەو فەرمانبەرانە کە بە پاکی و خاوێنی ویژدان ناسران.



4- دەست کردن بەکردنەوەی قوتابخانە و خۆش کردنی رێگا و بنیات نانی سەراکانی پۆلیس و هەروەها رێوشوێنی پێویستی تر بۆ جێبەجێ کردنی جێگیرکردنی ئاسایش و ئاسودەگی ناوچەکە. ماجید مستەفا لە باکوور گەڕایەوە و راپۆرتێکی تێر و تەسەلی پیشکەش کرد. هەروەها ئەو لیژنە تایبەتەش کە پێشتر وەزارەت دروستی کردبوو، ئەویش راپۆرتێکی پێشکەش کردبوو، وە لەبەر ڕۆشنایی هەر دوو راپۆرتەکە کابینەی وەزارەت بەسەرۆکایەتی جێگری سەرۆك "تۆفیق سویدی" لەو کاتەدا نوری سەعید لە 9- 1- 1944 سەفەری بۆ فەلەستین کردبوو، وە لە 7- 2- 1944 گەڕایەوە بۆ بەغدا" بڕیاری ئەمەی خوارەوەی دا:

1- دامەزراندنی پێکهاتەی بەرێوەبەرایەتییەکی نوێ لە قەزاکانی زێبارو ڕەواندز و ئامێدی، وە لەناحیەکانی مێرگەسور، شیروان مەزن، بارزان. وە دامەزراندنی فەرمانبەرانی دەست پاك بۆ ئەو شوێنانە و کەڵك وەرگرتن لە ئەفسەرانی سووپا وەکو بریکار و ئەفسەرانی پەیوەندی.
2- بنیات نانی کۆمەڵێك بنکەی پۆلیس لەو ناوچانەدا.
3- چاککردنی رێگاکان بۆ ئەوەی بنکەکان بەیەکەوە ببەستێتەوە.
4- دوور خستنەوەی دەسبەجێی مەلا مستەفا بارزانی لە بارزان و ناچار کردنی بۆ ئەوەی لە "پیران" نیشتەجێ ببێ.
5- شێخانی بارزان کەدوور خراونەتەوە، دەگەڕێنەوە جێگاکانی خۆیان، و قبوڵ کردنی هاتنی مەلا مستەفا بۆ بەغدا بۆ دەخالەت کردن، بەمەرجێك کات و چۆنیەتی جێبەجێ کردنی ئەم کارە بۆ بیر و رای وەزیری ناوخۆ و وەزیری بێ وەزارەت بەجێبهێلرێ.
6- گێڕانەوەی ئەو چەك و کەرەستانەی حکوومەت کە مەلا مستەفا و جەماعەت دەستیان بەسەردا گرتووە، وە لەم بارەیەوە دەبێ دەسبەجێ دەست بەکار بن.
7- رازی بوون لەسەر دەرکردنی لێبوردنێکی گشتی لەو بارزانییە یاخیبووانە، جگە لە کەسانی هێزە چەکدارەکانی حکوومەت و فەرمانبەران کە لەگەڵ ئەو

یاخییانەدا بەشدارییان کردووە. بەمەرجێك بەرواری لێبووردنی ناوبراو بۆ هەڵسەنگاندنی حکوومەت بەجێ بهێڵرێ.

8- هەستانی وەزارەتە تایبەتەکان بەجێبەجێ کردنی ئەم بڕیارانە هەریەکە و بەپێی پەیوەندی خۆی بەبڕیارەکانەوە.

لەم بڕیارە ترسناکەوە تێبینی چەند هەڵەیەکی گەورە دەکرێ، هەروەها لەپەلەکردن لەبڕاندنەوەی کارەکە، کە ئەمە ئارامی و دڵنیایی لەناو دڵی بارزانییەکاندا نەهێشتبوو، بەتایبەتی لەناو دڵی کەسانی هێزە چەکدارەکان و فەرمانبەرانی حکوومەت، ئەوانەی کە لە جوڵانەوەکانی بارزانییەکاندا بەشدارییان کردبوو، لەو هەڵانەی کە دێنە بەرچاو ئەمانەن:

1- بەشداری پێکردنی ئەفسەرانی کورد لە لەکاروباری بەڕێوەبەرایەتیدا، ئەم کارە بووە هۆی توند و تۆڵ بوونی خۆشەویستی ئەوان بە بارزانییەکانەوە و دواجاریش کە سۆزی نەتەوایەتی، وای لێکردن کە سووپا بەجێبێڵن و بچنە ناو ڕیزی بارزانییەکانەوە و لەدوایی دا بەهەموو داخێکەوە لەسێدارە دران.

2- دوورخستنەوەی دەسبەجێی مەلا مستەفا، کە ئەمەیان عەشیرەت قبووڵی نەدەکرد، هەروەکو لەگەڵ بنەمای قبووڵ کردنی ئامادە بوونی بۆ بەغدا بەمەبەستی دەخالەت و پیشاندانی گوێ ڕایەڵی تێکی نەدەکردەوە و گومان و بەدبینی بەرامبەر بە حکوومەت دروست دەکا.

3- گێڕانەوەی چەك و ئەسپاپی حکوومەت، ئەمەش بەو پێیە کە زوربەی چەکەکان کەوتە دەستی تالانچییانەوە کە بۆ تالان و برۆ هاتبوون و بەم و بەویان فرۆشتبوو، کارێکی مەحاڵ بوو.

4- دواخستنی دەرکردنی یاسای لێبووردن بۆ کاتێکی تر ئەوەبوو لەنیسانی 1945 دەرچوو.

5- هەڵاواردنی ئەو کەسانەی سەر بەهێزەچەکدارەکان یان فەرمانبەر بوون و لە جوڵانەوەکاندا بەشدارییان کردبوو، لەبەرکەوتنیان بەیاسای لێبووردن، ئەم هەڵاواردنە گەورەترین هەڵەبوو، چونکە شێخ خۆشی نەیدەتوانی ئەمە



جێبەجێ بکا. جگە لەمەش ئەم فەرمانبەرانە مردنیان لەشەڕدا بەلاوە پەسندتر بوو وەك لەوەی کە لەپەتی سێدارە بدرێن. لێرەدا سیاسەتی حەکیمانە ئەوە بوو کەلێبوردن بۆ هەمووان دەربچێ و هەر کەس بگەڕێتەوە سەر کار و پیشەی خۆی. شێخ هەموو ئەو چەکانەی کەوتبووە دەستی بارزانییەکانی بەر فەرمانی خۆی، گێڕایەوە، بەڵام پاشماوەی چەکەکانی تر کەوتە دەستی تالانچییانەوە و کاتێکیش بەو بڕیارەی حکوومەتیان زانی، لەبارزان دوورکەوتنەوە و چەند باندێکیان پێکهێنا و روویان کردە مەڵبەندە دوورە دەستەکان کە دەست پێ ڕاگەیشتنیان کارێکی ئەستەم بوو، هەروەها لەسەر داوای وەزیر، کابینەی وەزارەت بڕیاریدا ئەم ئەفسەرانەی خوارەوە لەم وەزیفانەدا دەست بەکار بن:

1- ئەمین ڕەواندزی: ئەفسەری پەیوەندی ناوچەی ڕەواندز و بارزان، ئەم پیاوە حکوومی بوو واتە جێبەجێ کەری سیاسەتی حکوومەت بوو.

2- عزەت عەبدول عەزیز: ئەفسەری پەیوەندی ناوچەی "بلێ" ئەم پیاوە برای خێزانی یەکێك لە شێخەکان بوو، دامەزراندنی لەو جێگایە تاوانێك بوو بەهەقی خۆی و عەشیرەتەکەش.

3- مستەفا خۆشناو: ئەفسەری پەیوەندی بارزان، ئەو یەکێك لەو لاوانە بوو کە لەداوا کردنی ئازادی دا توندڕەو بوون.

4- میرحاج ئەحمەد: ئەفسەری پەیوەندی ئاکرێ، کوڕی سەرۆکی پێشووی شارەوانی ئاکرێ بوو، یەکێك بوو لە لاوە جەسورە ئازادیخوازەکان.

5- مەجید عەلی: ئەفسەری پەیوەندی ئامێدی وابزانم لە خزمانی عزەت عەبدول عەزیز بوو، چونکە خۆم نایناسم.

6- سەید عەزیز سەید عەبدوللا: ئەفسەری پەیوەندی مێرگەسور و برادۆست. پیاوێکی نیاز پاك بوو، بەڵام شارەزایی کەم بوو، لەقبووڵ کردنی ئەم وەزیفەیە بەناونیشانی خزمەتکردنی مەملەکەت بەهەڵەیان برد.

7- فوئاد عارف: ئەفسەری پەیوەندی پشدەر، ئەمە کوڕی خوشکی ماجید مستەفا بوو، خاڵی بۆ ئەوەی ژیانی خۆش بکا و پایە و پلەی بەرز بکاتەوە، هەروەها بۆ هەندێك کاروباری تر کە من نەمدەزانی چین، پێشنیاری کرد.

پاش ئەوەی ئەم ئەفسەرانە گەیشتنە شوێنی کارەکانیان و پەیوەندییان بەمەلا مستەفاوە کرد و نامەیان لەگەڵ سەرووی خۆیاندا بەتایبەتی لەگەڵ وەزیری بێ وەزارەت دا، گۆڕییەوە، حکوومەت "شێخ ئەحمەد"ی لە (حیللە)وە هێنایەوە و لە هوتیل "شط العرب" داینا. من بەمۆڵەتێکی تایبەتی لە وەزیری ناوخۆ، توانیم چاوم پێ بکەوێ، بەڵام لەکاتی سەردانەکەدا شێخ ئەحمەد لەباسەکانی گوتوبێژی نێوانیان لەگەڵ وەزیری ناوخۆ و وەزیری بێ وەزارەت، دەربارەی ئەو کاروبارانە کەتایبەت بوون بە بەڵێن دان بە پاراستنی ئاشتی، ئاگاداری نەکردم. ڕۆژی دووەم شێخ ئەحمەد گەڕایەوە بۆ (حیللە) بۆ ئەوەی ڕێوشوێنی پێویست بۆ گەڕانەوە بۆ زێدی خۆیان، کەماوەیەکی درێژ بوو شەیدای گەڕانەوە بوون بۆی، ئامادە بکا، بۆ ئەوەی بە شنەی چیاکان شادببنەوە و بۆنی گوڵزاری ئەوێ هەڵمژن و لەنزیك مەزار و گۆڕی باب و باپیران و شێخانی خۆیانەوە بن. پاش چەند ڕۆژێك هەواڵم زانی کە شێخ ئەحمەد و پەیڕەوانی لەگەڵ خێزانەکانیان ئێوارە دەگەنە وێستگەی باکوور. لەوێ شێخ ئەحمەد و پەیڕەوانی لەپیاوان و ژنان و منداڵان و خزمەتچیانم بینی، هەموویان لە واگونێکی پلە سێ دا پەستابوو، وەکو دەڵێن "کەڵەکە ببوون" و هەناسەیان سوار بوو بوو، پاش سڵاوکردن شێخ بەغەمێکی گرانەوە پێی گوتم:

ئا بەم شێوە نالەبارە حکوومەت دەیەوێ بمان باتەوە شوێنی خۆمان، ماجید مستەفا لەکوێیە بابێت وەزعەکەمان ببینێ! پێم گوت:

– غەمتان نەبێ من ئێستا قسە لەگەڵ وەزیری ناوخۆ دەکەم تابزانم لەم بارەیەوە دەڵێ چی، پێش ئەوەی بچم بە تەلەفۆن قسە لەگەڵ وەزیری ناوخۆ بکەم، پرسیارم لەکۆمیسەری ناوبراو کرد ئایا وەزارەت فەرمانی ئەوەی داوە هەموویان بخاتە واگۆنێکی پلە سێ وە، یاخود ئەو لە خۆیەوە ئەوەی کردووە؟ کۆمیسەرەکە وەڵامی دایەوە و گوتی: کەس فەرمانی ئەوەی بەمن نەکردووە.



ئینجا واگۆنێکی پلە یەکم بۆ شێخ ئەحمەد و کوڕەکانی گرت و ئەوانی دیکەش لە جێگای خۆیان مانەوە. پاشان شێخ ئاماژەی کرد کە کوڕەکان برسییانە، منیش چی لە وێستگەکەدا بەردەستم کەوت لەنان و سەمون و شیرینی بۆم هێنان و پێشکەشم کردن، ئەوانیش تا لێی تێربوون خواردیان و ئەوەی مایشەوە هەڵیان گرت بۆ بەیانی. پاشان سووپاسیان کردم و شەمەندەفەر کەوتەڕێ، ڕۆژی دوایی چوومە دیدەنی بەڕێز "عومەر نەزمی" وەزیری ناوخۆ و لەڕووداوی وێستگەکە ئاگادارم کرد، وەزیری ناوخۆ چواردە دیناری لەناو چەکمەجەکەی هێنایە دەرەوە کە چوار دیناریان هەقی کرێی شەمەندەفەرەکە بوو، دایە دەستم، بەڵام ڕەتم کردەوە وەری بگرمەوە، بەڵام ئەو زۆر پێداگری لەگەڵمدا کرد، منیش لەسەر حسابی حکوومەت قبووڵم کرد. پاش گەیشتنیان بەجێگاکانی خۆیان، ڕۆژی 22- 2- 1944 مەلا مستەفا لەگەڵ هەندێك لەگەورە پیاوانی بنەماڵەکانی بارزانییان هاتە بەغدا. فەتاح ئاغای سەرۆکی عەشیرەتی هەرکیش لەگەڵیاندا بوو، و چاوی بە خاوەن شکۆ "وەصی" کەوت و گوێڕایەڵی خۆی تازە کردەوە. پاش ئەوە لەهوتێل "شط العرب" چاوم پێکەوت، لەگەڵ پیاوەکانیدا بۆ نیوەڕۆ دەعوەتم کردن، ئەوانیش هەموویان هاتن، پاش ئەوەی نانمان خوارد لەگەڵ مەلا مستەفا چووینە ئەولاوە، چونکە دەرفەتێکی باش بوو بۆ ئەوەی سەرنجی رابکێشم، پێم گوت:

– دەمەوێ شتێکت بۆ ڕوون بکەمەوە ئەویش ئەوەیە:

– ئێمەی کورد تائێستاش لەپاشەوەی کاروانەکە داین مادام تورکیا لەناو باوەشی ئینگلیز و ئەمەریکا پاڵ کەوتووە، وە مادام ئینگلیز جێگا پێی خۆیان لەئێران قایم کردووە، لەم جۆرە هەلومەرجەدا ئێمە جگە لەوەی پشوو بدەین و ئارام بگرین پەنایەکی ترمان نییە، ئەمە ماڵ وێرانییە کە عەشیرەتێك یان چەند عەشیرەتێك یاخیبوونی چەکدارانە دژی حکوومەت بەرپا بکەن، حکوومەت هەرچەندێك لە لێڕوانینی ئێمەدا لاواز بێت، لەڕاستی دا لەبەرامبەر عەشیرەتێك یان چەند عەشیرەتێکدا هەر بەهێزە و هەر چەندە عەشیرەت

بشتوانێ ماوەیەك لەبەرامبەر حکوومەتدا رابوەستێ رۆژێك هەردێت دەرووخێ و ئاکامیش لێك هەڵوەشان دەبێت، بەتایبەتی کە بزانین سیاسەتی ئینگلیز لەگەڵ سیاسەتی حکوومەتی عیراقیدا هاوکۆکە و فرۆکەکانیان لەو پەڕی ئامادەیی دایە بۆ لێدانی هەرکەسێك پشێوی ساز بکا و بجولێتەوە. جا ئەوەی کەمێك ژیری و حیکمەتی هەبێت خۆی ناخاتە ناو هەڵدێرگەیەکی ئاواوە، ئەو ماوە دوور و درێژەش کەبەسەرتان دا رابورد و ئێوە لە وڵاتی خۆتان دوور بوون و لەژێر باری تەنگانە و ئازاردا بوون ئەوەندە بەسە بۆ بەرپەچ دانەوەی تەڵەی بەدکاران و ئارەزوو پەرستانی نەزانی و تێنەگەیشتوویی. ئێستاش سووپاس بۆ خوا هەموو شتێك کۆتایی هات، و ئێستا پێویستە لەسەرتان بەکاروباری کشتوکاڵی خۆتانەوە خەریك بن و منداڵەکانتان لە قوتابخانەدا رۆشنبیر بکەن. دوای ئەوە هەموومان هەستاین و بڵاوەمان لێکرد. پاش رۆژێك یان دوو رۆژ، رۆژنامەکان بە بیانووی ئەوەی بارزانییەکان لەرێگاکاندا بەچەکەوە دەسوڕێنەوە، دەستیان کرد بە هێرش بردن بۆ سەر میوانە بارزانییەکان و کار گەیشتە رادەیەك هەندێك لەنوێنەرانی ئەنجوومەن بەدوای قسەکانی رۆژنامەکانەوە پەلکێش بوون و بەلێشاو پرسیاریان لەوەزیری ناوخۆ دەکرد، کار گەیشتە ئەوە خەریك بوو، لەسەر فەرمانی وەزارەت مەلا مستەفا و هاوڕێکانی بگیرێن. یەکێك لە بەرپرسەکانی ئینگلیز پێیان گوتم کە حکوومەت لەبارودۆخەکە نیگەرانە و پێویستە مەلا مستەفا بێ راوەستان و دەسبەجێ بگەڕێتەوە بۆ وڵاتی خۆی، پاش چەند دەقیقەیەك لەبینینی ئەو ئینگلیزە، لە وەزارەتی ناوخۆ تووشی مەلا مستەفا بووم، لەوەزعەکە ئاگادارم کرد و بەجێم هێشت. پاشان هەواڵم زانی کە مەلا مستەفا هەندێك ئوتومبیلی بەکرێ گرتووە و لەبەغدا دەرچووە و بەرەو نیشتیمان بەرێ کەوتووە و بەسەلامەتی گەیشتۆتەوە ناو کەس و کاری خۆی. لێرەدا بە مەبەستی تەواوکردن و کەڵك وەرگرتن لەباسەکە پێویستە شتێك لەبارەی ئەوە بخەمەڕوو کە لەنێوان لاوانی کورد و ماجید مستەفا روویدا:



- "ماجید مستەفا وەکو لەپێشدا گوتم پیاوێکی زۆر زیرەکە و بەپێی نەخشەیەکی رەسم کراو دەجولێتەوە. جا بەپێی ئەو سیاسەتە دەستی کرد بە پەیوەندی کردن بە هەندێك لەسەرۆك عەشیرەتەکانی کورد و بۆی روون دەکردنەوە کە چەند کۆشش دەکا بۆ ئەوەی ئەو چاکسازییانە لەباکووردا بکرێن، جا هەندێك لەو سەرۆك عەشیرەتانە قەناعەتیان بەو قسانە دەهات کە ئەو بۆی دەکردن، تەنانەت جارێکیان ئاماژەی بۆ سەرۆك وەزیران بەرێز نوری سەعید کرد کە بۆ پیشتیوانی کردنی قسەکانی لە کەرکووك ئامادە دەبێت بۆ ئەوەی قسە لەگەڵ ئەو سەرۆکانە بکا، ئەم جۆرە کار و جولانەوە و گەڕانە بەردەوامانەی لەنێوان لاوانی کورد دا ژاوەژاو و دڵەڕاوکێی نابۆوەو زوربەیان بەلای ئەوەدا دەچوون کەسیاسەتێکی داواکراو و نەخشە بۆ کێشراوی ئەنجام دەدا و بە لەرێ دەرچوویان لەقەڵەم دەدا، و هەندێکی تر پێیان وابوو کە بۆ بەرژەوەندی کورد هەوڵ دەدا.

لە پێشدا گوتم کە ئینگلیز سیاسەتێکی تایبەتییان لە رۆژهەڵاتی نزیکدا هەیە، واتە لەعیراق و تورکیا و ئیران، لەوەی کە تورکیا لەجەنگی دووەمی جیهانی دا، هەڵوێستی بێ لایەنی وەرگرتبوو، و ئەم بارودۆخەش بۆ ئینگلیز، کە لەگەڵ "میحوەر" لەجەنگدا بوو، دەستی نەدەدا. جا ئینگلیز لێرەو لەوێ دەستیان کرد بە هاندانی کوردەکان و لەرێگای ئەم هاندانەوە ئامانجیان ئەوە بوو هەڕەشە لەتورکیا بکەن و ناچاری بکەن بچێتە پاڵ خۆیانەوە کاتێکیش ئەم پلانە سەری گرت و تورکیا کەوتە باوەشیانەوە بارەکە بەسەر کورددا شکایەوە و سەرەتای نیشانەی دەسیسەکانی ئینگلیز لەمانەدا دەرکەوت:



**مەلا مستەفا بارزانی — مەعرووف چیاووك**

1- چاندنی تۆوی ناڵێکی و دوو بەرەکایەتی نانەوە لەناو لاوانی کورددا لەسەر دەستی کەسانی بەکرێگیراو.

2- هەڕەشە و بەڵێنەکانی بالوێزی بەریتانی بۆ مەلا مستەفا لەنامەکانیدا.

3- دەست لەکار کێشانەوەی کابینەی وەزارەتی نوری سەعید لە 3- 6- 1944 بەبیانووی هێنانی "وەزارەتێکی ئینتیقالی" بەو پێودانگە کە جەنگی دووەمی جیهانی روو لە تەواو بوونە. ئەمەش بۆ ئاستەنگ دانان لەبەردەم جێبەجێ کردنی ئەو چاکسازییانە، بوو کە ئەم کابینەیە رایگەیاند بوو.

4- پێکهێنانی کابینەی وەزارەت لەلایەن حەمدی پاچەچی یەوە لە 3- 6- 1944 و هاتنی هەرکام لە "مصطفى العمري" بە وەزیری ناوخۆ، و لەکوردەکانیش ئەحمەد موختار بابان بە وەزیری داد، و تۆفیق وەهبی بە وەزیری ئابووری لە سەردەمی ئەو وەزیرانەدا وەزیفەی "ئەفسەرانی پەیوەندی" لابرا و هەندێکیشیان خانەنشین کران.

5- دانانی بڕیارەکانی کابینەی نوری سەعید، کە هێشتا هیچی جێبەجێ نەکرابوو، لەگەڵ هەڵوەشانەوەی کابینەکە، بەڕەتکراوە، ئەمەش پەیڕەوکردنی سیاسەتێکی تایبەت بوو بەرامبەر بارزانییەکان، هەروەها وەزارەتی بەرگری



بەشێوەیەکی سەختگیرانە دەستی کرد بەتەنگ پێ هەڵچنینی ئەو ئەفسەرە کوردانە کەپێشتر حکوومەت وەکو ئەفسەری پەیوەندی بایەخی بەکۆشش و خزمەت گوزارییەکانی ئەوان دەدا، ئەمانە پەنایان بردە بەرخۆ شاردنەوە و یەك بەدوای یەکدا، لە بارزان کۆبوونەوە. ئەوکاتە عزەت عەبدول عەزیز "رەیس روکن" مۆڵەتی دوومانگی وەرگرتبوو، و لەو ماوەیەدا سەفەری سوریا و میسری کردبوو بۆ ئەوەی لەتۆمەت و ئاژاوە و فیتنەگێڕانەکان دووربکەوێتەوە. کاتێك گەڕایەوە بۆ بەغدا، یەکێك لەهاوەڵەکانی لەناو سووپا ئاگاداری کرد کەڕای وەزارەت لە بەرامبەریدا گۆڕاوە و بە چاوی گومانەوە سەیری دەکەن، ئەمەش لەسەر بناغەی چەند هەواڵ و دەنگوباسێك بوو کە پەیوەندی بە کۆمەڵەی "خۆیبوون"ەوە هەبێ لەبەیروت. من هەر چەندە تەنیا جارێك یان دووجار لەماڵی ئەمین زەکی بەگدا بینیبووم، هەربۆیە لەناخی دڵەوە پێم خۆش بوو کە بەهاندانی کەسانێك کە بەر پێی خۆیان نابینن خۆی تێوە نەگلێنێ، رۆژێك کە بەرەو ماڵ دەرۆیشتمەوە، بەڕێکەوت لەنزیك وەزارەتی بەرگری بینیم، سڵاوم لێکرد و گوتم:

- وابزانم دەمناسی؟

گوتی: چۆن ناتناسم تۆ مەعروفی، هەردووکمان پێکەنین، پاشان گوتم: پێم خۆشە ئەمڕۆ لەگەڵم بێیتەوە بۆ ماڵەوە خواردنێکی کوردەواریمان هەیە.

گوتی: ئەوە ئاواتی منە، دوای نان خواردن پێم گوت:

- بیستوومە دەتەوێ بچیتە لای زاواکانت لە بارزان، ئەمە هەڵەیەکی گەورەیە و هەروەها تاوانێکی گەورەیە بۆ خۆت و بۆ عەشیرەتیش، کەسانی وەکو تۆ نابێ بکەونە هەڵەی واوە بەڵکو دەبێ بژین بۆ ئەوەی خزمەتی نەتەوەکەیان بکەن.

وەڵامی دایەوە گوتی:

- چی بکەم، حکوومەت راوم دەنێ، هەروەکو چۆن راوی ئەفسەرە هەڵاتووەکانی نا. پێم گوت:

- من دەچمە لای وەزیرەکەتان و هەروەها دەچمە لای سەرۆك وەزیرانیش و بەیارمەتی خوا كۆتایی بەو راونانە دێنم، سوپاسی كردم و هەستا رۆیشت، ئیتر دوای ئەوە چاوم پێ نەكەوتەوە، و پاشان هەواڵم زانی كە بەهۆی چاودێری جاسوسان و تەنگ پێ هەڵچنینی حكومەتەوە هەڵاتووە و پەنای بردۆتە بارزان، پاشان بەهاتنی مستەفا خۆشناو لە "بێتواتە" و بكر عەبدول كەریم و كەسانی تریش لەو فەرمانبەرانەی كە لەوێ بوون، كۆمەڵەیەكیان بەناوی "رزگاری و ئازادی"یەوە دامەزراند، و دەستیان كرد بەگرتنی پەیوەندی سیاسی لەگەڵ باڵوێزخانەكاندا هەر وەكو بەیان نامە و بڵاوكراوە یان نارد بۆ سەرۆك وەزیران و تێیدا ئەو بارودۆخە نالەبارەیان گێڕابووە كەتووشیان هاتبوو لەگەڵ ئەو هۆیانە كەوای لێكردبوون سوپا بەجێ بێڵن و پەنا بۆ بارزان ببەن، و داوایان كردبوو كە پێویستە حكومەت تەنگ پێ هەڵچنینەكانی خۆی رابگرێ و دەست بكات بە ئەنجام دانی چاكسازی و ئاوەدان كردنەوە كەپێشتر بڕیاری لەسەر درابوو، بەڵام حكومەت بایەخی بەداخوازییەكانیان نەدا. كاتێك نائومێد بوون، بڕیاریان دا لەرێگای راوێژی سیاسی و داواكردنی جێبەجێ كردنی "دادپەروەری كۆمەڵایەتی" لەنوێنەرەكانی دەوڵەتەكان، كار بۆ رزگاركردنی كوردستان بكەن و ئەگەریش حكومەت هەر سوور بوو لەسەر جێبەجێ نەكردنی ئەو بڕیارە تایبەتییانەی كە بۆ چاكسازی لە كوردستان دراوە و بەردەوام بێت لە سیاسەتی ستەمكارانەی بەرامبەر بە كورد لەرێگای هێز و زەبرو زەنگەوە، ئەوە بەرهەڵستی كردن بە هەر شێوازێك كە لەبەر دەست دایە دەبێتە كارێكی حەتمی. ئەوە تا ئێرە دەربارەی ئەوان، بەڵام لەبارەی لاوانی كورد لەبەغدا كە زۆربەیان لە قوتابیانی قوتابخانەكان بوون، لە 10- 2- 1945 بەیان نامەیەكیان بڵاوكردەوە كە تێیدا پشتیوانیان لە داخوازییەكانی پێشوو كردبوو، و بەسەر باڵوێزخانە بیانییەكاندا دابەشیان كردبوو، هەندێك لەمانەشیان نارد بۆ بارزان و دوای ئەوەش پەیتا پەیتا بڵاوكراوەیان دەردەكرد و بڵاویان دەكردەوە.



## چاوپێكەوتنم لەگەڵ وەزیری ناوخۆ

كاتێك زانیم كە داوی ئارامی خەریكە بەرەو ئاڵۆزی و پسان دەچێ، لەكۆتایی تەموزی ساڵی 1944 چووم بۆ وەزارەتی ناوخۆ و چاوم بە بەڕێز "مصطفی العمری" وەزیری ناوخۆ كەوت. ئەم پیاوە، كەسێكی سەنگین بوو، لەكاروباری بەڕێوەبردن و پەناو پێچەكانیدا زۆر شتی دەزانی كە كەسانی تر نەیان دەزانی، دوای سڵاوكردن و دانیشتن پێی گوتم:

- چی هەیە، كەش و هەوا چۆنە؟

گوتم: بێگەردی كەش و هەواكە بەدەستی ئێوەیە، بەڵام من لەسەر زەوی زریان دەبینم و لە ئاسمانیش هەورەتریشقە، ئایا شتێكی نوێ لەبارزان هەیە لەمەڕ كۆكردنەوەی سوپا و پۆلیس لەم ناوچەیەدا بە ناونیشانی مەشقی گشتی سەربازی؟! بێگومان بارزانییەكان جگە لە جێبەجێ كردنی ئەو چاكسازییانەی كە كابینەی پێشوو بەڵێنی پێ داون شتێكی دیكەیان ناوێ، جێبەجێ نەكردنی هیچ كام لەوانە، و كۆكردنەوەی سوپا دەیانخاتە حاڵێكەوە كە لەدڵەڕاوكێدا بن و ترسیان لەدووبارە لێدان و دەركردنیان لەنیشتیمانی خۆیان هەبێ بۆ ئەوەی ئاشورییەكان نیشتەجێ بكەن، لەبەر ئەوە ئەگەر خۆیان بۆ پێشوازی مردن ئامادەكردبێ، ئەوا لەسەر هەقن چونكە زمان حاڵی ئەوان ئەوەیە كە "المنیة ولا الدنیة- واتە مردن نەك پەستی و ملكەچی". من لەوباوەڕەدام ئەو هەڵانەی كە لەپێشوودا كراون، دەرەتان هەیە كە بەلێزانی و وردبینی ئێوە لە حاڵ و باری بەڕێوەبردن و پێداویستییەكانی و سیاسەتی چاوپۆشی كردن لە هەندێك كەمتەرخەمی و سەركێشی كە لەنادڵنیاییەوە دروست بووە، راست بكرێتەوە. بۆ كۆتایی هێنان بەم بارودۆخە، من وای بە پێویست دەزانم كە وەزارەتی بەرگری، پاش دڵنیا كردنەوەیان لەوەی كە هیچ لێپرسراوێتییەك ناخرێتە ئەستۆیانەوە، داوا بكا ئەو ئەفسەرانە بگەڕێنەوە بۆ فەوجەكانیان، و فەرمان بە "موتەسەریف"ی هەولێر بكەن كە بەژیری و حیكمەتەوە بارزانییەكان حاڵی بكا كە حكومەت

هەرگیز نایەوێ لێیان بدات، و بەزەیی حکوومەت بەبارێکدایە کە سەرنجی ئەوان رابکێشێ تا لە ئارامیدا بژین حکوومەتیش پێوەیە دەسبەجێ بۆ چاکسازییەکان دەست بەکار بێت.

وەزیر لە وەڵامی ئەم قسانەی سەرەوەمدا گوتی:

- "قسەکردن لەگەڵیاندا سوودی نەبوو، سەرەڕای ئەوەی داوامان لێکردن کە ئارام بگرن و خەریکی کاری ئاسایی خۆیان بن، کەچی هێشتا مەلا مستەفا بەناو عەشیرەتەکاندا دەگەڕێ و سەردانی سەرۆکەکان دەکا و هانیان دەدا لەدژی حکوومەت رێککەوتنی لەگەڵدا بکەن، هەروەها شێخ ئەحمەد پەیرەوانی خۆی لە دەوروپشتی مێرگەسور و ئاکرێ کۆکردۆتەوە، و کاتێکیش داوامان لێکرد هەندێك لەو تفەنگانەی حکوومەت کە وابزانم ژمارەیان دەگاتە 500 تفەنگ بگێڕێتەوە و رێگا لە دامەزراندنی بنکەکانی پۆلیس نەگرێ و ئەو ئەفسەر و فەرمانبەرانەش کە پەنایان بۆ بارزان بردووە، دەربکا وەڵامێکی نەرێتی هەبوو".

پێم گوت: دەربارەی مەسەلەی سەردانی مەلا مستەفا بۆ سەرۆك عەشیرەتەکان، ئەوا بە حوکمی پەیوەندی و دراوسێیەتی و خزمایەتی ئەرکێکە کە دابی عەشایەری دەی سەپێنێ، و نابێ بەتێگەیشتنێکی تر لێك بدرێتەوە یان وەربگێڕدرێ، دەربارەی مەسەلەی تەسلیم کردنەوەی چەکەکان و دامەزراندنی بنکەکانی پۆلیس، ئەمە کارێکی ئاسانە و پێم وانییە، ئەوان لەم بارەیەوە فەرمانەکانی ئێوە جێبەجێ نەکەن، و دەربارەی مەسەلەی ئەفسەرەکان و فەرمانبەرەکان ئەوا پێویستی بەدڵنیایی کردنەوەی وەزارەتی بەرگری و وەزارەتەکانی دیکەوە هەیە هەروەکو پێم راگەیاندن.

لە وەڵام دا گوتی:

- پێم خۆشە نووسراوێك بۆ شێخ ئەحمەد بنێری و سەرنجی رابکێشی و لە ئەنجامەکەشی ئاگادارم بکەیەوە.



گوتم: باشە. پاشان هاتمە دەرەوە، ئەوە بوو نووسراوێکی دوور و درێژم بۆ شێخ نووسی و وەك بێتەوە بیرم بەهۆی قایمقامی ئاکرێ وە ناردم. بەڵام وەڵامم پێ نەگەیشتەوە. لەوانەیە نامەکە بەدەستی نەگەیشتبێ.

## پێدزکەی ئەفسەرانی ئینگلیز

گوتم کە ئینگلیز لەبارەی مەسەلەی بارزانەوە، سیاسەتێکی نەخشە کێشراویان هەبوو، بۆ سەلماندنی ئەم سیاسەتەش، بەڵگەهێنانەوە پێویست نییە، هەروەکو گوتراوە:

**ولا يصح فی الاذهان شئ     أذا أحتاج النهار الى الدليل**

"هیچ شتێك لەنێو مێشکدا خۆی بەڕاستی نانوێنێ ئەگەر کار بەوە گەیشت رۆژی رووناك پێویستی بە بەڵگەهێنانەوە کرد."

**لێرەدا هەندێك لەو پرس و کاروبارانە دەخەمە بەرچاوی خوێنەر:**

**یەکەم:** کاتێك ئینگلیز زانی کە ناکۆکی لەنێوان وەزارەت و بارزانییەکاندا هەیە، باڵوێزی بەریتانیا، یارمەتیدەری راوێژکاری سیاسی "کاپتن ئستۆکس"ی نارده بارزان بۆ ئەوەی نووسراوێك بگەیەنێتە مەلا مستەفا بارزانی، ئەوە بوو لەرۆژی 25ی مارتی 1945، گەیشتە گوندی "هاودیان" کە مەلا مستەفا لەوێ چاوەڕێی دەکرد، دوای خوێندنەوەی نامەکە و دانوسەندن، دەرکەوت کە مەسئەلەکە لەمەڕ ئەم بابەتانە دێت و دەچێ:

أ: بۆ ئەوەی سووپای عیراقی فێری هونەری نوێی جەنگی ببێت، سووپای عیراق و ئینگلیز مەشقی جەنگی چیایی لەنزیك بارزان ئەنجام دەدەن.

ب: مەسئەلەکە هیچ رەنگێکی سیاسی یان مەرامێکی تری تێدا نییە و پێویست ناکا هیچ جۆرە نیگەرانی و گومانێك لای بارزانییەکان دروست ببێت.

ج: باڵوێزی بەریتانیا ئامۆژگاری ئەوەیە کە پێویستە گوێڕایەڵی حکوومەت بن و فەرمانەکان جێبەجێ بکەن.

د: هەروەها باڵوێزی بەریتانیا ئاماژە بەوە دەکا کە پێویستە ئەفسەرەکان دەسبەجێ بگەڕێنەوە "فەوج"ەکانی خۆیان.

**وەڵامی مەلا مستەفاش بەم شێوەیە بوو:**

1- ئێمە دەست درێژی ناکەینە سەر سووپای مسوڵمانان ئەگەر ئەوان دەست بەلێدانی ئێمە نەکەن.

2- گەڕانەوەی ئەفسەرەکان پەیوەندی بەئاسانکاری وەزارەتی بەرگرییەوە هەیە.

3- دەربارەی نیگەرانی و بەدگومانی ئەوە ماوەیەکە دروست بووە، لەوڕۆژەوە کە فەوجی چوار بەبیانووی ئەنجام دانی جولانەوەی مەشقکردنەوە لە 5 بۆ 14 ی مارتی 1945 لە "شێتنە"وە بۆ چاودێری و ئاگادار بوون، دەستی بە جولانەوەی خۆی کردووە.

**دووەم:** وەزارەت پێشتر فەرمانی بە "موتەسەریف" ی هەولێر "سەعید قەزاز" دابوو بۆ ئەوەی بچێتە دیدەنی مەلا مستەفا، ئەوەبوو ئەویش چوو، و بەڕێوەبەری پۆلیسیشی لەگەڵدا بوو، و لە گوندی "مازنە" یەکتریان بینی. پوختەی گوتوبێژەکە هەمان ئەو باسە بوو کە مەندوبی باڵوێزی بەریتانی "ئستوکس" گوتبووی، و وەڵامی مەلا مستەفاش هەمان وەڵامی پێشوو بوو[7].

**سێیەم:** پاش ماوەیەك بەڕێوەبەری ناحیەی "باتاس" مەلا مستەفای ئاگادار کرد کە وەزیری بەرگری "بەڕێز ئیسماعیل نامق" دەیەوێ لە هاوینەهەواری سەلاحەدین "پیرمام" چاوی بە عزەت عەبدول عزیز بکەوێ. کاتێك عزەت گەیشتە ئەوێ وەزیر لەوێ ئامادە نەبوو بەڵکو چاوی بە سەرۆك ئەرکانی سووپا "صالح صائب" کەوت و بەنهێنی بۆ ماوەی چوار کاتژمێر گوتوبێژی لەگەڵدا کرد. بەڵام هیچ کەسێك ئاگاداری

7- بۆ ئەوەی خوێنەری بەڕێز زانیارییەکانی ووردو تێرو تەسەل بن، و ئاگادارییەکی تەواوی لەسەر ڕەوشی گوت و بێژ و دان و سەندنەکانی ئەوکاتە هەبێ، دەتوانێ بگەڕێتەوە بۆ کتێبی ((بارزانی و بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد))، بەرگی دووەم، نووسینی بەڕێز مەسعود بارزانی.



ئەو باس و بابەتانە نەبوو کە لە نێوانیاندا باس کرا، بەڵام ئەوەی لەباردۆخەکەوە وەدەر دەکەوت، سەرۆك ئەرکانی سووپا توانیویەتی قەناعەتی پێ بکا کەبگەڕێتەوە بۆ بەغدا بێ ئەوەی بەرپرسیاری بخرێتە ئەستۆوە، چونکە کاتێك گەڕایەوە بۆ بارزان بە هاوەڵەکانی گوتبوو، وەزعی سیاسی باشە، ئێستا ئەگەر بشچین بۆ هەولێر، ئاساییە و دەرفەت هاتۆتە پێشەوە و دەبێ کەڵکی لێ وەربگیرێ.

**چوارەم:** لەسەر ئەو بنەمایە هەر کام لە عزەت عەبدول عەزیز و محەمەد مەحمود چوون بۆ هەولێر و کاتێك گەیشتنە هەولێر، چاویان بە میجور "وڵسن" یارمەتیدەری راوێژکاری سیاسی لیوای کەرکوك کەوت و دوای ئاخاوتن لەگەڵیدا هەرسێکیان چوونە "هەریر" و لەوێ چاویان بە مجور "مور" و کاپتن "ئستوکس" کەوت. عزەت عەبدول عەزیز لەگەڵ میجور "مور" دانوسەندنێکی نهێنییان کرد و پاشان لەسەر ئەوە رێککەوتن کە مور بچێتە بارزان و چاوی بە شێخ ئەحمەد بارزانی بکەوێ، ئەوە بوو چاوپێکەوتنەکە رۆژی 25ی نیسانی 1945 بەڕێوەچوو، "مور" بە شێخ ئەحمەدی گوت:

- "باڵوێز فەرمانتان پێ دەکا ملکەچی حکوومەت بن و چەکەکان تەسلیم بکەن و بەکاری کشتوکاڵەوە خەریك بن" شێخ بەدڵگرانییەوە وەڵامی دایەوە کە: باڵوێز دەزانێ کە ئاشورییەکان لەدەوروپشتی ئێمەن و دەیانەوێ بەزۆر دەست بەسەر نیشتیمانی ئێمەدا بگرن، ئێمە چۆن دەتوانین چەکەکانمان تەسلیم بکەین و ئەوەش حاڵمانە، فەرمان کردن بە کۆکردنەوەی چەك، یەکەمجار دەبێ لەئاشورییەکان و عەشیرەتەکانی دەوروپشتمانەوە بێ، ئینجا کە ئەوە تەواو بوو ئێمە ئەوپەڕی ئامادەین تەنانەت چەقۆی ماڵەکانیشمان تەسلیم بکەین، دوای ئەوە شێخ هەستا و رۆیشت. ئینجا "مور"یش لەکوێوە هاتبوو گەڕایەوە بۆ ئەوێ.

**پێنجەم:** لە 30- 4- 1945 ئەفسەرەکان بڕیاریاندا کە بگەڕێنەوە سەر وەزیفەکانیان، تەنیا مستەفا خۆشناو، و میرحاج نەبێ کە گوتیان

"ئێمە چۆن بگەڕێینەوە، ئەوە شوێنەواری تەورەکانی ئەوانە بەسەر سەری ئێمەوە".

**شەشەم:** لە 2- 5- 1945 مەلا مستەفا و عزەت عەبدول عەزیز و محەمەد مەحمود و ئەحمەد ئیسماعیل بە ئۆتومبێلی "ولسن" لەرێگای شەقلاوە گەیشتنە هەولێر و لەوێ مەلا مستەفایان بەجێهێشت و خۆشیان لە 5- 5- 1945 گەیشتنە کەرکوك، و چاویان بە ولسن کەوت، ئەویش ئاگاداری کردن کە پێویستە بچنە بەغدا و خۆیان تەسلیمی وەزارەتی بەرگری بکەن و گەر پێویست بوو، دیدەنی "مور" بکەن لە باڵوێزخانەی بەریتانیا. ئینجا خۆیان تەسلیمی وەزارەتی بەرگری کرد و پاش "20"ڕۆژ فەرمانێك دەرچوو کەبدرێن بە دادگای سەربازی، و بەو بیانووەی کە دادگاکە تەنیا دادگایەکی رواڵەتییە، بەڵام زوربەیان باوەڕیان بەم قسەیە نەهات، لەڕۆژی 5- 6- 1945 محەمەد مەحموود لەگەڵ هاوەڵەکەی جەلال ئەمین گەڕانەوە بارزان.

**حەوتەم:** "موتەسەریف"ی هەولێر "بەرێز سەعید قەزاز" ئاگاداری بنکەی پۆلیسی مێرگەسوری کرد کە لە 17- 6- 1945 لەگەڵ کاپتن "جاکسن" یاریدەدەری راوێژکاری سیاسی لە کەرکوك ئامادە دەبن و پێویستە مەلا مستەفا بۆ چاوپێکەوتن ئامادە بێت. ئەوە بوو مەلا مستەفا لەوێ ئامادەبوو، و لە نێوان ئەو و موتەسەریفدا گوتوبێژ و دەمەتەقێیەکی توند روویدا، کە موتەسەریف وەکو هەر خۆی خووی پێوە گرتووە، دەست پێشکەر بوو، و ئەگەر بهاتبایە "جاکسن" لەوێ نەبوایە ئەوا لەوانە بوو رووداوێکی ترسناك رووبدات، دانیشتنەکە شکستی هێنا و هەر لایەکیان بە تووڕەیی بەرامبەر ئەوی تر گەڕایەوە و ئەو حیکمەتەی کە دەڵێ:" أن مقدار قبح الغضب کمقدار حسن الصفح" [تووڕەیی چەند ناشیرینە، لێبوردن ئەوندە شیرینە] بەسەر "موتەسەریف"دا تێپەڕی، بەڵام زمانحاڵی مەلا مستەفا لەو



هەڵوێستەدا هەروەکو ئەو مەسەلە کە دەڵێ "أنت تئق وأنا مئق فمتی یمکن أن نتفق" [تۆ وا هەڵەشە و تووڕە و من وا هەڵەشە و تووڕە جا چۆن دەکرێ رێك بکەوین] (( کورد دەڵێ: تۆ ئاغا و من ئاغا کێ جێگامان بۆ داخا)). دوای ئەو رووبەڕوو بوونەوە و کێبەرکێ ئاشکرا و نهێنییانە، بارودۆخ بە شێوەیەکی ئاشکرا بەرەو ترسناکی دەچوو، چونکە دانوسەندن و ئاڵوزاندنی کارەکان بەم شێوەیە، هەموویان ئاماژەیان بەڕوودانی مەترسییەکی نزیك دەکرد، ئەمەش کارێکی ئاسایی بوو چونکە ئینگلیزەکان بەئاشکرا لووتیان لەو کار و بارانەوە ژەنیبوو، و سەرچاوەی بەڵا و نەهامەتی لەوەدا بوو کە ئەو ئەفسەرانە گوێیان لەقسە پڕ و پوچەکانی ئەم ئینگلیزانە راگرتبوو بێ ئەوەی تێبینی ئەو حیکمەتە بکەن کە دەڵێ" من أسترعی الذئب ظلم" وە بەم جۆرە فیتنەکە هەڵایسا و ئاگری نائومێدی و غەم بڵێسەی گرت، بەهەرحاڵ ئەگەر قەزا و قەدەر هات رەت بوونەوەی نییە، و قەدەر وای هێنا کە سووپای ئینگلیز لەخاکی باکوور دابەزێت و بەهێزەکانی و فڕۆکەکانی هەڕەشە لە خەڵکی بکا، و بارزانییەکان وەك لەکارەساتی یەکەم لەساڵی 1931- 1932 دا تووشی کارەسات و ماڵوێرانی بوون، دیسانەوە بەهەمان شێوە تووش هاتنەوە چونکە خاوەن هێز کە دەیەوێ فەرمانەکانی جێبەجێ بکرێن، ئاوڕ لە ئاوازی دادپەروەری و سروودی بەزەیی ناداتەوە، بەلای خاوەن هێزەوە هەق بەمانای هێز، و هێزیش لەگۆشەنیگای ئەودا بەمانای یاسا و دادپەروەری، و ئەگەر لاوازیش لەکارێکدا بەدەست زوڵمەوە ئاهوناڵەیەك بکا، ئەوا بەبیانووی هەڵگەڕانەوە و یاخیبوون دەبێ لێی بدرێ و پارچە پارچە بکرێ.

باشە بارزانییەکان دەیان توانی چی بکەن؟! لەکاتێکدا سەرەڕای داوای بەزەیی و داخوازییە رەواکانیان، لەهەموو لایەکەوە سووپا چوار دەوری گرتبن؟! ئینجا ئەوانیش بڕیاریان لەسەر ئەوە ساخ بۆوە کە بانگەوازی هەموو سەرۆك

عەشیرەتەکان بکەن بۆ ئەوەی لەگەڵیان ڕێك بکەون، و ئەگەر حکوومەتیش بەناهەق لێیدان یارمەتییان بدەن، ئەم کۆبوونەوەیەی نێوان سەرۆك عەشیرەتەکان بەکردەوە لەڕۆژی 27ی حوزیرانی 1945 تا 10- 8- 1945 خایاند، واتە یەکەمین ڕۆژی دەست پێکردنی شەڕ، واتە هەمان ئەو ڕۆژە بوو کە مەلا مستەفا، نووسراوێکی پێ گەیشت کە لەلایەن موتەسەریفی هەولێر "سەعید قەزاز"ەوە نێردرا بوو، لە نووسراوەکەدا دەڵێ:

"لەو کاتەدا کە ئەم نووسراوەم وەردەگری پێویستە لەسەرت دەسبەجێ خۆت تەسلیمی حکوومەت بکەی، و ئەگەر ئامادە نەبی، ئەوا بەرپرسیاری دەکەوێتە ئەستۆی خۆت". هەروەها لەهەمان ڕۆژدا نووسراوێکی تری لە کرنل "مید" ڕاوێژکاری سیاسی لە موسڵ پێگەیشت دەڵێ:

"ئەگەر فەرمانەکانی حکوومەت دەقاودەق جێبەجێ نەکەی لەئامۆژگارییەکانی خۆمان بێ بەشت دەکەین". دەبێ چ جۆرە ئامۆژگارییەك بن ئەمانە؟. هەروەها لەعەسری هەمان ڕۆژدا مەلا مستەفا نووسراوێکی لە شێخ ئەحمەدی برایەوە پێدەگات کە دەڵێ: ئاگری شەڕیان هەڵگیرساند. لەناو سەرای مێرگەسور، پۆلیس وەلی بەگیان کوشتووە، بۆیە دەسبەجێ دەبێ بگەڕێیەوە". بەڵام مەلا مستەفا پاش چەند ڕۆژ لەگەیشتنی نامەکە ئینجا گەیشتەوە.

کاتێك ڕەوتی کارەکان لەگرێژنە چوون و ئینگلیز ڕۆڵی خۆیان گێڕا، و گوتوبێژ و پەیمانەکان بەجموجۆڵی دەست درێژیکارانە، شکانەوە، بارزانییەکان جگە لەبەرگری لەخۆکردن و داکۆکی کردن لەنیشتیمان و گیانی خۆیان ڕێگایەکی تریان بۆ نەمایەوە گوتیان: "حسبنا الله ونعم الوكيل نفوض أمرنا اليه فهو واحدالقهار" یەکێك لەوان هەڵدەستێت و دەڵێ " لوترك القطا ليلا لنام"، "واتە ئەگەر واز لەقەتێ بێنن ئەوا شەو بۆ خۆی دەنوێ". پاشان دەڵێ:

**ان لم تكن إلا الاسنة مركب — فما حيلة المضطر إلا ركوبها**

"ئەگەر تەنیا لەسەر بلێسەی ئاگر جێگامابێتەوە، باشە پیاوی ناچار جگە لەوەی لەسەری دانیشێ چ چارێکی دیکەی هەیە. "



هەرچۆنێك بێ کاروباری دنیا ئەگەر بەپێی حوکمەکانی قەزاوقەدەر بڕوا و لەدوو توێی ڕووداوەکاندا شتگەلێك هەن کە مرۆڤ شاد یان ناشاد دەکەن، ئەوا دەرەتان نابێ مرۆڤ خۆ لەڕەوتی ڕووداوەکان و پێشهاتەکان لابدات:

**دع الأيام تعمل ماتشاء**

**وطب نفسا اذا حكم القضاء**

"لێگەڕێ با ڕۆژگار چیی پێخۆشە وابکا، دەرونت گوشاد بێت لەبەردەم حوکمی قەزاوقەدەر."

## چۆن کرام بە موتەسەریفی لیوای سلێمانی

ساڵی 1944 لەدادگای "تەمیز" لەگەڵ برادەرە خۆشەویستەکانمدا ئەندام بووم. ڕۆژێکیان بەڕێز ئەحمەد موختار بابان کە ئەوسا وەزیری داد بوو، داوای کردم کە لە دیوانی ڕەسمی خۆی چاوی پێم بکەوێ. کاتێك کەچوومە لای پێی گوتم کە وەزارەتی ناوخۆ بۆ فەرمانبەرێکی دەستپاك و شایستە دەگەڕێ بۆ ئەوەی بیکا بە موتەسەریف لەباکوور، منیش تۆم بەبیردا هاتووە و بانگم کردووی بۆ ئێرە، پێم گوت:

- لەگەڵ پێزانینی زۆرم بۆ ئەو ئاوڕدانەوەیە، ناتوانم پلەی موتەسەریفی قبووڵ بکەم، چونکە من ئەندامێتی دادگای تەمیزم بەلاوە پەسندترە و خۆشم پلەوپایەی ڕەنگاوڕەنگ ناخوازم.
- پاش لێکۆڵینەوە لە هۆیەکانی ئەم ڕاسپاردەیە لەگەڵ ئەم پیاوەدا کە دۆستایەتییەکی میراتیم لەباوانەوە لەگەڵیاندا هەیە، بێ ڕەچاوکردنی ئەوەش کەکاتی خۆی لەکاتی دیاری کردنی بەحاکمی موسڵ بەئەرکی خۆم هەستابووم، بۆم دەرکەوت کەدەیەوێ کەسێکی تر دیاری بکا کە "برادەری من و خۆشیەتی" پێم ناخۆش نەبوو، پێم گوت:

ئەگەر مەبەستی ئەوەیە ئەو برادەرە دیاری بکا ئەوا باشە، چونکە بەهۆی وەفا و پیاوەتییەکەیەوە شایانی ئەوەیە. پاش پازدە رۆژ زەنگی تەلەفۆن لێیدا کە بەرێز "عبدالحمید بەگ رەفعت" بوو، کە ئەو کاتە بەڕێوەبەری گشتی ناوخۆ بوو، دوای سڵاو و چۆنیوچاکی و لە هەواڵ پرسین گوتی: جەنابی وەزیر "مصطفی العمری" دەیەوێ ئێستا لەوەزارەت بتبینێ.

پێم گوت: ئێستا وا کات خەریکی خۆر ئاوا بوونە بابیخاتە بەیانی.

گوتی: کارەکە گرنگە و دواخستنی هەڵناگرێ. منیش وام بەبیرداهات دەربارەی مەسئەلەی بارزان بێت. لەدڵی خۆمدا گوتم، واباشترە کە بچم بەڵکو شتێك بێت کێشەکان چارەسەر بکا. وەڵامیم دایەوە کە ئێستا ئامادە دەبم کاتێك گەیشتمە ئەوێ و چوومە ژووری وەزیر، بەڕوویەکی خۆش و زمانێکی نەرمەوە پێیگەیشتم، منیش لەو رووخۆشییەی سووپاسم کرد. پاش پرسیار لەبارەی تەندروستی و ئاڵوگۆڕی قسەی خۆش، گوتی:

- خەڵکی باکوور هەرکاتێك "موتەسەریف" یان "قایمقام" ێك دەنێرین بۆیان سکاڵا دەکەن و پرتەو بۆڵەیان دێ ئێستا ئیرادەی وەزارەت لەسەر ئەوەیە، پیاوانێك کە بە پاکی و سەرڕاستی ناسراون.. لێرەدا قسەکەیم بڕی و گوتم "هەر چۆنێك بێ من لەوانە نیم" بەرپەرچی دامەوە و گوتی:

- من لەو باوەڕەدا نەبووم بەم شێوەیە وەڵامم بدەیەوە! تۆ داوای لێبوردن دەکەی و فلان کەس بەکاروباری راستەقینە بێ یان ناڕاستەقینە بیانوو دەهێنێتەوە، ئەی باشە کێ خزمەتی وڵاتەکەی بکا، هەمووشتان هاوار لە گەندەڵی بەڕێوەبەرایەتی دەکەن؟

کاتێك تەماشام کرد پێداگری دەکا و سوور بوونی خۆی دەنوێنێ و هەروەها لەلایەکی دیکەوە ستایش دەکا و گلەیش دەکا، پێم گوت:



- تۆ دەزانی من زۆر رێزی تۆدەگرم، هەروەها حەزدەکەم خزمەتی ئەم وڵاتە بکەم، بەتایبەتی خەڵکی باکوور، بەڵام ئەگەر ئەم وەزیفەیەم قبووڵ کرد کێ رێگای خزمەت کردنم بۆ دەکاتەوە؟

گوتی: من و ئەندامانی وەزارەت هەموومان.

گوتم: باشە کێ کەفالەتی ئەوە دەکا ئێوە لەچەند مانگێك زیاتر دەمێننەوە، لێم گەڕێ باهەر لەجێگای خۆم بم و وەکو دەڵێن "خزمەتی دین و دەوڵەت بکەم". بەڵام ئەو بەڕادەیەکی زۆر سوور و پێداگربوو، گوتم:

- مادام وایە چۆنتان دەوێ باوابێ، بەڵام بۆ کوێ دام دەنێن؟ من لەلایەن خۆمەوە حەزم دەکرد بۆ هەولێربێت بەڵکو بتوانم کێشەی بارزان چارەسەر بکەم.

گوتی: بۆ سلێمانی چونکە ئەوێ پێویستییەکی زۆری بە کەسانی وەکو تۆ هەیە، وەکو دەزانی ئەم لیوایە گرنگی خۆی لای کورد هەیە و زۆر پێویستی بەچاکسازی هەیە، منیش دوای ئەوەی کە دامەزرانەکەم قبووڵ کرد هیچ بەرپەرچیم نەدایەوە،چونکە پێداگرتن لەسەر هەڵبژاردنی لیوایەك بەتاکەوە لەوانەیە وەزیر بخاتە باوەڕێکەوە کە من سڵ لە "موتەسەریف"ی سلێمانی دەکەمەوە ئەمەش جۆرە لێدانێکی کەرامەتی خۆم بوو، جگە لەمەش پێداگریم لەسەر هەولێر، بواری نەبوو چونکە من خزمانی زۆرم لەوێ هەیە، دوای ئەوەی سووپاسی کردم، منیش سووپاسیم کرد، هەستام. ئەوە بوو "ئیرادەی مەلەکی"یم وەکو "موتەسەریف"ی سلێمانی بۆ دەرچوو. فەرمانی دیاری کردنەکەش پێش چاوپێکەوتنەکە کۆتایی هاتبوو و ئامادە کرابوو، ئەوە بوو شەوی 4- 8- 1945 سەفەرم کرد و لەهەمان رۆژدا گەیشتمە سلێمانی.



**دانەرو لای چەپیشی مەلا مستەفا بارزانی و محەمەد بەگ بابان و لای راستیشی میرزا فەرەج شەریف، دیارن. ئەم وێنەیە لەکاتی پێشوازی یانەی پێشکەوتنی کوردی لە مەلا مستەفا بارزانی لە بەغدا گیراوە**

### گوت و بێژی تەلەفۆنیی مەلا مستەفا

پاش ماوەیەکی کەم کە بەدروستی رۆژەکە نایەتەوە بیرم، "لەموتەسەریفییەت" دانیشتبووم زەنگی تەلەفۆن لێدرا، تەلەفۆنەکەم هەڵگرت.. دەنگێك لە دەنگی مەلا مستەفا دەچوو، سلاوی کرد، گوتم:

- وابزانم مەلا مستەفایت؟



گوتی: چۆن ناسیتم؟

گوتم: دەنگتم ناسی، لەکوێ وە قسە دەکەی؟

گوتی: لەمێرگەسورەوە، دوای ئەوەی پیرۆز بایی لێکردم و منیش سووپاسیم کرد، پێم گوت:

- ئەو نامەیەی بۆ شێخ ئەحمەدم نووسی بوو، خوێندتەوە؟

گوتی: نەخێر، چی تێدایە؟

گوتم: ناتوانم بەتەلەفۆن هەموو شتێکت بۆ باس بکەم کە لەنامەکەدا نووسیومە، چونکە دوور و درێژ و تێر و تەسەلە، بەڵام پێویستە بەر لەوەی تووشی رووبەڕوو بوونەوە یان رووداوێك ببی، دیقەت بگری و مشوری کار و بارەکان بخۆی، چونکە من لەئاسمانی ئێوەدا هەوران دەبینم کە زریانی بەدوادا دێ، تکا دەکەم ئەو بەسەر هاتانەی لەساڵی 1932 و رۆژانی دوایی لەکوشتن و برسێتی و زەلیل بوون، کە بۆ سلێمانی دوورخرابوونەوە، بە سەرتان هات. بهێنیتە بەرچاو، ئەگەر پرسیاری رای من دەکەی، من پێت دەڵێم بروسکەیەك بۆ جەنابی "وەصی" و بەرێز پاچەچی بکە و پێیان بڵێ کە ئێوە گوێڕایەڵترین عەشیرەتن بۆ حکوومەت و ملکەچ ترین عەشیرەتن بۆ عەرش. و ئەگەر ئەم سووپا بەرێ کردنە بەهۆی تەسلیم کردنەوەی "500" تفەنگە بەحکوومەت، ئەوا پێویست بەو سووپا بەرێ کردنە ناکا، و تکا دەکەین ماوەیەکی گونجاو مۆڵەتمان بدەن بۆ ئەوەی بتوانین لەو کەسانەی وەربگرینەوە کە کەوتۆتە دەستیان، بەمەرجێك تێبینی بارودۆخی ئێمە لەگەڵ ئاشورییەکان بکەن کە بەچەکی ئینگلیزی چەکدارن و بۆ تالآن کردنی زەوی و مەڕ و ماڵاتمان ساز و ئامادەن و ئێمە ئەم کارە بۆ دووربینی و ژێری ئێوە بەجێ دەهێڵین و خۆزگە حکوومەتیش ئاسان کاری بۆ ئەفسەرەکان دەکرد تا بگەڕێنەوە بۆ جێگاکانی خۆیان بێ ئەوەی پرسیاریان لێ بکرێ و سەرکۆنە بکرێن، ئێمە ناتوانین ناچاریان بکەین بگەڕێنەوە، چونکە دابی عەشایری رێگای ئەو شتەمان پێنادا.

پاشان لەکۆتاییدا پێم گوت: تکا دەکەم گوێ بە هەواڵ و دەنگوباسی فلان و فیسار نەدەی.

مەلامستەفا وەڵامی دامەوە و گوتی: خوایار بێت بەشێوەیەك كار دەكەم لە بەرژەوەندی گشتی دا بێت. دوای ئەوە تەلەفۆنەکەم داخست و بەبروسکە وەزارەتم لەباسەکە ئاگادار کردەوە.

### شەیتان دێتە ناوەوە

خۆمان لە پەنای خوا دەگرین لەشەڕی شەیتان ئەگەر هاتوو چووە ناو ماڵێك یان عەشیرەتێك یان حکومەتێکەوە ئەوا هەڵیان دەوەشێنێ و ماڵیان وێران دەکا.

لەڕۆژنامەکاندا بەیان نامەکانی سەرۆك وەزیرانم خوێندەوە، کە لەناو پەرلەماندا، نوێنەران تەنگیان پێ هەڵچنی بوو بۆ ئەوەی بەرنامەی وەزارەتەکەی ئاشکرا بکا، لەبەیان نامەکەدا هاتووە "دەربارەی بارودۆخی باکوور، ئەوا ئاسایش رەوتی خۆی وەردەگرێ بۆ جێگیرکردنی و بۆ سەپاندنی ئاسایش هەموو رێوشوێنێك دەگیرێتە بەر". ئەم هەواڵە بە خێرایی بروسکە لە باکووردا بڵاوبۆوە، و خەڵکی وایان لێك دایەوە کە حکومەت هەڵدەستێ بەلێدانی بارزانییەکان، هەرچەندە کە گوێڕایەڵی خۆشیان بنوێنن و ملکەچی فەرمانەکانیش بن، هەروەها بە لەبەر چاوگرتنی بارودۆخی بارزانییەکان بەرامبەر ئاشورییەکان، هەروەها حاڵ و باری هەندێك لە پیاوانی کورد ئەوانەی لە ئاوی لێڵدا بەتەماعی کورسی وەزارەت، راوی خۆیان دەکەن، ئەوە بوو ئەم شتەش بەکردەوە روویدا. حکومەت فەرمانی بۆ یەکەکانی بەڕێوەبردنی خۆی دەرکردبوو کەهەر بارزانییەك سەردانی بنکەکان و سەراکانی بەڕێوەبردنی کرد، دەستگیری بکەن، لەئەنجامی ئەو هەڵوێستە نائاوێزەدا دوو رووداوی گرنگ روویدا:

**یەکەم:** کاتێك ئەسعەد خۆشەوی سەرۆك عەشیرەتی مزوری کەیەکێکە لە عەشیرەتەکانی بارزان، دەیەویست بەرەو بارزان بپەڕێتەوە، هێزەکانی پۆلیس لەناکاو پەلاماری دەدەن، بەڵام بەشێوەیەکی سەرسام هێنەر توانی بووی خۆی دەرباز بکا.



**دووەم:** " کاتێك "وەلی بەگ" سەرۆك عەشیرەتی شێروان لەگەڵ سێ کەسی تر، لە 10- 8- 1945 بۆ وەرگرتنی کەرەسەی خۆراك، سەردانی سەرای مێرگەسور دەکەن، فەرمانداری سەراکە، فەرمانی گرتنی هەموویان دەدا، ئەم کارە دەبێتە هۆی لێکدان و کوژرانی "وەلی بەگ" و کۆمیسەری سەراکە و هەندێك لە پۆلیسەکان، هاوەڵەکانی "وەلی بەگ" توانییان دەست بەسەر تەواوی بنکەی ناحیەکەدا بگرن. "وەلی بەگ" خاڵی شێخانی بارزانییان بوو، لە ئاکامی ئەم رووداوەدا مەلا مستەفا لە گوندی "مرێبا" وە گەڕایەوە بارزان و هەندێك بەیان و سکاڵا نامەی نارد بۆ سەرۆك وەزیران و باڵوێزخانەکان و شکاتی لەدەست درێژییەکانی پۆلیس کردبوو. پاش ئەم رووداوە مەلا مستەفا و پیاوەکانی خۆیان ئامادە کرد بەرگری لەخۆیان بکەن و عزەت عەبدول عەزیزیش رۆژی 1945/8/9 گەیشتەوە بارزان، بەمانای رۆژێك پێش رووداوەکەی مێرگەسور، و پوختەی ئەو بەیانە کە مەلا مستەفا ناردبووی بەم شێوە بوو:

1- وەزارەتی بەرێز نوری سەعید، لە 25- 1- 1944 بڕیاری لەسەر پێویستی هەستان بەچاکسازییەکانی بەڕێوەبردن لەناوچەی باکوور دابوو، و سەرۆك وەزیرانی ئێستاش لەکاتی هاتنە حوکمدا پشتیوانی لەوەکردبوو، بەڵام چاوەڕێ کردنی ئێمە بێهودە درێژەی کێشا، گەرچی ئێمە گوێڕایەڵی تەواویشمان پیشان دابوو.

2- حکومەت پەیمانەکانی خۆی جێبەجێ نەکرد، بەڵکو بەپێچەوانەوە کاری حکومەت تەنیا بنیات نانی سەراکان و پڕکردنیان بە پۆلیس، و هەروەها کۆکردنەوەی سوپا بووە لە دەوروپشتی ناوچەی ئێمە بەناوی ئەنجامدانی مانۆڕەوە.

3- کاتێك ویستم سەردانی هەندێك لە سەرۆك عەشیرەتەکانی دەوروپشتمان، بەپێی داب و نەریتی خۆمان، بکەمەوە، حکومەت فەرمانی قەدەغەکردنی ئەو سەردانانەی دەرکرد، لە کاتێکدا هیچ لەمپەرێکی قانونی نییە کە ئەم جۆرە سەردانانە قەدەغە بکا.

4- کاتێك سەردانی یەکیك لەو سەرۆکانەم دەکرد، هەواڵم زانی کە "موتەسەریف" سەردانی بارزانییەکانی بۆ فەرمانگەکان و سەراکانی

حکوومەت قەدەغە کردووە، و فەرمانی داوە هەرکەسێك سەردانی ئەو فەرمانگانەی کرد بیگرن.

5- "وەلی بەگ" سەرۆکی عەشیرەتی شیروان کە خاڵی ئێمەیە بۆ وەرگرتنی کەرەسەی خۆراك دەچێتە مێرگەسور، لەوێ پۆلیسەکان دەست درێژی دەکەنە سەر و کوشتوویانە، پیاوەکانیشی ناچار دەبن ئەو کومیسەرە بکوژن کەمایەی ئەو نەگبەتییە بوو، هەروەها پۆلیس دەیانەوێ بەبێ پاساو و هۆ ئەسعەد خۆشەوی سەرۆکی عەشیرەتی مزوری بکوژن، بەڵام بێ ئەوەی هیچ رووبدا، توانیویەتی خۆی دەرباز بکا.

6- حکوومەت لەباشوورەوە لە ئاکرێ وە، و لەرۆژهەڵاتیشەوە لە "باپشتیان"ەوە سووپای کۆکردۆتەوە، هەروەها لەلای رۆژئاواوە لە (رێکان) پۆلیسی کۆکردۆتەوە بێ ئەوەی پێشتر ئێمە دەست درێژیمان کردبێ، ئاگری جەنگی هەڵگیرساندەوە.

7- فڕۆکە جەنگییەکانی عیراق هەموو رۆژێك بۆمباکانی بەسەر ئەو گوندە ئارام، و کێڵگانەدا دەبارێنێ و دەبێتە هۆی لەناوبردنی ژمارەیەکی زۆر لەمنداڵان و پیران و ئافرەتان.

8- ئێمە بۆ راگرتنی ئەم جولانەوانە داوای میانگیری دەکەین، هەروەها بەپێی بڕیاری پەیمان نامەی ئەتڵەنتیك داوا دەکەین ژیانمان بپارێزێت.

9- هیوامان بەیارمەتی و یاریدەی ئێوەیە بۆ ئێمەمانانی بێ پەنا.

سەرەڕای ئەو بەزەیی داواکردنە کە لە بەیان نامەکەدا هاتووە، بەڵام حکوومەت گوێی پێ نەدا، و ئارام گرتنی بارزانییەکانیش وەکو ئەوەی کە بەسەر ئاگرەوەبن، بۆیە ئەوانیش لەشوێنەکانی خۆیان، خۆیان قایم کرد و بۆ هەر سەرکردە و سەرۆکێك جیگایەکی بەرگرییان تەرخان کرد، لە 21- 8- 1945 مەلا مستەفا چووە ئاکرێ و لە 22- 8- 1945 لەرووبار پەڕییەوە و چووە گوندی "سفتە"، و لە 24- 8 مەحموود ئاغای زێباری لەگەڵ پیاوانی چەکداری خۆی، لەگوندی "هەرنێ" پەیوەست بوو پێیانەوە. و مەلا مستەفاش هێزێکی تەواوی هەڵگرت و چووە سەر چیای "پیرس".



## بڕیاڕی وەزارەتی پاچەچی

لە 8ی ئابی 1945 حکوومەتی پاچەچی، ئەم بڕیارەی دەرکرد و لەسەر زمانی بەرێوەبەری گشتی پروپاگەندە، لەڕادیۆوە خوێندرایەوە:

1- پاش سەرنجدان لەناوەڕۆکی ئەو راپورتانە شڵەژاویی ئاسایش لە زێبار و دەوروپشتی رادەگەینێ.

2- بە لەبەرچاوگرتنی ئەو کردەوە تاوانکارانە و ئەو پێشێلکارییانە کە مەلا مستەفا بارزانی و دەست و پێوەندەکانی ئەنجامیان داوە، تێکدانی ئاسایشی گشتییە.

3- هەروەها بەوپێیە کە ئەرکەکان پێویستی دەکەن کەدووبارە ئاسایش و رژێم بگەڕێنەوە و رێگا بەدووبارەبوونەوەی تاوان نەدرێ، بڕیاڕ درا کە ناوچەی بارزان بەداگیرکردنی سەربازییانە داگیربکرێ و تاوانبارانیش دەستگیر بکرێن و بدرێنە دادگا.

4- دەسەڵات بەخشین بەوەزیری بەرگری بۆ جێبەجێ کردنی ئەم بڕیارە. "لەم بڕیارەدا تێبینی دەکرێ کە جۆری ئەوتاوانەی کە مەلا مستەفا و کەسانی عەشیرەتەکەی کردوویانە، دیاری نەکراوە". لەسەر ئەو بنەمایەی پێشەوە موتەسەریفی هەولێر بەرێز "سەعید قەزاز" بەلاغێکی بڵاوکردەوە کە تێیدا خەڵك و عەشیرەتەکانی هاندا تا لەبارزانییەکان دووربکەونەوە. هەروەها گوتوویەتی: هەرکەسێك بەپێچەوانەی ئەمەوە بجولێتەوە بەتوندی سزا دەدرێ، و لە 1945/8/19 دەسەڵاتدارێتی "عورفی"[8] لەهەرکام لە هەولێر و موسڵ

[8]- ئەم بەرێوەبەرایەتییە عورفییە هەروەکو هەمان ئەو بەرێوەبەرایەتییە کە لە 5ی ئابی 1935 پاش جولانەوەکانی ساڵی 1932 بە سەرۆکایەتی "موقەدەم ئیسماعیل ئاغا"و ئەندامێتی هەرکام لە "رەیسی یەکەم فەخری ئەمین"، "رەیس عەبدولقادر یاسین" و هەردوو دادوەر "محەمەد صدیق عبداللە- مەلا صدیق کویی"، و "صدیق تاهیر" "کەئەمەشیان هەرکورد بو" راگەیەنرا. ئەم بەرێوەبەرایەتییە حوکمی لەسێدارەدانی بۆ ژمارەیەك لەسەرۆکەکان دەرکرد وەك "فارس علی" ، "عمر گورانی"، "محەمەد مەحموود"، "ملا زادە اسماعیل" و کەسانی تریش هەروەها حوکمی بەند کردن و دوورخستنەوەی بۆ هەندێکی تریش دەرکرد. سەماحەتی "هبەاللە الموفتی" ئەندامی ئەنجوومەنی ئەعیان بەداخ و حەسرەتێکی زۆرەوە بەمنی گوت "حوکم دانی هەندێك لەوانە زوڵم بوو". بۆیە حوکمەکانی ئەنجوومەنی عورفی تۆقاندن ئامێز بوون هەر بۆیە پاش ماوەیەکی کەم "ئیرادەی مەلەکی" هەڵیوەشاندەوە.

راگەیەنرا و پاش ئەوە سەرکردەی هێزەکان، وردەکارییەکانی ئەم بڕیارەی لەم "قەزا" یانەی خوارەوە: ڕواندز، ئامێدی، دهۆك، ئاكرێ ڕاگەیاند. ئەمە لەبەرواری 1945/8/28 بوو. هەروەها ئەنجوومەنی عورفی نابراو لە 1945/12/1 حوكمی لەسێدارەدانی بەشێوەیەكی –غیابی- بەسەر 35 كەس لەشێخان و ئەفسەران و هەندێك لە فەرمانبەران دا بڕی و "70" پیاوی تریش بەحوكمی هەتاهەتایی وێرا بەكاری سەخت، لەگەڵ كۆمەڵێك حوكمی جۆربەجۆری تر كە لە ژمارە نایەن دەركرد.

**دەربارەی ئەو هۆكارانەی كە بوونە مایەی جوڵانەوەی ئەم دواییەی بارزان، ئەوا دەكرێن بە دوو بەشەوە:**

**یەكەم: هۆكارە ڕاستەقینەكان:**

1- ئارەزووی ئینگلیز بۆ لێدانی بارزانییەكان بۆ ئەوەی ناوچەكەیان پێ چۆڵ بكا و ئاشورییەكان لەوێدا نیشتەجێ بكا.

2- دەست تێوەردانی بێ پەردەی ئینگلیز لە كێشەی بارزان لەسەردەستی "كرنل مید، میجور مور، میجور ولسن، كاپتن ئستوكس، جاكسن و هی تر" و هەڕەشەی بەردەوامی ئەوان و مانوڕەكانیان بۆ گەیشتن بە ئامانجەكانیان.

**دووەم: هۆكارە دروست كراوەكان:**

1- حكومەتی عیراقی داوای لەبارزانییەكان دەكرد كە دەسبەجێ "500" تفەنگ تەسلیم بكەن.

2- تەسلیم كردنەوەی ئەو ئەفسەرانەی كە پەنایان بۆ بارزان بردووە.

3- بیانوو گرتن بەوەی كە بارزانییەكان لەدژی حكومەت، هاوپەیمانێتی یان لەگەڵ عەشیرەتەكاندا بەستووە، و دەركردنی فەرمانی گرتن بۆ هەر بارزانییەك كەسەردانی فەرمانگەكانی دەوڵەت بكات.



## دەستپێكردنی شەڕ

**یەكەم: شەڕی بادلیان:**

پروپاگەندە وابڵاوبۆوە كە "فەوج"ی چوار لە 5ی ئەیلول بەهاوكاری دەست و پێوەندەكانی "شێخ ڕەشیدی لۆلان"و هێزە نانیزامییەكان واتە "شبانە" بە سەركردایەتی "قەیسەر هورمز" دەست بە جوڵانەوە دەكا ئەم پروپاگەندەیەش بۆ داپۆشینی جوڵانەوەكان و لە خشتە بردنی بارزانییەكان بوو، چونكە ئەم "فەوج"ە جوڵانەوەی كردەوەیی خۆی، لە 25ی ئابی 1945 لەڕێگای "باپشتیان" بەڕێگای دیانا- بادلیان، دەست پێ كردبوو، و ئامانجی ئەو جوڵانەوەیە گرتنی گوندی "كۆنە گوند" بوو، بۆ ئەوەی گەمارۆی كۆمەڵێك لە بارزانییانی بەرگریكەر بدات، كە بە سەركردایەتی "نورو شیروانی" بوون بدات، دەستی پێ كرد و تائێوارە درێژەی كێشا و كۆمەڵێك هێزی تریش بەشدارییان تێدا كرد، و شەڕەكە بەكوژرانی "قەیسەر هورمز" و گەڕانەوەی "فەوج"ەكە كۆتایی هات و ژمارەیەك كوژراو و بریندار و كەرەسەی جەنگی لەپاش خۆی بە جێهێشت، هەروەها لەڕیزی بارزانییەكان شێخ صدیق برای مەلا مستەفا بریندار بوو، و سەركردایەتی شەڕەكە درایە دەست "محەمەد ئاغای مێرگەسور".

**دووەم: شەڕی نەهلە:**

نەهلە شیوێكی فراوانە، زەوییەكی پانە و درێژییەكەی دەگاتە 5,000 یارده و دەكەوێتە نێوان چیای ئاكرێ و چیای پێرسەوە، ئاوی زۆرە بەڵام دار و درەختی كەمە، لەلای ڕۆژهەڵاتەوە عەشیرەتی سورچی و لەلای ڕۆژئاواوە عەشیرەتی زێباری و دەشتی، وە لە ناوەڕاستەوە ئاشورییەكان نیشتەجێن. بەڵام چیای پێرس 2500 پێ لەئاستی دەریاوە بەرزە و دارستان و لێڕەواری چڕی تێدایە. تێپەڕین بەوێدا كارێكی ئەستەمە، چونكە ڕێگای نییە، چیای پێرس ماوەی شەش كاتژمێر لەبارزانەوە دوورە و ئەهمیەتێكی ستراتیژی هەیە بۆ بەرگری لە بارزان و

زێبار، بەڵام چیای ئاکرێ دەکەوێتە باشووری گەرووی نەهلەوە و سێ ڕێگای لێ جیا دەبێتەوە کە بەنەهلەوە بەستراونەتەوە، یەکێکیان بۆ تێپەڕ بوونی هێزەکانی سووپا دەست دەدا، بەڵام دوانەکەی تر تەنگن و تەنیا بۆ پیادە بەکەڵك دێن.

ڕۆژی 8- 9- 1945 تۆپخانە و فڕۆکەکان دەستیان کرد بە هەڵڕژتنی ئاگرەکانی خۆیان بە سەر مەلا مستەفا و یارانیدا. مەلا مستەفا بەخامۆش بوون و بێ هەستییەکی قوڵ، ڕووبەڕووی ئەم وەزعە بۆوە، "فەوج"ی پێنج وای زانی ڕێگای پێشڕەوی کردن بۆ نەهلە لەبەر دەمی ئاوەڵەیە، کاتێك گەیشتنە نیوەی ڕێگا، هێزەکانی مەلا مستەفا بە ئاگری تفەنگەکانیان بەرپەرچیان دانەوە و فەوجەکە سەریان لێ شێوا و ترس بەسەریاندا زاڵ بوو، هێزەکانی مەلا مستەفا توانیان دەست بەسەر تۆپێك و گوللە و کەرەسەیەکی زۆری جەنگیدا بگرن، و فەوجەکەش بەگەمارۆ دراوی مایەوە تا هێزەکانی عەشایری کوردی فریایان کەوتن، ئەم هێزانە، کە حکوومەت پارەی بەسەردا بلاوکردبوونەوە، لە شەوی 12- 9- 1945 "300" کەسیان لەعەشیرەتی سورچی، وەکو مالات بگرە کوێرانەتریش هێرشیان کرد، و گەمارۆکەیان شکاند و "فەوج"ەکەیان ڕزگارکرد، مەلا مستەفاش گەڕایەوە چیای پێرس کە لە شوێنی گەمارۆدانەکە کاتژمێر و نیوێك دوور بوو. دەنگوباسی ئەم "فەوج"ە بەجۆرێکی زۆر خراپ لە بەغدا بلاوبۆوە و هەرکەسە لەلای خۆیەوە بەجۆرێك و بەشێوازێك و بەپێی حەز و ئارەزووی خۆی ڕووداوەکەیان لێك دەدایەوە. ئەو عەشیرەتانەش کە بۆ یارمەتی سووپا چووبوون ئەحمەد ئاغای زێباری، شەوکەت ئاغای زێباری، مەجید حەسەن ئاغا، عەبدوڵڵا شەڕەفانی و شێخ جەلال بریفکانی بوون. کاتێك مەحموود ئاغای زێباری ئەم ئاپۆڕایەی بینی، لەناکاو بەرویشت لە مەلا مستەفا هەڵگەڕایەوەو بەتەماعی وەگیرکەوتنی دەسکەوتێك چووە ناو ئەو عەشیرەتانەوە. مەلا مستەفا بەتەنیا لەگەڵ ژمارەیەکی کەم لەیارانی لەسەر چیای پێرس مانەوە. زمان حالی ئەو وەکو ئەم شیعرە وابوو:



**كيف الرجاء من الخطوب تخلصاً     من بعدما أنشبت فى مخالبا**

"چۆن هیوام بەوە بێ لە کێشە و گرفتاری ڕزگار ببم کە ئیتر ئەو کێشە و گێروگرفتانە چنچڕوکیان لێ گیرکردووم "

لەولێکدانە یەك بەدوای یەکانەدا ژمارەیەکی زۆر لە هەردوولا کوژران و بریندار بوون لەوانە "عەزیز ئاغای زراری".

**سێیەم: شەڕی هاودیان و مەزنە:**

" لە 2ی ئەیلولی 1945 فەوجی چوار لەلای ڕاستەوە، فەوجی سێ لەچەپەوە لە "باپشتیان"ەوە بە ئاراستەی مەزنەدا دەستی بەجوڵان کرد، بارزانییەکان و ئەوانەش لەپەنابەران و هەڵاتووان کە لەگەڵیاندا بوون لەئەشکەوتەکانی هاودیان خۆیان شاردبۆوە بەم جۆرە کەوتبوونە ناو ئەم بارودۆخەوە لەنێوان ئەم دوو "فەوج"ەدا ببوونە ئامانجی گوللە تۆپەکانی سەر زەوی و دۆزەخی فڕۆکەکان لەئاسمانەوە، بەڵام "محەمەد ئاغای مێرگەسور و نورۆ شیروانی" توانییان هێرش بەهێزەکانی خۆیان بۆ سەر "ڕەتل"ەکانی هەردوو "فەوج"ەکە بکەن و دوای شەڕێکی بێ هەدا دان کە ئەوپەڕی ئازایەتی و ئارامییان تێدا نواند، ناچاریان کردن بکشێنەوە و هەندێك چەك و تەقەمەنیشیان لەپاش خۆیان بەجێهێشت.

**چوارەم: شەڕی هەرنێ لە ڕۆژئاواوە:**

گوندی هەرنێ ماوەی سێ کاتژمێر لەبارزانەوە دوورە ئەم عەشیرەتانەی بادینان و زێبار کە پێشتر ناومان بردن لەوێ کۆببوونەوە بۆ ئەوەی لەتێکشکاندنی بارزانییەکاندا یارمەتی حکوومەت بدەن. لە سەرووی ئەم دوو عەشیرەتە ئەفسەرانی سووپا و هەشت کەس لەسەرۆکەکانی خۆیان هەبوون. ژمارەی چەکدارانی ئەم دوو عەشیرەتە کەلەوێ کۆببوونەوە، دەگەیشتە 700کەس و لەڕێگای بێتەلەوە پەیوەندییان بە سووپاوە دەکرد، جا لەبەر ئەوەی گوندی هەرنێ دەکەوێتە پشت چیای پێرسەوە و ئەو عەشیرەتانە کەلەوێ کۆببوونەوە

دەیان توانی هەڕەشە لە مەلا مستەفا بکەن کە لەچیای پێرس بوو، مەلا مستەفا بڕیاریدا پێش ئەوەی ئەم هێزە لەپشتەوەڕا لەوان بدا، ئەو رایان بماڵێ. ئینجا هێزێکی هەڵگرت و رووی کردە هەرنێ، و عزەت عەبدول عەزیزی راسپارد، کە تۆپەکەی لەنزیك گوندی "هرفتە" کە 600یارد لە هەرنێ وە دوورە، دانا. کاتێك مەلا مستەفا گەیشتە دەوروپشتی هەرنێ لێکدان دەستی پێ کرد، بەڵام تۆپەکان، نەگەیشتنە ئەو جیگایانەی کەبڕیار بوو لێی بدات، مەلا مستەفا ئاماژەی بۆ عزەت عەبدول عەزیز کرد تۆپەکە نزیك بخاتەوە، مەلا مستەفا شەش کاتژمێر لەشەڕدا بەردەوام بوو، بەڵام لەوماوەیەدا دەنگی تۆپ نەکەوتە بەرگوێ، و کاتێکیش مەلا مستەفا زانی کە سووپا و عەشیرەتەکانی سورچی و زێباری و چەکدارانی "شبانە" هێرشیان کردۆتە سەر چیای پێرس، ناچار بوو دەست لەئابلۆقەکە هەڵبگرێ و بگەڕێتەوە ناو چیاکان بۆ ئەوەی سەرکردایەتی هێزەکانی بکا. و لەمەڕ جێبەجێ نەکردنی عزەت عەبدول عەزیز دەربارەی فەرمانەکانی مەلا مستەفا بۆ بەکارهێنانی تۆپەکە ئەوە پرسێکە جێگای پرسیار و لێڕامانە، بەڵگەی عزەت ئەوەبوو کە مەلا مستەفا دەستی لە ئابلوقەکە هەڵگرتووە و ئەم کارەش پاڵی پێوە ناوە کە تۆپەکە بگوازێتەوە بۆ جێگای پێشووی. هەر چۆنێك بێت ئەم هەڵە گەورەیە لەگرنگ ترین ئەو هۆکارانە بوو کە بووە هۆی شکانی مەلا مستەفا و تێکشکانی بارزانییەکان لەنێوان شەوڕۆژێکدا.

**پێنجەم: شەڕی چیای پێرس:**

لە 25ی ئەیلولی ساڵی 1945 مەلا مستەفا یارانی خۆی بەسەر چەند پێگەیەك لەشێوەی سەنگەر دابەش کرد و ئەمجارەیان حاڵەتی بەرگری بەخۆیەوە گرت. سووپا لەگەڵ عەشیرەتەکان دەستیان بە پەلامار و لێدان کرد، لەلای چەپەوە عەشیرەتی سورچی، لەلای راستەوە عەشیرەتەکانی بەرواری، بەراش، شەرەفانی، دۆسکی و هی تر، وە لە لای خوارەوە "فەوج"ی پێنج بە تۆپ خانە و فرۆکەوە، وە لەپشتەوەڕا عەشیرەتی زێبار کە ناپاکی لەپەیمانەکانی کرد و رایەڵی



خزمایەتییان فەرامۆش کرد، شەڕێکی خوێناوی تاشەو درێژەی کێشا. مەلا مستەفا هەستی کرد راوەستان لەبەرامبەر ئەو هێزە گەورانەدا کە لەهەموو لایەکەوە دەوری چیایان گرتووە، جگە لەکەوتنە ناو تەڵەی بەدیلگیران و مردن، ئاکامێکی دیکەی نابێ، ئەوەبوو بەکەڵك وەرگرتن لەتاریکایی شەو فەرمانی بەپیاوەکانی کرد بگەڕێنەوە، ئەوەبوو کشانەوە و لەڕووبار پەڕینەوە تا گەیشتنە گوندی (هەرفتە) لەوێ هێڵێکی نوێی بەرگریی ئامادەکرد و شێخ ئەحمەدی براشی لەحاڵەتەکە ئاگادار کردەوە، و پێشنیاریشی بۆ کرد کە پێویستە هۆزەکەیان "بەڕۆژی" لە بۆمبای تۆپ خانە و فرۆکەکان بپارێزێ و گوندەکان چۆڵ بکەن و لەپشتی چیای شیرین لە ناوچەی عەشیرەتی شێروان کۆببنەوە. ئەم کارە هەر ئەو شەوە جێبەجێ کرا، و لە 1945/10/6 لەکاتێکدا کە بارزانییەکان بەئازایەتییەکی بێ سنوور و لەخۆبوردنێکی بێ وێنەوە بەرگرییان دەکرد. خێزانەکانی هۆزی "بەڕۆژی" و پاشماوەی دەستەکانی تر بە ساغ و سەلامەتی لەگەڵ ماڵ و پەزەکانیان گەیشتنە "کانی رەش" و پاشان گەیشتنە گەرووی مێژوویی "کێلەشین" و پاشان لەوێوە ئاودیو بوونە ناو خاکی ئێرانەوە. و لەڕۆژی 11- 10- 1945 هەموو بارزانییەکان لەگەڵ ئەفسەرەکان عیراقیان بەجێهێشت و خۆیان لەناو خاکی ئێراندا دامەزراند و کار بەکۆتایی گەیشت. دوای ئەوە عەشیرەتەکانی هاودەستی سووپا هێرشیان بردە سەر گوند و ئەشکەوتەکانی بارزانییان و، وەك چۆن رەشەکوللە بەسەر شینایی دادەدا، ئاوا هێرشیان بردە سەر گوند و ئەشکەوتەکانی بارزانییان و چی ماڵێکی بەر دەستیان کەوت تالآنیان کرد.

حکوومەتی عیراقی چەند بەلاغ و بەیان نامەیەکی دەرکرد کە لەداڕشتن و ئامانجدا هاوچوونی یەك بوون و بەسەر زمانی بەرێوەبەری گشتی پروپاگەندەوە لە بارەی رەوتی جولآنەوەکانەوە کە لە 8- 8- 1945 وە تا 13- 10- 1945ی گرتەوە، خوێندرانەوە، و هەرکەسێك دەیەوێ لەم بارەیەوە زیاتر ئاگادار بێت با سەیری بەشی شەشەمی مێژووی وەزارەتەکانی عیراقی دانراوی مامۆستا

"عبدالرزاق الحسني" بکا بۆ ئەوەی لەبارەی ئەو زوڵم و ستەمەی کە بارزانییەکان چەشتویانە ویژدانی خۆی بکاتە حەکەم بەسەریانەوە.

## "ئێستا لەناو ئێران داین"

ئەوکاتەی بارزانییەکان چوونە ناو ئێرانەوە، سوپاکانی هاوپەیمانان و هێزەکانی روسیا لەئێران جمەی دەهات، لەباکوور هێزەکانی ڕوسیا و لەباشووریش هێزەکانی ئینگلیز و ئەمریکا جێگیر بوو بوون. کە بارزانییەکان لە سنوورەکانی عیراق پەڕینەوە ناو ئێران، عەشیرەتە کوردییەکان و ئەفسەرانی سووپای روسی پێشوازییەکی گەرمیان لێ کردن و پاش ئەوەی خێزانەکانیان لە "نەغەدە" و "سۆفیان" و"جەلدیان" و شوێنەکانی تر دامەزراندن، بارزانییەکان دەستیان کرد بەسەردانی عەشیرەتەکان هەر لەعەشیرەتی شکاکەوە کە لە دەوروپشتی ورمێ دادەنیشن تا دەگاتە مەریوان لەنزیك سەقز، و ڕێککەوتنێك لەنێوان ئەوان و بارزانییەکاندا کرا، ئەگەر هات و سوپاکانی ئێران هێرشی کردە سەریان بەرگری بکەن. ئەو کاتە کوردەکان بە هۆی ئەوەی کۆمارێکی کوردییان لە "مهاباد" دامەزراندبوو، لەهێرشی حکوومەتی ناوەندی ئێران دەترسان. لە پاداشی ئەم کارەدا و بۆ راکێشانی عەشیرەتەکان بۆلای سۆڤیەت، "ستالین" ئەفسەرێکی بەپلەی "سەرکردە" ناردبوو، و فەرمانێکیشی پێبوو کە بریتی بوو لە پێدانی پلەی ژەنراڵی بە مەلا مستەفا بارزانی لەگەڵ شیرێکی نەخشکراو و کەمەربەند و پاڵتۆ و کەرەسەکانی تری بۆ تەواوکاریی ئەم پلەیە، و لەم ڕووەوە حکوومەتی ئێران بەپێی ئەو باردۆخەی کەتێیدا پێویست بوو، نەیدەتوانی بارزانییەکان بەهیچ پەیمان نامەیەکەوە ببەستێتەوە، یاخود هەوڵبدا لە ئێران بیان کاتە دەرەوە. مەلا مستەفا بارزانی دەرفەتەکەی بەگونجاو زانی بۆ ئەوەی لەگەڵ قازی محەمەد کە ئەو کاتە سەرۆکایەتی کۆماری کوردی دەکرد، بۆ کارکردن و بەر بەرچ دانەوەی دەست درێژی حکوومەتی ئێران رێك بکەون ئەگەر هات و هەل و مەرج ڕێگای پێدا هێرش بکاتە سەریان بۆ لەناوبردنیان.



## ڕێوی ئێرانی و پڵنگی کوردی

کاتێك ڕێککەوتنی نێوان بەریتانیا و ئەمریکا لە لایەکەوە، و لەگەڵ روسیا لەلایەکی ترەوە لەسەر کشاندنەوەی هێزەکانیان لەئێران تەواو بوو، و هێزەکانی روسیا لەمانگی تشرینی دووەمی ساڵی 1946 بەرەو ئازەربایجان دەستیان بەکشانەوە کرد، و سووپاکانی ئینگلیزیش بەرەو عیراق و ئەهواز کشانەوە، ئەم کارە قازی محەمەدی شڵەژاند و مەلا مستەفاش بروسکەیەکی بۆ حکوومەتی ئێران کرد کە پیرۆزبایی خۆی لەم سەرکەوتنە دەکا، هەروەکو قازی محەمەد بروسکەیەکی بۆ "قەوام ئەلسەڵتەنە" کردبوو کە تێیدا گوێڕایەڵی و دڵسۆزی خۆی ڕادەگەیەنێ. "قەوام" لە وەڵامی بروسکەی یەکەمدا سووپاسی دەکا و داوای ئامادەبوونی لێ دەکا، و لە وەڵامی بروسکەی دووەمدا سووپاسی قازی دەکا و دڵنیای دەکاتەوە. ئینجا مەلا مستەفا سەفەری کرد بۆ تاران لەوێ بەگەرمی و ڕێزلێنانێکی زۆرەوە پێشوازی لێ کرا. پاش دانوساندن حکوومەتی ئێرانی چەند مەرجی گرنگی دانا کە لەسەر ئەو بنەمایە، مانەوەی بارزانییەکان لە ئێران قبووڵ دەکا، مەرجەکانیش بەم شێوەیەی خوارەوە بوون:

1- بارزانییەکان بە پاشکۆیەتی ئێرانی "تەبەعیە" رازی بن.

2- هەموو ئەو چەکانەی پێیانە دەسبەجێ تەسلیمی بکەن.

3- دەست بکەن بەکاری کشتوکاڵ لەو زەوییانەی کە حکوومەتی ئێران لەنزیکی تاران بۆیان تەرخان دەکا.

4- ئەگەر بارزانییەکان دەیانەوێ بگەڕێنەوە بۆ نیشتیمانی خۆیان، ئەوا حکوومەتی ئێرانی ڕێگر نابێ و ئامادەشە ئەو کەسانەی کە لەعیراق حوکم دراون و ژمارەیان "115" کەسە داڵدە بدا بەمەرجێك جێگای دانیشتنیان لە جێگای دوور لەسنووری عیراقەوە بێت.

5- ئەگەر بارزانییەکان ئەم مەرجانەیان قبووڵ نییە پێویستە لەسەریان تا ڕۆژی 21ی کانونی یەکەم ئێران بەجێ بێڵن.

مەلا مستەفا بیری لەو مەرجانە کردەوە و بڕیاری دا خۆی بچێت بۆ چاوپێکەوتنی "قەوام ئەلسەلتەنە" ئەوەبوو چاوی پێکەوت و دیدارەکە پتر لە کاتژمێرێکی خایاند، و مەلا مستەفا بە قەوامی گوت:

- مەرجەکان هەمووی دروست و هەقن. بەڵام تەسلیم کردنی چەکەکانمان بەحکوومەتی ئێوە ئەوکاتە دەبێ کە دەگەینە سەر ئەو زەوییانە کە فەرمانتان کردووە بۆمان دیاری بکرێ، چونکە ئەگەر چەکەکانمان لەو هەرێمە تەسلیم بکەین، ئەوا دەکەوینە بەر پەلاماری ئەو عەشیرەتانەی کە دوژمنی ئێمەن، کەئەوەش بەرێزتان قبووڵی ناکەن.
- وەڵامی "قەوام"یش بەم شێوەیە بوو:

کەوابێ ئێمە لەسەر سەرەتاکان و مەرجەکان گەیشتووینە رێککەوتنێکی تەواو، و پێویستە تۆ دەسبەجێ سەفەر بکەی و عەشیرەت بهێنی بۆ ئەوەی زەوی و زارێکی فراوان ئامادە بکەین. بەم شێوەیە "پڵنگی کوردی" بەسەلامەتی دەربازی بوو و جەنابی رێویش شکستی خوارد، چونکە کاتێك مەلا مستەفا گەیشتەوە ناو عەشیرەتی خۆی و گوتوبێژی لەگەڵدا کردن، بڕیاریان دا خێزانەکانیان بەرەو (شنۆ) بگوازنەوە و ئامادەکاری بۆ ئەو مەترسییانە بکەن کە دێتە رێگایان، لەڕاستی دا مەرجەکانی "قەوام ئەلسەلتەنە" تەنیا یارییەك بوو کەدەیویست بارزانییەکان لەچەك دابماڵێ و پاشان رایان بدا. هەروەکو لەپاشاندا دەردەکەوێت کە بەبێ پاساودان قەوام هەستا بەلێدانی بارزانییەکان.

### چارەنوسی قازی محەمەد و براکانی

دوای ئەوەی فەخامەتی "قەوام" بەبروسکە رێوییانەکەی، براکان و خزمەکانی خوالێخۆشبوو جەنابی قازی محەمەدی دڵنیا کردەوە، فەرمانی بە سووپا کرد کە قازی و براکانی و خزمەکانی و ئەو میرە کوردانەش کە بۆ پێکهێنانی حکوومەتێکی سەربەخۆی کورد لەگەڵیدا رێککەوتبوون، دەسگیر بکەن و بیان هێنن بۆ تاران سووپا ئەم فەرمانەی جێبەجێ کرد و هەموویانی ناردە پایتەخت، پاشان لەشەوی 30/29



مارتی 1947 بە نهێنی لە بەندیخانەدا لە سێدارەی دان، و سەری ئەوان بوو بە خەڵاتی سەربەخۆیی. لەبەر ئەمە "قەوام ئەلسەلتەنە" بەخوێنڕێژی نوێ ناوبرا.

### شەڕی خوێناوی بارزانییەکان لەگەڵ سووپای ئێران

لێرەدا نامەوێ تەواوی وردەکارییەکانی هەموو ئەو شەڕ و قەسابخانانە بگێڕمەوە کە لەنێوان بارزانییەکان و ئێرانییەکان رووی داوە، چونکە ئەمە بۆ خۆی پێویستی بە کتێبێکی سەربەخۆ هەیە، لەبەر ئەوە تەنیا هەندێك لەڕووداوە گرنگەکان دەگێڕمەوە:

1- رۆژی 13ی مارت شەڕێك لەنێوان کوردەکانی سەر بە بارزانییەکان و هێزەکانی حکوومەتی ئێرانی لە "قاسملو" روویدا و تا رۆژی 30ی مارت درێژەی کێشا و شەڕەکە هەرجارەی بەسەرکەوتنی لایەکیان بوو.

2- رۆژی 31- 4- 1947 کاتێك بارزانییەکان ویستییان خێزانەکانیان بەرەو مەرگەوەڕ و "دەشتی تەرگەوەڕ" بەرن، سووپای ئێرانی لە شیوی "ئەنهور جای" هێرشێکی غافڵ گیری کردە سەریان و تا ئێوارە درێژەی هەبوو، و قەسابخانەیەکی گەورەی تێدا ئەنجامدرا.

3- رۆژی 3ی نیسانی 1947 فەوجێکی سووپای ئێرانی هێرشیان کردە سەر گوندی "ئارنە" کە لەژێر دەستی بارزانییەکاندا بوو، و لەوێدا رووداوی گەورە تۆمارکرا، دوای ئەو پێکدادانی "نالس و نەلۆس"ی بەدوادا هات کە بەخراپ ترین شێوە لەوێ دا فەوجی ئێرانییەکان شڕو وڕ بوو، و سەرکردەکەشیان "کلاشی" لەنێو کوژراو و بریندارەکاندا دابوو، و 69 کەسیان لێ بەدیل گیرا.

4- رۆژی 6- 4- 1947 لەگوندی "صوفیان" یەکتریان دایە بەر دەسڕێژ و سەرکردەی هێزی پیادەی ئێرانی "رەزا قەرەباغی" و ژمارەیەکی زۆر لەسەربازانی سووپای ئێرانی کوژران.

5- رۆژی 9- 4- 1947 سەرکردەی گشتی ئێرانییەکان حەوت "فەوج"ی لە قۆڵی جیاجیاوە کۆ کردەوەو بەرەو هێرش کردن بۆ سەر بارزانییەکان رای دان

و لەنزیك "سیلوتا" چەندین لێکدانی خوێناوی روویدا و ئێرانییەکان ژمارەیەکی زۆریان لێ کوژرا.

6- له 14- 4- 1947 چەند بەگژدا چوونێکی بەهێز لە "خلج" و "واورست" روویاندا، و سەرکردەی یەکەمی هێزی سوارەی ئێرانییەکان "محەمەد ئیمامی" و سەرکردەی دووەم "جهان پاك" و ژمارەیەکی زۆر لەهێزی سوارە کوژران هەروەکو "رەیس هاتەفی"یش کوژرا و زۆری تریش لە هێزی سوارە کوژران، فڕۆکەکانی ئێران بێ پەروا ئاگری خۆی بەسەر ئەو گوندانەدا دەباراند کە خێزانی بارزانییەکانی تێدا بوو، و هەروەها زرێ پۆش و ئوتومبیلە چەکدارەکان تۆپ و ئاگری خۆیان دەباراند و لەئاکامی ئەو هەموو لێکدانە زۆرانەدا ژمارەیەکی گەورە لەهەردوولا کوژران، بارزانییەکان لەو حاڵەتەیاندا کە هەردەتگوت شێری بریندارن، ناچار بوون پێ بەپێ بەرەو دواوە پاشەکشە بکەن.

7- شەوی 19- 4- 1947 لێکدانێکی توندتر روویدا و لەهەردوولا سەدان کەس کوژران و لە 30- 4- 1947 بارزانییەکان ناچار بوون شاری شنۆ چۆڵ بکەن و بۆ شیوی "کەلاس" واتە بەرەو سنووری عیراق پاشەکشە بکەن، هاوکاتیش سووپای ئێرانیش لەهەموو لایەکەوە دەوری دابوون و فڕۆکەکانیش بەوپەڕی توندی و دڵڕەقی و توند و تیژی یەوە بۆمبا سوتێنەرەکانی بەسەر ئافرەت و منداڵ و پەككەوتەدا دەباراند. ئەم کارە بووە هۆی ئەوەی شڵەژانێك دروست ببێت، لەم کاتەدا دیلە ئێرانییەکان ئەم هەلەیان قۆزتەوە و هەڵاتن، بەڵام سەرەڕای ئەم شڵەژانەش لەو لێکدانەدا پێنج کەس لەسەرکردەکان لەگەڵ چل ئەفسەر و ژمارەیەکی زۆر لەسەربازەکان کوژران بەڵام لە بارزانییەکان نزیکەی سەد و پەنجا و پێنج کەس کوژران و هەشتا و چوار کەسیش بریندار بوون:

| | |
|---|---|
| **قتل امرئ فی غابة** | **جريمة لا تغتفر** |
| **وقتل شعب أمن** | **مسالة فیها نظر** |
| **الحق لايعطا** | **الا من ظفر** |
| **ذی حالة الدنیا فكن** | **من شرها علی حذر** |



" کوشتنی کەسێك لە دارستانێکدا تاوانێکە لێخۆشبوونی بۆ نییە، و کوشتنی گەلێکی ئاشتی پەروەریش، مەسەلەیەکە، بەدوواداچوونی بەدواوەیە. "ماف نادرێ، تەنیا بەوکەسە نەبێ کە سەرکەوتن بەدەس دێنێ، حاڵ و باری دنیا ئاوایە جا کەوابوو خۆت لە شەڕ و بەڵای دنیا بپارێزە."

دواجار سەرۆکی بنەماڵەکان لەدەوری شێخ و ئەفسەرەکان کۆبوونەوە و بڕیاریاندا بەهەر نرخێك بێ بگەڕێنەوە بۆ عیراق. مەلا مستەفا و هەندێك لەئەفسەرەکان رایانگەیاند کە گەڕانەوەی ئافرەت و پیر و منداڵەکان کارێکە سێ و دوو هەڵناگرێ بەڵام ئێمەی چەکدار دەبێ بمێنینەوەو بەرگری بکەین. گوتوبێژ لەنێوانیاندا درێژەی کێشا تا شێخ ئەحمەد و هەندێك لەئەفسەرەکان "عزەت و هاوڕێکانی" بڕیاریاندا کە نامەی (دەخالەت) پێشکەشی حکوومەتی عیراق بکەن و بگەڕێنەوە. بەڵام مەلا مستەفا و میرحاج و هاوڕێ ئەفسەرەکانی سووربوون لەسەر ئەوەی کە خۆیان تەسلیم ناکەن. لە پاشاندا شێخ ئەحمەد و پەیڕەوانی هاتنە ناو عیراقەوە و دەخالەت و چەکەکانیان پێشکەشی "علی حجازی" کرد بەو هیوایەی کە حکوومەتی عیراق دەخالەت هێنانیان قبووڵ بکا. زمان حاڵی ئەوان بەوشێوەیە بوو:

| | |
|---|---|
| **وقد طوفت فی الافاق حتی** | **رضیت من الغنیمة فی الایاب** |

" بەدڵنیاییەوە بە ئاسۆکاندا سوڕامەوە، تا لەگەڕانەوەمدا رازی بووم بەو دەستکەوتانەی بەدەستم کەوت."

بەڵام ئەوانیان بۆ باشوور بۆ (کەربەلا، حیللە، ناسریە، بەسرە) دوورخستەوە. ئەوانەش کە حوکم دران خرانە بەندیخانەوە. لەبەر ئەوەی بەپێی زانیاری خۆم کابینەی "صالح جبر" سوور بوو لەسەر لەسێدارەدانی چوار ئەفسەرەکە، بڕیارمدا ئەندامانی ئەنجوومەن (نوێنەرایەتی) و (ئەعیان)ی کورد کۆبکەمەوە و بۆ ئەوەی دیدەنی خاوەن شکۆ (وەصی) بکەین و هەندێك راستی بخەینە بەر چاوی خاوەن شکۆ و داوای بەزەیی بۆ سوك کردنی ئەوسزایانە بکەین کە بەسەر ئەفسەرەکان و بارزانییەکاندا سەپێنراوە.

ئەوەبوو نامەی تایبەت و بەپەلەم بۆ بەرێزان ئەندامەکانی "نوێنەرایەتی" و "ئەعیان" لەباکوور رەوانەکرد. بەڵام جگە لەبەرێز "هبە اللە مفتی" و مەحموود ئاغای زێباری و خوالێخۆشبوو میرزا فەرەج شەریف کەسی تریان ئامادەنەبوون، منیش ئەمانەم لەپەلەکردنی وەزارەت بۆ لەسێدارەدانی ئەفسەرە کوردەکان ئاگادار کردەوە و بۆم روون کردنەوە کە پێویستە دیدەنی خاوەن شکۆ "وەصی" بکەین "هبە اللە مفتی" ئەفەندی گوتی:

- وەڵڵا ئەوە کارێکی مرۆڤایەتییە بەڵام "نوێنەران" و "ئەعیان" کوان؟

بەڵام مەحموود زێباری پسوڵەیەکەی بچووکی لەگیرفانی دەرهێنا بەقەڵەمی سور لێی نووسرابوو، و گوتی:-

- ئەمە نامەی مەلا مستەفایە کە هەڕەشەی کوشتنی لێ کردووم.

پێم گوت: ئێستا وەختی گلەیی و سەرکۆنە کردن نییە، ئێمە کۆمەڵە لاوێك لەبەردەمماندان پەت بەملیانەوەیە و زنجیر لەدەستیان دایە و شایانی مردن نین.

ئەوەبوو بێدەنگ بوو، دوای ئەوەی نزیکەی سێ کاتژمێر یان زیاتر چاوەڕێمان کرد "هبە اللە مفتی" گوتی:

براکەم، لەمەسئەلەیەکی ئاوادا ئەم نوێنەرانە نایەن و چوونی ئەم سێیەشمان بەتەنیا سوودی نییە، ئینجا هەستا و مەحموود زێباریش بەدوای ئەودا هەستا و بەیەکەوە چوونە دەرەوە، دوای ئەوانیش خوالێخۆشبوو میرزا فەرەج هەستا چووە دەرەوە، تەنیا من مامەوە، لەو کاتەدا هەروەها بیرم دەکردەوە هێندە نیگەران بوو بووم کە بەتەواوی هێز و توانای لێ بڕیبووم. پاش چەند رۆژێك هەندێك وەڵامم لەنوێنەرانەوە پێ گەیشت بەپاساوی پڕوپووچ پاساویان بۆ خۆیان هێنابۆوە کە هیچ بناغەیەکی نەبوو، و لەشەوی 19- 6- 1947 چوار ئەفسەرەکە لەسێدارە دران کە هەر کام لە خوالێخوشبووان:

رەیسی یەکەمی روکن عزەت عەبدول عەزیز

رەیسی یەکەم مستەفا خۆشناو

رەیس خەیرولڵا عەبدول کەریم

مولازم محەمەد مەحموود قودسی بوون.



ئەمانە بە پێچەوانەی پەیمان و رێ و رەسمی پەشیمانی و تۆبەکردنەوە لەسێدارە دران. چونکە خواوەندی گەورە لە قورئانی پیرۆزدا فەرموویەتی: "عفا اللە عما سلف"،"وأوفوا بالعهد أن العهد کان مسؤلا"، "فاصفح الصفح جمیل" و "فمن عفا و صلح فأجرهُ علی اللە" هەروەها نموونەی ئایەتی تریش لەم بارەیەوە زۆرە کە فەرمان بەقبووڵ کردنی دەخالەت و تۆبەکردن دەکا.

پێغەمبەر "د.خ" لە "وەحشی" کە بکوژی "هەمزە"ی مامی بوو، خۆش بوو، هەروەها لەوانەش خۆش بوو کە بەر لەچوونە ناو مەککەوە خوێنیان رژتبوو هەروەها خەلیفەکان و پادشاکانیش لەم جۆرە کێشانەدا لەسەر هەمان رێباز رۆیشتوون، تەنیا ئەوانە نەبێ کە لەرێگای راست دەر دەچن و خواوەند لەبیر دەکەن. وەکو چۆن "زەیدی کوری معاویە" مەی دەخواردەوە و گۆرانی دەگوت و بەداریش ئەیدا بە کەللەسەری حوسێندا، و زیاد بن أبیە- (بن سمیە) ئایین و ئاخیرەتی خۆی فرۆشت کاتێك چووە رەچەڵەکی ئەبو سوفیانەوە، و کوڕەکەشی عەبدوڵای کوڕی زیاد شەهیدانی کەربەلای لەبەرامبەر ویلایەتی عیراقدا فرۆشت، و حەججاج کوڕی یوسفی سەقەفی کەعبەی رووخاند و عەبدوڵای کوڕی زوبیری لەخاچ بەست و لە جێگایەکدا کە پێی دەگوترا "دیر الجماجم" عبدالرحمان کوڕی ئەشعەسی لەگەڵ سەد و سی هەزار لەشوێن کەوتووانی کوشت و ئاخرین کەسیش کەلە کۆمەڵی "عبدالرحمان کوڕی ئەشعەس)) کوژرا "سعید کوڕی جبیر" بوو کاتێك کە سەریان بڕی، بەردەوام زمانی وشەی "اللە أکبر" ی دەگوتەوە، حەججاج لەبەرامبەر ئەم دیمەنەدا کە بە بەر چاوی یەوە سەرێك وا تلاوتل دەبێتەوە و بەناوی خواوە هاوار دەکا لەترساندا کەوتە خوارەوە و پاش دوو هەفتە لەم رووداوە چووە "أسفل السافلین"ەوە. ئەمانە چەند نموونەیەکی کەم بوون لەبارەی ئەم کافرانەوە.

بەڵام مەلا مستەفا چوو بۆ روسیا. ئەو پاش ئەوەی لەگەڵ شێخ ئەحمەدی برایدا جیاوازییان لێ روودا، هاوڕێکانی و پەیڕەوانی خۆی کۆکردەوە و رووی کردە گوندی "ئامنیە" بەئاراستەی تەرگەوەڕ لە تورکیا، کاتێك هێزەکانی تورکیا رێگایان نەدان بچنە ناو تورکیاوە گەڕایەوە ناو ئێران بەئاراستەی باکووردا و

لەگوندی "شیت" کەنزیکەی 18میل لە سنوورەکانی روسیاوە دوورە لەگەڵ سووپای ئێرانی لێکیان دا و وەك هەڵۆی هێرشبەر چوونە سەر ئەو پردەی کە لەسەر رووباری "ئاراس" بوو، ئەم رووبارە یەکجار رێژەنە، پاش ئەوەی قڕەواری تێخستن، هێزەکانی ئێران شکان و توانی بپەڕێتەوەو بەو پەڕی ئازایەتی و لێهاتووییەوە بچێتە ناوخاکی جۆرجیاوە، ئەم هەواڵەش لە دەنگوباسی رادیۆی لەندەنەوە تەئکیدی لێ کراوە کە ئەمە هەندێکیانە:

لەندەن: لە 17ی حوزەیرانی ساڵی 1947 لێکدانێکی مەزن لەنزیك سنوورەکانی روسیا لە نێوان "هێزە نیزامی" یەکانی ئێرانی و کوردەکان رووی داوە و سەرکردەی کورد مەلا مستەفا لەگەڵ پەیڕەوانی خۆی کە ژمارەیان دەگاتە 2000کەس، توانیویەتی بپەڕێتەوە ناو سنوورەکانی روسیا.

لەندەن: 19ی حوزیرەان: هەر چوار ئەفسەرەکە لەبەغدا لەسێدارە دراون، بەڵام مەلا مستەفا بارزانی بەشێوەیەکی سەرسامهێنەر لەتەڵەکە دەربازی بووە و بەسەلامەتی گەیشتۆتە روسیا.



**کۆتایی**

من داوەریی لە کێشەی ئەو ستەم لێکراوانە بۆ مێژوو، و خەڵکانی خاوەن ژیری روون و ویژدانێکی زیندوو بەجێ دەهێڵم، و بەر لەوەش دەرگای ئەم بابەتە دابخەم، پێویستە هەندێك کاروبار و باس کە پەیوەندییان بەباتەکەوە هەیە بخەمەڕوو:

1- [دوای لەسێدارە دانی ئەفسەرەکان و راپێچ کردنی بارزانییەکان بۆ باشووری عیراق،] دیدەنی "مستەر دیگرون" ڕاوێژکاری وەزارەتی ناوخۆ یان وەك دەیانگوت "سەرۆکی پشکنەرانی کارگێڕی"م کرد و لێی پرسیم:

- رات چییە بە لەسێدارە دانی چوار ئەفسەرەکە؟

گوتم ئەم پرسیارە لەپای چی؟ ئەوانە پاش ئەوەی مەرگ هەڵی لووشین، و خەڵکیش بۆ ئەوان کە لە هەڕەتی لاوی دابوون لەغەمێکی قووڵ دایە؟ بێدەنگ بوو...

ئینجا دووبارە گوتم:

- وەزارەتی "صالح جبر" بەلەسێدارەدانی ئەو ئەفسەرانە دوو هەڵەی گەورەی کرد:

1- ئەو کەسەی کە دەخالەت و تۆبەی هێناوە و داوای بەزەیی دەکا، بەحوکمی "شەرعی و عورفی" ئێمە، مادام گوێڕایەڵی و تۆبەی خۆی خستۆتەڕوو ناشێ لەسێدارە بدرێ.

2- ئەم لەسێدارە دانە توڕەبوونێکی گەورەی لە ناو دڵ و دەروونی هەموو کورد دا ناوەتەوە، کەهەرگیز ناتوانرێ کاریگەرییەکەی بسڕێتەوە.

پاشان لێی پرسیم: دەزانی خاوەن شکۆ "وەصی" بۆ چی لە مەلا مستەفا توڕەیە؟

گوتم: نەخێر.

گوتی: چونکە جل و بەرگی ژەنراڵیی روسی لەبەرکردووە.

گوتم: من وا گومان دەبەم کە ئینگلیز خۆیان، لەخاوەن شکۆ دڵ گرانترن، ئەو دەیتوانی چ بکا، ئەو لە وڵاتی خۆی راونرا، پاشان ئێرانیش راوی نا و تورکیاش قبووڵی نەکرد، ئایا دەیتوانی دیاری "ستالین" رەت بکاتەوە؟ و ئەگەر رەتی

بکردایەوە رووی لەکوێ بکردایە؟ خۆ باڵی پێوە نەبوو بەئاسماندا بفڕێ و ماسیش نەبوو خۆی لەئاودا نقوم بکا.

پاشان گوتم: باوەڕ و متمانەت هەبێ ئەگەر حکوومەت وازی لێ هێنابا و لێی ببورایە، ئەوا دەگەڕایەوە و لەبەرکردنی جل و بەرگی سەربازێکی سادەی بەلاوە پەسندتر بوو.

راوێژکار هاتە ئاخاوتن و ئاخاوتنەکەشی بەویژدانەوە بوو، ئەو گوتی:

ئەو پیاوە لەو پاڵەوانانەیە کە مێژوو لەتۆماری هەڵکەوتووانی کەم وێنەی جیهاندا، بە ئاوی زێڕ ناوی تۆمار دەکا.

دوای ئەوە هەستام و ڕۆیشتم.

2- [ڕێزدار یوسف هورمز لەڕۆژنامەکەی خۆی "دەنگی گەل"] دا بڵاوی کردۆتەوە کە مارشەمعون سەردانی باڵوێزخانەی عیراقی کردووە و داوای لێبوردن و مۆڵەتی کردووە بۆ ئەوەی بگەڕێتەوە بۆ عێراق، هەروەها هەندێك ڕۆژنامەی خۆجێیی تر دەڵێن کە مارشەمعون دیدەنی ڕێزدار "ناجي الاصیل" ی کردووە کە لەو کاتەدا بەکارێکی رەسمی پەیوەست بەوەزیفەکەیەوە سەردانی ئەمریکای دەکرد، و تکای لێ کردووە کە لەلای حکوومەت ناوبژیوانی بۆ بکا، جا نازانم ناوبژیوانی بۆ کردووە یان نا؟ ئەم هەواڵە ئەگەر ڕاست بێ یان نا، کاریگەرییەکی خراپی لای کورد ناوەتەوە، چونکە کورد سیاسەتی بەریتانیا دەزانن کە ئامانجی هێنانەدی نیشتیمانێکی نەتەوەییە بۆ ئاشورییەکان لەسەر خاکی کوردستان بەتایبەتی لە ناوچەی بارزان و زێبار.

3- [لەبەشەکانی پێشوودا باسم کرد یەکێك لە سەرۆك وەزارەتەکان]. وەڵامی ئەو روون کردنەوەیەی منی دایەوە کە پێویستە بارزانییەکان بگەڕێنەوە جێگای خۆیان، ئەم سەرۆکەش ڕێزدار نوری سەعید بوو، وردەکاری هەواڵەکەش پاش ئەوە بوو، کە حیزبە عیراقییەکان دامەزران، هاوڕێیەکم کە لە وەزیرەکانی پێشوو بوو، و پێداگریی لەگەڵمدا کرد کە بچمە ناو حیزبەکەیانەوە من ئەوکاتە باوەڕ پێکراوی یانەی پێشکەوتنی کوردی بووم، پێویست بوو لەسەرم کە راوێژیان لەگەڵدا بکەم. ئەوە بوو کۆبوونەوەکەمان کرد و پاش گوتوبێژ بەتێکڕایی گوتیان:



چوونی ئێمە بۆ ناو حیزبێکی سیاسی لەگەڵ کارکردنمان لەبەرێوەبەرایەتی یانە ناکۆك نابێ، بەڵام بەمەرجێك هەڵسوڕانی سیاسی ئێمە تەنیا لەناوەوەی حیزبدا بێت. بەڵام ئایا چوونی ئێمە بۆ ناو فلانە حیزب و فیسارە حیزب چ سوودێکی هەیە ئەگەر پەیمانمان نەدەنێ کە بارزانییەکان دەگێڕنەوە بۆ زێدی خۆیان و چاکسازییە داواکراوەکان لە باکوور جێبەجێ نەکەن؟ ئێمە تەنیا لەسەر ئەو بنەمایە دەچینە ناو حیزبەوە ئەگینا پێویستمان بە حیزب نییە.

پێم گوتن: کەوابێ پێویستە من مۆڵەتی چاوپێکەوتنی ڕێزدار نوری سەعید وەربگرم کە ساڵانێکیشە چاوم پێ نەکەوتووە، لەسەر ئەوە ڕێککەوتین. ڕۆژی دووەم چوومە بارەگای سەرکردایەتی و پاش هێن و منهێن توانیم بچمە ژوورەوە بۆ لای و بەم شێوەیە گوتوبێژمان دەست پێکرد:

بەڕێزیان گوتی: تۆ لەکوێی زەمانێکە تۆم نەدیوە؟

وەڵامیم دایەوە کە ونم و بزرم، من ئەوا دوو کاتژمێرە لێرە چاوەڕێ دەکەم لە کاتێکدا چەند ساڵێکە بەدیدارتان شەرەف مەند نەبووم، جا ئەگەر بمەوێ مانگی جارێك چاوم پێتان بکەوێ ئەوا دەبێ بەلای کەمەوە دە کاتژمێر چاوەڕێ بکەم.

پێکەنی و گوتی:

دانیشە بابزانین. پاشان دەستی کرد بە قسەوباس و ویستی قسە لەگەڵ بەڕێز "أرشد العمری" بکا بۆ ئەوەی لەئەنجوومەنی ئاوەدان کردنەوە لەسەر وەزیفەیەك دامبمەزرێنێ.

پێم گوت: بۆ خاتری خوا واز لەوە بێنە، من بۆ وەزیفە لە ئەنجوومەنی ئاوەدان کردنەوە نەهاتووم، بەڵکو بۆ پرسێکی گرنگ هاتووم.

گوتی: بۆچی هاتووی؟

گوتم: بۆ پرسی چوونە ناو فلانە حیزبە؟

گوتی: جا بۆچی ناچیتە ناوی یەوە؟

گوتم: دەستەی کارگێری یانەکەمان حیزبی تۆیان پەسندکردووە بەڵام بەمەرج.

گوتی: مەرجەکان چین؟

گوتم:

**یەکەم:** دەرکردنی لێبووردنێکی گشتی لەبارزانییەکان و گێڕانەوەیان بۆ جیگاکانی خۆیان.

**دووەم:** جێبەجێ کردنی ئەو چاکسازییانەی کە کابینەی هەشتەمی ئێوە لە 25-1- 1944 بڕیاری لەسەرداوە.

**سێیەم:** جێبەجێ کردنی دادپەروەری و یەکسانی بەسەر هەموو عیراقییەکاندا بێ جیاوازی لەنێوان نەژاد و رەگەز و مەزهەب.

وەڵامی دامەوە و گوتی: من دەتوانم لێبوردن بۆ بارزانییەکان دەربکەم، بەڵام ئێمە لە وەزعی مەلا مستەفا دەترسین.

پێم گوت: ئەمەیان پرسێکی ئاسانە ئەگەر لێبوردنەکەتان هەمووان بگرێتەوە، و ئەو ماوەیەشتان دیاری کرد کە تیایدا دەگەڕێتەوە، ئەوا مەلا مستەفا خۆی و ئەوانەش کە لەگەڵی دان، بە هەڵەداوان رادەکا و بە ئارامی لەنیشتیمانی خۆی دادەنیشێ، بەتایبەتیش کە ئێستاکە تەمەنی ئەو لەپەنجا ساڵ تێپەڕیوە. پاشان بابەتی قسەکانی هێنایە سەر شێخ لەتیفی شێخ مەحموودی حەفید، پێم گوت:

- وازی لێ بێنن بابگەڕێتەوە بۆ ناوخزمانی خۆی، ئەو کارێکی نەکردووە پێویست بەدوور خستنەوەی بکا.

گوتی: من نووسراوێکم لە شێخ مەحموودی باوکییەوە پێ گەیشتووە و وەڵامیشم داوەتەوە. من دەمەوێ تۆ خۆت بچیتە باکوور و یەکەمجار لەوەزعی بارزانییەکان بکۆڵیتەوە پاشان بچۆرە لای شێخ مەحموود و لەزمانی منەوە پێی بڵێ کە کوڕی ئەو وەکو کوڕی خۆم وایە و ئەو لەڕێز و ئاسودەیی دا دەژی، و خوا یار بێت بەم زوانە رێگای گەڕانەوەی پێ دەدرێت، کاتێکیش لەو گەشتەت گەڕایتەوە تکام وایە دەسبەجێ دیدەنیم بکەی بۆ ئەوەی لەبەر رۆشنایی لیکۆلینەوەکەت لەبارەی بارودۆخی باکوور، ئەوەی پێویست بێ بڕیاری لێ بدەین.

گوتم: فەرمانتان جێبەجێ کرا.

ئێوارەی هەمان رۆژ سواری شەمەندەفەر بووم و رووم کردە کەرکووك و لەوێوە بە ئۆتۆمبیل چوومە "داری کەلی" و بێ ئەوەی کەس پێ بزانێ چاوم بە شێخ مەحموود کەوت. پاشان چووم بۆ هەولێر و شەقلاوە و هەندێك لەو گوندانەی کە بارزانییەکانی تێدا



نیشتەجێ ببوو، تەماشام کرد لەبارودۆخێکی نالەبار و زۆر ناهەمواردا دەژین. دوای ئەوە گەڕامەوە بۆ بەغدا و لەو سەفەرەمدا نزیکەی چل دینارم خەرج کرد، و دوای ئەوە کە گەیشتمەوە بەغدا داوای چاوپێکەوتنی خاوەن فەخامەتم کرد، بەڵام نەمتوانی چاوم پێ بکەوێ، و هەواڵم زانی کە بۆ چارەسەرکردن چووەتە لەندەن. ماوەیەك چاوەڕێم کرد و ئینجا نامەیەکی کاریگەرم بۆ نووسی. ئەویش بەنووسراوێك وەڵامی دامەوە و دەڵێ: کاتی گەڕانەوەت لەباکوور کەس ئاگاداری منی نەکردەوە و ئەو بڕە پارەیەش کە لە چوون و هاتن خەرج کراوە، بۆت دەگێڕدرێتەوە و چی لەو کاروبارانەش کە بەسەر چوون ئەوا جێبەجێیان دەکەم. هەروەها زۆر باسی تریش لەو قسە سرکەرانە. کاتێك گەڕایەوە پرسیاری لێ نەکردم و تەنانەت ئەو بڕە پارەیەش کە باسم کرد ئەویش نەگێڕدرایەوە بۆم کە ئەمەش بۆ خۆی پرسێکە و خوا یار بێت نووسراوەکەی خۆم و نووسراوەکەی ئەویش لەکتێبێکی تایبەتدا بەناونیشانی "ژیانم" بڵاوی دەکەمەوە.

4- [کاتێك جەمال بابان بیروڕای خۆی لەمەڕ کێشەی بارزان] بڵاوکردبۆوە، سێ رێگا چارەی پێشنیار کردبوو "ئەو رێگا چارانە یەك دانەشیان لێ جێبەجێ نەکرا، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو خۆی، ئەو وەزیرە بوو کە لابەلا کردنی کێشەی بارزانی بە ئەستۆی خۆیەوە گرتبوو، بەڵام وەکو رووداوەکانی داهاتوو دەریان خست، مەرامی ئەوە بوو پروپاگەندە بۆ خۆی بکا".[9] بە چەند وتارێکی

[9]- بەم بۆنەوە نموونەیەك لە قسە خواردنەوە و رارایی جەمال بابان دەخەمەڕوو: کاتێك من ئەو نامەیەی خۆم بە بەڵگەی ئاشکرا بڵاوکردەوە، تەلەفۆنێکم بۆکرا، تەماشام کرد دەنگی جەمال بابانە پێی گوتم"مەعروف من و سامی شەوکەت و شێخ بەهائەدین"، "نامەکەتمان خوێندەوە و بڕیارماندا کە لەناو "5" ملیون عیراقیدا هەر تۆ خاوەن شەرەفیت" لەوەدا نکولێم لەگەڵیدا کردوو پێم گوت: ببورە خەڵکی هەموو خاوەن شەرەفن، جا ئەگەر تۆ دەتەوێ ئەوە بەسەر خۆتدا هەڵبگری، ئەوە مەسئەلەیەکە کە خۆت هەڵیدەسەنگێنی. دوای ماوەیەکی درێژ هاتەماڵەوە بۆ لام و داوای کرد کە بەچاکییەك هەڵبستم. وەکو بەکرێ گرتنی خانویەکی گەورە بۆ یانەکەمان "یانەی پێشکەوتنی کوردی" وە بەرێوەبردنی ئاهەنگ. وەڵامیم دایەوە: کە ئەو بڕە پارەیەی کە ئێستا لەبەر دەستی یانەدایە رێگای ئەوە نادا و بارودۆخیش گونجاونییە. دوای ئەوە چووە دەرەوە. پاش ئەوە دەستی کرد بەهاندان و دنەدانی هەندێك کەسی بەرەڵا و ناپاك بۆ ئەوەی لەسەر یانە بنوسن، و دواجار خۆشی لەئەنجوومەنی "ئەعیان"دا چەند پرسیاری ئاراستەی وەزیری ناوخۆکرد، بەڵام هەموو ئەوانەی باسی دەکرد تەنیا وەکو گیزەگیزی مێش دەهاتن و دەچوون.

زنجیرەیی پێویستی گەڕانەوەی بارزانییەکانم بۆ نیشتیمانی خۆیان خستەڕوو. چونکە ناشێت ئەوان لە جێگایەکی دیکەدا نیشتەجێ بکرین. ئەو ئازارەش کە چەشتوویانە ئەوەندە بەسە، و تەنانەت ئەگەر باوەڕ بەو تۆمەتانەش بکەین کە لە ئەنجام دانی تاوان و هەڵە دراوەتە پاڵیان، ئەو دەربەدەرکردن و ئەشکەنجە دانە و هەروەها ئەو سوکایەتی پێکردنە بەسە بۆ ئەوەی لەو ماوە حوکمەی ئەوان کە ماویانە، ببوردرێن. بەڕاستی حاڵی ئەوان ئاوا بوو کە دوژمنان و ناحەزانیشیان بۆیان دەگریان:

**وحسبک من حادث بأمریء**

**تری حاسدیه له راحمینا**

"لە بەسەرهاتی ئەو پیاوە ئەوەندەت بەسە کە دەبینی ئێرەیبەرەکانی خۆی بەزەییان پێدابێتەوە".

5- دوژمنان و ئێرەیی بەرانی ئەوان چۆن بۆیان ناگرین کە بە چاوی خۆیان دەیانبینی پۆلیس بەدوای ئافرەت و منداڵی ئەوان دەکەون و دەسگیریان دەکەن بۆ ئەوەی راپێچی زیندانیان بکەن و لە زێدی خۆیان کۆچیان پێ بکەن. کاتێك شێخ ئەحمەد و پەیڕەوانی گەیشتنەوە عیراق و وەکو لە پێشەوە باسمان کرد، بۆ ناوچە گەرمەکانی باشووری عیراق گوازرانەوە. وەزارەت، منداڵ و ئافرەت و پیرەمێردەکانی ئەوانی لە جێگاکانی خۆیان بەجێ هێشت، کەچی لە ساڵی 1949 فەرمانی دەرکرد کە کۆیان بکەنەوە، و بەهێز و زەبر بۆ شوێنی دوور کۆچیان پێ بکەن، باشە ئەم زوڵمە گەورەیە بۆ؟ ئەو منداڵ و بێوەژنانە چ تاوانێکیان کردووە؟ ئایا کۆچی بەکۆمەڵ و چۆڵ کردنی ناوچەکە لە هەموو مرۆڤێك مانای رێگا خۆش کردن نییە بۆ نیشتەجێ کردنی ئاشوورییەکان لە بارزان؟ خوێنەری بەڕێز خۆت لێی ورد بەرەوە و بە ویژدانەوە رای خۆت دەربڕە من لێرەدا بە تۆمارکردنی ئەم نووسراوەی خوارەوەم کۆتایی بە نووسینەوەی ئەو کارەساتە دەهێنم، کە یەکێکە لە ژمارەیەکی زۆر لەو نامانە کە ئاراستەی وەزیری ناوخۆم کردووە و تێیدا گۆشە نیگای خۆم بۆ چارەسەر کردنی کێشەی بارزان خستۆتەڕوو، ئەمەش بۆ ئەوەی جەماوەر لەوەی کە پێی هەستاوم ئاگادار بێت کە ویستومە وەکو



خزمەت جێبەجێی بکەم. وە وەڵامی ئەمەش کە بە تەلەفۆن هاتەوە بە وشەی "سبق السیف العذل" بوو، ئەمە لەکاتێکدا کە ئێمە لەمانگە حەرام کراوەکانی رۆژانی یەکەمی "جاهلیەت"دا ناژین تاکو بەم پەندە وەڵامان بدرێتەوە، هەروەکو حکوومەت خاوەن خوێن نییە تا بەم شێوەیە تۆڵەی خۆی لە بارزانییەکان بکاتەوە، بەهەرحاڵ هەموو هیوای من ئەوەبووکە لێبوردن بۆ ئەو بارزانییانە دەربکا کە لە بەندیخانەدا ماونەتەوە، و رێگایان بدا کە بگەڕێنەوە زێدی خۆیان، بۆ ئەوەی پاشماوەی تەمەنی خۆیان لە چیاکانی خۆیان و لە پەنا مەزاری باپیرانی خۆیان بەسەر بەرن. و با بیرۆکەی گەڕانەوەی "مارشەمعون" و پەیڕەوانی بۆ ئەوەی کە لە بارزان نیشتەجێ بکرێن لەبیر بچێتەوە و با "ئالی- مار" واتە مارشەمعون نا ئومێد ببێ، وشەی مار لە زمانی کوردیدا مانای (مار) دەدا.

**ان الأمور اذا التوت وتعقدت        جاء القضاء من کریم فعلها**

**فلعل یسرا بعد عسر علها        ولعل من عقد العقود یحلها**

"ئەگەر کاروبارەکان تێك ئاڵقان و ئاڵۆز بوون لەلایەن بەخشندەکارێکەوە حوکمێك دەرچوو، ئەوا دەیکاتەوە". "پاش تەنگانان خۆشییەکی گەورەترە، خۆزگە ئەوەی گرێی دەخستە کارەوە، دەی کردەوە"

**ئەمەش وێنەی نووسراوەکەمە کە لەسەرەوە ئاماژەی پێکراوە.**

**نهێنی                    بابەت: بارزان**

**بۆ: وەزیری ناوخۆ:**

لەهەندێك ئەفسەرانی سووپا و ئەو (جەحفەل)ەی کە لە پێنجوینەوە بەرەو رەواندز خۆی ئامادە دەکا و لە هەندێك کەسانی خاوەن زانیارییەوە بیستومانە، کە کارسازی و ئامادەکاری بۆ ئەنجام دانی جوڵانەوەی سەربازی لەدژی مەلا مستەفا بارزانی بەڕێوەیە، لەگەڵ ئەوەشدا کە من ئەو هۆکارانەی کە دەبێتە مایە یان بۆتە مایەی ئەوەی کە ئەم جۆرە جوڵانەوانە ئەنجام بدرێن، نازانم، بەڵام نیگەرانی و پێش بینیم ئاماژە بەوە دەکەن کە گۆشەنیگای جیاواز لەو گۆشە نیگایە هەیە کە لەبیر و سەرنجی مندا هەیە و ئەگەر

تێبینییەکانی هەردوو "موتەسەریفی" ی هەولێر و موسڵ ئاماژە بە پێویستی دووبارە بەڕێ کردنی سووپا و نوێ بوونەوەی دەست پێ کردنەوەی شەڕ بکەن، ئەوا لەحاڵی ئێستادا لەبەر چەندین هۆ، من جیاوازیم لەگەڵیاندا هەیە:

أ: لەبەر ئەوەی کە ماوەیەکی زۆر نزیکە لێبوردن دەرچووە و هێشتا مەرەکەبەکەی وشك نەبۆتەوە.

ب: لەبەر ئەوەی هێشتا فەرمانێکی گرنگی دەرنەکردووە کە بە دەرچوون لە حکوومەت یا لە قانون لەقەڵەم بدرێ، و زوربەی پروپاگەندەکانیش ئەمانەن:

1- ئائێستا چەکەکانی تەسلیم نەکردووە.

2- ئاستەنگ دەخاتە بەردەم دامەزراندن و بنیات نانی بنکەکانی پۆلیس.

3- کاتێك داوای لێ دەکەن لەبنکەکانی پۆلیس دا ئامادە نابێ.

4- هەندێك لەو کەسانەی کە هەڵاتوون تەسلیمی نەکردوونەتەوە.

**یەکەم:** دەربارەی مەسئەلەی چەك، ئەو ناتوانی چەك لەو کەسانە بستێنێتەوە کە بەدەستیانەوەیە، چونکە هەندێك لەمانە چەکەکانیان لەئێران یا شوێنی دیکە فرۆشتووە، بەشێکی تریان یاخین و لەلایەن حکوومەتەوە داوا کراون، ئەو ناتوانێ فەرمانی خۆی بەسەریاندا بسەپێنێ، و ئەگەر گوشاریان بخاتە سەر لەوانەیە کارەکە بەکوشتنی خۆی کۆتایی بێت.

ئەمە بەپێی نەریتە عەشایرییەکان و بارودۆخەکەش کە من ئاگام لێیەتی. لەبەر ئەوە وای دەبینم کە کاری ژیرانە ئەوەیە لەمبارەیەوە توندڕەوی بەکار نەهێنرێت.

**دووەم:** دەربارەی بنیاتنانی بنکەو سەرای زۆر لێرە و لەوێ ئەوە سوودێکی نییە، ئەم کارە لەلایەکەوە زیان بەخەزێنە دەگەیەنێ، و لەلایەکی تریشەوە دەبێتە هۆی ترساندنیان. ئەگەر بێتو بنیات نانی بنکەکان تەنیا لەمەڵبەندەکانی ناحیەکان و مەڵبەندەکانی "قەزاکان" دابێت، تا ئەو کاتەی کە بارودۆخەکە ئارام دەبێتەوە، و دڵنیایی و ئارامییان لە لا پەیدا دەبێت، ئەوا پتر بەرژەوەندی تێدا ڕەچاودەکرێ. بنیات نانی بنکەی زۆر لەو ناوچەیەدا، بەهۆی باردوخی ئەوان و بارودۆخی سنوورەوە، کارێکە کە پێویست نییە.



3- دەربارەی داخوازی ئەوەی کە ناوەناوە بەبێ هۆ ئامادە ببێ، ئەوا دەیخاتە گومانەوە، بەتایبەتیش کە ئەو، بەبەردەوامی لەبەغداوە، یان لەو هەڵاتوو، و ئاژاوە گێڕانەوە هەواڵی پێ دەگا کە حکوومەت لەبەرامبەر ئەودا مەرامی باش نییە. من وای دەبینم کە ماوەیەکی گونجاو وازی لێ بهێنرێ پەسندترە و بۆ دڵنیا بوون گونجاوترە. و دەربارەی ئەوەش کە دەڵێن دەچێتە ئەم لاو ئەولا و سەردانی هەندێك لەسەرۆك عەشیرەتەکان دەکا، من لەو باوەڕەدام کە ئەمە بایەخێکی نییە، و بەڵکو ئەم کارە زیاتر دڵنیای دەکاتەوە کە حکوومەت لەبەرامبەری دا مەرامی پاکە.

4- بەڵام دەربارەی ئەوەی کە هەڵاتووەکان تەسلیم ناکاتەوە، ئەمە شتێکی گرنگ ترە لەشتەکانی تر، چونکە نەریتی باو لەناو عەشایەردا ئەوەیە کە پەنابەر تەسلیم ناکرێ، بۆی هەیە ئامۆژگاری بکرێ کەبگەڕێتەوە، یاخود ئەوان لێی دوور بکەونەوە لەحاڵێکدا ئەگەر بێتو ئاسایشی ئەوکەسە لەلایەن حکوومەتەوە لە هەڕەشەدا نەبێت، و ئەگەر دڵنیا نەبێ واباشترە لای خۆیان بیهێڵنەوە من وابیر دەکەمەوە کە مانەوەی هەندێك لەو ئەفسەرە هەڵاتووانە و لەو تۆمەتبارکراوانە کەلای حکوومەت تاوانبار کراون، ئەوا باشتروایە لای ئەو بمێننەوە وەك لەوەی بچن بۆ ئێران.

من وای دەبینم کە بەرژەوەند وا دەخوازێ کە حکوومەت دووربینانە بیر بکاتەوە لەهەموو ڕوویەکەوە تێبینی بکا و کێشەکە بەئاشتی چارەسەر بکا، بۆ نموونە یەکێکیان بکاتە "قایمقام"ی عەشیرەتەکانی زێبار، هەروەکو چۆن لەدەوری عوسمانیدا "أبن الهذال" "قایمقام"ی ڕەزازە بوو، ئینجا یارمەتیدەرێك یان بەڕێوبەرێکی "ناحیە"، لەگەڵ پۆلیس کە دانیشتووانی هەمان ناوچەبن، کاری لەگەڵ دا بکەن، و هەروەکو خۆی بەگونجاوی دەزانێ قوتابخانە بکرێتەوە. لەو باوەڕەدام بەم شێوەیە و ئەگەر هەردوو "موتەسەریف"ی هەولێر و موسڵ سیاسەتی ئاسان کاری لەگەڵدا پەیڕەو بکەن، لەماوەیەکی کورتدا هیچ شتێك لەئارادا نامێنێ. هەروەها بەڕەچاو کردنی ئەوەش کە ناوچەی زێبار لەڕووی بەرهەمهێنان و سامانەوە ئەو گرنگییەی نییە کە ئەم هەموو بایەخ پێدانە هەڵ بگرێ، سامانی بنەڕەتی ئەوان لە بزن و مازوو و دارەبەن و هەنگوین بەولاوە شتێکی دیکە نییە، سەرجەمی بەرهەمی هەموو "قەزا" کە ناگاتە سامانی بازرگانێك لە بازرگانەکان. جگە لەوەش ناوچەی زێبار

ناوچەیەکی عەشایرییە و کەوتۆتە سەر سنوور، وەك من دەزانم لەکاتی پێویستدا دەکرێ بۆ بەرژەوەندی حکوومەت بەکار بهێنرێت. جوڵانەوەی سەربازی لەم ناوچەیەدا دەبێتە مایەی نیگەرانی هەموو کورد. ئێستا ئاژاوەگێڕان دەستیان کردووە بە دنەدان و دەرسدان و ژاراوی کردنی بیروڕای خەڵکی، ئەم کارەش وای کردووە کە خەڵك پرسیار لە هۆیەکانی ئەم جوڵانەوەیە بکەن و ئێستا ئەوەشی هاتۆتە سەر کە ئەم جوڵانەوەیە دژی هەموو کوردە. بیروباوەڕ پەروەری و دڵسۆزی من لای ئێوە شاراوە نییە، هەر ئەمەشە پاڵم پێوە دەنێ لێکۆڵینەوە بکەم و رای خۆم ئاشکرا بکەم. لەوانەشە لەبەر ئەوەی کە من کوردم وا لێك بدرێتەوە کە کوردێتییەکەم پاڵم پێوە دەنێ کە بچمە ناو ئەو باسەوە، بەڵام پێویستە باوەڕتان هەبێ کە من جیاوازی لەنێوان گوندی "سرێشمە"ی سەر بە "قەزا"ی رەواندز کە گوندی باب و باپیرانمە، لەگەڵ گوندی "حمدان"ی سەر بە "قەزا"ی "أبی الخصیب" و لەنێوان کوردەکانی سرێشمە و ئەو عەرەبانە ناکەم کە لەولان. من هیوایەکی پتەو، و متمانەیەکی بەهێزم بە بەرێزتانە کەلەم رایەمدا پشتیوانیم لێ دەکەن و بۆ بەرژەوەندی دەوڵەتی عیراقیمان و هۆگرکردن و نزیك خستنەوەی دڵان لەعەرشی پاشایەتی، فەرمان بۆ گونجاوترین و باشترین شت دەدەن و رێگا نادەن ئەم جوڵانەوەیە فراوان ببێ، ئەمەش لە دووربینی و تاقیکردنەوەی ئێوە بە دوور نابینم، بەهەرحاڵ ئەرکی من وەکو نیشتیمانپەروەرێك کەپابەندەبە یەکپارچەیی عیراق و هەستی ئیسلامی یەوە، هانم دەدەن کە ئەم تێبینییانەی سەرەوە بخەمەڕوو، وە سەرنجی ئێوە و سۆزی حکوومەتی پێ رابکێشم، سەرەڕای ئەوەش من ئامادەم کە بچمە ئەوێ و دەقاودەق فەرمانەکانتان جێبەجێ بکەم، بەڵام بەمەرجێك کە بوارم بۆ بکەنەوە کە پلە بەپلە و بەپێی پێداویستی زروف کێشەکان چارەسەر بکەم فەرمانیش فەرمانی ئێوەیە.

**مەعروف چیاووك**
**موتەسەریفی لیوای سلێمانی**



## چۆنایەتی پیاوان

پێش ئەوەی کۆتایی بەم کتێبە بێنم، دەڵێم: لەکەس شاراوە نییە کە لەناو هەموو میللەتێك و حکوومەتێك و دەوڵەتێکدا کرمی چەپەڵ و میکرۆبی پیس هەیە کە ئامانجیان تێکدان و بڵاوکردنەوەی تۆوی گەندەڵی و لەبەر یەك هەڵوەشانە، ئەم میکرۆبانە لەرێگای هێنانی هەموو شتێك کە چاوچنۆکی و سوکایەتی پێوە بێت، بە دوای بەرژەوەندییە ماددییەکانی خۆیدا دەگەڕێ. و سیخوڕی، خەسیسی، سوکی، پەستی، دووڕوویی، درۆ و ریایی لە تایبەتمەندییەکانی ئەم جۆرە کەسانەیە، هەر بۆیە دەبینی پیس ترین و سوك ترینی ئەمانە زۆر بەخێرایی دەگەنە پلە و پایەی ئەوتۆ کە رۆژانێك بووە خەونیشیان پێوە نەدیوە. گەرچی خەڵکی خاوەن چاکی و پاکی لەم وڵاتەدا زۆرن. کەچی هەر دەڵێی سروشتی ئەم زەمانە ئەوەیە کە دووڕوو و بەدکار، چاوچنۆکانی پلەوپایە سەربکەون و پێش بکەون. سەیر دەکەی پیاوی کاسە لێس هەر بۆ ئەوەی کورسییەك وەربگرێ، سێ و دوو لەوە ناکا چی شتی پیرۆز هەیە بیخاتە ژێر قاچەکانییەوە و گوێ بەهیچ شتێك نادا، لە بیروڕای ئەودا ئامانج پاساوی رێوشوێن دەداتەوە، و بۆ هەرچییەك فەرمانی پێبکرێ جێبەجێی دەکا، تەنانەت ئەگەر زوڵمێکی گەورەشی تێدابێ کە ئازار بە رۆڵەکانی هاونیشتیمان و هاوخوێنی خۆشی بگەیەنێ، جا هەر کەسێك لەسەر ئەم رێگایە بێت ئەوا لەبەدکاران و کافرانن کە خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا نەفرەتی لێکردوون و لە دنیا و ئاخیرەتدا بەرگی شەرم و سەرشۆڕی کردۆتە بەریان.

**یا خاطب الدنیا الدنیة انها — شرک الردی و قرارة الأقذار**
**دار متی ما أضحکت فی یومها — ابکت غداً تبالها من دار**

**ئەی هەڵوەدا بە دوا دنیای هیچەوە دنیا تەڵەی بەدکاریی و کۆگای چەپەڵییەکانە خانوویەکە رۆژێك بە ڕووتەوە پێدەکەنێ ورۆژێك دەتخاتە گریان نەفرەت لە خانووی ئاوا).**

بەڵام خەڵکانی دەروون پاك و خاوەن ویژدانی زیندوو، دەبینی لە کارکردن و تێکۆشانێکی بەردەوام دان و ئامانجیان بەرزی و سەرفرازی نیشتیمانە بۆ ئەوەی بەرەو جیهانێکی ببەن کە رووناکی ئازادی و خۆری خۆشەویستی و برایەتی تێیدا بدرەوشێتەوە، ئەمانە کامەرانی و خۆشگوزەرانی نەتەوە لەبەرچاو دەگرن، و رێگای سەروەری دەگرنە بەر و لەو پێناوەدا دەچنە سەر پەتی سێدارە یان دەکەونە ناو زیندانە تاریك و ساردەکانەوە، خوێنی ئەم پیاوە هەڵکەوتوو، و بێ هاوتایانە زەکاتی ئازادی و سەربەرخۆییە و لاوێتی ئەوان لە مەیدانەکانی خەباتدا قوربانی نیشتیمانە و گیانی پاکی ئەوان سروودی ئازادی و سەروەرییە. سەرشۆڕی و نەفرەت و ریسوایی لەم ناپاکە شەرەنگێزانە بێت و سڵاو و سروودی نەوەکانی پاشەڕۆژیش بۆ گیانی شەهیدانی نیشتیمان و ئازادیخوازانی بێت.

### وتەی دوایی

لە سەرەتای ئەم کتێبەدا هەندێك شتم باس کرد کە پەیوەندی بە بەڕێز تۆفیق وەهبی بەگەوە هەبوو، لەوانە ئەو بابەتەی کە لە نێوان ئەو، و مستەر " کوب " دا روویدا. لێرەدا پێویستە زیاتر لەوە بڵێم کە: پاش ئەوەی کە من بەیان نامەکەی خۆم بە ناوی ( بۆ برا کوردەکانم)، بڵاو کردەوە. دوو ئەفسەر لە ئەفسەرانی پۆلیس هاتنە ماڵەکەم، پرسیارم کرد: چیتان دەوێ؟ پێیان گوتم کە وەزیری ناوخۆ "مزاحم بەگ پاچەچی" داوات دەکا. کاتێك رۆیشتن چووم بۆ لای، ئەویش تەلەفۆنی هەڵگرت و قسەی لەگەڵ هەندێك کەس کرد، و لەئەنجامی ئەو پەیوەندییانە هەرکام لەڕێزدار "نوری سعید" و "جمیل الراوی" وەزیری کار و گەیاندن، وە "صبیح نجیب" بەڕێوەبەری گشتی ئاسایش ئامادە بوون کاتێك بەم شێوەیە دەستەکە تەواو بوو، پاشا هەندێك پرسیاری لێکردم کە پەیوەست بوون بەتۆفیق وەهبی بەگ و مستەر "کوب"ەوە، وەڵامیم دایەوە کە من چاودێر نیم بەسەر بەرێز تۆفیق وەهبی یەوە تا وەڵامی پرسیارەکەت بدەمەوە، و هەروەها کێشەکە هەر لەسەرەتاوە تا کۆتایی تۆ لێی بەرپرسیاری. چونکە تۆ ئەم پیاوەت کرد بە موتەسەریفی سلێمانی، و لە کۆمەڵە کێشەیەکتەوە گلاند کە نەیدەتوانی



بچێتە ژێر باریەوە، کاتێکیش بەسەردان هاتە لات، قبووڵت نەکرد و بە نائومێدی گەڕایەوە، باشە ئەو چی بکا، ئێوە هەموو دەرگاکانتان بەڕووی دا داخستبوو؟ پاشا بێدەنگ بوو و لەوە زیاتر پرسیاری تری نەکرد چونکە وەڵامەکانی من بایی ئەوە هەبوو کە پەردە بەسەر ئەو بابەتەدا بدرێ، دوای ئەوە هەستا، و منیش بەدوای دا هەستام و بەیەکەوە رۆیشتین و بڵاوەمان لێکرد.

وەك لەپێشدا گوتم بەرێز تۆفیق وەهبی بەگ پیاوێکی زانا و خاوەن پایەیە، خاوەن سیفات و خەسڵەتی بەرزە، ئەو مەسئەلانەش کە لەپێشدا باسیان کرا و بەسەریدا دەشکایەوە، بەهۆی ئەو خۆش باوەڕییە بوو کە لەنیازپاکی خۆیەوە هاتبوو، ئەم پیاوە کۆمەڵە خزمەتێکی پێشکەش بەرۆڵەکانی دەشت و چیا کردووە کە بەڵگەیە لەسەر ئەم قسانە و لەسەر رەوشت بەرزیشی.

### بانگەوازێك لەنووسەرەوە بۆ فەخامەتی بەرێز "أرشد العمری" سەرۆك وەزیران

"أن اللّه عز وجل قد حير العقول بصنعه وعجز الفحول بقدرته وهو يلهم الأنسان بما لا يعلم ويوحى اليه بما يجعله عاملاً للخير و دافعاً للشر. وقد الهم اللّه جلالة الملك العظيم ان يسند اليكم منصب رئاسة الوزارة التي تستحقونها فشجعنى ما أعرفه عن فخامتكم من نزاهة وعفة ان أتقدم اليكم بندائى هذا ليكون لكم السبق في عمل الخير وأنتم من أهله بأطلاق سراح السجناء البارزانيين الذين قاسوا الامرين من تشريد و سجن وأبعاد وما ذلك ببعيد عن فخامتكم وأنتم أشرف وأنبل من سكن العراق من نسل سيدنا أمير المؤمنين عمر الفاروق لايجاريكم فيه الا من كان من نسل السبطين عليهم السلام رضوان اللّه و أختم ندائى هذا وأنا واثق من أن فخامتكم يشاركنى هذا الأحساس بدوام موفقيتكم طالما أنتم قد وضعتم نصب عينيكم خدمة البلاد بكل عفة وصدق وصراحة. كما هو مشهور عنكم)).

**معروف چیاووك**